ئەنتۆنی دی سمیس

# نەتەوەخوازی




دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# نەتەوەخوازی

## تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو

**ئەنتۆنی دی سمیس**

پرۆفیسۆری ئیتنیکی و نەتەوەخوازی لە زانکۆی ئابووریی لەندەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی**



ناوی کتێب: نەتەوەخوازی – تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو
نووسینی: ئەنتۆنی دی سمیس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٥٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد – حاجی دلاوەر
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# ناوەرۆک


بەرایی ..... 7
پێشەکی ..... 9

**چاپتەری یەکەم – تێگەکان ..... 14**
ماناکانی نەتەوەخوازی ..... 14
پێناسەکان ..... 18

**چاپتەری دووەم – ئایدۆلۆجیەکان ..... 32**
ئایدیاڵە بنچینەییەکان ..... 35
تێگە بنەماییەکان ..... 41
نەتەوەخوازیی وەک کەلتوور و ئاین ..... 46
ڤۆڵەنتەریزم و ئۆرگانیسزم ..... 50
نەتەوەخوازیی ئیتنی و مەدەنی ..... 53

**چاپتەری سێیەم – پارادیمەکان ..... 58**
مۆدێرنیزم ..... 60
پێرینیاڵیزم ..... 64
پرایمۆردیالیزم ..... 67
بایۆلۆجی و کەلتوور ..... 67
ڕەخنەی ئامرازکار ..... 71
ئیتنۆ سیمبۆلیزم ..... 74
ئەنجامگیری ..... 77

**چاپتەری چوارەم – تیۆریەکان ..... 79**
ئایدۆلۆجی و پیشەسازی ..... 79
مەنتیق و سۆز ..... 86
سیاسەت و کەلتوور ..... 92
بونیادنان و داڕشتنەوە ..... 98
ئەنجامگیری ..... 106

**چاپتەری پێنجەم – مێژووەکان ..... 108**





نەتەوە مەزنەکان و کۆمەڵگا ئیتنییە بچووکەکان ..... 109
نەتەوەکان لە پێش نەتەوەخوازییدا ..... 113
نەتەوەکان وەک بەرهەمی نەتەوەخوازی ..... 114
نەتەوەکانی پریمۆدێرن ..... 116
سەرچاوەکانی نەتەوەخوازیی ..... 119
نەتەوە ئیتنی و سیڤیکەکان ..... 121
نەتەوەکانی سەردەمی کۆن ..... 124
نەتەوەکان لە مێژوودا: بۆچوونێکی جیاواز ..... 130
کاتەگۆری ئیتنی و کۆمەڵگا ئیتنییەکان ..... 131
دەوڵەتە ئیتنییەکان و نەتەوە سەرەتاییەکان ..... 133
نەتەوە میرایەتی و نەجیبەکان ..... 135
نەتەوە نەتەوەخوازە شۆڕشگێڕەکان ..... 138
نەتەوەخوازیی جەماوەری ..... 140
ئەنجامگیری ..... 142

**چاپتەری شەشەم – پێشبینییەکان ..... 145**
تەشەنەکردنی نەتەوەخوازی ..... 145
نەمانی دەوڵەتی نەتەوە ..... 148
ناسنامەی فرەڕەگ ..... 152
هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەخوازی ..... 156
کۆمەڵگای بەکاربەر (موستەهلیک) ..... 158
کەلتووری جیهانی ..... 160
بەنێونەتەوەییکردنی نەتەوەخوازی ..... 163
مێژووە ئیتنییە نارێکەکان ..... 166
بناخە پیرۆزەکان ..... 169
ئەنجامگیری ..... 173
سەرچاوەکان ..... 175

# بەرایی
Preface

ئەم کتێبە هەوڵ دەدا پێشەکییەکی کورت دەربارەی تێگەی نەتەوەخوازیی پێشکەش بکا. مەبەستی ئەوەیە، تێکەڵەیەکی ڕەخنەئامێزی زۆربەی ئەو باسانەی لە ئارادان بخاتە ڕوو، لەگەڵ جەختکردن لەسەر باسە تیۆرییە سەرەکییەکان لە جیاتی ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانییە empirical studies زۆرانەی لە ئارادان. ئامانجی سەرەکیم بریتییە لە وردبوونەوە لە رووکارە تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوویییە جیاوازەکانی تێگە (concept)ی نەتەوەخوازیی و پارادیم (paradigm)ە ناوەندییەکانی شرۆڤەکردنە لەم مەیدانەدا. بەناچاری، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە تیشکۆی وردبوونەوەکەم لە چاپتەرەکانی دواییدا، لە تێگەیشتنی (نەتەوەخوازی) وەک ئایدۆلۆجی و بزووتنەوە و زمانێکی سیمبۆلی بگوێزمەوە بۆ ئەوەی جێگەی بایەخی نەتەوەخوازیە کە (نەتەوە)یە، وەک تێگەیەکی جێگای مشتومڕ لە لایەکەوە و شێوازێکی ڕەفتاری کۆمەڵگایی و دەزگایی community and institutional behaviour لە لایەکی ترەوە. لە پراکتیسدا هەردوو تێگەکە پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام پێم وایە تێکەڵ نەکردنی ئەو دووانە گرنگە، بەتایبەتی کاتێ دەتوانرێ شێوازی جیاوازی کاتەگۆری نەتەوە بەر لە پەیدابوونی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی و لەدەرەوەی مەیدانی سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی دەستنیشان بکەین.

لە کورتە کتێبێکی ئاوادا، بانگێشەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل ناکەم. بۆیە بەناچاری، هەندێک لایەنی تایبەتی پشتگوێ خراون یان پەڕێنراون. دەربارەی بابەتی لەم جۆرەی وەک لیبرالیزم و نەتەوەخوازی، یان ڕەگەز (جێندەر – Gender) و نەتەوە، داوا لە خوێنەر دەکەم پەنا بەرێتە بەر ئەو ئەدەبیاتە زۆرەی لەسەر ئەم بابەتانە لە ئارادان، لەگەڵ باسە گشتییەکەی من دەربارەی نەتەوەخوازیی و مۆدێرنیزم. بەهەمان شێوە، لە کاتێکدا ڕێکخستن و ناوەرۆکی گشتی کتێبەکە، بۆچوونەکانی خۆم وەک بەشداریکارێکی چالاکی گفتوگۆ لەسەر نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی دەردەبڕم، خەمی سەرەکیم ئەوەیە کە بەدواداچوونی هێڵەکانی ئەم گفتوگۆیانە ،بەتایبەتی لە چاپتەری چوارەمدا بۆتە هۆی ئەوەی دەرفەتێکی کەمتر بمێنێتەوە بۆ پەرەپێدانی بۆچوونەکانی خۆم لەسەر بابەتەکە. سەرەڕای ئەمەش، لە چاپتەری پێنجەمدا هەوڵم داوە مێژوویەکی ئەلتێرنەتیڤ بۆ نەتەوە بنەخشێنم.



هیوادارم توانیبێتم شتێک دەربارەی تین و ئاڵۆزی ئەو گفتوگۆیانەی لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا سەریان هەڵداوە بخەمە ڕوو. لە هەمان کاتدا توانیبێتم چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ تێگەیشتنی ئەو کارە جیاوازانەی لە مەڕ نەتەوەخوازیی هەیە دیاری بکەم.

حەز دەکەم سوپاسی جۆن تۆمسۆن John Thompson بکەم کە داوایان لێکردم تا بەشداری زنجیرەی تێگە سەرەکییەکان Key Concepts لە زانستی کۆمەڵایەتیدا بکەم. لە هەمان کاتدا سوپاسی سیتا پێرسود Seeta Persaud دەکەم بۆ یارمەتیدانم لە چاپکردنی کتێبەکەدا. بۆ هەر هەڵە و پەڕاندن و ئەو بۆچوونانەی خراونەتە ڕوو، بۆ خۆم بەتەواوی بەرپرسیارم.

ئەنتۆنی دی سمیس Anthony D. Smith

زانکۆی ئابووریی لەندەن London School of Economics

# پێشەکی
## Introduction

ئەم کتێبە کورتە هەوڵ دەدا تێگەی نەتەوەخوازیی بەو خوێنەر و خوێندکارانە بناسێنێ کە شارەزای ئەم مەیدانە نین. بەشێوەیەکی سەرەکی ڕۆشنایی دەخاتە سەر نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و زمانێکی سیمبۆلی و لە مانا و جۆر و سەرچاوەکانی دەکۆڵێتەوە. ناچار ئەمە دەبێتە هۆی وردبوونەوە لە تێگە پەیوەندارەکانی وەک نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەیی و دەوڵەتی نەتەوەیی. هەر لەبەر ئەمە مەیدانی ئەم کارە فراوانە پەیوەندی بەچەندین بابەتی خوێندنەوە هەیە interdisciplinary، بەتایبەتی پەنا دەباتە بەر دیسپلینی وەک مێژوو، سۆسیۆلۆجی و زانستی سیاسی و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان و تا ڕادەیەکیش ئەنترۆپۆلۆجی. ئەمەی دواییان ئاماژەی پێدراوە، چونکە پێویستە ئاوڕێک لە مەیدانی ئیتنیکی Ethnicity بدرێتەوە کە سروشتی هاوشێوەیان لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆجیدا هەیە. چونکە هەروەک هیوادارم پیشانی بدەم، ناسنامەی ئیتنی و کۆمەڵگاکان بەشێکی گەورەی باکگراوندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی پێکدەهێنن.

بایەخی ئەم بابەتە نابێ جێگەی گومانی هیچ کەس بێ، تەنانەت ئەگەر کەمێکیش ئاشنای ڕووداوەکان بێ لە کاتی ڕووخانی دیواری بەرلینەوە لە ساڵی ١٩٨٩، کەم لەو تەنگژە نێونەتەوەییە سیاسیانەی دەیەی ڕابردوو لە پابەندیەکی بەهێز بەبەها ئیتنی و ئاواتە نەتەوەخوازییەکانەوە بەدەربوون، لە کاتێکدا هەندێک لەو تەنگژانە- ڕوونتر، ئەوانەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو و قەفقاس و نیمچە کیشوەری هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین- بەهۆی ئەم بەها و ئاواتانەوە سەریان هەڵداوە و تەنانەت پێناسەش کراون. دەرکەوت ئەمانە تاڵترین و سەختترین ململانێ بن و لە ڕووی ژیانی مرۆڤ و سامانەوە گرانترین بن و خۆگرترین ململانێ بن بۆ هەموو ئەو هەوڵانەی حکومەتەکان و لایەنەکانی تر دەیاندا بۆ یەکخستنی بەرژەوەندیەکانی لایەنە بەشداربووەکان و گوێ نەدەنە هەڕەشەو بەڵێنەکانی دوژمن و دۆستەکانیان.

بەڵام، لە پشت مانشێتەکانەوە و لەگەڵ وەسفکردنی ململانێ و توندوتیژیەکان بەنەتەوەخوازیی (گەرم)، ئێمە سترەکچەرێکی زیاتر جێگیر و بەهەند نەگیراوی for



Taken granted پەیوەندیە (نێونەتەوەییەکان) دەبینین کە چوارچێوەی پرۆسە و ڕووداوەکانی جیهانی مۆدێرن دیاری و ئاراستە دەکەن. ئەمەش شتێکە زۆرجار بە(جیهانی نەتەوەکان) ناودەبرێ. مەبەست لەم فرەیزەش تەنیا بەماددیکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و نەتەوەخوازیی نییە، هەروەک پەیڕەوانی ڕێبازی جەوهەری (ئیسێنشیەلێست- Essentialist لێکی دەدەنەوە، بەڵکو بریتییە لە نەخشەیەکی سیاسی و چوارچێوەیەکی دەزگایی و سۆزاوی Instituational and Emotional Framwork کە تیایدا و بەهۆیەوە کەسایەتی و ڕووداو و پرۆسە فراوانەکانی گۆڕان مۆرکی خۆیان لە سەر ئەو ئاڵوگۆڕانە Transformation بەجێ هێشتوە کە جیهانی ئەمڕۆیان داڕشتوە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن. مایکڵ بیلێگ Michael Billig 1995 ئەم نەخشە و چوارچێوەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەناسیۆنالیزمی ئاسایی Banal Nationalism ناودەبا، نەتەوەخوازییەک کە بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆتینی کۆمەڵگا و خزاوەتە ناو پێکهاتەی ژیان و سیاسەتمان و هەمیشە حازرە، ئەگەر کەمتریش لەبەرچاوان بێ، وەک (ئاڵا نە شەکاوەکان- Unwaved flags).

بەڵام گرنگی نەتەوەخوازیی تەنیا بەجیهانی سیاسەت تایبەت نییە، بەڵکو لە ڕووی کەلتووری و ڕووناکبیریشەوە intellectual گرنگی هەیە، چونکە (جیهانی نەتەوەکان) دیدی جیهانی و سیستەمە سیمبۆلیەکانیشمان پێک دەهێنێ. من تەنها بانگێشەی ترادیسیۆنی مشتومڕێکی فەلسەفی لە شێوەی ترادیسیۆنە سیاسییەکانی تری وەک لیبرالیزم و سۆسیالیزم ناکەم، بەڵکو بانگێشەی هیچ ئەندازەیەکی یەکگرتوویی گرنگی ڕووناکبیری بۆ نەتەوەخوازیی ناکەم. لەگەڵ ئەمەشدا و تەنانەت ئەگەر خاوەنی بیرکارانی گەورەش نەبێ، ئەوا نەتەوەخوازیی یان دەبێ بڵێین تێگەی نەتەوە ژمارەیەکی بەرچاوی لە ڕووناکبیری خاوەن پایەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، نووسەران، هونەرمەندان، ئاوازکاران، مێژووناسان، فێرکاران و زمانناسان Philologists کە وزەی خۆیان بۆ دۆزینەوە و نوێنەرایەتیکردنی ناسنامە و وێنەی نەتەوەکانیان تەرخان کردووە، هەر لە هێردەر Herder و بێرک Burk و ڕۆسۆوە Rousseau بگرە تا دەگاتە دۆستۆڤیسکی Dostoevskii و سیبیلیەس Sibelius و دیاگۆ ڕیڤێرا Diego Rivera و ئیقباڵ Iqbal.

بایەخی کەلتووری و سایکۆلۆجی نەتەوە و لێرەشەوە هی نەتەوەخوازیی لەوەش گەورەترە. بوونی نەتەوەخوازیی لە هەموو کات و جێگایەکدا و ئەو کاریگەرێتییەی کە ئەمڕۆ لەسەر ملیۆنەها کەس لە هەموو کیشوەرەکاندا هەیەتی، دەگەڕێتەوە بۆ توانا وروژێنەرەکەی لەناو (گەل)دا، بەشێوەیەک کە تەنیا لەوەبەر ئایین توانیوبەتی بەرپای

بکا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە بەوردی ئاگاداری ڕۆڵی توخمە سیمبۆلیەکانی ناو زمان و ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی و لایەنە مۆراڵی و تقوس Ritual و سۆزاوییەکانی گوتار و ڕەفتارەکانی نەتەوە بین. نابێ بۆچوونێکی دیاریکراوی نەتەوەخوازیی بەهەندێک گرووپی کۆمەلآیەتی یان سیاسی دیاریکراوەوە ببەستینەوە، چجای خوێندنەوەی ئەو بۆچوونە لە پێگەو خەسڵەتەکانی ئەو گرووپانەوە. نەتەوەخوازیی ڕێسا و ڕیتم Rhythms و یادگاریەکانی خۆی هەیە کە خۆزگە و ئارەزووەکانی هەڵگرانی دادەڕێژێ، تەنانەت زیاتر لەوەی کە ئەوان کۆنتۆرەکانی نەتەوەخوازیی دیاری دەکەن و شێوەیەکی سیاسی نەتەوەخوازیی ئاشکرایان پێدەبەخشێ و بەرەو ئامانجی نەتەوایەتی دیاریکراو ئاراستەیان دەکا.

ئەم ڕێسا و ڕیتم و یادگاریانەی نەتەوەخوازییە کە من لێرەدا بەتایبەتی مەبەستمە، چونکە ئەوانە بریتین لەو پردەی کە دنیای دەرەوەی دەستەلآتی سیاسی و بەرژەوەندیە کۆمەلآیەتییەکان بەدنیای ناوەوەی نەتەوە و تێگە تایبەتی و سیمبۆل و سۆزەکانیەوە دەبەستنەوە. ئەم مەبەستەشم بەدەوری خۆی شێوازی ڕێکخستنی ئارگومێنتی ناو کتێبەکەی داڕشتوە. ئەم ئارگومێنەتەش بەدەوری (پارادیم)ە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لەم مەیدانەدا و ئەو گفتوگۆ سیاسی و هستۆریۆگرافی و سۆسیۆلۆجیانەدا دەسوڕێتەوە کە ئەم پارادیمانە هێناویانەتە ئاراوە. ئەم گفتوگۆیانە بەربلآو و هەمە لایەنەن. تەنیا ئایدۆلۆجییە نەیارەکانی ناو نەتەوەخوازیی و پێکدادانی هەندێ تیۆری تایبەتی ناگرێتەوە بەڵکو دەچێتە ناو پێک نەهاتنە ڕادیکالەکان لەمەڕ تێرمە سەرەکییەکان و مێژووە جیاوازەکانی نەتەوە و بۆچوونە دژبەیەکەکان دەربارەی (شێوازی ئەو شتانەی لە داهاتوودا دێنە ئاراوە).

هەریەک لەم گفتوگۆ و جیاوازیانە پێویستیان بەتێڕوانینی جیاواز هەیە. لەبەر ئەوە من بەتێرمەکان و تێگەکان دەس پێدەکەم لەگەڵ پیشاندانی جیاوازیە سەرەکییەکانی پێناسەی تێگە سەرەکیەکانی وەک (کۆمەڵگای ئیتنی– Ethnie و (نەتەوە) و (نەتەوەخوازی) و (دەوڵەتی نەتەوەیی–National State) و ڕێگای خۆم لەم کێڵگە میناوییەدا دەستنیشان دەکەم. دواتر دەچمە سەر باسی ئایدۆلۆجی یان ئایدۆلۆجیەکانی نەتەوەخوازی، بەتایبەتی گفتوگۆی نێوان بۆچوونەکانی (ئۆرگانی) و (ڤۆڵەنتەریست)، سەرەڕای مەسەلەی قسە زۆر لەسەرکراوی (دۆکتەرینی بنەمایی – Core Doctrine)ی نەتەوەخوازی.

چاپتەری سێ دەچێتە سەر مەسەلەی شرۆڤەکردن و جیاوازیە بنچینەییەکانی نێوان



بۆچوونەکانی (مۆدێرنیست)ی و ئەوانی تر باس دەکا. لە دواییدا سیما سەرەکییەکانی چوار پارادیمە سەرەکییەکانی شرۆڤەکردن دیاری دەکا– مۆدێرنیزم،پرایمۆردیالیزم، پێرینیالیزم و ئیتنۆسیمبۆلیزم و پەیوەندیەکانی نێوانیان دەخاتە ڕوو. چاپتەری چوار لەسەر ئەم موناقەشەیە بەردەوام دەبێ بەخستنەڕووی گفتوگۆ تیۆرییە سەرەکییەکانی ئەم مەیدانە دەربارەی ڕۆڵی ئایدۆلۆجی و هەڵبژاردنی مەنتیقی Rational Choice و دەوڵەتی مۆدێرن و پێکهاتەی کۆمەلآیەتی لە سەرهەڵدانی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی کە لەم چوار پارادیمەوە سەرچاوە دەگرن و لایەنە بەهێز و لاوازەکانیان ئاشکرا دەکا.

چاپتەری پێنجەم جۆرە جیاوازەکانی (مێژووی نەتەوەکان)– مۆدێرن، سەدەکانی ناوەڕاست و کۆن– دەباتەوە سەر تیۆریە تایبەتەکان و پارادیمە سەرەکییەکانیان و لەوێوە خوێندنەوەیەکی (ئیتنۆ–سیمبۆلیک)ی دەخاتەڕوو، کە نەتەوە مۆدێرنەکان بەکۆمەڵگا ئیتنییە پریمۆدێرنەکانەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگای ئەفسانە و سیمبۆل و یادگار و بەها و ترادیسیۆن. دوا چاپتەریش لە ئایندەی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی لە سەردەمی (پۆست مۆدێرن)ی بوژانەوەی ئیتنی و گلۆبەلآیزەیشەن و ناسنامەی فرەڕەگ hybridized identity دەکۆڵێتەوە، سەرەڕای تێگەیشتنەکانی (پۆست مۆدێرنیست) وبونیادنەرانە (کۆنسترەکشنیست) و لێکدانەوەکانی ئیتنۆ–سیمبۆلیکی کەلتووری دەربارەی دواڕۆژی نەتەوەکان و نەتەوەخوازی.

ئامانجم لە سەرەتاوە تا کۆتایی دوولایەنەیە: بەپلەی یەکەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی گفتوگۆ سەرەکییەکانی ئەم مەیدانە بەڕوونترین شێوەی گونجاو و دووەمیش خستنەڕووی بۆچوونی ئیتنۆ–سیمبۆلیکی خۆمە. ئەمەش بێگومان کارێکی ئاسان نییە. هەرچەندە لە جێگا جیاوازەکاندا ئەم بۆچوونەی خۆم دیاری دەکەم و (بەرگریشی لێدەکەم)، لە هەمان کاتدا ئاگام لە پێویستی تەغتیەکردنی تیۆری و خوێندنەوە ئەلتێرنەتیڤەکانیشە تا ئەو ڕادەیەی جێگا ڕێگام پێدەدا، بۆ ئەوەی زانیاری و ئارگومێنتە پێویستەکان بخەمە بەردەم خوێنەران، تا بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن. بەهەمان شێوە، لە کاتێکدا لە سەراپای کتێبەکەدا هەوڵی ڕوونیی ناوەرۆکەکەی ئەدەم، لە هەمان کاتدا کارێکی زەحمەتە هەموو ئەو دابەشبوون و ناتەباییانەی لە مەڕ دیاردەی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی هەیە بخەمە ڕوو. چارەسەری ئاسان لەم مەیدانە پڕملمڵانێیەی لێکۆڵینەوەدا لە ئارادا نییە و ئایدیاڵیش دەبێ ئەگەر وا پیشان بدەین لە پێکهاتنێکی گشتی نزیک بووینەتەوە. لە

هەمان کاتدا ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی زانیاریەکی زۆرترین دەربارەی حاڵەتە تایبەتیەکان و ڕۆڵی فاکتەرە جۆراوجۆرەکان کە موناقەشە و جیاوازیەکانمانی لەسەر بینا بکەین، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەرفەتی تێڕوانینێکی ڕوونتری مەیدانەکە و گرفتەکانی و کارەکانی بەردەممان دەڕەخسێنێ. بەم گیانەوە ئەم پێشەکییە کورتە دەخەمە بەردەم ئەوانەی لەم مەیدانەدا نوێن.



# چاپتەری یەکەم

## تێگەکان
Concepts

ئەگەر خاڵێک هەبێت کە هەموو لا لەسەری ڕێک کەوتبن، ئەوا ئەو خاڵە ئەوەیە کە تێرمی (نەتەوەخوازی) زۆر نوێ (مۆدێرن)ە. کۆنترین بەکارهێنانی تۆمارکراوی ئەم تێرمە بەشێوەیەک کە مانایەکی ئاشکرای کۆمەڵایەتی یان سیاسی ببەخشێت، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی جۆهان گۆتفرید هێردەر Johann Gottfried Herder و پیاوی ئایینی دژە شۆڕشی فەرەنسی، ئابی ئۆگەستین دی بارۆڵ Abbe Augustin de Barruel لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەدەگمەن بەکارهێنراوە. پێدەچێ یەکەم بەکارهێنانی لە ئینگلیزیدا لە ساڵی ١٨٣٦دا لە ڕووی ئایینییەوە بووبێت و بریتی بووە لەو باوەڕ (Doctrine)ەی وا دادەنێ نەتەوەکان هەڵبژاردەی خودان. دوای ئەوە هەوڵ دەدرا کە بەغروری نەتەوەیی National Egotism بچوێنرێ، بەڵام تێرمی تری وەک نەتەوایەتی Nationality و نەتەوەییبوون Nationalness کە مانای حەماسەتی نەتەوەیی و شەخسیەتی نەتەوەییان دەگەیاند، ڕەواجیان پەیداکرد.

### ماناکانی نەتەوەخوازیی The meanings of Nationalism

لە ڕاستیدا تەنیا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا تێرمی نەتەوەخوازیی ئەو کۆمەڵە مانایانەی وەرگرت کە ئێمە ئەمڕۆ دەیانزانین. گرنگترینی ئەو مانایانەش ئەمانەن:

١- پرۆسەی پێکهاتن یان گەشەکردنی نەتەوە.

٢- بەها، یان هۆشیاری سەر بەنەتەوە بوون.

٣- زمان و سیمبۆلیزمی نەتەوە.

٤- بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بری نەتەوە.

٥- باوەڕ (doctrine)وە یان ئایدۆلۆجی نەتەوە لە هەردوو باری گشتی و تایبەتیدا.

بەکارهێنانی یەکەم کە بریتییە لە پرۆسەی پێکهاتن یان دروستکردنی نەتەوە، زۆر گشتییە و زنجیرەیەک پرۆسەی تایبەتتری لە خۆگرتووە کە زۆرجار ئامانجی نەتەوەخوازیی

پێکدەهێنن. بۆیە لە ڕێگەی لێکدانەوەکانی ترەوە دەتوانین زیاتر لە تێرمی (نەتەوە) بکۆڵینەوە.

لە چوار بەکارهێنانەکەی تر، دووەمیان کە هۆشیاری نەتەوەیی یان بەها نەتەوەیییەکانە، پێویستە بەوردی لە سیانەکەی تر جیابکرێتەوە. بێگومان پەیوەندیەکی نزیکیان پێکەوە هەیە، بەڵام مەرجیش نییە شان بەشانی یەکتر بڕۆن. کەسێک دەتوانێ بۆ نموونە، هۆشیاری نەتەوەیی باشی هەبێت بەبێ ئەوەی کە خاوەنی سیمبۆلیزم یان بزووتنەوە یان ئایدۆلۆجی بێت کە نوێنەری نەتەوە بێت. ئەمەش ئەو گێژاوە بوو کە نیکۆلۆ میکیاڤیلی تێکەوتبوو کاتێک بانگەوازەکەی بۆ یەکگرتنی ئیتالیەکان دژی بەربەریەکانی سەروو لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا گوێی بۆ نەدەگیرا. لە لایەکی ترەوە دەشێ گرووپێک ڕادەیەکی بەرزی هۆشیاری نەتەوەییان هەبێت لە کاتێکدا خاوەنی ئایدۆلۆجییەکی ئاشکرا نەبن، چجا بزووتنەوەیەکی سیاسی کە نوێنەرایەتی نەتەوە بکا، هەرچەندە لەوانەیە خاوەنی بەلایەنی کەمەوە هەندێک سیمبۆلی نەتەوەیی و ئەفسانە Myths بن. جیاوازی نێوان بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی تۆکمەی نەتەوەخوازیی لە لایەکەوە و هەستێکی خاوی Diffuse سەر بەنەتەوە بوون لە لایەکی ترەوە، هێندە ئاشکرایە کە وامان لێبکات تا بەجیا مامەڵە لەگەڵ تێگەی هۆشیاری نەتەوەیی لە لایەکەوە و نەتەوەخوازیی لە لایەکی ترەوە بکەین. هەرچەندە ڕەنگە لە پراکتیسدا ڕادەیەک لە تێهەڵکێشبوون overlap لە نێوانیاندا هەبێت.

لەبەر ئەوە، مەبەست لە تێرمی نەتەوەخوازیی لێرەدا بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ یەکێک یان زیاتر لە سێ بەکارهێنانەکەی دوایی کە بریتین لە زمان و سیمبۆلیزم و بزووتنەوەیەکی سۆسیۆسیاسی و ئایدۆلۆجی نەتەوە. پێویستە گریمانەی ئەوە بکەین هەریەکێک لەمانە بێگومان ئەندازەیەک لە هەستی نەتەوەیی لە گەڵدایە بەتایبەتی لە نێوان خودی نەتەوەخوازەکاندا ئەگەر هەموو دانیشتووانیش نەگرێتەوە، چونکە لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵە زیاتر ڕێکخراو و چالاکەکە بەبەشە گەورەتر و پاسیڤتر و پچرپچڕەکەی دانیشتووانەوە دەبەسترێتەوە.

وەک بزووتنەوەیەکی سۆسیۆسیاسی، لە پرینسیپ دا نەتەوەخوازیی لە ڕووی ڕیکخراوەیی و چالاکی و تەکنیکەوە لە بزووتنەوەکانی تر جیا ناکرێتەوە، تەنیا لە یەک ڕووەوە نەبێت:کە ئەویش پێداگرتنێتی لەسەر قورسایی کەلتوور و نوێنەرایەتی.



ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی نقوم بوون لە کەلتووری نەتەوەدا دەخوازێ – پەیبردن re-discovery بەمێژووەکەی و بوژانەوەی زمانە میللییەکەی لە ڕێگەی بوارەکانی فیلۆلۆجی و لیکسیکۆگرافی و برەودان بەکەلتوور، بەتایبەتی دراما و هۆنراوە و وەگەڕخستنەوەی هونەر و پیشەدەستییەکان و مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و گۆرانی فۆلکلۆری. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ بووژاندنەوەی کەلتوور و ئەدەب و ئەو چالاکییە دەوڵەمەند و هەمەجۆرانە دەدەن کە نەتەوەخوازیی دەیانوروژێنێ. بەشێوەیەکی ئاسایی بزووتنەوە نەتەوەخواز بەرێپێوانی نارەزایی یان بانگەواز یان بەرگری چەکدارانە دەست پێناکات، بەڵکو بەپێکەوەنانی ڕێکخراوە ئەدەبیەکان و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و فێستیڤاڵی مۆسیقا و بڵاوکراوەی کەلتووری دەست پێدەکا – ئەو جۆرە چالاکییانەی کە مایرۆسلاڤ هۆرچ Miroslav Horch لای وابوو قۆناخی بنەڕەتی یەکەمە لە هەڵچوون و بڵاوبوونەوەی نەتەوەخوازیی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا– کەئەتوانین ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەخوازیی وڵاتانی کۆڵۆنی ئەفەریقاو ئاسیاشی بخەینە سەر. لەبەر ئەوەیە هەوڵ دەدرێت کە ڕووناکبیرە مرۆڤدۆستەکان– مێژووناسان، فیلۆلۆجیستان، هونەرمەندان، ئاوازدانەران، شاعیران، ڕۆماننووسان و فلیمسازان بەئەندازەیەکی باش لەناو بزووتنەوە نەتەوەیی و بووژێنەرەوەکاندا نوێنەرایەتیان بکرێ Argyle 1969: Horch 1985.

زمان و سیمبۆلیزمی نەتەوەخوازیی تێڕامانێکی زیاتر هەڵدەگرن و لە سەر لاپەڕەکانی دیکەشدا دووبارە دەبنەوە. زمان یان گوتاری نەتەوەخوازی سەرەڕای تێکەڵاویەکی زۆری لەگەڵ سیمبۆلیزمدا، بەڵام زۆر بەتوندی بەئایدۆلۆجی نەتەوەخوازییەوە بەستراوەتەوە کە ناتوانرێت بەجیاواز سەیریان بکرێ. لە ڕاستیدا تێگە سەرەکییەکانی زمانی نەتەوەخوازییەکی دیاریکراو، پێکهێنەرە بنەڕەتیەکانی دۆکتەرینی بنەمایی و سیمای ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی پێکدەهێنن. لەبەر ئەوە من ئەم زمانە تێگەییە conceptual لەژێر ناونیشانی ئایدۆلۆجیدا، لە چاپتەری دووەمدا باس دەکەم.

لە لایەکی ترەوە سیمبۆلیزمی نەتەوەخوازیی، ئەندازەیەکی هێندە چوونیەک، لەسەراپای جیهاندا پیشان دەدا کە بەئاسانی دەتوانین لە چوارچێوە ئایدۆلۆجیەکەی دەری هێنین. سیمبۆلیزمی نەتەوەیی بێگومان بەوە جیادەکرێتەوە کە تەنیا یەک مەبەستی هەیە؛ ئەویش نەتەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەزیندوێتی و بەرجەستەیی نیشانەکانیشیدا دەناسرێتەوە. ئەمانەش بەبوونی ناوێکی بەکۆمەڵی گونجاو دەست پێدەکەن. بەلای نەتەوەخوازەکانەوە

هەروەک لای خێزانە ناکۆکەکانی (ڤێرۆنا)وە گوڵە باخێک بەهەر ناوێکی ترەوە ناوببردرێت، بۆنەکەی هێندە خۆش نابێ هەروەکو چۆن ململانێکەی ئەم دواییـیە لەسەر ناوی مەقدۆنیا Macedonia بەڕوونی بیری هینابنەوە. ناوی گونجاو هەڵدەبژێرین، یان لە ڕابردوو وەردەگیرێن تا دەربڕی تایبەتمەندێتی و پاڵەوانێتی و هەستی یەک چارەنووسی نەتەوە بێت و بۆ ئەوەی ئەم سیمایانە لەناو ئەندامانی نەتەوەدا دەنگ بدەنەوە. هەر بەم جۆرە ئاڵای نەتەوەیی بەڕەنگ و شێوە و نەخشیەوە و سروودی نەتەوەیی anthems بەئاواز و وشەکانیەوە سیما تایبەتیەکانی نەتەوە پیک دەهێنن و شێوازە ساکار و ڕیتمەکەی هەوڵی گەیاندنی پەیامی مێژووی ناوازە و هاوچارەنووسی لە نێوان دانیشتواندا بڵاودەکەنەوە. جا زۆر گرنگ نییە کە جیاوازی نێوان ئاڵاکان لە لای کەسێکی دەرەوەی نەتەوە زۆر کەمە، یان دێرەکانی سرووده نیشتمانیەکان لە ناوەرۆکدا سنووردارن، ئەوەی گرنگە هێز و کاریگەرێتی ماناکانن، کە بەهۆی ئەم هێمایانەوە بۆ ئەندامانی نەتەوەکە دەگوێزرێنەوە. ئەو ڕاستیەی کە هەموو نەتەوەیەک پایتەخت و ئەنجومەنی نەتەوەیی و پارەی نەتەوەیی و پاسپۆرت و سنووری خۆی و بۆنەی یادکردنەوەی قوربانی شەڕەکان و مارشی سەربازی و سوێندخواردنی نەتەوەیی و هەروەها ئەکادیمی مۆسیقا و هونەر و زانستی نەتەوەیی و مۆزەخانە و کتێبخانە و هەیکەلی نەتەوەیی و یادکردنەوەی جەنگ و ڤێستیڤاڵ و پشوو... هتد، یان هەیە و نەبوونی ئەم سیمبۆلانە کەموکورتی نەتەوەیی دەگەیەنن، مانای ئەوەیە کە سیمبۆلیزمی نەتەوە بۆتە ژیانی نەتەوە، ژیانێک کە لەسەر بنچینەی بەراووردکاری جیهانی و ئارەزووی دەرکەوتنی نەتەوەیی و هاوتایی لە (جیهانی نەتەوەکاندا) بنیات نراوە. قەڵغانی سیمبۆلە نەتەوەییەکان تەنیا خزمەتی دەربڕین و قووڵکردنەوە و بەهێزکردنی سنووری پێنناسەکراوی نەتەوە و خزمەتی یەکخستنی ئەندامانی ناوەوە دەکەن لە ڕێگەی تێڕوانینێکی هاوبەشی یادگار و ئەفسانە و بەهاکان.

بێگومان ناکرێت کە سیمبۆلیزمی نەتەوەیی هەروەک بزووتنەوە نەتەوەییـیەکان لە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی جیابکرێتەوە. ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی هێز و ئاراستە دەبەخشێتە سیمبۆل و بزووتنەوەکان. ئامانجەکانی بزووتنەوە سۆسیۆپۆلیتیکەکە بەچالاکی و کەسەکانی ناو بزووتنەوەکە پێناسە ناکرێن، بەڵکو بەئایدیاڵ و باوەڕە بنەڕەتییەکانی ئایدۆلۆجیەکە پێناسە دەکرێن. بەهەمان شێوە سیماکانی سیمبۆل و زمانی نەتەوەخوازیی بەو ڕۆڵە دیاری دەکرێن کە ئەمانە دەیگێڕن لە ڕوونکردنەوە و قووڵکردنەوەی ئایدیاڵەکانی نەتەوە و ئەو ئامانجانەی کە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی دیاری کردوون.



کەواتە پێویستە ئایدۆلۆجییەکە پێناسەی سەرەتایی تێرمی (نەتەوەخوازی)مان بۆ دیاری بکات، چونکە ناوەڕۆکی نەتەوەخوازیی بەو ئایدۆلۆجیانە دیاری دەکرێ کە نەتەوە لە چەقی هەموو خواست و مەبەستەکاندا دادەنێ و هەر ئەمەشە لە ئایدۆلۆجیەکانی تری جیادەکاتەوە.

## پێناسەکان Difinitions

### نەتەوەخوازیی Nationalism

ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی بەچەند شێوەیەک پێناسە کراوە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان یەک دەگرنەوە و دەربڕی بابەتی هاوبەشن. بابەتی یەکەم بێگومان بریتییە لە بایەخدانی لە ڕادەبەدەری نەتەوەخوازیی بەنەتەوە. نەتەوەخوازیی ئایدۆلۆجیەکە، کە نەتەوە لە نێوەندی بایەخی خۆی دادەنێ و هەوڵی گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی دەدات. بەڵام ئەمە تا ڕادەیەک تەماویە و پێویستە زیاتر قووڵ ببینەوە و ئەو ئامانجانەش دەستنیشان بکەین کە بەهۆیانەوە نەتەوەخوازیی هەوڵی برەوپێدانی خێروخۆشی نەتەوە دەدات. ئەم ئامانجانەش سیانن: ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی. بەلای نەتەوەخوازەکانەوە نەتەوە ناتوانێ بەبێ بوونی ئەندازەیەکی تەواو لە هەریەکێک لەمانە بەردەوامی بەمانەوەی بدات. لێرەشەوە دەکرێت ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ نەتەوەخوازیی دابنێین:

**بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجییە هەوڵ بۆ بەدەستهێنان و هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی دانیشتوانێک دەدات کە هەندێک لە ئەندامانی نەتەوەی ڕاستەقینە(تەواو) پێکدەهێنن یان لە ڕێگەی نەتەوە بوون دان.**

ئەمە پێناسەیەکە لەسەر بناخەی توخمە هاوبەشەکانی ئایدیاڵەکانی نەتەوەخوازە خۆسەپێنەکان Self-styled nationalists دامەزراوە، بۆیە لە سیمادا ئیغراکارە Inductive، بەڵام بێگومان جیاوازی ئایدیاڵە نەتەوەخوازە هەمەجۆرەکان ساکارتر دەکات و، وادادەنێ کە نەتەوەخوازیی سیمایەکی گشتی و ئایدیاڵێکی نموونەیی هەیە. ئەم پێناسەیە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی زیاتر بەبزووتنەوەی خاوەن ئامانجەوە دەبەستێتەوە، چونکە نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی دەستنیشانی جۆری دیاریکراوی هەنگاوەکان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا هەر تێگە بنەڕەتییەکانی ئایدۆلۆجیە کە ئامانجەکانی بزووتنەوەکە دیاری دەکات و لە جۆرە بزووتنەوەکانی تری جیا دەکاتەوە.

بەهەرحاڵ، پەیوەندی نزیکی نێوان ئایدۆلۆجی و بزووتنەوە، مانای ئەوە نییە کە تێگەی نەتەوەخوازیی تەنیا پەیوەندی بەو بزووتنەوانەوە هەیە کە بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشن. وشەی (هێشتنەوە) لە پێناسەکەی سەرەوەدا کاریگەرێتی بەردەوامی نەتەوەخوازیی لەناو ئەو نەتەوانەی کە لە مێژە دامەزراون و ئەوانەی کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، لەبەر چاو دەگرێ. ئەمەش گرنگە کاتێک دەمانەوێ (نەتەوەخوازییە نوێکارەکان)ی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و حکومەتەکانیان شی بکەینەوە هەروەک جۆن برولی John Breuilly کردویەتی Breuilly 1993 renwal nationalism of national dtate and the: rgover 2 ments.

ئەو پێناسەیەی من پێشنیازی دەکەم وای بۆ دەچێ کە تێگەی نەتەوە بەر لە ناسیۆنالیزم هەبووە، بەڵام پێی وا نییە کەبوونی نەتەوەکان پێش بوونی نەتەوەخوازیی دەکەوێ. وشەکانی (یان لە ڕێگەی بوونە نەتەوە) ئەو حاڵەتانە لەبەر چاودەگرێ کە کەمینەیەکی بچووکی نەتەوەخوازان کە خاوەنی تێگە گشتیەکانی ئەبستراکتی (نەتەوە)ن و هەوڵی پێکهێنانی نەتەوەیەکی تایبەتی لە سەر ئەرزی واقیعدا دەدەن. ئێمە زۆرجار ڕووبەڕووی نەتەوەخوازیی بێ نەتەوە دەبینەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیاڵیەکانی ئەفەریقاو ئاسیادا. ئەم نەتەوەخوازییانەش تەنیا بەبەدەستهێنانی سەربەخۆیی یان بەشێوەیەکی گشتی تر، بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکان یان پابەند نین. ئەمانە هەروەک دواتر دەبینین لایەنی گرنگی تری کەلتوور و کۆمەڵگاش دەگرنەوە: ئایدیاڵی ناسنامەی نەتەوەیی، بەتایبەتی پەیوەندی بەمەسەلە کەلتووریەکانەوە هەیە کە ئایدۆلۆجییەکانی تر پشتگوێی دەخەن. هەموو نەتەوەخوازێک بەئەندازەی جیاواز بەتەنگ ناسنامەی نەتەوەییەوە دێ، بەڵام هەموویان هەمیشە دەگەڕێنەوە سەر ئایدیاڵی (نەتەوە).

**کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوە** Ethnie and Nation

کەواتە دەبێ چۆن پێناسەی تێگەی نەتەوە بکەین؟ بێگومان ئەمە تێرمێکی پڕگرفتە و جێگەی مشتومڕە لەم مەیدانەدا. کەسانێک هەن بەتەواوی خۆیانی لێ لا دەدەن. چارڵس تیلی Charles Tilly، بەم شێوەیە باسی دەکات کە (یەکێکە لە ئاڵۆزترین و لاگیرترین تێرمی ناو قاموسی سیاسی - ١٩٧٥ -٦) و لای باشتر بوو جەخت لە سەر دەوڵەت بکات- کە ئەویش تێگەیەکە لە گرفتی خۆی بەدەر نییە. لەم ماوەیەدا ڕۆجەرز بروبەیکەر Rogers Brubaker، لەمەڕ بەماددیکردنی تێگەی نەتەوە و تێڕوانینی نەتەوە وەک (کۆمەڵێکی ماددی Substantial و جێگیر Enduring) هەشداری داینێ، ئەو لای وایە



باشترە ئێمە (بیر لە نەتەوەخوازیی بکەینەوە بەبێ نەتەوە) و نەتەوە وەک کاتەگۆریەکی Category هەڵسوکەوت Practice و نەتەوایەتی Nationhood وەک کەلتوورێکی دەزگایی و شێوازێکی سیاسی Institutionalised Culture and political form و نەتەوەبوون Nationness، وەک ڕووداوێک یان بەسەرهاتێکی ناکاو Contingent سەیر بکەین. (١٩٩٦-٢٦).

دوو چەشنە وەڵامە بۆ ئەم جۆرە ناڕەزاییانە هەن. یەکەمیان لەناو بازنەی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازییدا دەخولێتەوە. بەپێی ئەم تێڕوانینە نەتەوەخوازیی ئەو بەها میللیانە دەردەخات کە ئایدیای نەتەوە دەیانوروژێنی. لەم گوتار (Discourse)ە ئایدۆلۆجیەدا نەتەوە کۆمەڵگایەکی زیندوو و هەستپێکراوە و پارچەیەکە لە هەڵسوکەوت، زیاتر لەوەی لە خەیاڵدا وێنەی کێشرابێ و شتێکە داوا لە ئەندامان دەکات کە هەندێک کاری دیاریکراو ئەنجام بدەن. کەواتە (ماددە) و (جێگیری) نەتەوە هەروەک جۆرەکانی تری کۆمەڵگا، لە تیکراربوونەوەی بایەخەکەی دایە و شیکار پێویستە ئەم واقیعە هەستپێکراوە لە تێڕوانینێکی ترەوە بۆ تێگەی نەتەوە لە بەرچاو بگرێ، بەبێ ئەوەی هەوڵی بەماددیکردنی بدات.

وەڵامی دووەم پەنجە لە سەر گرفتێکی فراوانتر دادەنێ. ئەگەر تێگەی نەتەوە لە پێش ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازییدا پەیدا بووبێ، ئەوا ئێمە ناتوانین چیتر نەتەوە وەک بەشێک لە هەڵسوکەوتی نەتەوەخوازیی دابنێین. سەرەڕای ئەمەش، ئەگەر ئێمە بتوانین تەنانەت بیر لە چەند نەتەوەیەک بکەینەوە کە پێش پەیدابوونی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا لە ئارادا بووبن، ئەوا پێویستمان بەپێناسەیەکی تێگەی نەتەوە هەیە کە بەبێ ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی پەیدابوە، بەڵام لە گەڵیشی تەبا بووە. ئا لێرەدا مەزنترین گرفت خۆ دەنوێنی کە بۆتە هۆی ناکۆکییەکی کوشندە لە لێکۆڵینەوەی نەتەوەخوازییدا.

پێناسەکانی نەتەوە گەلێک جۆری لە خۆ گرتووە، هەر لەوانەوە کە پێ لەسەر فاکتەرە بابەتیەکان (Objective)ی وەک زمان و ئایین و نەریت و خاک و دەزگاکان دادەگرن، تا ئەوانەی کە پێ لەسەر فاکتەرە خودی (Subjective)یە ڕووتەکانی وەک هەڵوێست و بەهاکان دادەگرن. نموونەیەکی ئەو پێناسانەی کە پێ لەسەر فاکتەرە ئۆبجێکتیڤەکان دادەگرن بریتییە لە پێناسەکەی جۆزیف ستالین (نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی جێگیر،

کە لە پرۆسەی مێژوودا و لە سەر بناخەی زمان و خاک و ژیانی ئابووری هاوبەش و پێکهاتەی سایکۆلۆجی کە کەلتوورێکی هاوبەشی پێکهێناوە، دروست بووە ١٩٧٣-٦١) نموونەی پێناسەی سەبجەکتیڤی نەتەوە بریتییە لەوەی بێنیدیکت ئەندرسۆن Benedict Anderson (نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگایەکی زادەی خەیاڵ- لە خەیاڵدا وا دانراوە کە سنووردار و خاوەن سەروەرییش بێت). ئەم پێناسانە بێگومان چەند سیمایەکی گرنگی تێگەی نەتەوە هەڵداوێرن و دەکرێت نارەزایی بەرامبەر هەردوو شێوە پێناسەکە بەرز بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە پێناسە ئۆبجەکتیڤەکان مەرجدارن، ئەوان بەئەندازەیەکی زۆر و هەمیشە چەندین حاڵەتی دانپیانراوی نەتەوەکان هەلداوێرن و هەندێک جاریش بەشێوەیەکی ئەنقەست ئەم کارە دەکەن. هەروەک ماکس ویبەر Max Weber 1948 پیشانی داوە کە پێوەر ئۆبجێکتیڤەکانی نەتەوە وەک زمان و ئایین و خاک و هتد، هەمیشە هەندێک نەتەوە هەڵداوێرن. بەپێچەوانەوە پێناسە سەبجەکتیڤەکان بەگشتی باوەش بۆ حاڵەتی یەکجار زۆر دەکەنەوە. پێداگرتن لە سەر بەها و خواست و خەیاڵ و هەست، وەک پێوەری نەتەوە و سەر بەنەتەوە بوون کاری جیاکردنەوەی نەتەوە لە کۆمەڵگاکانی تری وەک ئایین و خاک و دەوڵەتی شار و ئیمپراتۆریەت زەحمەت دەکات، چونکە ئەمانەش هەمان پابەندی سەبجەکتیڤیان لە ناودا هەیە.

ئەو چارەسەرەی بەگشتی پەیڕەو کراوە ئەوەیە ئەو پێوەرانە دەستنیشان بکرێن کە هەردوو جەمسەری ئۆبجەکتیڤ و سەبجێکتیڤ پێکەوە دەبەستنەوە. ئەم ستراتیجیە چەندین پێناسەی بەکەڵک و بایەخداری هێناوەتە ئاراوە، بەڵام لێکۆڵەرەوان هاوڕا نین لەسەریان. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆربەی خوێندکارانی ئەم بابەتە لەسەر دوو خاڵ ڕێککەوتوون: نەتەوە نە دەوڵەتە و نە کۆمەڵگای ئیتنییە.

نەتەوە دەوڵەت نییە، چونکە تێگەی دەوڵەت پەیوەندی بەچالاکی دەزگاییەوە هەیە، لە کاتێکدا تێگەی نەتەوە دەستنیشانی کۆمەڵگا دەکات. تێگەی دەوڵەت دەشێت بەوە پێناسە بکرێ کە بریتییە لە کۆمەڵێک دەزگای خاوەن ئۆتۆنۆمی و لەگەڵ دەزگاکانی تر جیاوازن و خاوەنی مۆنۆپۆلی ڕەوای ناچارکردن و دەرهێنانن. ئەمەش لە تێگەی نەتەوە زۆر جیاوازە. نەتەوە، وەک وتمان کۆمەڵگای هەستپێکراو و زیندووە و ئەندامەکانی هاوبەشی نیشتمان و کەلتوورێکن.

نەتەوە کۆمەڵگای ئیتنی نییە، چونکە سەرەڕای هەندێک تێهەڵکێشی، لەوەدا کە هەردووکیان سەر بەیەک خێزانی دیاردەیەکن (ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵ)، کۆمەڵگای



ئیتنی هیچ مەرجەعێکی سیاسی نییە و لە زۆر حاڵەتیشدا خاوەنی کەلتووری جەماوەری و تەنانەت ڕەهەندی Dimension خاکی نییە، چونکە مەرج نییە کۆمەڵگای ئیتنی بەشێوەیەکی فیزیکی خاوەنی خاکی مێژوویی خۆی بێت. لە کاتێکدا نەتەوە دەبێت لە نیشتمانی تایبەت بەخۆیدا بژی بەلایەنی کەمەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ تا بتوانێ وەک نەتەوە خۆی دروست بکات و لە هەمان کاتدا پێویستە کەلتوورێکی جەماوەری بۆ خۆی بڕەخسێنێ و ئارەزووی ئەندازەیەک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت. لە لایەکی ترەوە، هەروەک بینیمان پێویست ناکات نەتەوە دەوڵەتێکی سەروەری خۆی هەبێت، بەڵام تەنیا ئاواتی هێنانەدی ئەندازەیەک لە ئۆتۆنۆمی هەبێت، هاوشان لەگەڵ نیشتەجێبوونی فیزیکی لەناو نیشتمانی خۆیدا.

ئەگەر لە پراکتیسدا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان نەتەوان و کۆمەڵگایانی ئیتنی هێڵێکی ڕوون نەبێت، ئەوا پێویستە لە ڕووی تێگەییەوە Conceptual جیایان بکەینەوە، هەروەک دەیڤید میللەر David Miller 1995 بەدروستی داوا دەکات. هەرچەندە پێناسەکەی خۆی بۆ نەتەوە (کە ئەو حەز دەکات بەنەتەوایەتی Nationality ناوی بەرێ، بریتییە لەوەی کە نەتەوە (١) لە ئەنجامی باوەڕی هاوبەش و پابەندیی هاوبەش پێکهاتبێ (٢) ڕەگی لە مێژوودا داکوتابێ (٣) شەخسیەتی کارامە بێ -Active in character (٤) پابەندی خاکێکی دیاریکراو بێت (٥) لە کۆمەڵگاکانی تر جیاواز بێت بەوەی کە خاوەنی کەلتوورێکی جەماوەریی دیاریکراوە. خۆ ئەگەر بەرەو جەمسەری سەبجەکتیڤی سپێکترۆمەکە بڕۆین، (کە ڕەنگە دەوڵەتی شار و کۆنفدراسیۆنە عەشائیریەکانیش بگرێتەوە)، ئەوا تێگەی نەتەوە زۆر لە تێگەی کۆمەڵگای ئیتنی نزیک دەکاتەوە. کۆمەڵگا ئیتنییەکانیش کە لە ئەنجامی باوەڕ و پابەندی هاوبەش پێکهاتوون، یادگار و بەردەوامیی هاوبەشیان هەیەو بەشداری کاروکردەوەی هاوبەشن و زۆرجاریش پابەندی خاکێکی دیاریکراون، تەنانەت ئەگەر لە سەر ئەو خاکەش نیشتەجێ نەبن. تاکە جیاوازی سەرەکی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنی ئەوەیە کە بەگشتی کۆمەڵگا ئیتنییەکان خاوەنی کەلتووری جەماوەری نین. لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەکەی میلەر هەندێک لە سیما سەرەکییەکانی نەتەوە دیاری دەکات: ئەو ڕاستییەی کە نەتەوەکان بریتین لە کۆمەڵگا و باوەڕ و ئەفسانە (Myths)ی هاوبەشیان هەیە و خاوەنی مێژوو و پابەندی خاکێکی دیاریکراون. ئایا ئێمە دەتوانین ئەم پێناسەیە فراوانتر بکەین تا تێهەڵکێشی و جیاوازیەکانی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنی ڕوون بکەینەوە؟

من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە تێگەی نەتەوە بەم شێوەیە پێناسە بکرێ: کۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراو کە لە نیشتمانێکدا بژین و ئەفسانە و مێژووی هاوبەش و کەلتوورێکی جەماوەری هاوبەشیان هەبێ و خاوەنی یەک ئابووری و ماف و ئەرکی هاوتا بن بۆ هەموو ئەندامەکانیان. لە لایەکی ترەوە دەشێت تێگەی کۆمەڵگای ئیتنی بەم شێوەیە پێناسە بکرێت: کۆمەڵگایەکی مرۆیی دیاریکراو، کە پەیوەندیان بەنیشتمانێکەوە هەبێت و خاوەنی ئەفسانەی باووباپیرانی هاوبەش و یادگاری هاوبەش و لایەنێک یان زیاتری کەلتووری هاوبەش و ئەندازەیەک لە تەبایی بن، بەلایەنی کەمەوە لە نێوان نوخبەکان (Elites)دا.

لە کاتێکدا دەشێت ئەم پێناسانە وەک پێناسەی بەردەست Dehinitions Working بەکاربهێنین، لە ڕاستیدا ئەمانە پوختەی جۆری بێگەرد pure یان ئایدیاڵی نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنین، کە لە بیروباوەڕی نوخبەکانی سەر بەنەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنی سەرچاوەیان گرتووە.

ئەم پێناسانە لایەنە هاوبەشەکان دیاری ناکەن، بەڵکو تەنیا خەسڵەتە تایبەتییەکان و جیاوازیە سەرەکییەکان دەستنیشان دەکەن. دەشێت ئەمە بەشێوەیەکی ئاسانتر ڕوون بکرێتەوە بەوەی کە خەسڵەتەکاتی ناسنامەی کەلتووری هەردوو کۆمەڵگاکە لە خشتەی (١-١)دا دیاری بکەین.

ئەوەی کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوە سەر بەهەمان چەشنی دیاردەیەکن لە نیوەی سەرەوەی

| خشتەی ١-١ خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوە | |
|---|---|
| **کۆمەڵگای ئیتنی** | **نەتەوە** |
| ناوی تەواو | ناوی تەواو |
| ئەفسانەی هاوبەشی باووباپیران و هتد | ئەفسانەی هاوبەش |
| یادگاری هاوبەش | مێژووی هاوبەش |
| جیاکەرەوەی کەلتووری | کەلتووری جەماوەریی هاوبەش |
| پەیوەندی لەگەڵ نیشتمان | نیشتەجێبوون لەسەر نیشتمان |
| هەندێک تەبایی (نوخبە) | ماف و ئەرکی هاوبەش |
| | تاکە ئابوورییەک |



خشتەکەدا ڕوون کراوەتەوە: نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنی لەوەدا هاوبەشن کە هەردووکیان خاوەنی ناوی بەکۆمەڵ Collective و باو و یادگاری هاوبەشن. لە لایەکی ترەوە نیوەی خوارەوەی خشتەکە ئەوە دەردەخات کە دەکرێت نەتەوە بەوە جیا بکرێتەوە کە خاوەنی خەسڵەتی ماف و ئەرکی چونیەکن بۆ هەموو ئەندامان و خاوەنی تەنیا ئابوورییەکن. سەرەڕای ئەمانەش لە جۆری ئایدیاڵدا، نەتەوەکان لەسەر نیشتمانی خۆیان دەژین، لە کاتێکدا کۆمەڵگای ئیتنی بەشێوەیەکی سیمبۆلی پەیوەندیان بەنیشتمانی خۆیانەوە هەیە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا ئیتنییەکان مەرج نییە کەلتووری جەماوەرییان هەبێت، بەڵکو دەکرێ تەنیا چەند توخمێکی کەلتووری هاوبەشیان هەبێ. ئەمەش دەشێ زمان یان ئایین یان نەریت یان دەزگای هاوبەش بێت لە کاتێکدا کەلتووری جەماوەریی هاوبەش خەسڵەتی سەرەکی نەتەوەیە. لەم بارەیەوە تەنانەت خەسڵەتی سێیەم قابیلی گۆڕانە – هەر لە ترادیسیۆنی یادگارەوە کە لەناو کۆمەڵگا ئیتنییەکاندا بەدی دەکرێ تا مێژووی نەتەوەیی ستاندارد و کۆدبەند.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەکەوینە هەڵەوە ئەگەر واتێبگەین ئەم جیاوازیەی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنی، هیچ گەشەکردن (evolutionary)ێکی یەک لە دوای یەک دەگەیەنن. لە جیهانی ئەمڕۆدا گەلێک کۆمەڵگای ئیتنی شان بەشانی یان لەناو نەتەوان دا دەبینین. ئایا دەشێت نەتەوە لەناو کۆمەڵگا ئیتنییەکانی سەردەمانی کۆن بدۆزینەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە جێگەی مشتومڕە. ئەوەی کە دەشێ ئێستا بووترێ و دواتریش زیاتر لەسەری بڕۆین ئەوەیە کە جۆری ئایدیاڵی کۆمەڵگای ئیتنی تێگەیەکی زیاتر گشتییەو نەتەوە تێگەیەکی زیاتر دیاریکراوە، بەڵام لە تایبەتمەندێتیدا نەتەوە، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە لە سەر بنچینەی کۆمەڵگایەکی ئیتنی کۆن سەرهەڵدەدا وای لێدێ کە زیاتر گشتگیر و ئاڵۆز و کەمتر بەبنەچە ئیتنییەکەی خۆیەوە بەسترابێتەوە.

هۆکاری ئەم لەغزەش Paradox، هەروەکو دواتر دەبینین، بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە دەگەڕێتەوە کە لە پەیوەندیەکانی نێوان ئیتنیکی Ethnicity و کەلتوور و لەنێوان کەلتوور و سیاسەت دا ڕوو دەدەن.

هەموو ئەمانە زیاتر ئەبستراکت و تیۆرین. کاتێک لە جۆری ئایدیاڵەوە بۆ حاڵاتی پراکتیکی دەڕۆین لێک نزیکبوونەوە و لێک نەچوون دەبینین. نموونەیەکی باش لەم بارەیەوە نەتەوەی ڕەوەندە Diaspora. ئەگەر بەدیقەتتر قسە بکەین دیاردەیەکی وا لە

ئارادا نییە: نەتەوە هەروەک بینیمان لە نیشتمانی خۆیدا دەژی بەڵام کۆمەڵگا ئیتنییەکان دەشێن سەراپای زەوی بگەڕێن. ئەی ئەو کۆمەڵگایانەی وا دادەنێن نەتەوە بووبن، بەڵام هەروەک ئەرمەنی و جوولەکەکان بۆ چەندین سەدە لەسەر نیشتمانی خۆیان نەژیاون و دەوڵەتە سەربەخۆکانیان لە دەست داوە؟ ئایا دەشێت بڵێین ئەوانە لەوە کەوتوون کە نەتەوە بن، لە کاتێکدا بەڕوونی بەردەوام بوون لە پاراستنی کەلتووری ئایینی جەماوەریی و ئەرک و مافە هاوبەشەکانیان و تەنانەت ئابووری گونجاوی خۆیان پێکەوە ناوە؟ ئەمە پرسیارێکە وەڵامی ئاسانی نییە و وامان لێدەکا پەنا بۆ جۆرە ئایدیاڵەکەی نەتەوە بەرین و جیاوازی نێوان نەتەوە و کۆمەڵگای ئیتنیش بەوریاییەوە بکەین.

حاڵەتی نەتەوەی (فرە ئیتنی)یش هەیە کە لە چەند کۆمەڵگایەکی ئیتنی پێکدێن و لە بەر هەر هۆکارێک بێت یەکیان گرتووە یان ناچار کراون یەک بگرن و پێکەوە مێژووی ناوکۆ و یادگارە سیاسیە هاوبەشەکانیان پێکهێناوە. لە بەلچیکاو سویسرا و ئیسپانیا کۆمەڵگای ئیتنی جیاواز لەناو دەوڵەتی فیدراڵیدا پێەوە دەژین و ئەندامەکانیان بانگێشەی هەردوو ناسنامەی نەتەوەیی ئیتنی و هاوبەش دەکەن. لە حاڵەتی سویسرادا هەندێک لە (Jurassiens) حەزیان دەکرد کە کانتۆنەکانیان سەر بە (Berne) بن، بەڵام ئەم ئارەزووەیان لەناو چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ئاسۆی سیاسی سویسریدا دەردەبڕی. سویسرییەکان بەگشتی خاوەنی کەلتوورێکی جەماوەری دیاریکراو و نیشتمانێکی خاوەن سنوور و تەنیا ئابوورییەک و ئەرک و مافی هاوبەشن بۆ هەموو هاونیشتمانەکان و تەنانەت ئەو کانتۆنانەی کە بەزمانی فەرەنسی و ئیتالیش دەئاخڤن هەندێک لە ئەفسانەکانی (Innenschweiz) و یادگارە مێژووییەکانی کۆنفیدەرەیشنە کۆنەکەیان پەسەند کردوە. باری ئاڵۆزتر لە ئیسپانیاو بەلچیکادا خۆی دەنوێنێ لە لایەن ئەو کۆمەڵگا ئیتنییانەی وەک باسک و کەتەلان و فلامییەکانەوە کە بەگوێرەی ئەو پێوەرانەی سەرەوە یان نەتەوەن یان هەوڵی پێکهێنانی نەتەوە دەدەن. ئایا دەکرێ دان بەوەدا بنێین کە نەتەوە لەناو نەتەوەدا هەیە، نەتەوەی فلامی یان کەتەلانی لەناو نەتەوەی بەلچیکی یان ئیسپانیدا هەیە؟ یان ئایا ڕەوا و جێگەی خۆیەتی تەنیا باسی نەتەوەکان لەناو چوارچێوەی دەوڵەتدا بکەین؟ Petersen 1975; Steinberg 1976

### دەوڵەتی نەتەوەیی National State

ئەمەی دوایی هەڵوێستی ئەوانەیە کە لە دیدی پێناسەی ئیتنی ڕووتەوە سەیری تێگەی



نەتەوە دەکەن. نموونەیەکی باش بریتییە لە کارەکەی ووکەر کۆنۆر Connor Walker. لای ئەو تێگەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازیی پێویستە بەتەواوی لە تێگەکانی دەوڵەت و نیشتمانپەروەری Parriotism جیابکرێنەوە. بەم پێیە ئەو باسی نیشتمانپەروەری بەلچیکی و ئیسپانی دەکات کە ئەویش پابەندبوونە بەدەوڵەتەوە وەک خاک و دەزگاکانی و لەگەڵ ئیتنۆ- نەتەوەخوازیی فلامی و کەتەلانی جیای دەکاتەوە. ئەو ئەمەی دواییان وەک بۆندێکی سایکۆلۆجی پەیوەندی باووباپیرانە کە لە بەهاکانی خزمایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، پێناسە دەکات. تەنانەت ئەگەر ئەفسانەکانی بنەچەش origin لەگەڵ ڕەچەڵەک (descent)ە بایۆلۆجییە ڕاستەکەدا یەک نەگرێتەوە (کە زۆرجار یەک ناگرێتەوە). بەهەمان لۆجیک کانۆر لای وایە نیشمانپەروەری دەوڵەتی بەریتانی شانبەشانی ئیتنۆ نەتەوەخوازیی ئینگلیزی و سکۆتلەندی و وێلسی لە ئارادان.

من دڵنیا نیم لەوەی کە ئەم جیاکردنەوە زەقە هەرچەندیش لە ڕووی شیکردنەوەوە (ئەنالیتیکیەوە) بەکەڵک بێت بتوانرێ بهێڵرێتەوە. ئەگەر لەم نموونەیەی دوایی لە پراکتیکدا وردبینەوە، دەبینین کە ئینگلیزەکان هەمیشە لایان مەحاڵ بووە کە ئیتنۆ نەتەوەخوازیی خۆیان لە نیشتمانپەروەری بەریتانی جیا بکەنەوە و هەردووکیان بەیەک چاو سەیر کردووە و بەهی خۆیانیان زانیووە. ئەمەش تێڕوانینێکی ئیمپریالیستی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە نیشتمانپەروەری بەریتانی تیادا هەست پێکراوە لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدیەمدا و بەشێوەیەک سەیری نیشتمانپەروەری بەریتانی کراوە کە درێژکراوەیەکی (سروشتی) ئیتنۆ نەتەوەخوازیی ئینگلیزی بێت و چۆنیەتی تێڕوانینی ئینگلیزەکان بۆ نەتەوەی بەریتانی نەک تێڕوانینی چەند سکۆتلەندییەک (بەریتانیەکانی باکوور) وەک پێکەوەژیانی نەتەوەی جیاواز لەناو شانشینی یەکگرتوودا- سەرەڕای بەرەنگاری بەردەوام و بەرچاو بەرامبەر باڵادەستی ئینگلیزەکان. ئەگەر بوونی نەتەوەخوازیی بەبێ نەتەوە بهێنینەوە بیرخۆمان، ئایا ئایدیاو ڕیشەی مێژوویی نەتەوەخوازیی بەریتانی (کە لای کۆنۆر پێچەوانەی نیشتمانپەروەی بەریتانییە) لەرزۆک دەبێ، ئەگەر لە ئەنجامدا نەتەوەیەکی بەریتانی دروست نەبوو؟ Kearney 1990:ch 7-8 Colley 1992:ch 1

هەمان گرفتی تێگەیی تووشی نەتەوەخوازیی فەرەنسیش دەبێت هەرچەندە پرۆسەی تێکەڵاوبوون یان ئاوێتەبوونی کەلتووری تاڕادەیەک باشتر بەرێوە چووە. ڕەنگە بەریتانیەکان Bretons و باسکەکان و ئەلساتیەکان و تەنانەت کۆرسیکییەکان هەوڵی

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەدەن (جگە لە کەمینەیەک نەبێت)، هەرچەندە لە کات و سەردەمی جیاوازدا بزووتنەوەکانیان داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەدەستی خۆیان کردووە بەلایەنی کەمەوە لە مەیدانی کەلتووری و ئابووریدا، بەڵام ئایا ئەمە چۆن بەسەر فەرەنسیەکان جێبەجێ دەبێت؟ ئایا دەشێ ئیتنۆ-نەتەوەخوازیی باڵادەستی فەرەنسی لە نیشتمانپەروەری دەوڵەتی زاڵی فەرەنسی جیابکرێتەوە؟ ئایا لە پراکتیکدا چۆن دەتوانین نەتەوەی فەرەنسی لە فەرەنسا کە دەوڵەتی نەتەوەییە جیابکەینەوە، لە کاتێکدا چەندین سیمبۆلی نەتەوەخوازیی فەرەنسی بریتین لە سیمبۆلی سیاسی؟ Gildea 1994.

گومانی تێدا نییە نموونەی نەتەوەخوازیی فەرەنسی کە لە چوارچێوەی تریشدا یەکجار کاریگەر بووە، کارێکی وای کردووە کە بەرەو تێکەڵاوکردنی نەتەوە و دەوڵەتمان بەرێ و یارمەتی بڵاوبوونەوەی تێگەی (دەوڵەتی نەتەوە بدات). لێرەدا بەرامبەر ئەم تێگە ئاوێتەیە بەرەوڕووی دوو گرفت دەبینەوە. یەکەمیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەردوو پێکهێنەری ئەم تێگەیە. زۆرجار تیۆریستەکان، دەوڵەت بەباڵادەستتر دەبینن و نەتەوەش وەک هاوکارێکی پلە دوو یان ئاوەڵناوێکی پێویست دەبینن. کەمتر سەرنج دەدرێتە داینەمیکی نەتەوە. بەم پێیە نەتەوەخوازییش دەبێتە دیاردەیەکی سایکۆلۆجی و پاشکۆی سەروەریی دەوڵەت. گرفتی دووەم گرفتێکە لە کردەوەدا دەردەکەوێ: لە پراکتیس دا هەروەک وۆکەر کۆرنەر، ماوەیەک لەمەوبەر ئاماژەی بۆ کردووە، (دەوڵەتی نەتەوە)ی مۆنۆلیتیکی، کە تیایدا نەتەوە و دەوڵەت بەتەواوی و بەدرێژایی کات و شوێن هاوشانی یەکتربووبن و تەنیا یەک نەتەوە لە دەوڵەتێکدا و یەک دەوڵەت هەموو نەتەوەی لە خۆ گرتبێ دەگمەنە، چونکە نزیکەی ٩٠٪ دەوڵەتانی جیهان فرە- ئیتنین Polyethnic و نزیکەی نیوەی ئەم دەوڵەتانەش بەوردی لە سەر بناخەی جیاوازی ئیتنی دابەش بوون Connor 1972; Giddens 1985:216-20.

لەم هەلومەرجەدا ڕەنگە باشتر بێت پەنا بەرینە بەر تێرمێکی ئەوتۆ کە وەسفێکی بێلایەن لەخۆ بگرێ، وەک دەوڵەتی نەتەوەیی National State کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ: دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتەیە کە پرینسیپەکانی نەتەوەخوازیی ڕەوایی پێدەبەخشێ و ئەندامەکانی ئەندازەیەک لە یەکێتی نەتەوەیی و ئاوێتەبوون (Integration)یان هەیە (نەک چونیەکی کەلتووری – homogeneity Cultural. بە دانانی یەکێتی نەتەوەیی و ئاوێتەبوون بەوەی کە شایەنی گۆڕان بن، ئەم پێناسەیە خۆی لە



گرفتی پێکەوەهەڵنەکردنی نەتەوەیی National incongruence دووردەخاتەوە. بەمەش ئەو ڕاستییە لەبەرچاو دەگیرێ کە سنووری نەتەوەکان و دەوڵەتان لە زۆر جێگای جیهاندا یەک ناگرنەوە. بەپێی هەمان بۆچوون دەتوانین باسی (نەتەوەی دەوڵەت-State nations) بکەین کە تیایدا دەوڵەتە فرە ئیتنییەکان هەوڵی دامەزراندنی بوونەنەتەوە و پێکهێنانی نەتەوەی یەکگرتوو (نەک چونیەک) دەدەن لە ڕێگەی ئەندازەیەک لە یەکتر قبووڵکردن و ئاوێتەبوون. ئەمەش بارودۆخێکە چەندین دەوڵەتی ئەفریقاو ئاسیا تیایدا دەژین کە لە سەر ئەو خاکانە دروست بوون پێشتر لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکانەوە داگیر کرابوون و دواتریش سنوور و دەزگا کۆڵۆنیاڵەکانیان هێشتەوە. (زۆرجاریش زمانە هاوبەشەکەیان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی)

**ناسنامەی نەتەوەیی** National Identity

دوا تێگە لە مەیدانی دیاردەی نەتەوەیی کە دەمەوێ باسی بکەم، بریتییە لە تێگەی ناسنامەی نەتەوەیی. برەوی ئەم تێگەیە تا ڕادەیەک نوێیە و جێگەی تێگەکانی (شەخسیەتی نەتەوەیی) و دواتریش (هۆشیاری نەتەوەیی) کە بەبڵاوی لە سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەکار دەهێنران، گرتۆتەوە. ئایا بۆچی وای لێهات؟ تا ئێستاش ڕوون نییە. لەوانەیە ئەو گرنگیەزۆرەی کە ئێستا دەدرێتە ناسنامە بەشێک بێت لە ڕێڕەوێکی بڵاوی تاکخوازی Individhalism نوێی ئەم سەردەمە. لە هەمان کات، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی ئەو پەژارە و هەست بەنامۆیی کردنە بێت کە خەڵکێکی زۆر لەم جیهانە پارچە پارچەیەی ئەمڕۆدا هەستی پێ دەکەن Kemilainen 1964, Bhabha: ch 16.

هەروەک تێگەکانی تری ئەم مەیدانە، تێگەی ناسنامەی نەتەوەیی دوو لایەن دەگرێتە خۆ: ئەوەی کە ئایدیاڵێکی ناوەندی نەتەوەخوازییە و لە هەمان کاتیشدا تێگەیەکی شیکارییە (ئەنالیتیکییە). لە چاپتەری داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر ئایدیاڵی نەتەوەخوازیی و ئێستا دەمەوێ پێناسەیەکی کار بۆ ئەو تێگەیە پێشنیاز بکەم کە ئەمڕۆ بەم بڵاویە بەکار دەهێنرێ، کە بریتییە لە: بەرهەم هێنانەوە reproduction و داڕشتنەوەی reinterpretation شێوازی ئەو بەها و سیمبۆل و یادگار و ئەفسانەو ترادیسیۆنانەی کە کەلەپووری دیاریکراوی نەتەوەکان پێکدێنن و ناساندنی تاکەکان بەو شێواز و کەلەپوور و لایەنە کەلتوورییەکانی).

ئەم پێناسەیە پشت بەدوو شێوە پەیوەندی دەبەستێ. یەکەمیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی ناسنامەی تاکی و کۆمەڵی و دووەمیشیان بریتییە لە پەیوەندی نێوان بەردەوامی و گۆڕانی ناسنامە. زۆرجار یەکێک لەم پێکهێنەرانە لە سەر حسابی ئەوی تر پێی لەسەر دادەگیرێ. پێویستە بالانسێک لە نێوانیان ڕابگرین ئەگەر بمانەوێ لە تێگەی ناسنامەی نەتەوەیی تێبگەین.

### ئاستەکانی ناسنامە Levels of Identity

ئێمە ئەمڕۆ زۆر دەربارەی کارێکتەری (بارودۆخی–Situational) ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنی و برەوی (فرە ناسنامەیی) لە جیهانی نوێدا دەبیستین. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە باوە ئێمە بەچەندین جۆری ناسنامەی بەکۆمەل Collective دەناسرێین وەک: خێزان و نێر یان مێ و ناوچە و گرووپی پیشەیی و پارت و بیروباوەڕ و بنەچەی ئیتنی و دەتوانین زۆر بەئاسانی لە یەکێک لەم ناسنامانەوە بۆ ئەوی تر باز بدەین بەو شێوەیەی کە بارودۆخەکە دەخوازێ. ئێمە دەتوانین لە یەک کاتدا ژن یان مێرد بین، مەسیحی یان موسڵمان بین، پرۆفێشنەڵ یان کرێکاری کەم بەهرە بین و لە هەمان کاتیشدا ئەندامی ناوچەیەک و کۆمەڵگایەکی ئیتنی بین و ئەندامێتیەکەمان لەم کۆمەڵانەدا بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاربهێنین. کەواتە هەر یەکێک لە ئێمە خاوەنی چەندین ناسنامەین هەر لە بازنەی بچووکی خێزانەوە تا بازنەی گەورەی مرۆڤایەتی. جگە لەمانەش لەناو کۆمەڵگا سەربەستەکاندا گەلێک لەم ناسنامانە سیمبۆلین و ئارەزووکارن. Gans 1979; Okamura 1981; Hall 1992; Eriksen 1993

ئەمە، وردبوونەوەیە لە ناسنامەی بەکۆمەڵ تەنیا لە باری سەرنجی تاکە ئەندامەوە. لە هەمان کاتدا دەشێ سەیری ئەم ناسنامە بکەین وەک کەلتووری بەکۆمەڵ Cultural Col- lectivities و لە هەندێک حاڵەتدا کۆمەڵگاکان بەیادگار و ئەفسانەی هاوبەش و بەها و سیمبۆڵە هاوبەشەکان دیاری دەکرێن. هەردوو ئاستی شیکردنەوە، کە ئاستی تاک و ئاستی بەکۆمەڵە زۆرجار دەبنە مایەی سەرلێشێوان و دەبێ لێک جیابکرێنەوە. هەرچەندە کەلتوورە بەکۆمەڵەکان و کۆمەڵگاکان لە تاکە ئەندامان پێکدێن، ئێمە ناتوانین هیچ کام لەمانە دابەزێنینە ئاستی تاکە پێکهێنەرەکانی کە سیمای هاوبەشیان هەیە یان پێکەوە دەژین. ئەم ناسنامە بەکۆمەڵانە لە ڕووی بەها و ئاکار و یادگار و سیمبۆلە هاوبەشەکان زۆر لەوە زیاترن. لە هەمان کاتدا کار و هەڵسوکەوتی تاکی ئەندامان ناتوانرێ لە ئەنجامی شیکردنەوەی سیماکانی کۆمەڵگیەک یان ناسنامە بەکۆمەڵەکان پێشبینی بکرێ. ئەمەی



دواییان تەنیا شتێکمان دەربارەی چوارچێوەی هەڵسوکەوتی ئەندامان و سنووری ئەو هەڵسوکەوتە بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەم دوو ئاستەی شیکردنەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵ لێک جیا بکەینەوە. Scheuch 1966

مەسەلەکە بەهێزتر خۆی دەنوێنێ ئەگەر ناسنامە بەکۆمەڵەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە سەر بناخەی توخمە کەلتووریەکان دامەزرابێ، هەروەک لە حاڵەتی کاستەکان و کۆمەڵگا ئیتنییەکان و تایەفە ئایینی و نەتەوەکان دەیانبینین، لە کاتێکدا جۆرەکانی تری ناسنامە بەکۆمەڵەکانی وەک چین و ناوچە، وەک گرووپی گوشار کاردەکەن و هەر کاتێک ئامانجەکانیان هاتەدی بەئاسانی دەتوێنەوە. کۆمەڵگا کەلتووریەکان سەقامگیرترن، چونکە توخمە کەلتووریەکانی وەک یادگار و بەها و سیمبۆل و ئەفسانە و ترادیسیۆن کە کەلتوورەکەیان پێکهێناوە و بەردەوام توانای پێکەوەگرێدانیان زیاترە. ئەمانە گوزارش لە توخمە سەرهەڵدەرەوە (recurrent)ەکانی بەردەوامی و جیاوازیە بەکۆمەڵەکان دەکەن. ئەم توخمانە لەناو جەرگەی یادگارە بەکۆمەڵەکانی بەسەرهات و پاڵەوانێتی و بەهاکانی شەرەف و دادپەروەری و شتە پیرۆزەکان و خۆراک و جلوبەرگ و دروشم و ئەفسانەی بنەچە و ڕزگاری و یەکگرتن و ترادیسیۆن و نەریت و جینۆلۆجی هەڵقوولاون. لەم بارانەدا توخمە کەلتووریە بەکۆمەڵەکان ئاشکرا و پتەون و پێویستە جودا لە ناسنامەی تاک شی بکرێنەوە. بۆیە هەردوو بەشی پێناسە پێشنیازکراوەکەم: بەشی یەکەم، پێناسەی میکانیزمی بەردەوامیی کەلتووری و گۆڕان لە سەر ئاستی بەکۆمەڵ دەکات، لە کاتێکدا بەشی دووەم جەخت لە سەر پەیوەندی نێوان ئەندامە تاکەکان و کۆمەڵەکە دەکا.

### بەردەوامی و گۆڕان Continuity and change

ئەم شیکردنەوەیەی سەرەوە، ڕەنگە بەرەو ئەو تێڕوانینەمان بەرێ کە ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵەکان تا ڕادەیەک جێگر و وەستاون. ئەمەش دوورە لەو بارودۆخەی کە ئەم ناسنامانە تیایدان. ڕاستە ئێمە مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە درێژخایەنەکاندا دەکەین، بەڵام ئەمانە بریتی نین لە پێکهاتی چەقیو و سیمای نەگۆڕ. ناسنامە کەلتووری و کۆمەڵگاکان وەکو هەر شتێکی تر دەکەونە بەر پرۆسەی گۆڕان و هەڵوەشاندنەوە. ئەم گۆڕانانەش دەشێن بەرەبەرە لەسەر یەکتر هەڵبچنرێن و دەشێن لە ناکاو و پچڕپچڕ بن. تەنیا جیاوازیەک کە ناسنامەی کەلتووری لە ناسنامە بەکۆمەڵەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناسنامەی کەلتووریدا دێن لەسەرخۆترن و ماوەیەکی کاتی زیاتریان دەوێ تا دەچەسپێن. هەر بۆیە ناسنامە کەلتووریەکان پێویستیان بەشیکردنەوە هەیە لە مەودایەکی

دریژدا.

هەر لەبەر ئەمەیە کە پێناسە پێشنیازکراوەکەم ئاماژە بۆ پرۆسەی (دارشتنەوەی) شێوازی یادگارەکان و بەهاکان و سیمبۆلەکان و ئەفسانە و ترادیسیۆن، کە کەلەپووری دیاریکراوی نەتەوەکان پێکدێنن، دەکا. ئێمە ئەمڕۆ بەتایبەتی ئاگاداری ئەوەین کە چۆن ناسنامە نەتەوەییەکان دەگۆڕێن، بەڵام ئەمە پرۆسەیەکە لە هەموو وەچەیەکدا ڕوو دەدات، چونکە ڕووداوە دەرەکی و خۆ ڕێکخستنەوە ناوخۆییەکانی گرووپ و هێزەکان دەبنە هۆی لێکدانەوەی نوێی ترادیسیۆنە بەکۆمەڵەکان. ئەم پرۆسە (ئیتنۆ- سیمبۆلیکەی دروستکردنەوە)، بریتییە لە هەڵبژاردنەوە و پێکەوەگرێدانەوە و دانانەوەی کۆدەکانی بەهاو سیمبۆل و یادگار و شتەکانی تری لەو بابەتە کە لەوەبەر هەبوون و زیادکردنی توخمی کەلتووری نوێ لە لایەن وەچە یەک لە دوای یەکەکانەوە. بەم پێیە دیدی (پاڵەوانێتی) ناسنامەی نەتەوەیی بەهەموو شێوازی خەباتگێڕی و ڕزگاریخوازی و قوربانیدانەوە کە تایبەتە بەنەتەوە تازە سەربەخۆبووەکان یان (نەتەوە دەوڵەتیەکان)، ڕەنگە لەناو وەچەی داهاتوودا جێگەی خوی بۆ شێوازی ناسنامەی نەتەوەیی کراوەتر و پراگماتیک تر و سوودخواز چۆڵ بکات و زیاتر گرنگی بەبابەتی وەک توانای بازرگانی و شارەزایی ڕێکخراوەیی و قبووڵکردنی فرە لایەنی بدات، ئەمانەش بابەتێکن کە دەکرێ بناخەیان لە ترادیسیۆنی ئیتنی کۆندا، لەناو مێژووی نەتەوەدا بدۆزرێتەوە.

هەر لەبەر ئەمەیە، گۆڕان خراوەتە ناو پێناسەی ناسنامەی نەتەوەیی. هەرچەندە ئەمە گۆڕانێکە کە لەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کاردەکا و لایەنەکانی ئەم چوارچێوەیە لە لایەن ترادیسیۆنە کەلتووریەکانی نەتەوە و کەلەپوورە جیاوازەکەیەوە دیاری دەکرێن و بەپێچەوانەوە گۆڕان نایەتەدی. لەبەر ئەوەی کە ناسنامە دەلالەت لە سەقامگیری و چونیەکی دەکات، گۆڕان تەنیا دەشێت لەناو سنوورێکی دیاریکراودا و لە مەودایەکی زەمەنی درێژخایەندا ڕوو بدات. تەنانەت ئەگەر گۆڕان کوتوپڕ و تێکدەریش بێت، بەڵام نەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی نەتەوە، ئەوا توخمی کەلتووری ئەوتۆ دێنێتە ئاراوە کە دەتوانرێ لە لایەن ئەندامانی نەتەوەوە هەرس بکرێ. تەنانەت شۆڕشەکانیش بەرەو بەها ناوەندیەکانی کۆمەڵگا دەگەڕێنەوە. ئەمە ئاڵوگۆڕی نەتەوەکانیش دەگرێتەوە و ئەو (ڕەزامەندیە ڕۆژانەیەی) نەتەوە پێکدەهێنێ، بەشێوەیەک پارێزگاری نەتەوە دەکات کە وامان لێدەکات بتوانین باسی هەمان نەتەوە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر بکەین.



## چاپتەری دووەم

# ئایدۆلۆجییەکان
Ideologies

زۆرجار دەوترێ نەتەوەخوازیی نەک تەنیا خاوەنی باوەڕ (Doctrine)ێک نییە، بەڵکو خاوەنی ئایدۆلۆجیەکی وا نییە کە شایەنی باس بێ، و تەنیا بریتییە لە کۆمەڵێک بەهای سەرەتایی و بەشێوەیەکی بریقەدار بانگێشەی بۆ دەکرێ. لە لایەکی ترەوە پێمان دەوترێ شێوەکانی نەتەوەخوازیی هێندە زۆرن کە ناکرێ ئایدۆلۆجیەکی یەکگرتووی گشتی لەم هەموو شێوانەی نەتەوەخوازیی هەڵاوێرین. ئەمانە بەلایەنی کەمەوە نیوە ڕاستن. ڕەنگە نەتەوەخوازی، ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ ئایدۆلۆجیەکانی تردا، بە(هەژاریی فەلسەفی و یەکنەگرتوویی) بناسرێ Anderson ١٩٩١-٥، بەڵام نەتەوەخوازیی لەوە زیاترە کە تەنیا بریتی بێ لە بەها و بانگێشە هەروەک ئێلی کیدووری Elie Kedourie:1960 کە بۆخۆی لایەنگری نەتەوەخوازیی نییە، پیشانی داوە، لەو شیکردنەوەیەیدا کە دەربارەی گریمانە فەلسەفییەکانی هیردەر و کانت کردوویەتی.

ئایدۆلۆجیە نەتەوەخوازەکان خاوەنی ئامانجی دیاریکراوی حوکمی خۆکردنی بەکۆمەڵ و یەکخستنەوەی خاک و ناسنامەی کەلتووری و زۆرجاریش پرۆگرامی ڕوونی سیاسی و کەلتوورین بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە. سەرەڕای ئەمەش، لە کاتێکدا جۆری جیاوازی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی لە ئارادان وەک: ئایینی و عیلمانی کۆنزیرەڤەتیڤ و ڕادیکال و ئیمپریالی و جیاخواز و هتد، کە هەر یەکێک لەمانە پێویستی بەشیکردنەوە هەیە، هەر هەموویان لە توخمە سەرەکیەکاندا هاوبەشن و بەنیشانەیەکی چونیەک مۆر کراون، کە ئەویش تەقەلادانە لە پێناوی نەتەوەدا. ئەم توخمە هاوبەشانە، نەتەوەخوازیی لە بزووتنەوە و ئایدۆلۆجیەکانی تر جیا دەکاتەوە، بەهەڵاواردنی توخمە هاوبەشەکانی ئەم (سیستەمە بیروباوەڕە)، کە بناخەی جۆرە جیاوازەکانی ئایدۆلۆجیە نەتەوەخواز و بزووتنەوەو سیمبۆلیزمەکانن، لەوانەیە بشتوانین شرۆڤەی هەندێک لەو هەڵسوکەوتە هاوشێوانە بکەین کە لە بزووتنەوە و چالاکییە نەتەوەخوازەکاندا تووشیان دەبین.

ئەم توخمە هاوبەشانەی سیستەمی بیروباوەڕی نەتەوەخوازیی بریتین لە سێ جۆری

سەرەکی:

١) کۆمەڵێک گریمانە (propositions)ی بنەڕەتی کە زۆربەی نەتەوەخوازەکان پێوەی پابەندن و لێوەیان هەڵدەهێنجن.

٢) هەندێک ئادیاڵی بنچینەیی کە لە هەموو نەتەوەخوازییەکاندا هەن، بەڵام بەئەندازەی جیاواز.

٣) زنجیرەیەک لە تێگەی لێکچوو کە مانای کۆنکریتی زیاتر دەداتە بیروباوەڕە ئەبستراکتەکەی نەتەوەخوازی.

ئێستا هەریەکە لەمانە بەجیا باس دەکەم:

هەرچەندە ژمارەی گریمانە بنەڕەتیەکانی نەتەوەخوازیی کەمن، بەڵام یەکجار کاریگەرن، دەشێت بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکرێنەوە:

١) جیهان بەسەر نەتەواندا دابەش بووە کە هەر یەکەیان خاوەنی کارێکتەر و مێژوو و چارەنووسی خۆیەتی.

٢) نەتەوە تەنیا سەرچاوەی دەستەڵاتی سیاسییە.

٣) دڵسۆزی بۆ نەتەوە لە سەروو هەموو دڵسۆزیەکی ترەوەیە.

٤) بۆ ئەوەی سەربەست بن، هەموو کەسێ دەبێ سەر بەنەتەوەیەک بێ.

٥) هەموو نەتەوەیەک پێویستە خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و ئۆتۆنۆمی بێت.

٦) ئاشتی و دادپەروەری جیهانی Global، خوازیاری بوونی جیهانێکن کە تیایدا نەتەوەکان سەربەست بن.Keourie 1960:1; A.D Smith 1991:74

ئێمە دەتوانین ئەمانەی سەرەوە بەباوەڕی بنەمایی Core Doctrine نەتەوەخوازیی ناوبەرین،کە چوارچێوەی پتەوی تێڕوانینی نەتەوەخوازیی بەرامبەر جیهان پێک دەهێنێ. ئەم دۆکتەرینە بنەماییە جگە لە گریمانەی دوایی، هەر ئەو گریمانانەن کە دامەزرینەرانی (نەتەوەخوازی) وەک ڕۆسۆ و هیردەر و زیمەرمان و بێرک و جێفەرسۆن و فیشتێ و مازینی بروایان پێیان بوو، پەیڕەوانی ئەمڕۆشیان لە سەریان دەڕۆن. ئەم دۆکتەرینەی نەتەوەخوازی، مەنتیق و هێزی بزوێنەری جۆرە جیاوازەکانی چالاکییە نەتەوەخوازیەکانن، هەروەک چۆن مەنتیق و هێزی بزوێنەری ئەو سیمبوڵ و دەزگایانەن کە دەربڕی ئایدیای نەتەوەن. هەر ئەم دۆکتەرینە بنەماییانە، نەک تەنیا باڵیان بەسەر مەیدانی سیاسەت، بەڵکو مەیدانی کۆمەڵگا و کەلتووریشدا کێشاوە، هەروەک چۆن تایبەتمەندێتی تاکە



نەتەوە و دیدی گشتگیری (جیهانی نەتەوەکان)یشی گرتۆتەخۆ.

مەرج نییە هەموو نەتەوەخوازەکان بەگوێرەی ئەم ئایدیالانەی لەم دۆکتەرینەدا خۆیان دەنوێن، ڕەفتار بکەن. ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە گەلێک جار نەتەوەخوازەکان بەشێوەیەک ڕەفتار دەکەن پێچەوانەی ئەو ئایدیایە کە لە گریمانەی یەکەمدا هاتووە، ئەویش (جیهانی نەتەوانە)، بەوەی کە نکۆڵی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ و ئۆتۆنۆمی و تەنانەت نکۆڵی لە کارێکتەری نەتەوەکانی تر دەکەن، ئەگەر ئەو نکۆڵی کردنە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان هی نەتەوەکانیان بکات. بەم ڕەفتارەیان ئەوانە باوەڕە بنەماییەکانی نەتەوەخوازیی پشتگوێ دەخەن و دەیکەن بەژێر پێوە، چونکە ئەم باوەڕە پێ لەسەر کارێکتەری جیاوازی نەتەوان دادەگرێ و داوا دەکات بەڕاشکاوی دان بەبوون و تایبەتمەندێتی و مافەکانی نەتەوە هاوچەشنەکانیاندا بنرێت. کەواتە لە کاتێکدا گەلێک لە نەتەوەخوازەکان، هەروەک جۆن برولی John Breuilly دەڵێ لە پراکتیسدا بەشێوەیەک ڕەفتار دەکەن کە گوایە ئایدۆلۆجیەکەیان تەنیا تەرخانە بۆ یەک نەتەوە (نەتەوەی خۆیان)، بەڵام لە تیۆریدا (هەندێک جاریش لە پراکتیسیشدا بۆ نموونە لە حاڵەتی ئەوروپای لاوی مازینی (Mazzini)دا کە لای وایە ئەوروپا لە چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازیی هاوچەشنی بزووتنەوەی (ئیتالیای لاو)ی خۆی پێکهاتووە، کە لە سەردەمی ڕایزۆرجیمیتۆ Risorgimento لە سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزراوە)، بڕوایان بەفرە نەتەوەیی جیهان هەیە کە لە نەتەوەی جیاواز و لە تیۆریدا یەکسان پێک هاتووە.

ڕەخنە ڕووناکبیرییە کە intellectual جێگەی بایەخدانی زیاترە کە دەڵێ: نەتەوەخوازیی سیستەمێکی سنووورداری ئایدیاو بیروباوەڕی دەربارەی سیاسەت و کۆمەڵگا گرتۆتە خۆی و بەناچاری پەنا دەباتە بەر هێز لە بری قەناعەت پێکردن لە پێناوی هێنانەدی کۆمەڵە ئامانجێک کە زۆرجار هێنانەدییان مەحاڵە. ئەمەش لایەنی سەرەکی هێرشەکەی ئێلی کیدووری Elie Kedourie یە بۆ سەر ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی، وەک ئایدۆلۆجیەکی وێرانکار و شۆڕشگێڕانەی خواستی کۆمەڵێک کە هەوڵی هێنانەدی تەکامول perfection دەدەن لەسەر زەوی کە هێنانەدی مەحاڵە. هەر ئەم بۆچوونەشی کە لەم دواییانەدا لە لایەن مایکڵ فریدن Michael Freeden دووبارە کرایەوە، لای وایە لە باشترین حاڵەتدا نەتەوەخوازیی ئایدۆلۆجیەکی لاواز و خاوەن بنەمایەکی سنوورداری بەستراوەیە بەکۆمەڵە تێگەیەکی تەسکی سیاسییەوە چونکە (نەتەوەخوازیی بەو شێوەیەی کە خۆی دەخوازێ

خۆی لە چوارچێوە فراوانترەکەی فیکری جیادەکاتەوە، بەوەی بەئارەزووی خۆی تێگەکان لادەباو بەهی تر جێگەیان دەگرێتەوە)، بۆیە (ناتوانێ زنجیرە ئارگومێنتێکی یەکگرتوو پێشکەش بکات، چونکە گەلێک لەو زنجیرە ئایدیایانەی کە چاوەڕێ دەکرێ هەبن، هەر لە ئایدیای گشتی و ئەبستراکتەوە بۆ ئایدیای کۆنکریتی و پراکتیکی و لە ئایدیا بنەماییەکانەوە بۆ لاوەکییەکان و بەپێچەوانەشەوە، لەم ئایدۆلۆجیەدا نین) Freeden 1998: 750.

لەبەر ئەوە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی لە ڕووی پێکهاتەوە ناتوانێ ڕووبەڕووی کێشە سەرەکییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی وەک دادی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامان و بەڕێوەبردنی ململانێ Conflict management ببێتەوە. لە ڕاستیدا نەتەوەخوازیی زۆرجار بەئایدۆلۆجیەکی جیاواز دانانرێ و تەنیا ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە کە لە پێکهاتی ئایدۆلۆجیە سەرەکییەکانی وەک لیبرالیزم و سۆشیالیزم و کۆنزیرڤەتیزمدا هەیە. ئایدیای نەتەوە بوون Nationhood ڕەنگە ئایدیایەکی سەراپاگیر بێت، بەڵام ئەمەش ڕەنگە ڕەنگدانەوەی نزیکیی ئەم ئایدیایە بێت لە ئایدۆلۆجیەکانی ترەوە (بە شێوەیەک کە کەوتبێتە سەر لێواری گرنگیی لای ئایدۆلۆجیەکانی تر). نەتەوەخوازیی تەنیا لە ناکاو گرنگی لە ڕادەبەدەر پەیدا دەکا و هەر زووش ئەو گرنگییەی نامێنی. لە کاتی تەنگژەکانی کە دێنە ڕێگەی دروستکردنی نەتەوە و داگیرکردن و هەڕەشەی دەرەکی و ململانێ لە سەر خاک یان لە کاتی ئەگەری زاڵبوونی گرووپێکی ئیتنی یان کەلتووری نەیاردا hostile Kedourie 1960; Freeden 1998.

## ئایدیاڵە بنچینەییەکان Fundamental Ideals

هەندێک ڕاستی لەم ڕەخنە ڕەقانەی سەرەوەدا بەدی دەکرێ، بەڵام ئەو وێنەیەی دەربارەی نەتەوەخوازیی دەیخەنە ڕوو بەلایەنی کەمەوە یەک لایەنەیە. دۆکتەرینی بنەمایی نەتەوەخوازیی تەنیا چوارچێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت دەخاتە ڕوو، دەبێت بەتێگەی ناوەخن و بۆچوونی دیاریکراو کە تایبەت بێت بەهەر یەکێک لە کۆمەڵگا نەتەوەییەکان پڕ بکرێتەوە. وەک تێڕوانینی سویسریەکان بۆ خۆیان کە گەلێکن دیمەنەکانی شاخی ئەلپ دایڕشتوون یان ئایدیاڵی پۆڵەندیەکان کە ئەوان دەربڕی ئازار و زیندووبوونەوەی مەسیحن. هەر بۆیە زۆر جار نەتەوەخوازیی ئایدۆلۆجی و سیستەمە بیروباوەڕەکانی تر لە خۆ دەگرێ (باوەشیان بۆ دەکاتەوە) و ئایدیاڵ و سیاسەتەکانیان بۆ مەرامە نەتەوەخوازیەکان



بەکاردەهێنێ. هەروەک لە حاڵەتی (کۆمیۆنیزمی نەتەوەیی)دا کە لە سەردەمی دوای ستالیندا هاتە کایەوە.

ئایا نەتەوەخوازیی ئایدۆلۆجیەکانی تر پڕدەکاتەوە یان لە لایەن ئەوانەوە پڕدەکرێتەوە، مەسەلەیەکی ناوەنجییە و بەپێی سۆنگەی مێژوویی دەگۆڕێ. پێویستە دوورتر و لە پشت دۆکتەرینە بنەماییەکەوە بڕوانینە نەتەوەخوازی، تا گرنگییەکەمان بۆ دەربکەوێ، چونکە لێرەدا وێنەیەکی زۆر جیاوازترمان دەکەوێتە بەرچاو.

لە ڕاستیدا دەتوانین بەدوو شێوە بەرەنگاری ئەم ڕەخنانە ببینەوە. شێوەی یەکەم ئەوەیە ڕوونی کەینەوە کە نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی (یان ڕاستتر سیستەمێکی بیروباوەڕ)، لە ڕووی تێگەییەوە دەوڵەمەندترە لەوەی ڕەخنەگران دەیانەوێ پیشانی بدەن، هەرچەندە ناگاتە ئاستی ئایدۆلۆجیە سیاسییە سەرەکییەکان لە ڕووی تۆکمەیی فەلسەفییەوە. شێوەی دووەم ئەوەیە باسی بکەین کە پێویستە نەتەوەخوازیی نەک تەنیا وەک سیستەمێکی بیروباوەڕ بەڵکو وەک شێوەیەک لە کەلتوور و چێژی ئایینی سەیر بکەین و هەر ئەمەشە کە لە ئایدۆلۆجیە سیاسییە سەرەکییەکان جیای دەکاتەوە. بۆیە تا ڕادەیەک ئەو ڕەخنانە نایگرێتەوە کە لە ڕووی پرس و عەقیدەی ئەم ئایدۆلۆجیە سیاسییانەوە لە نەتەوەخوازیی دەگیرێ.

با بۆ ساتێک لە سەر پێناسەی نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی ڕابوەستین. هەروەک لە چاپتەری پێشتردا بینیمان، سێ ئایدیاڵی بنچینەیی لە دۆکتەرینە بنەماییەکەوە وەرگیراوە و هەر ئەمانەش ژیانیان بەبەر بزووتنەوە ئایدۆلۆجیەکەی نەتەوەخوازییدا کردووە. ئەم سێ ئایدیاڵە بنچینەییانەش بریتین لە ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی. هەرچۆنێک سەیری بکەی ئامانجە زیاتر دیاریکراوەکانی نەتەوەخوازیی وەک بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی لە دەوروبەری یەکێک لەم سێ ئایدیاڵەدا دەسووڕێنەوە. هەر بۆیە لەو پێناسەیەدا کە پێشتر پێشنیازم کردووە بەزەقی خۆیان دەنوێنن: **بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆجی کە هەوڵی بەدەستهێنان و هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامەی کۆمەڵە مرۆڤێک دەدات و بەشێک لەو کۆمەڵە مرۆڤە نەتەوەی تەواو پێکدەهێنن یان لە ڕێگەی بوونە نەتەوەدان. با لێرەدا باشتر لەم سێ ئایدیاڵەی نەتەوەخوازیی وردبینەوە.**

دۆکتەرینە بنەماییەکە دەخوازێ هەموو نەتەوەیەک مافی خۆ دەربڕینی تەواو و

ئۆتۆنۆمی هەبێت. ئایدیاڵی ئۆتۆنۆمی لای نەتەوەخواز چەند لایەنێک دەگرێتەوە: بەشێوەیەکی گشتی ئۆتۆنۆمی، هەروەک ئیتیمۆلۆجی (مانای وشەکە)ش دەیگەیەنێ،مانای خۆڕێکخستن دەگەیەنێ بەشێوەیەک کە خاوەنی ڕیتمی rhythms خۆت بی و تەنیا گوێ لە ناخی خۆت بگری، دوور لە هەموو ئاستەنگێکی دەرەکی. ئەمەش بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ دەمباتەوە کە لە لایەن ڕووناکبیرە ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکانی سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە هێنرایە کایەوە کە بریتییە لە دەربڕینی (خۆ)ی کۆمەڵێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کە هەوڵی هێنانەدی خواستی بەکۆمەڵ و تاکی خۆیان دەدەن و بەتەواوی بەرپرسیارن بەرامبەر ئامانجەکانی کۆمەڵ و ڕەفتارەکانیان. لە هەمان کاتدا ئۆتۆنۆمی ئازادی سیاسی حوکم کردنی خۆ و بەکۆمەڵی (گەل) و لەلایەن (گەل)ەوە دەگەیەنێ لە ئەنجامی خواستی بەکۆمەڵی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی و تێکۆشان لە پێناوی دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی خۆ.

ئەم خۆبەڕێوەبردنەش دەکرێ تەواو بێت لە شێوەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی خاک، یان دەکرێ ڕادەدار بێت لە ڕێگەی چەشنێک لە حکومەتی خۆیی فیدراڵیەوە. ماکس ویبەر Max Weber لای وایە کە نەتەوەکان پێویستیان بەدەوڵەتی خۆیان هەیە: (نەتەوە کۆمەڵگایەکی خاوەن بەهای ئەوتۆیە کە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی خۆیدا دەتوانێ خۆی دەربڕێ، بەواتایەکی تر نەتەوە کۆمەڵگایەکە کە بەشێوەیەکی ئاسایی هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی دەدات) Weber 1948.

لەگەڵ ئەمەشدا، گەلێک لە نەتەوەخوازەکان ناچار بوون بەکەمتر لەوە ڕازی بن و لەوە دەچێ هەندێکی وەک کەتەلانەکانی ئیسپانیا لە ئۆتۆنۆمی سنووردار زیاتریان نەوێت. ئۆتۆنۆمی سنووردار خۆی لە خۆیدا جۆر و ئەندازەی جیاواز دەگرێتەوە، لەوانە خۆبەڕێوەبردنی کەلتووری و ئایینی و ئۆتۆنۆمی یاسایی و سەربەخۆیی ئابووری و خۆبەڕێوەبردنی سیاسی کە بریتییە لە خۆبەڕێوەبردن لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی گەورەتردا کە لە بوارەکانی کاروباری دەرەوە و بەرگریدا باڵا دەست بێت. لێرەدا دەبێت ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی لە سەروەری دەوڵەت State sovereignty جیا بکەینەوە، کە زۆرجار ئەم دووە پێکەوە تێکەڵاو دەکرێن بەتایبەتی لە گفتوگۆکانی ئەم سەردەمە دەربارەی لە دەستدانی سەروەری نەتەوەیی لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپادا یان نەتەوە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکان هاوشانی جۆرێک لە فیدراڵین.



زۆرجار ئۆتۆنۆمی بەتوندی بەئایدیای یەکێتی بەکۆمەڵەوە دەبەسترێتەوە. ئەمەش بەڕوونی لە بۆچوونی جاکۆبییەکان دەربارەی (la Republique, une et indivisible) ڕەنگی دایەوە و بووە هۆی لابردنی گومرگی ناوخۆ و دەزگا کەلتووریە ناوچەییەکان لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا. بەدامەزراندنی ئابووریەکی ناوەندی و خاکی سیاسی و کەلتوورێکی جەماوەری یەکگرتوو، پاتریۆتەکان (نیشتمانپەروەرەکان) دەیانویست تۆوی حەماسەتێکی بەتین بۆ نەتەوەی زیندووبووەوەی کۆماری فەرەنسا لە گیانی فەرەنسیەکاندا بڕوێنن. تەقەلاکانیان بۆ یەکخستنەوەی خاکەکەیان تەنیا بەرامبەر دابەشبوونەکانی ناوەوە نەبوو، بەڵکو بەرامبەر دوژمنەکانی دەرەوەشیان بوو لە دەرەوەی سنوورە سروشتیەکەی فەرەنسا. دواتر، وڵاتە ئەورووپییەکانی تری وەک ئیتالیا و یۆنان و ئەڵمانیا کەوتنە گرنگی دان بەمەسەلەی سنوور و پەیوەندی ئیتنی. هەوڵە نەتەوەخوازیەکانیان بووە هۆی هاندانی ئەو بزووتنەوانەی ئارەزووی سەربەستی و یەکگرتنەوەیان دەکرد لە ڕێگەی پەیوەندی ئیتنی و زەوینەی مێژوویی کە لەوەبەر تیایدا نیشتەجێ بووبوون و لە نیشتمانی نەتەوەیی جیاکرابوونەوە بەهۆی هەوڵی میرایەتی و دەرەبەگییەوە، جارێکی تر یەک بخەنەوە، تەنانەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ئەگەر پێویست بوو. Kohn 1967b; Horowitz 1992

یەکێتی خاک تەنیا هەنگاوی یەکەمی یەکخستنەوەیەکی زۆر گرنگتری کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەندامانی نەتەوە بوو. ئەم جۆرە یەکێتییە نابێت تێکەڵی چونیەکی ho-mogeneity بکرێت. بەپێچەوانەی بۆچوون و شیکردنەوەکانی هەندێک لە باسکارانی ئەم دواییە، ئایدیاڵی نەتەوەخوازیی بۆ یەکێتی بریتی نییە لە جۆرە یەکبوونێکی ئۆبجەکتیڤانەی کەلتووری، بەڵکو بریتییە لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خواست و بەهاکانی تاک و خێزانەکان. نەتەوەخوازەکان داوای ئەوە ناکەن کە ئەندامە تاکەکان دەبێت وەک یەک بن بەڵکو دەیانەوێ ئەندامان هەست بەپەیوەندییەکی هاوکاری بەهێزی ئەوتۆ بکەن لە نێوانیاندا کە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی گرنگی نەتەوەییان هەیە بەشێوەیەکی یەکگرتوو ڕەفتار بکەن. لە کاتێکدا بڕێک، بەتایبەتی فەیلەسوف و مێژووناسە ئەڵمانییە ڕۆمانتیکەکانی وەک فیختە Fichte و موولەر Muller حەزیان دەکرد کە خواستەکانی تاک لەناو خواستە بەکۆمەڵەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدا بتوێنەوە، زۆربەی هەرەزۆری نەتەوەخوازەکان هەوڵیان دەدا خواستەکانی تاک لە ڕێگەی بەهاکانی خۆشەویستی و برایەتییەوە یەکخەن و تەنیا لە بارودۆخی ئیکستریمدا خواستی تاکەکان

بخەنە ژێر ڕکێفی خواستی نەتەوەییەوە.

ئایدیاڵی سێیەم کە ناسنامەی نەتەوەییە، ڕەنگە لە هەموویان زیاتر سەرلێشێوێنەر بێت. بەگشتی تێگەی ناسنامە لەیەکچوون لە شتێکدا دەگەیەنێ بەدرێژایی کات و مانەوە و بەردەوامی شێوازێکە لە مەودایەکی کاتی دیاریکراودا. ئەمە ناسنامەی نەتەوەییش دەگرێتەوە. بەڵام ئایدیاڵی ناسنامەی نەتەوەیی بەوە جیادەکرێتەوە کە گرنگی بەکارێکتەری بەکۆمەڵ و ڕەگی مێژوویی-کەلتووری دەدات. ڕۆسۆ Rousseau خاسیەتی یەکەمی لا گرنگ بوو کاتێک کە نووسی: (ڕۆڵی یەکەم کە پێویستە لەبەرچاومان بێت بریتییە لە کارێکتەری نەتەوەیی: هەموو نەتەوەیەک کارێکتەرێکی هەیە یان پێویستە بیبێت، و ئەگەر نەیبوو ئەوا پێویستە دەس بەکاربین تا کاریکتەرێکی تێدا دروست بکەین) Project Cors 319 - Rousseau 1915, 2 , ڕۆسۆ لە درێژەی نووسینەکەیدا ئامۆژگاری کۆرسیکیەکان و پۆڵەندیەکان دەکات کە چۆن نەریتی نەتەوایەتی و شێوازی ژیانی خۆیان ببووژێننەوە، بەمەش دەتوانن پارێزگاری لە کارێکتەری بەکۆمەڵی نەتەوەکانیان بکەن. خاسیەتی دووەم لە کەلتووری میللی (Cultural populism )ەکەی هێردەر (Herder)دا ڕەنگ دەداتەوە. هێردەر لای وابوو هەریەکێک لە نەتەوەکان خاوەنی بەهرە (genius)ی نەتەوەیی تایبەتی خۆیانن و پێویستە پەیڕەوی بکەن-ئەمەش تێگەیەک بوو کە پێشتریش لە لایەن نووسەرانی وەک لۆرد شافتسبێری Lord Shaftes-bury و ڤیکۆ Vico و مۆنتیسکیۆ Montesquieuڕۆشنایی خرابووە سەر. هێردەر هانی هاوڵاتیە ئەڵمانیەکانی خۆی دەدا کە بگەڕێنەوە بۆ نەریتە کەلتووریە ڕەسەنەکان و بەهرە ئەدەبیەکانی خۆیان: (با هەموومان ڕیچکەی خۆمان بگرینە بەر، با هەموو کەس بەچاک یان خراپ باسی نەتەوەکەمان، ئەدەبەکەمان، زمانەکەمان بکەن: ئەوانە کەسانی خۆمانن، ئەوان ئێمەین و با ئەمەش بەس بێت). Herder 1877-1913

ئەمانە هەمووی ئەوە دەگەیەنن کە هەر یەک لە نەتەوەکان خاوەنی کەلتوورێکی مێژوویی و ڕێگایەکی تایبەتی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردن و پەیوەندیکردنی خۆیانن و هەموو ئەندامانی نەتەوە تیایدا هاوبەشن (بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەکی مەبدەئی) و ئەوانەی ئەندامی نەتەوە نین هاوبەش نین و لەبەر ئەوەی ئەندامی نەتەوە نین ناتوانن هاوبەش بن. سەرەڕای ئەمە ئەگەر ئەو کەلتوورە تایبەتە (لە دەست درا) یان (لە بیرکرا) یان (کرا بەژێرەوە) ئەوا پێویستە بدۆزرێتەوە و بیربخرێتەوە و ڕۆشنایی بخرێتە سەر. ئەرکی سەرشانی نەتەوەخوازەکان ئەوەیە کە ئەو بەهرە کەلتووریە تاقانەیەی نەتەوە سەرلەنوێ



ئاشکراکەنەوە و ناسنامە کەلتووریە ڕەسەنەکە بۆ گەل بگێڕنەوە. هەروەک نووسەر و فێرکاری مەزنی ئەفریقایی ئێدوارد بلایدن Edward Blyden لەم بارەیەوە بەگەلی ئەفەریقا دەڵێ:

**(ئەرکی سەرشانی هەموو پیاوێک و هەموو ڕەگەز (Race)ێک ئەوەیە کە تەقەلای دۆزینەوەی تاکێتی individuality خۆی بدات و پارێزگاری لێ بکا و گەشەی پێ بدات. بۆیە دەبێت ڕێز لە ڕەگەزی خۆتان بگرن و خۆشتان بوێ. هەوڵ بدەن (خۆتان) بن، بەو شێوەیەی خودا ویستوویەتی، چونکە بەو شێوەیە دروستی کردوون. ئێمە ناتوانین پلانی خودا بگۆڕین. ئەگەر ئێوە (خۆتان) نەبن، ئەگەر ئێوە شەخسیەتی خۆتان بدۆڕێنن ئەوا هیچتان نامێنی تا پێشکەشی جیهانی بکەن. نە شادی و نە سوود و نە شتێکی تری ئەوتۆتان دەمێنێ کە ڕاکێشەر و دڵخۆشکەری مرۆڤ بێت، چونکە بەونکردنی تاکێتی خۆتان، کارێکتەری تایبەتی خۆتان دەدۆڕێنن) Blyden 1893.**

ئەم پێداگرتنە لەسەر تایبەتمەندێتی نەتەوەیی یارمەتیمان دەدات تا پەی بەوە بەرین کە بۆچی نەتەوەخوازەکان زۆرجار هاوشانی تەقەلای ڕووناکبیرانن بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی (ڕەگ) و (کارێکتەر)ی نەتەوە لە ڕێگەی بوارەکانی مێژوو و ئارکیۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و زمانەوانی و فۆلکلۆرەوە. ئەم مەیدانە باسکاریانە ئەو ئامراز و چوارچێوە تێگەییانە دەڕەخسێنن کە بەهۆیانەوە بتوانین لەوە بکۆڵینەوە (ئێمە کێین) و (کەی پەیدابووین) و (چۆن گەشەمان کردووە) و ڕەنگە بەهۆیانەوە بشتوانین بزانین کە (بەرەو کوێ دەڕۆین) هەروەک چۆن هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەوان و فێرکارانی وەک بلایدن هەوڵی ئەوە دەدەن کە ڕووخسار و نوێنەرایەتی ناسنامەی نەتەوەیی لەناو نەتەوەدا بچەسپێنن.

گومانی تێدا نییە لە هەندێک لە نەتەوەخوازییەکان و لەساتێکی مێژوویی دیاریکراودا یەکێک یان زیاتری ئەم سێ ئایدیاڵە بایەخی زیاتر پەیدا دەکەن. کاتێک نەتەوەی ڕاستەقینە یان ئەوەی لە ڕێگەی بوونە نەتەوەدایە خاوەنی ئۆتۆنۆمی تەواو نەبێت یان بەرەو هەڵوەشان دەچێت یان لە نواندنی ناسنامەیەکی ئاشکرادا تووشی گرفت دەبێت، ئەوا نەتەوەخوازەکان هەوڵی چارەسەرکردنی بارودۆخەکە دەدەن لە ڕێگەی بەدەستهێنانی یان بەهێزکردنی ئۆتۆنۆمی نەتەوایەتی یان یەکێتی یان ناسنامەوە. بەڵام بەگشتی و لە مەودایەکی دوورتردا دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین کە بزووتنەوە ئایدۆلۆجیەکانی نەتەوەخوازیی

هەوڵ دەدەن بەفراوانترین شێوە دەربڕی هەرسێ ئایدیاڵە نەتەوەییەکە بن.

### تێگە بنەماییەکان Core Concepts

ئەم سی ئایدیاڵەی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامە لە بەرزترین ئاستی ئەبستراکتدا دەمێننەوە و تێگەی بنەمایی تریان دەوێ تا لەگەڵ پرۆگرامە پراکتیکیە سیاسی و کەلتوورییەکان تێهەڵکێش بکرێن. گرنگترین ئەم تێگانەش بریتین لە ڕەسەنایەتی authenticity ، بەردەوامیی continuity ، کەرامەت dignity ، چارەنووس destiny ، خۆشەویستی love و نیشتمان homeland. هەریەکێک لەمانە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ڕابردوو و حازری بارودۆخی نەتەوە و هێنانەدی ئامانجەکانی دەڕەخسێنن، هەرچەندە لەوانەیە کە هەموویان لە لایەن نەتەوەخوازییەکی دیاریکراوەوە برەویان پێ نەدرێ و لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی و دواتریش ململانێ Gilber 1998; ch 1.

هەروەک بینیمان بۆ ئەوەی نەتەوەکان سەربەست بن پێویستە بتوانن دەربڕی ئیرادەی خۆیان بن. بەڵام ئایا مانای (خۆ) چییە؟ تەنیا وەڵامی ئەمە لای نەتەوەخوازەکان لە (ڕەسەنی) ەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆ ئەوەی بەڕاستی (خۆمان) بین دەبێت لایەنە ڕەسەنەکانی بوونمان بدۆزینەوە و تەپوتۆزی تەمەنی لەسەر لابەرین. بۆیە مێژووناسانی خوێندگای مێژووی ئەڵمانی بەسەرۆکایەتی لیۆپۆڵد ڤۆن ڕانک Leopold Von Ranke لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەوڵی دەرخستنی ڕابردووی ڕەسەنیان دەدا بەو شێوەیەی لە بنەڕەتدا هەبووە. مۆسیقارەکانی ئەم سەردەمە هەوڵ دەدەن لە سەر شێوازە ڕەسەنەکە و بەئامرازەکانی سەردەمە ڕەسەنەکە مۆسیقای کۆن بژەنن. ئارکیۆلۆجی و مێژووناسانی هونەری مۆدێرن هەوڵ دەدەن بەرگی ڕەسەنی بکەن بەبەر کەرەستە کۆن و تابلۆ کۆنەکاندا. لێرەدا ڕەسەنایەتی دەلالەت لە ڕاستی و دروستی دەکات genuine و بەرەنگاری ساختەکاری fake دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کات ڕەسەنایەتی دەلالەت لە شێوازی بنچینەیی شتەکان یان شێوەی ژیان دەکات. ئەمەش وامان لێدەکات کە ڕەسەنایەتی وەک بنچینەیی و لە چوارچێوە نەتەوەخوازیەکەدا وەک ئەفسانەی بنەچە و ڕەچەڵەک descent لێک بدەینەوە. (ئێمە کێین و لە کات و شوێندا کەی پەیدا بووین)، بنەچە کارێکتەر دیاری دەکات. ئەم لێکدانانەوە لەگەڵ مانایەکی تری ڕەسەنایەتیدا تێهەڵکێش دەبن: ئایدیای ئەوەی کە بنچینەیی Originary و خۆماڵی indigenous بیت، نەک تەنیا یەکەم



شتە لە جۆری خۆی، بەڵکو لە هەمان خاک و خۆڵەوە هەڵقووڵاوە. ئەمەش دیسانەوە بەدەوری خۆی دەمان گەیەنێتە تێگەیشتنێکی تر بەرانبەر ڕەسەنایەتی کە ئەویش خاوێنی و تێکەڵ نەبوونە و سەرەڕای حاڵەتی تێکەڵاوی ئێستامان لە ڕەگ وڕیشەماندا ڕەسەن و بێ خەوشین. لەوانەیە بۆچوونی زۆرباوی نەتەوەخوازەکان بەرامبەر ئاوەڵناوی (ڕەسەن) بریتی بێت لە ئاماژەدان بە(تەنیا هی خۆمان) و هی کەسی تر نا و لە هەمان کاتدا بەدەگمەن. بەم شێوەیە تێگەی ڕەسەن یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی: کۆمەڵگای (ڕاستەقینە) بریتییە لەو نەتەوەیەی کە بۆخۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات.

هەموو ئەم مانایانە لە لایەن نەتەوەخوازەکانەوە بەکاردەهێنرێن و زۆرجاریش بەدڵسۆزیەوە. گرفتەکە هەژاریی تێگەیی نییە بەڵکو لێڵییە لە تێگەکەدا. گرفتی لەو جۆرە تووشی تێگە نەتەوەخوازیەکانی تریش دەبیت. بۆ نموونە سەیری تێگەی (بەردەوامیی) بکەین. دەشێت ئەم تێگەیە شتێک بگەیەنێ کە نزیکە لە مانای ناسنامەوە، لێکچوون بەدرێژایی کات و بیرۆکەی نەگۆڕانی نەتەوە لە بن نەهامەتی و ناهەمواریەکان چاوەڕێی ئەو ساتەیە کە ببوژێنرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێت مانای بزووتنەوەی بەرەبەرەی گۆڕان و گواستنەوە بگەیەنێ یان هەڵچنینی ریزە یەک لە دوای یەکەکانی بارودۆخەکانی ڕابردوو بێت وەک چینە لەسەر یەکنیشتوەکانی هەڵکەندنە ئارکیۆلۆجیەکان.

لەم مۆدێلانەی گەشەسەندندا، بەردەوامی دژی گۆڕان نییە، بەڵکو گۆڕان بەردەوامە و بەردەوامیی بەتایبەتی بەردەوامیی گەشەکردن لە گۆڕاندایە. ئا لێرەدا خودی تێگەکە تووشی شێواویەک دەبێت، ئەمەش لایەنێکە نەتەوەخوازەکان بەباشی هەستیان پێکردووە و زانیویشیانە چۆن بەکاری بهێنن.

تێگەی کەرامەتی نەتەوەییش هێندە ڕوون نییە کە لە سەرەتادا دەردەکەوێ. سووکایەتی و چەوساندنەوە پێچەوانەی کەرامەتە کە بزوتنەوەی ئازادیخواز دەیەوێ بەدەستی بێنێ، بەڵام خودی بزووتنەوەکە بۆ خۆی ئارەزووی بەدەستهێنانی کەرامەتەکە دروست ناکات. ئەمە پێویستە لە ناوەوە بدۆزرێتەوە. لێرەوە مانای دووەم: کەرامەت وەک (بەهای ڕاستەقینە) کە لە لایەن شێواندنە دەرەکییەکانەوە شاراوەتەوە. ئامانج دۆزینەوەی ئەو بەهایەیە لە ناخدایە تا هەست بەکەرامەتی ڕەسەنی (خۆ) بکەین. ئەمە هەندێک جار لەو ڕستە ئاسیاییەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ (هونەری ڕۆژئاوایی و مۆراڵێتی (ڕەوشت)ی

ڕۆژهەڵات) کە ئاماژەکردنە بەباڵادەستی ڕۆحی ئاسیا سەرەڕای تەوژمی تەکنەلۆجی ڕۆژئاوا. ئەم هەڵوێستە کەرامەتی ناو ناخی ئەوانەی سووکایەتیان پێکراوە دەپارێزێ و بەڵێنی گێڕانەوەی ئەو بارودۆخە دەدات کە تیایدا چەوساوە و کەنارخراوەکان دەگەنەوە مەزنایەتیەکەی پێشتریان و لێرەدا پایە دەرەکیەکە ڕەنگدانەوەی بەهاکەی ناوەوە دەبێت. کەرامەت دەشێت لە نەجیبی بنەچە و سەردەمانی کۆنەوە سەرچاوە بگرێ کە دەبێتە مایەی بەزەیی بەخۆدا هاتنەوە و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی.

گەڕان بەدوای کەرامەتی کۆمەڵدا ڕاستەقینەیی خۆیی نەتەوەیی بەرزتر دەنوێنێ کاتێک لەگەڵ ڕۆچوونەکانی بارودۆخی ئێستا و خەڵکە دەرەکییە پایە نزمەکەدا بەراورد دەکرێت. ئەمەش بەتایبەتی لەو کاتانەدا ڕاستە کە پاڵەوانێتیەک یان سەردەمێکی (زێڕین)ی باش دۆکیومێنتکراو دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی باری ئێستای کۆمەڵ.

نەتەوە لە دیدی نەتەوەخوازەکانەوە دەکرێت بەکۆمەڵگایەکی خاوەن مێژوو و چارەنووس پێناسە بکرێ یان باشتر بڵێین کۆمەڵگایەک کە تیایدا مێژوو پێویستی بەچارەنووس هەبێ و لە هەمان کاتیشدا دروستکەری چارەنووس بێ- چارەنووسی نەتەوەیی دیاریکراو. ئەم تێگەیەی چارەنووس تین و تاوێکی سۆزاوی گەلێک زیاتر لە تێگەی پاشەڕۆژ دێنێتە ئاراوە. چارەنووس لە لایەن مێژووەوە و پێش وەخت دیاری دەکرێت. چارەنووس ڕێچکەیەکی ناوازە و کاروانێکی دیاریکراو دەگرێتەبەر، چارەنووس باس لە ئاسۆیەکی بێ سنوور و تەنانەت نەمریی دەکات، چونکە ئێمە لە بیر و هۆشی وەچەکانی دوارۆژدا دەژین. بەلای نەتەوەخوازەکانەوە چارەنووسی نەتەوە چارەنووسێکی هەمیشە زیندووە، هەروەک ڕابردووە دوورەکە. لە ڕاستیدا ڕابردووی زێڕین کە لەژێر ئێستای پڕ چەوسانەوەدا شاردراوەتەوە، جارێکی تر دەدرەوشێتەوە لە ئەنجامی بوژانەوەی گیانی ڕاستەقینەی نەتەوە لە لایەن ئەوانەی کە هێشتا لە دایک نەبوون. کەواتە چارەنووسی هەر نەتەوەیەک بریتی نییە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی سەربەرز، بەڵکو بریتییە لە زیندووکردنەوەی گیانی ڕابردوو بەگوێرەی هەلومەرجی مۆدێرن و لەژێر بارودۆخە گۆڕاوەکەدا Anderson 1999.

ئەوەی گرنگی هاوچەشنی چارەنووسی هەیە بریتییە لە ئایدیاڵی خۆشەویستیەکی هۆشیارانە بۆ نەتەوە. پابەندبوونی هۆشیارانە بەم بەهایەوە تەنیا تایبەت نییە بەنەتەوەخوازی: Pericles لە وتە بەناوبانگەکەی (Thucydides)دا، داوای لە



هاونیشتمانەکانی ئەسینا کرد کە (بکەونە داوی خۆشەویستی لەگەڵ شارەکەیاندا) و نموونەی تری هاواری ئالودەیی و خۆشەویستی و قوربانیدان لەناو هەردوو چوارچێوەی ئایینی و مەدەنیدا زۆرن. بەڵام نەتەوەخوازیی ئەم ئالودەییە بەکۆمەڵە هۆشیارانەیەی گەیاندۆتە ئاستێکی یەکجار بەرز و لای ئەوان (خۆشەویستی بۆ نەتەوە) باڵاترین فەزیلەیە. لێرەوە هەموو ئەو بانگەوازانە بۆ ئەندامانی (خێزان)ی مەزن و بەرگری لە (کەسوکار) و (ماڵ) و پێویستی قوربانیدان لە پێناوی (وڵاتەکەمان)دا سەرچاوە دەگرن. هەروەک میشیل عەفلەقی یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی بەعسی سووری لە ساڵی ١٩٥٠ دا دەڵێ: نەتەوەخوازیی خۆشەویستییە، و کیدوریش دەڵێ: نەتەوەخوازیی ئەو خۆشەویستییە پەتی (ئەبستراکت)ەیە کە بۆتە هۆی نانەوەی گەورەترین کاری تۆقاندن 1964- Kedourie 1971 Binder.

خۆشەویستی سیاسی مانای بەرجەستە دەبەخشێتە وجوودی ئەبستراکتی نەتەوە، خۆشەویستی بۆ خێزانێکی مەزن. (خێزان) و (ماڵ)یش پێکەوە لەناو بیروهۆشی خەڵک دا تێهەڵکێشن و خۆشەویستی بۆ خێزان دەخوازێ کە خێزان ماڵی هەبێت. خێزانە بێ ماڵەکان بان (roof)ی سیاسییان گەرەکە و نەتەوەی بێ نیشتمان گەلێکی ڕەزاقورسە. کەواتە خۆشەویستی و نیشتمان یەکتر بەهێز دەکەن و لە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. تەنانەت ئەو نەتەوانەی کە لەسەر نیشتمانی خۆیان نیشتەجێن، پێویستیان بەداکوتانەوەی ڕەگ و ڕیشە و ئالودەبوونەوە لەگەڵ بنچینە خاوێنەکەدا هەیە. ئەمەش تەنیا یەکێکە لە مانا زۆرەکانی تێگەی نیشتمان.

تێگەی نیشتمان دەشێ وەک ناونیشانی تاپۆیەک یان داخوازیەکی سیاسیش بەکار بێت بۆ پارچەیەک خاکی دیاریکراو ئەو سامانەی تیایدا هەیە و زۆرجاریش ئەم داخوازیە بەرامبەر دان چیڕکردنەوەی ئەوانە دەکرێت کە چاویان تێبڕیوە. لەم ڕوانگەیەوە، نیشتمان بۆ ژیانی ئابووری و سەلامەتی خەڵکەکەی ناکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ و بەکارهێنان و کەڵک وەرگرتن لە سامانە کشتوکاڵی و کانەکانی دەبێتە ئامانجی سەرەکی نەتەوەخوازەکان. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە نەتەوەخوازەکان تەقەلای پشت بەخۆ بەستنی ئابووری یان بەلایەنی کەمەوە گەشەسەندنێکی ئابووری بەردەوام دەدەن. هەر ئەمەش ڕەنگە ئەو پەیوەندیە بەسۆزەی نەتەوەخوازەکان بەلادێ و فۆلکلۆر و نەریتی جووتیارانەوە ڕوون بکاتەوە، هەرچەندە لە پراکتیکدا نەتەوەخوازەکان زیاتر و بێوچان پشتگیری سیاسەتی بەپیشەسازیکردنی خێرا دەکەن.

له لایەکی ترەوە نیشتمان خاکێکی مێژوویی دیاری دەکات، خاکی باووباپیران، خاکی باپیر و داپیرانمان و شوێنی حەوانەوەی هەمیشەییانی له خۆ گرتووه. له هەمان کاتدا مەیدان و جێگای پیاوان و ئافرەتانی مەزنی نەتەوه و ڕووداوه گرنگەکانی وەک شەڕەکان و پەیمانەکان و جڤات و داستانی پاڵەوانەکان و گۆڕ و قوتابخانەی پیاوانی ئایینی و ڕووناکبیرانه له مێژووی نەتەوەدا. دوای هەموو ئەمانەش دیمەنه جوانەکانی نیشتمان دێت. ئەوەی که نەتەوەخوازیی گیانی نەمری بەبەردا دەکات، جوانی نایابی گرد و شاخەکانی (خۆمان)، ڕووبارەکانمان و بەنداو و کێڵگەکانمان که خوداوەندەکان deities بەرەکەتیان بەسەردا ڕشتوون. ئێمه زەحمەته بتوانین بچینه ناو دنیای نەتەوەخوازییەوه بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەریێتی ئەم دیمەنه شیعر ئامێزانه لەسەر هەستی ژمارەیەکی زۆر له ئەندامانی نەتەوه، ئەوانەی نەتەوەخوازن یان نین. ئەمەش دیاردەیەکه تا ئێستاش خراوەته پشتگوێ و دواتر دەگەڕێمەوه سەری.

نامەوێ لافی ئەوه لێبدەم هەموو ئەم تێگانه له لایەن هەموو ئایدۆلۆجی و بزووتنەوه نەتەوەخوازەکانەوه پەنایان بۆ دەبرێت، ئەگەر پەناشی بۆ بەرن ئەوا بێگومان بەهەمان ئەندازه نییه. پۆڵ گیلبێرت Paul Gilbert بەدروستی بۆی چووه کاتێک دەڵێت هەندێک له ناکۆکیەکانی نێوان نەتەوەخوازییه نەیارەکان بەیەک، دەگەڕێتەوه بۆ پەنابردنه بەر تێگه بنەماییه جیاوازەکانی نەتەوه. بۆ نموونه ئەو نەتەوەخوازییەی پەنا دەباته بەر خاک و نیشتمان بەرامبەر ئەو نەتەوەخوازییەی لەسەر بناغەی ئیتنیک و کەلتوور دامەزراوه. بەڵام لەکاتێکدا مێژوو پڕه له ململانێی لەم جۆره، من دڵنیانیم لەوەی که بەڕاستی وەڵامی ئەو پرسیاره بداتەوه که دەڵێ بۆچی دەبێت بەشداربووان و (ئێمه)ش هەموویان بەنەتەوەخوازیی پۆلێن بکەین. بەئاماژه کردن بەوێبەر، گیلبێرت لای وایه هەموو نەتەوەخوازییەکان هاوبەشن لەوەی پێی دەوتری (پرینسیپی پێکهێنەری نەتەوەخوازی) که ماناکەی ئەوەیه نەتەوەکان ئەو گرووپانەن که مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتی خۆیان هەیه و بەواتایەکی تر ڕەنگه مافی نەتەوایەتی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆش بگرێتەوه. لەمەش زیاتر، نەتەوەکان (ئەو جۆره گرووپەن که ئەم مافەیان هەیه) Gilbert 1998:16. بەڵام مەرج نییه هەموو نەتەوەخوازەکان ئەم داوایه بکەن. نەتەوەخوازه کەلتووریەکان بۆ نموونه لایان وایه نەتەوەکان مافی دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی کەلتووری و بووژانەوەی مۆراڵییان هەیه که ئەمەش ناگاته پێکهێنانی دەوڵەت. ئەمانه ڕەنگه پەسەندی ئەوه نەکەن که نەتەوەکەیان یان هەر نەتەوەیەکی تر پێویسته سەربەخۆ بێت و



دەوڵەتی خۆی هەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی داواکردنی پێکهێنانی دەوڵەت داوایەکی ڕەوا و بێگومان ئامانجێکی گرنگی زۆر له نەتەوەخوازییەکانه شان بەشانی چەندین ئامانجی تری وەک یەکخستنەوەی نەتەوەیی و ناسنامه Hutchinson 1994: ch1

له ڕاستیدا ڕەنگه باشتر بێت ئایدۆلۆجییەکانی نەتەوەخوازیی وەک خێزانێکی خاوەن چەندین تێگەی نەتەوەخوازیی تێهەڵکێشراوoverlap سەیر بکەین لەو جۆرانەی باسم کردن. هەروەک تێگەی گشتی (یاری) که چەندین توخمی تێهەڵکێشی overlap هەیه و هەموویان له هەموو جۆرەکانی یاریدا دەرناکەون. بەڵام له هەموو جۆرەکانی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیدا دەتوانین هەرسێ ئامانجه گشتییەکانی نەتەوەخوازیی که ناسنامەی نەتەوەیی و یەکێتی و ئۆتۆنۆمییه بەدی بکەین هەڵبەته بەئەندازەی جیاواز. بەم شێوەیه تێگه بنەماییەکان تێڕوانینی جیهانی بۆ ئایدۆلۆجیه نەتەوەخوازیەکان و ئەو پرۆگرامه سیاسیانەی که لێیانەوه سەرچاوه دەگرن دەنەخشێنن. بەڵام پێکەوه بەستنی جیاوازی ئەم تێگه بنەماییانه ئایدۆلۆجیەکه بەرەو ئاراستەی جیاواز دەبات و دەبێته هۆی پێکهێنانی ئەو شێوه جیاوازانەی نەتەوەخوازیی که ئەمڕۆ پێیان ئاشناین. له کاتێکدا ئەم ئایدۆلۆجیانەی نەتەوەخوازیی ناتوانن هەموو ئەو بابەت و مەسەلانه له خۆ بگرن که ئایدۆلۆجییه سیاسیەکانی تر له خۆیان گرتووه، له ڕووی تێگەییەوه زۆر دەوڵەمەندتره لەوەی ڕەخنەگران خستوویانەته ڕوو. له هەمان کاتدا ئایدۆلۆجیه نەتەوەخوازیەکان زنجیرەیەکی فراوانی گرفتەکان و پێویستیەکان و گیرۆدەییەکان دەخەنه ڕوو که ئایدۆلۆجیه سیاسییه سەرەکییەکان زۆرجار پشتگوێی دەخەن و له سەریشیان دەکەوێ.

سەرەڕای ئەمانه هەروەک کیدوری ئاماژەی بۆ کردووه (بەکارهێنانی کاتەگۆری ئایدۆلۆجیەک بۆ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکانی ئایدۆلۆجیەکی تری تەواو جیاواز) کارێکی بێهوودەیه.Kedourie1960:90. ئەگەر نەتەوەخوازییەکان نەتوانن وەڵامی پرسی وەک دادی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامان بدەنەوه بەشێوەیەکی تەسک و ئاڵۆز نەبێت، ئەوا لەبەر ئەوەیه ئەوان گرنگی بەئایدیاڵ و گرفتەکانی ناسنامه و ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ڕەسەنی دەدەن که ئایدۆلۆجیەکانی تر بەدەگمەن خۆیانی له قەره دەدەن.

## نەتەوەخوازیی وەک کەلتوور و ئاین Nationalism as Culture and religion

شێوەی دووەمی بەرەنگاربوونەوه بەرامبەر پەلاماری ڕەخنەگران، بریتییه لەوەی ڕوونی کەینەوه که نەتەوەخوازیی زۆر لەوه زیاتره تەنیا ئایدۆلۆجیەکی سیاسی بێت، چونکه نەتەوەخوازیی شێوازێکی کەلتوور و (ئاین)یشه. ئەم شێوه وەڵامدانەوەیه تێگەی ناوەندی

نەتەوەخوازیی کە (نەتەوە)یە، دەخاتە ناو تیشکۆ (Focus)وە.

تێگەیشتنی نەتەوەخوازیی بۆ نەتەوە بێگومان تێگەیشتنێکی مۆنۆلیسیک Mono-lithic نییە. دواتر دەگەڕێمەوە سەر هەندێک لە شێوازە جیاوازەکانی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی. بەهەرحاڵ هەموو شێوازە جیاوازەکانی لەوەدا یەک دەگرنەوە کە نەتەوە شێوەیەکە لە کەلتووری جەماوەری Public Culture و کراوەیە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا یان هەموو هاولاتیانی (دەوڵەتی نەتەوەیی). هەروەک بینیمان نەتەوەخوازیی داوای سەرلەنوێ دۆزینەوە و گێڕانەوەی ناسنامەی کەلتووری تاقانەی نەتەوە دەکات، ئەمەش مانای گەڕانەوەیە بۆ ڕەگە ڕەسەنەکانی نەتەوە لەناو کەلتووری مێژوویی ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەر نیشتمانی باووباپیران دەژی. وەک شێوەیەکی کەلتوور، نەتەوەی نەتەوەخوازان، نەتەوەیە ئەندامەکانی هۆشیارن بەرامبەر یەکێتی کەلتووری و مێژووی نەتەوەییان و لێبڕاون تا بچنە ناو ناخی شەخسیەتی نەتەوەیی خۆیان، بەزمانی میللی و نەریت و هونەری تایبەت بەخۆیان و لەناو دیمەنە سروشتیەکانی خۆیاندا و لە ڕێگەی پەروەردە و دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیانەوە. جارێکی تر قسەی رۆسۆ دەهێنینەوە:

دەزگا نەتەوەییەکانە، کە گیانی تایبەتی و کارێکتەر و تاموچێژ و دابونەریتی گەل پێکدەهێنن... ئەم خۆشەویستیە بلێسەدارەی نیشتمان (fatherland)ی تێدا دەڕوێنن Rousseau 1915.

ئەوەی لای نەتەوەخوازێک خۆماڵیە indigenous لە هەمان کاتدا میللی (popular)یە، بۆیە پێویستە کەلتووری (گەل) جارێکی تر بدۆزینەوە، لە ڕێگەی پەروەردەی جەماوەرییەوە خۆشەویستی نەتەوەیی لەناو ئەو گەلەدا بڕوێنین. ئەمەش توخمە ڕۆمانتیکی و میللییە بەرچاو و پتەوەکانی زۆربەی نەتەوەخوازییەکانە Nairn 1977: ch 2

بەڵام ئەم کەلتوورە نەتەوەییە میللییە مەسەلەیەکی شەخسی یان تایبەتی نییە. کەلتووری نەتەوە پێویستە لە لایەن جەماوەرەوە دەرببڕدێ و مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی لە دایکبوونی سیمبۆلیزمی سیاسی. گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕەسەن و کەلتووری خۆماڵی پێویستە شێوازی جەماوەری بەخۆیەوە بگرێ و گیانی سیاسی بەبەردا بکرێ. نەتەوەی کەلتووری دەبێت ببێتە نەتەوەی سیاسی و کەلتوورە جەماوەریەکە ببێتە قاڵب و پێوەری کۆمەڵگا و حکومەت. بۆیە نەتەوە بە(کەلتووری سیاسی) پێوانە دەکرێ



بەڕۆڵی سیاسی دیاریکراو و دەزگا و سیمبۆلە تایبەتیەکانی وەک ئاڵاو سروودی نەتەوەیی و ڤیستیڤاڵ و بۆنە و یاد و شتەکانی تری لەم بابەتە.

کاتێک نەتەوەیەک لەسەر بناخەی پەیوەندی ئیتنی پێشتر دادەمەزرێ، شێوازە خۆماڵیەکانی کەلتوور ژیانی جەماوەری دادەڕێژن و کەلتووری سیاسی دەستنیشان دەکەن هەروەک پۆڵەندا. کاتێک نەتەوە فرە ئیتنی و خاوەنی کارێکتەرێکی سیڤیکە، ئەوا لەوانەیە هەندێک شێوازی کەلتووری بخوازێ هەروەک هیندستان، هەرچەندە ئەمە تاڕادەیەک لە سەر حسابی یەکێتی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت. لە حاڵەتی تری وەک فەرەنسادا کە کەلتووری باووباپیران تێگەیشتنی مەدەنیانە بەرامبەر نەتەوە و نەتەوەخوازیی ناوچەیی دیاری دەکات، کۆد و هێما کەلتووریە خۆماڵیەکان ڕەنگە بەشێوەیەکی ناڕەحەت بتوانن لەگەڵ سیمبۆلیزمی گشتگیرتری کۆماریدا پێکەوە هەڵبکەن.

سەرەڕای بوونی ئەم شێوە جیاوازانە، سەنگ و تینی گشتی نەتەوەخوازیی ئاشکرایە: نەتەوە شێوازێکی کەلتووری جەماوەری و سیمبۆلیزمی سیاسی و سەرەنجامیش شێوازێکی کەلتووری جەماوەریی سیاسیە. کەلتوورێکی جەماوەریی سیاسی ئەوتۆ کە هانی هاولاتیان دەدات تا نەتەوەکەیان خۆش بوێ و یاساکانی جێبەجێ بکەن و بەرگری لە نیشتمانەکەیان بکەن.

کەواتە نەتەوەخوازیی زیاتر کەلتووری عیلمانی پێیە، بەڵام تین و تاوەکەی چەندە عیلمانی بێت هێشتا نەتەوەخوازیی لە ئاکامدا نزیکتر دەبێتەوە لە (ئاییینی سیاسی) وەک لە ئایدۆلۆجی سیاسی. لێرەدا من پێناسەکەی دۆرخایمیان Durkheimian بۆ ئایین بەکار دەهێنم کە دەڵێ: ئایین بریتییە لە (سیستەمێکی یەکگرتووی بیروباوەڕ و ڕەفتار بەرامبەر شتە پیرۆزەکان، واتە ئەو شتانەی کە پایەیەکی تایبەتی و قەدەغەکراویان هەیە- کۆمەڵە بیروباوەڕ و ڕەفتارێکە کە لە کۆمەڵگایەکی مۆراڵیدا یەک دەگرنەوە، پێی دەوترێ کڵێسا و هەموو ئەوانەی پەیڕەوی ئەم کۆمەڵە بیروباوەڕە دەکەن Durkheim 1915: 47 . ئەم تێڕوانینە بەکەڵکە بۆ تێگەیشتنی نەتەوەخوازیی وەک (ئاییینی ئەلتێرنەتیڤ)، هەروەک (Durkheim) خۆی پێ لەسەر ڕۆڵی پیرۆزی و سروتەکان دادەگرێ. ئەمەش زۆر بەڕوونی لەو گرنگییەوە دەردەکەوێ کە نەتەوەخوازیی دەیدات بەبۆنە و یادوەریەکانی سەرکردە مەزنەکان و ئەوانەی لە شەڕدا شەهید بوون (شەهیدانی نەمر) کە ژیانی خۆیان

کردۆتە قوربانی بۆ وڵاتەکەیان. لەم ساتانەدا دەتوانین نەتەوە وەک (یەکگرتنێکی پیرۆزی هاوڵاتیان) سەیر بکەین. ئەمەش بەراوردکردنێکە کە لەگەڵ لێکدانەوەی نەتەوەخوازیی وەک (ئایینی ئەلتێرنەتیڤ) یەک دەگرێتەوە.

دەتوانین لایەنی تری نەتەوەخوازیی بەدی بکەین کە کارێکتەری (ئایینی سیاسی ئەلتێرنەتیڤ)ی دەداتێ. جار دوای جار بەرەورووی ئەو لەخۆ ڕوانینە دەبینەوە کە نەتەوەخوازی، نەتەوەکەی بەنەتەوەیەکی هەڵبژێراو و گەلێکی تاقانە و خاوەن مێژوو و چارەنووسێکی تایبەت دەستنیشان دەکات، یان وەک ئەلتێرنەتیڤێکی عیلمانی بۆ بیروباوەڕە ئایینییە کۆنەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکانی نێوان گرووپە ئیتنییەکان یان نەتەوەکەی بە(گەلێکی هەڵبژاردە) ناو دەبات.

دەکرێت ئەم جۆرە لە خۆ ڕوانینانە لە نەتەوە لەیەک دوورەکانی وەک ژاپۆن تا فەرەنسا و هیندستان و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەدی بکرێت. جگە لەمە لە دەوڵەتە نوێکانی ئەفەریقا و ئاسیادا بەڕێزێکی پێغەمبەرانەوە دەڕوانرێتە دامەزرێنەران و سەرکردەکانی ئەم نەتەوانە، ئەو پیاوانەی کە سەرکردایەتی نەتەوەکانیان کردووە بەرەو سەربەستی، کەسانی وەک نەهرۆ و سۆکارنۆ و نکرۆما و کێنیاتا، گەیەنراونەتە پایەی پیرۆزی وەک پێغەمبەران و ڕزگارکاری گەلەکانیان و هێنەری سەردەمی نوێی سەربەستی و دادپەروەری و خۆشەویستی. تەنانەت لەمەش گرنگتر جمکە باوەڕی چارەنووس و وەچەکانی دوارۆژی نەتەوەیە وەک پێشتر باسکرا. ئەم بیروباوەڕانە ئەولای ئیمانە تەقلیدیە ئایینییەکە دەکەون کە بایەخ بەژیانی دوارۆژ دەدەن و هەندێک جاریش جێگەی دەگرنەوە، چونکە ئەو ژیانە دەگوێزنەوە بۆ سەرزەوی و بەڵێنی نەمریەکی بەکۆمەڵ ڕادەگەیەنێ کە لەم وەچەیەوە بۆ ئەو وەچانەی نەتەوە کە هێشتا لە دایک نەبوون دەگوێزرێتەوە. A.D. Smith 1999a: ch3 3,9

هەموو ئەمانە، هەندێک شتمان دەربارەی ئاڵۆزی نەتەوەخوازیی بۆ ڕوون دەکاتەوە. لە لایەکەوە وەک ئایدۆلۆجیەکی سیاسی خۆی دەنوێنێ و لە لایەکی ترەوە وەک شێوازێکی کەلتووری جەماوەری و ئایینی سیاسی ئەلتێرنەتیڤ دەردەکەوێ. لە بەرئەوە تەقەلای بەراوردکردنی نەتەوەخوازیی لەگەڵ ئایدۆلۆجیە سیاسییە (سەرەکیەکان)ی تردا دەبێتە مایەی سەرلێشێوان، تەنانەت لە رۆژئاوادا کە مەڵبەند و مەیدانی سەرەکی ئەم ئایدۆلۆجیانەیە. پێویستە نەتەوەخوازیی وەک دیاردەیەکی خاوەن چەندین ڕوخسار سەیر



بکەین و گرنگیشە لە هەر یەکێک لەو ڕوخسارانە بکۆڵینەوە ئەگەر بمانەوێ لەم دیاردە هەمە لایەنە تێبگەین.

**ڤۆڵەنتەریزم و ئۆرگانیسیزم** Voluntarism and Organicism

تا ئێستا ئایدۆلۆجیەکانی نەتەوەخوازیم بەبێ جیاوازیەکی ئەوتۆی نێوانیان باس کردووە. هەوڵم داوە زیاتر پێ لەسەر باوەڕ و ئایدیاڵە هاوبەشەکان و تێگە بنەماییەکان دابگرم. بەڵام هەروەک ئاماژەم پێدا ئەمە دەبێتە هۆی بەهەند نەگرتنی هەندێک لە جیاوازیە سیستەماتیکیەکانی نێوان نەتەوەخوازیی کە پێویست بەلێکۆڵینەوەیەکی تایپۆلۆجی شێوازە بنەڕەتیەکانی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی دەکات. ئاشناترین تایپۆلۆجی لە هەمان کاتدا ئاسانترین و کاریگەرترینیانە: لێرەدا ئاماژە بۆ جۆرەکانی (ڤۆڵەنتەریست) و (ئۆرگانیک)ی نەتەوەخوازیی دەکەم کە دوور و درێژترین مێژوو و دراماتیکترین ئاکامیان هەبووە.

نموونەیەکی کلاسیکی گفتوگۆ لەسەر هەردوو جۆرەکەی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی، دەکرێت لە ڕەخنەکەی ئێرنیست ڕێنان Ernest Renan لە هاینریخ ڤۆن ترایتشک Heinrich von Treitschke لە موحازەرەکەی سالی ١٨٨٢ دا بدۆزرێتەوە لەژێر ناونیشانی Qu'est-ce qu'une nation? کە تیایدا ترایتشک پێوەرێکی ئیتنۆ-لینگویستیکی بەکارهێناوە بۆ بەڕەواییکردنی داگیرکردنی خاکی جێگەی ململانێی ئەلسایس و لۆرەین و لکاندنی بەئەڵمانیاوە و لای وایە کە سەرەڕای بەئاشکرا دەربڕینی خواستی سیاسی خۆیان و یادگارە مێژووییەکانیان، ئەلساتیەکان لە ڕووی ئیتنیکییەوە ئەڵمانی بوون. ڕێنان داوای پێوەرێکی سیاسی تر و تا ڕادەیەکیش ڤۆڵەنتەریانەی دەکرد. لە کاتێکدا ڕێنان تاڕادەیەک دانی بەو بۆچوونەدا دەنا کە دەیگوت بنەچەی فەرەنسیەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەڵمانیەکان، لەو ڕوانگەوە کە هۆزە ئەڵمانیە فرانکییەکان حکومەتی پاشاپی و پارچە بوونی خاکیان بەسەر ئەوروپای رۆژئاوادا سەپاند، لە هەمان کاتدا دانی بەسروشتی ڕۆحی نەتەوەکان و گرنگی یادگارە مێژوویی و خواستە سیاسییەکان دانا. لە بەرامبەر کاریگەرێتی-حەتمییەت (determinism)ی ئیتنیدا، ڕێنان بالادەستی (کەلتووری مرۆڤایەتی) بەرامبەر کەلتورە نەتەوەییە تایبەتەکان دەسەلمێنێ و پێ لەسەر پێویستی لە ئارادابوونی ئارەزوویەکی ئاشکرا بۆ بەردەوامبوونی ژیانی هاوبەش دادەگرێ. وجوودی نەتەوەیەک بریتییە لە ڕاپرسێکی ڕۆژانە، هەروەک چۆن وجوودی کەسێک بریتییە لە

دووپاتکردنەوەیەکی هەمیشەیی بۆ ژیان Renan 1882. ئەم ڕستە بەناوبانگە زۆرجار لە دەرەوەی چوارچێوەکەی خۆیدا بەکاردەهێنرێ کە گوایە ئایدیاڵی لیبرالی و ڤۆڵەنتەریانەی سەر بەنەتەوە بوون Nationality دەگەیەنێ وکوتومت پێچەوانەی حەتمییەت و ئۆرگانیسیزمی ئایدۆلۆجی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی. ڕێنان هەردوو ئەنالۆگی حەتمییەت و ئۆرگانیکی سەر بەنەتەوە بوون ڕەت دەکاتەوە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەیەوێ دۆکتەرینی نەتەوەخوازیی ئارەزووکار یان مافی تاک لە هەڵبژاردنی نەتەوەکەیدا بسەپێنی. بەڵکو ئەو دەیەوێت پشتگیری تێگەیشتنێکی سیاسی مێژوویی و چالاکانەی نەتەوە بکات، تێگەیشتنێک کە گرنگی دەداتە (شێوەپەرستنێکی باووباپیران) و (ڕابردووی پاڵەوانانە). لەم ئەنالۆگەی ڕێنان بۆ نەتەوەی داناوە، تاک ناتوانێ پشتگیری تیۆری لیبرالی هەڵبژاردنی نەتەوەکەی بکات و لە هەمان کاتیشدا لایەنگری ئەو شیکردنەوەیە نییە کە لای وایە بەگوێرەی بارودۆخ ناسنامە دیاری دەکرێت. ئەنالۆگەکەی ڕێنان بۆ پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی ڕابردوو و مێژوو و یادگاری (هەروەها لە بیرچوونەوەیان) و خواستی سیاسی لە پێکهێنانی نەتەوەدا بەکاردەهێنرێ:

نەتەوە هەروەکو تاک، بریتییە لە بەرهەمی هەوڵ و تەقەلاکانی ڕابردوویەکی دوور و قوربانیدان. لەناو هەموو پەرستنەکاندا، پەرستنی باووباپیران لە هەموویان ڕەواترە، چونکە ئەوان ئێمەیان کردووە بەوەی کە هەین. ڕابردوویەکی پاڵەوانانە، پیاوانی مەزن، نەمری (مەبەستم نەمری ڕاستەقینەیە)، ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەیە کە بیری نەتەوەیی لەسەر دادەمەزرێ. بوونی نەمریە هاوبەشەکان لە ڕابردوودا و بوونی ئیرادەیەکی هاوبەش لە ئێستادا، و پێکەوە ئەنجامدانی داستانی مەزن و ئارەزووکردنی ئەنجامدانی زیاتر- ئەمانە بارودۆخی بنەڕەتی بوونن وەکو گەل.

ماکس وێبەر هەرچەندە نەتەوەخوازێکی ئەڵمانی بوو، گەیشتە دەرەنجامێکی لەم چەشنە. ئەویش دیسانەوە پێی لەسەر ڕۆڵی یادگارە مێژووییەکان و خواستی سیاسی دادەگرت. لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ مۆزەخانەکەی کۆلمار ڕایگەیاند کە:

پێویستە بۆ هۆکاری هەست نەکردنی ئەلساتیەکان بەوەی کە بەشێکن لە نەتەوەی ئەڵمانی لەناو یادگارەکانیاندا بگەرێین. چارەنووسی سیاسیان لە دەرەوەی بازنەی ئەڵمانیدا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕێڕەوی خۆی بڕیوە و پاڵەوانەکانیان بریتین لە پاڵەوانانی مێژووی فەرەنسی. ئەگەر بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کۆلمار بیەوێت ئەو خەزنە



(شتێکی کۆنی زۆر بەهادار) یەت پیشان بدات کە بەلای ئەوەوە لە هەموویان بەنرخترە، ئەو لە پارچەکەی گرونواڵد دوورت دەخاتەوە بەرەو ژوورێک کە پڕە لە (pompier)ی سێ ڕەنگ و کڵاوی تری ئاسنین و شتی کۆنی ئەوتۆ کە پێدەچێ هیچ گرنگییان نەبێت: ئەمانە هی سەردەمێکن، بەلای ئەوەوە سەردەمێکی قارەمانانەیە. Weber 1948 - 176 ماکس وێبەر دەرک بەهەستی لێک نزیکی ئەلساتیەکان لە کۆمەڵگای فەرەنسییەوە و ئالودەییان بەم بەسەرهاتە کۆنانەوە دەکات (بەتایبەتی یادگارەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی). وێبەر دەڵێ ئەم هەست بەگیانی کۆمەڵگایی کردنە (لە ئەنجامی هەستکردن بەئەزموونە سیاسی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەزموونە کۆمەڵایەتیە هاوبەشەکانەوە هاتووە کە لەلایەن جەماوەرەوە بەبەرزی دەنرخێنرێن، وەک سیمبۆلی لەناوبردنی فیوداڵیزم چیرۆکەکانی ئەم ڕووداوانە جێگەی داستانە پاڵەوانێتییەکانی گەلێکی دواکەوتوو دەگرنەوە) Weber 1968, 1: 396

هەرچەندە هەڵوێستی گشتی وێبەر لەسەر نەتەوە و نەتەوەخوازیی بەتەواوی تۆکمە نەبوو، بەڵام لە بوارێکدا لە هەڵوێستی ڕێنانەوە نزیک بوو. لەوەدا کە ئەو پێی لەسەر کاری سیاسی و دەزگاکان Institutions دادەگرت، شان بەشانی یادگارە مێژووییەکان. بەڵام هێشتا ئەو بەڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەرێتی پێوەرە ئیتنۆ لینگویستیکیەکانی نەتەوەخوازییدا بوو کە بۆ ماوەی سەدەیەک باڵیان بەسەر نەریتی ڕۆمانتیکی ئەڵمانیدا کێشابوو. ئەم نەریتەش لە کارەکانی هێردەر و کانت وپێش ئەوانیش لە ناچرەڵیزم (سروشتێتی)ی ڕۆسۆوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەمەش بیروباوەڕێک بوو کە لای وابوو نەتەوەکان هەروەک (Sieyes) فەیلەسوفی سیاسی فەرەنسی و کاربەدەستی دەوڵەت لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا وتویەتی (لە باوەشی سروشتدا لە دایک دەبن). بەهەمان شێوە فەیلەسوفە ڕۆمانتیکە ئەڵمانیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمی وەک فیختە Fich-te و ئارنت Arndt و ژان Jahn بڕوای تەواویان بەسروشتێتی نەتەوە (ئیتنۆ- لینگویستیکەکان) هەبوو، بەڵام ئەوان ئەم بڕوا بوونەیان دەبەستەوە بەپابەندبوونێکی تەواو بەپەروەردەی دەوڵەتەوە تا خواستە نەتەوەییە دروستەکان لە مێشکی نەتەوەدا بڕوێنێ و پێویستی خەبات و تێکۆشان بۆ هێنانەدی سەربەستی ڕاستەقینە و پیادەکردنی تەواوی خۆبڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی Kedourie 1960:ch. 3.

لای فەیلەسوفە ڕۆمانتیکەکان، بەهەمان شێوەی ڕێنان، نەتەوە پرینسیپێکی ڕۆحی بوو (ڕۆحێکی نەتەوەیی)، لە هەمان کاتدا هەر یەک لە نەتەوەکان چارەنووس و پەیامی

تایبەتی خۆی هەبوو سەرەڕای بوونی کەلتوورێکی تایبەتی (ئەو بەها کەلتووریانەی کە جێگرەوەیان نییە). بیروباوەڕێک هەروەک وێبەر دەڵێ مۆرکی نەتەوەخوازیی بوو. بەڵام بەپێچەوانەی ڕێنانەوە فەیلەسوفە ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکان سەرچاوەی ئەو ڕۆحە نەتەوەیییەیان دۆزیبۆوە کە نە لە سیاسەت و نە لە مێژوودا بوو بەڵکو لە (ئیرادە دەسکردەکەی کەلتووردا) بوو، کەلتووری لینگوستیکی ئۆرگانیکی کە لە ڕێگەی پیادەکردنی ئیرادەی نەتەوەیییەوە بۆ گەیشتن بەخۆدەربڕین لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتەوە دەردەبڕا. پێوەری ڕۆحی نەتەوەیی، بارودۆخی نوێ و مێژووی ئەو ناوچانەی عەکس دەکردەوە کە بەئەڵمانی دەئاخاڤتن و تا ساڵی ١٨٧١ بەسەر چەندین شانشین و میرنشیندا دابەش بووبون و تەنیا شتێک کە لە نێوانیاندا هاوبەش بوو زمانی ئەڵمانی و ئەدەبەکەیان بوو. هەرچەندە هەندێک لە ئەڵمانە ڕۆمانتیکەکان پەنایان بۆ مێژووی هاوبەش دەبرد- تێگەی ئەڵمانیا لەناو هیومانیستە زمان ئەڵمانییەکانی سەردەمی ڕاپەڕیندا برەوی هەبووە و ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانی دواتر بەزۆری لەو ناوچانەدا دامەزرا بوو کە بەئەڵمانی قسەیان دەکرد- بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە زمان و ئیعتیباراتی ئیتنی بووە ئەوەی کە زیاتر پەنای بۆ ببرێ. لە سەرەتادا دژی دوژمنە دەرەکییەکان و کەلتووری فەرەنسی و دواتریش بەزۆری دژی جوولەکەکانی ناوەوە (دوژمنی ڕەگەزی). ئەم بێ دڵنیاییە بەرامبەر بەها بنەماییەکان و کاریگەرێتی بۆندی کەلتووری هاوشان لەگەڵ مەترسییەکی زۆری پیس بوونی کەلتووری و ئیتنی لە ڕێگەی ناوخۆوە، کاری کردە سەر ڕێڕەوی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی ئەڵمانی و بەرەو نەتەوەخوازیی ئیتنی و حەتمیەتی بیۆلۆجی بردن. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم پەیوەندیە کەلتووریە زیاتر بەرەو ئایدۆلۆجیە زیاتر سروشتی و ئۆرگانیکەکانی نەتەوەی بردن Mosse 1964; Kohn 1965; Conversi 1997

## نەتەوەخوازیی ئیتنی و مەدەنی Ethnic and Civic Nationalism

وردبوونەوە لە ڕێڕەوی نەتەوەخوازیی ئەڵمانی بەتایبەتی، فاکتەرێکی گرنگی گەڵاڵە کردنی بۆچوونەکەی هانس کۆن Hans Khon بوو دەربارەی دابەشکردنی نەتەوەخوازیی بەسەر نەتەوەخوازیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە تا ئێستاش بەبەناوبانگترین و کاریگەرترین تایپۆلۆجی نەتەوەخوازیی دائەنرێ. کارە سەرەکییەکەی هانس کۆن (ئایدیای نەتەوەخوازی) لە ساڵی ١٩٤٤دا بڵاوکرایەوە و لە بەر تارمایی نازیزم و شەڕدا نووسراوە و تەقەلای پیشاندانی ئەو جیاوازیانەی دەدا هەروەک کۆن دەیبینی کە لەنێوان شێوازە



نەتەوەخوازییە نەرمەکانی ڕۆژئاوا و جۆرە نەتەوەخوازییە سەرکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ڕایندا لە ئارادابوو. کۆن لای وابوو کە شێوازەکانی نەتەوەخوازیی ڕۆژئاوا لە سەر ئەو بیرە دامەزراوە کە نەتەوە بریتییە لە یەکگرتنێکی مەنتیقی هاوڵاتیان کە یاساکان و خاکی هاوبەش پێکەوە کۆی کردوونەوە، لە کاتێکدا جۆرە جیاوازەکانی نەتەوەخوازیی ڕۆژهەڵاتی لە سەر بناخەی کەلتووری هاوبەش و بنەچەی ئیتنی دامەزراون. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە سەیری نەتەوە بکەن وەک کیانێکی ئۆرگانیکی لێکدانەبڕاوی ئەوتۆ کە بەسەر تاکە ئەندامەکانیا زاڵە و هەر لەدایک بوونەوە بەکارێکتەری نەتەوەیی حاشاهەڵنەگرتوو مۆریان دەکات. سەرچاوەی ئەم دابەشبوونەش لە ڕووی سۆسیۆلۆجیەوە لەوەدا خۆی دەنواند کە نەتەوەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ڕووی پێکهاتی چینەوە جیاواز بوون. لە ڕۆژئاوادا بۆرژوازی بەهێز و متمانە بەخۆ توانی نەتەوەی جەماوەری هاوڵاتیان کە خاوەنی ڕۆحێکی مەدەنی بوو، دابمەزرێنن، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتدا، نەبوونی ئەم چینە بۆرژوازیە و فەرمانڕەوایکردنیان لە لایەن ئیمپریالە ئۆتۆکراتەکان و خاوەن موڵکە نیمچە دەرەبەگەکان، گڵێکی بەپیتی ڕەخساند بۆ تێگە ئۆرگانیکیەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازیی سەرکێش و ئۆتۆریتاریان و زۆرجاریش سۆفیانە Kohn 1967a.

سەرەڕای چەندین ڕەخنە کە ئاراستەی جیاکردنەوەکەی کۆن کرا- لە ڕووی زیادەڕۆیی مۆراڵی لە جیاکردنەوەکە و پێداگرتنی لە سەر جۆگرافی کە گەلێک (حاڵەتی شاز)ی گرنگی وەک ئیرلەندە و چیکی خستبووە پشتگوێ، سەرەڕای تێکەڵاوکردنی هەردوو جۆرەکە لە هەندێک ڕووەوە- تا ئێستاش جۆگەلەیەکی گرنگی پڕ لە ڕاستییە. لە تێگەی (ڤۆڵەنتەریانە)ی نەتەوەدا تاکەکان هەندێک دەرفەتیان هەیە-هەرچەندە پێویستە تاکەکان (لە دنیای نەتەوان) و دەوڵەتانی نەتەوەییدا، سەر بەنەتەوەیەک بن- لە پرینسیپدا دەتوانن ئەو نەتەوەیە هەڵبژێرن کە دەیانەوێ ببنە ئەندامی. لە تێگەی ئۆرگانیکیی نەتەوەدا، ئەم جۆرە هەڵبژاردنە ڕێگەی پێ نادرێ. تاکەکان لەناو نەتەوەیەکدا لە دایک دەبن و بۆ هەر کوێیەک کۆچ بکەن وەک بەشێکی ئەو نەتەوەیەی تیایدا لە دایک بوون، دەمێننەوە.

بێگومان، ئەمە پێوەرێکی ئایدۆلۆجییە و باسی جۆرە نۆرم (normative)ەکان دەکات. دواتر کەسانی تر هەوڵیان دا کە لەسەر بناخەکانی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی ئەو جیاکردنەوەیە بکەن. هەر لە کارەکانی کارڵتۆن هەیس Carlton Hays و لویس

سنایدەرLouis Snyder هەتا جیاکردنەوەکانی کەسانی وەک هیو سیتۆن واتسۆن Hugh Seton Watson لە نێوان (نەتەوە کۆن و بەردەوامەکان)ی بەشێوەیەکی سەرەکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا و نەتەوە دەستکردەکان (ئەو نەتەوانەی کە دیزاین کراون)، هەروەک چارلس تیلی Charles Tilly وەسفی دەکردن لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیادا. تا دەگاتە جیاکردنەوەکەی خۆم لە نێوان نەتەوەخوازییەکاندا لەسەر بناخەی (ناوچە) و (ئیتنیک)ی. ئەم تایپۆلۆجیانە ڕەنگە بەرەو جیاوازی گەورەی نێوان نەتەوە و نەتەوەخوازییەکان بمانخلیسکێنێ، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە زۆر لە نەتەوەخوازییەکان کارێکتەری خۆیان بەتێپەڕبوونی کات بەشێوەیەک لە شێوەکان دەگۆڕن و زۆرجاریش هەردوو جۆرەکە توخمەکانی یەکتر وەردەگرن، بەشێوەیەک کە شیکاریی دەربارەی جیاکردنەوەیان لە بنچینەدا زۆربەی مانا پراکتیکیەکانی خۆی لە دەست دەدات.

جگە لەوە، خەتەری ئەوەش هەیە کە هەڵسەنگاندنە نۆرمیەکان بخزێنرێنە ناو جۆرە سۆسیۆلۆجییەکانەوە. ئەمەش ئەو گرفتەیە لەجیاکردنەوەی باوی نێوان هەردوو تێگەی (مەدەنی) و (ئیتنی) نەتەوەدا دەکرێ. لە کاتێکدا نەتەوەخوازیی مەدەنی لەوانەیە لای هەندێک لە فەیلەسوفە سیاسیەکان لەگەڵ لیبرالیزمدا تێهەڵکێش بکرێت، بەمەش ئەندازەیەک لە ڕێز پەیدا دەکا، بەڵام شێوازەکانی ئیتنی (خوێن و خاک)ی نەتەوەخوازی، لە دەرەوەی چوارچێوە مۆراڵیەکەدا دەمێننەوە و تایبەتمەندیە گومڕاکارەکانیان لە هەر تێکەڵاوبوونێکی مەدەنیانە لەگەڵ ئایدۆلۆجیە سیاسیە (سەرەکییەکان)دا دووریان دەخاتەوە. لەوانەیە لای لیبراڵەکان مەنتیقی بێت کە بایەخی زۆر بدرێت بەپێویستیەکانی هاو نەتەوەکان co-nationals، بەمەرجێک مەنتیقەکە لەسەر بناخەی نیشتەجێبوون و کەلتووری جەماوەری بێ، نەک لەسەر بناخەی جینۆلۆجی و کەلتووری ئیتنۆ لینگیوستیکی. ئەمەش بەباشی لەگەڵ پێناسەکەی دەیڤید میلەردا David Miller بۆ نەتەوە یەک دەگرێتەوە. لیستەکەی میلەر بەشە پێکهێنەرەکانی نەتەوە کە مێژوو و خاک و کەلتووری جەماوەرین، دەگرێتە خۆی، بەڵام هیچ باسی ئەفسانەی ڕەچەڵەکی ئیتنی ناکات. هەمان شت بەرگریەکەی ماوریزیۆ ڤیرۆلی MaurizioViroli ش لە پاتریۆتیزمی کۆماری دەگرێتەوە لە دژی بۆچوونەکانی نەتەوەخوازیی ئیتنی–کەلتووری (ڕۆمانتیکە ئەڵمانیەکان) Miller 1995; Viroli 1995; cf. Barry 1999

بەڵام لەوانەیە ئەم شێوازە نەرمەی نەتەوەخوازیش سیاسەتی زۆر نا لیبراڵ و خەزنەفۆنی



بێنێتە بەرهەم. نموونەی کلاسیکی لەناو (ماڵ)ی خودی نەتەوەخوازیی مەدەنیەوە، بریتییە لە مامەڵەکردنی کۆماریخوازە فەرەنسیەکان بەرامبەر جوولەکەکانی ناوخۆیان. کلێرمۆنت تۆنیر Clermont Tonerre لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانی فەرەنسادا لە ساڵی ١٧٩٠ ڕایگەیاند کە (هەموو شتێک دەدەین بەجوولەکە، وەک تاک بەڵام وەک جوولەکە هیچیان نادەینێ). شکستی نەتەوەخوازیی مەدەنی لە ڕێزگرتنی مافەکانی گرووپە کەمینەکان لەوانەیە لەگەڵ تاکخوازی لیبراڵیزم و مافە مرۆییەکانی تاکدا یەک بگرێتەوە بەڵام تەنیا بەچاونوقاندن لە ئاستی ئەو مافانەی وەک گرووپ دراوەنەتە نەتەوەی زۆرینەی باڵادەست. هەندێک لەم ماف و ئەرکانە بریتی بوون لەوەی کە هاوڵاتیان پێویست بوو زمانی فەرەنسی فێربن و کاروباریان بەم زمانە بەڕێوەبەرن و مێژوو و ئەدەبی زۆرینە (فەرەنسیەکە) فێربن و ڕێزی نەریت و سیمبۆلە سیاسی و دەزگا فەرەنسیەکان و هتد بگرن. ئەمە بۆ جوولەکەکان، مانای دابەشکردنی یەکێتی کۆمەڵگا ئیتنۆ ئاینییەکەیان بوو، بۆ کۆمەڵێکی ئایینی و یەکێکی ئیتنی و داماڵینیان لە ناوەرۆکە ئیتنییەکەو تواندنەوەیان لەناو نەتەوەی باڵادەستا بوو.

ئەمەش پرۆسەیەکە لە لایەن نەتەوەخوازییە مەدەنیە لیبراڵەکانەوە دەرهەق بەکەمینەکان تا ئەمڕۆش لەناو زۆر لە دەوڵەتانی نەتەوەییدا بەکاردەهێنرێ.

کەواتە نەتەوەخوازیی مەدەنی زۆر دوورە لە باوەشکردنەوە بۆ خواستی بوونی کەلتووری جیاواز لە لایەن گرووپەکانەوە. فرە کەلتووری ڕاستەقینە تەنیا لە چوارچێوەی نەتەوەی (عیلمانی)دا بوونی هەیە، کە فرەچەشنی دەگرێتە خۆی و دەزگا سیاسی و سیمبۆلەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکهێنەرە کەلتووریە جیاوازەکان دەگرێتە خۆی. ئەمەش لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بەباشی لە دوای وازهێنان لە ئایدۆلۆجی مەنجەڵی تواندنەوە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەرچاو دەکەوێ. هەرچەندە لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتوەکان لە سەر بناخەی کەلتووری ئیتنی ئینگلیزی پرۆتستانت و کۆیلەیەتی و پەلاماردانی دانیشتووە بنچینەییەکانی ئەمەریکا دامەزرا، بەڵام شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی کۆچکردن بووە هۆی گۆڕینی ئەم نەتەوەیە بۆ نەتەوەیەکی فرە ئیتنی و عیلمانی، لە هەمان کاتدا نەتەوەیەک کە زمان و یاسای هاوبەش وسیمبۆلی سیاسی هاوبەش و (ئایینێکی عیلمانی) و سڵاو بۆ ئاڵایەک و پشووە ڕەسمیەکان و یەک دەستوور و باوو باپیرانی دامەزێنەر و یادکردنەوەی مردووە سەربەرزەکانی جەنگەکان و هتد کۆی

کردوونەوە.

لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای جیاوازی ئاشکرا، لێکچوونەکانی نێوان نەتەوەخوازیی وڵاتە یەکگرتوەکان و نەتەوەخوازییەکانی فەرەنسا و ڕوسیا و بەریتانیا کە بە(نەتەوە مەزنەکان) و (مەشخەڵانی پێشکەوتن) و (بێشکەی شارستانی) ناسراون، لەگەڵ (نەتەوە سەرەتاییە نەفامەکان)دا زۆر زەق و ئاشکرا ترە. ئەم لێکچوونانە ئەوە دەسەلمێنن کە سەرەڕای جیاوازی ئاشکرا لە نێوان جۆرەکانی (ئۆرگانیک) و (ڤۆڵەنتەری) ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی و هەردوو تێگەی (ئیتنی) و (مەدەنی) نەتەوە، لێکچوونی ئاشکراتر لە نێوان ئەو سیاسەتانەی ئەم نەتەوەخوازییانە بەرهەمیان دەهێنن، هەیە، لەوەی کە باس کراوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێک شیکرنەوەیەکی سەرپێیانە ئەنجام دەدەین، پێویستە نەتەوەخوازیی وەک تاکە زنجیرێکی دیاردەکان سەیر بکەین، بەلە بەرچاوگرتنی جیاوازیە ئایدۆلۆجیەکانی نێوان شێوازە جیاجیاکانی. بیروباوەڕی بنچینەیی و ئایدیاڵ و تێگە بنەماییەکانی نەتەوەخوازیی بەدرێژایی کات و لە میانەی کەلتوورە جیاوازەکاندا وەک خۆیان ماونەتەوە، هەر ئەمەشە کە یارمەتیمان دەدات تا بتوانین ڕوونی کەینەوە بۆچی، سەرەڕای ڕێنەکەوتن لە سەر پێناسەیەکی هاوبەش بۆ تێرم و پارادیم paradigm ە شرۆڤەکارەکان، باسکاران لەو بڕوایەدان کە توانیبێتیان شرۆڤەی نەتەوە و نەتەوەخوازیی بکەن و نەتەوەخوازە نەیارەکان rival توانیویانە لەگەڵ یەکتردا بکەونە لێدوان و گفتوگۆوە.



## چاپتەری سێیەم

# پارادیمەکان

Paradigms

لە سەرەتای ساڵی ١٧٨٩ دا ئابی سایس Abbe Sieyes نامیلکەیەکی بەناونیشانی Qu'est-ce que le Tiers Etat بڵاوکردەوە، کە تیایدا هێرشی کردبووە سەر ئیمتیازەکانی نەجیبزادەکان nobility و پیاوانی ئایینی و نەتەوەیی بەچینی سێیەمی دەستەڵات دەستنیشان کردبوو، ئەو سەروەریی نەتەوەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

بوونی نەتەوە پێش بوونی هەموو شتێکی ترە و بنچینەی هەموو بوونەکانە. ئیرادەی نەتەوە هەمیشە ڕەوایە و خودی یاساکانە... پێویستە نەتەوەکان، لە دەرەوەی بۆندە کۆمەڵایەتییەکان لە دایک بن، یان وەک دەڵێین لە باوەشی سروشتدا دروست بن. دەربڕینی ئیرادەیان ئازادە و سەربەخۆیە لە هەموو شێوازە مەدەنیەکانی تر. هەروەک بوونیان لە سیستەمە سروشتییەکەدا، ئیرادەیان، بۆ ئەوەی کاریگەری تەواوی هەبێ، پێویستە تەنیا کارێکتەرە سروشتیەکانی ئیرادەیان هەبێت. ئیرادەی نەتەوە هەر شێوازێ بەخۆوە بگرێ گرنگ نییە، هێندە بەسە کە ئیرادەی هەیە: هەموو شێوازەکانی ئەو ئیرادەیە، پەسەندە و ئیرادەش باڵاترین یاسان Cobban 1963, 1: 165 .

جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان Declaration of the Rights of Man and Cit-izens لە کۆتایی هەمان ساڵدا، مەسەلەکەی ڕاشکاوانە تر خستە ڕوو: هەموو سەروەریەکان بەشێوەیەکی بنەڕەتی، لە نەتەوەوە سەرچاوە دەگرن، هیچ مرۆڤێک و هیچ کەسێک ناتوانێ خاوەن دەستەڵات بێت، ئەگەر نەتەوە بەڕوونی ئەو دەستەڵاتەی پێ نەدابێBaker 1988:271. ساڵێک دواتر و لە هاوینی ١٧٩٠ دا پیاوان و ئافرەتانی فەرەنسی یادی Fete de la Federation یان کردەوە: گاردی نەتەوەیی و هاوڵاتیانی دڵسۆز، پێکەوە کەوتنە یادکردنەوەی دەوڵەتی فیدرالی نوێی فەرەنسی. لە هەموو جێگایەکدا، altar دانران و لەسەریان نووسرا: (هاوڵاتی بۆ نیشتمان لە دایک دەبێ و دەژی و دەمرێ).

دەس لەسەرشانی یەکتر، ئاهەنگ گێڕان، کەوتنە درووود لێدان و سوێند خواردن لە سەر

شێـوەی تابلۆکـەی جاک لویس دەیڤـیـد – سـوێندەکـەی هۆراتی -The oath of Horatii 1784. بەگیانی (برایەتی پیرۆز)، هاولاّتیان سوێندی وەلائی هەمیشەییان بۆ فەرەنسا خوارد، تا پارێزگاری لە یەکێتی نەتەوەیی بکەن و ملکەچی گەلە سەروەرەکەی بن. لە پاریسدا لە ١٤ جولای و لە شامپس دی مارس Champs de Marsدا، لافیت -La Fayette سوێندخوارنەکەی بەڕێوەبرد و تالیراند Talleyrandلە ژێر زنجیبرەیەک لە ئالاّدا و بەسروودی (گۆرانی بلّێن و فرمێسکی شادی بڕێژن، چونکە لەم ڕۆژەدا فەرەنسا سەر لەنوی لە دایک بۆوە.)، پیرۆزبایی لە خەڵکەکە دەکرد، لە کاتێکدا لە نۆتەردام سروودی نیوە ئایینی و نیوە دنیایی تێکەلاّوی ئەو بڕگانە دەبوون کە لە کتێبی نیشتمانپەروەریی جودیس وەرگیرابوون Schama 1989: 502-512.

لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشدا خرۆشی جەماوەر زیادی دەکرد. ئالاّیەکی نوێ کە لە سێ ڕەنگ پێکهاتبوو پەسەندکرا، شان بەشانی سروودێکی نوێی نەتەوەیی، مارسییز -Marseillaise کە دواتر بووە سروودی نەتەوەیی. ناونیشانی پاشا لە (لویس) لە سایەی خودا وە پاشای فەرەنسا ونەڤاری گۆڕا بۆ (لویس) لە سایەی خۆاو دەستووری دەولّەت، پاشای فەرەنسییەکان. لە بواری سیاسەت و کەلتووردا، ناوچەگەری سنووری بۆ دانرا بۆ پێکهێنانی indiviisible la republique une et. لە ساڵی ١٧٩٣ دا،زمانی فەرەنسی لە سەرتاسەری ولاّتدا لە ئەنجامی هەولّەکانی ئابی گریگۆری Abbe Gregoire و بارێر Barere دا کە ئەندامی کۆمیتەی جاکوبیەکانی سەلامەتی گشتی بوون، برەوی پێدرا، لەژێر سەرۆکایەتی ڕۆبسپێرێ Robespierre. یەکەم ڕاپرسی گشتی لە هەردوو ناوچەی پاپایی (Avignon و Venaissin) بەسترا بۆ چەسپاندنی خواستەکانی فەرەنسیەکانی ناو دانیشتووانی ئەم ناوچانە. خزمەتی سەربازی نەتەوەیی سەپێنرا، کە بووە هۆی تێشکانی سوپای هێرشکارە پاشاییەکان لە ڤالمی لە سێپتێمبەری ١٧٩٢دا و دواتریش سەرکەوتنەکانی (پاتریۆتەکان)، هەروەک شۆڕشگێڕان بەخۆیان دەوت، لەو ناوچە (ئازادکراوانە) ی کە داگیریان دەکرد، بووە هۆی ناردنەدەرەوەی ئایدیالە شۆڕشگێڕیەکانی وەک سەربەستی و یەکسانی و برایەتی. بۆ ئەوەی ئاهەنگی ئەم نوێبوونەوە نەتەوایەتیە بگێڕن. لە ساڵانی ١٧٩٣ و ١٧٩٤ دا ڤێستیڤاڵ (Fetes)ی بەناوبانگ سازکرا کە لە لایەن دەیڤید دیزاین کرابوو، گۆسیک Gossec ئاوازی بۆ دانابوو و ئەندریە شێنیەر -Andre Chenier هۆنراوەکانی بۆ ڕێک خستبوو، کە ئاهەنگ و ڕێڕۆیشتن و سروودی ئایینی و سەربەستی سروشتی نایابی لە خۆ گرتبوو. سەرەڕای ئەمانە، شتی تری وەک ناوک



برینی خاک و ئاو و بەرەڵاّکردنی هەزاران کۆتری ئاشتی لە ئاسماندا و هاتنەخوارەوەی ڕۆبسپێرێ وەک موسای زەمان لە کێوێکی دروستکراو لە مقەبا کە پەیکەری هەرقل و درەختی سەربەستی، لوتکەکەیان داپۆشیبوو Schama 1989: 746-50 , 831-6

**مۆدێرنیزم** Modernism

ئایا ئەوەی کە بۆرژوازیە فەرەنسیەکان ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا چی بوو؟ تەنیا بۆ ئەوە نەبوو کە دەستەلاّتیان گرتۆتە دەست و کۆتاییان بەئیمتیازەکانی ئەریستۆکرات و پیاوانی ئایینی هێنابوو. بەڵکو لەبەر لەدایکبوونی نەتەوەی نوێی فەرەنسا بوو لە شێوەی کۆماری فەرەنسادا. لە کارەکانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی و ئەوانەی دوای ئەو هاتن، پرۆسەی دامەزراندنی نەتەوەیەکی نوێ لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە دەستووردا زۆر بەتوندی و حەماسەتەوە لەبەر ڕۆشنایی کارە نەتەوەخوازیەکانی فەیلەسوفەکانی سەردەمی تەنویر، بەرەو پێشەوە برا.

ئەم پرۆسەی (پێکهێنانی نەتەوە) پلان بۆ دانراوە، پرۆسەیەکی مۆدێرن بوو کە لە پێش ساڵی ١٧٨٩ دا شتی وا ڕووی نەدابوو. ڕاستە لە سەردەمەکانی پێشووتردا پرۆگرامی بووژانەوە و پرۆژەی مەزنی ئاوەدانکردنەوە و نوێکردنەوەی کارگێڕیی بەئەندازەی گەورە لە لایەن پاشا منەوەرەکانەوە خرابوونە گەڕ، هەر لە یاساکانی حامورابی لە بابلی کۆن و چاکسازیەکانی ئۆگەستۆزی ڕۆم تا پرۆگرامە نوێکاریەکانی پیتەری مەزنی ڕووسیاو جۆزیفی دووەمی نەمسا، بەلاّم کارەکانیان دیزاینێکی بەکۆمەڵی لە خۆ نەگرتبوو. کارەکان بەناوی یان لە بری تەنیا کەسێک یان چینێکی دەستەلاّتدارەوە ئەنجام درابوون. جگە لەمە هیچ ئایدۆلۆجیەکی گەلی سەروەر، کە مێژوو و کەلتوورێکی هاوبەشیان هەبێت و ئەمەکی بالاّیان بەرامبەر هەبێت و لە پێناویا قوربانی گەورە ئەنجام بدەن، لە ئارادا نەبوو. لە سەردەمەکانی پێشووتردا مەسەلەی وروژاندن یان هاندانی خەڵک لە پێناوی بەشداریکردنیان لە سیاسەتی مەڵبەندی بڕیاردا، لە ئارادا نەبوو. نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو پێویست نەبوو کە پیاوان چجای ئافرەتان هۆشیاری سیاسییان هەبێت و ببنە (هاولاّتی) ئەکتیڤ. لە ئاکامدا ئارەزووی دەستەبەرکردنی ژێرخان و دەزگاکان کە بایەخ بەپێویستی و بەرژەوندیەکانی هاولاّتیان بدات لە کایەدا نەبوو. لە ڕاستیدا پەروەردەکردنی دانیشتووان لە ڕێگەی پەروەردەیەکی گشتی جەماوەری و ئیلزامی و چونیەک دانەمەزرابوو، تا ڕەفتار و شارەزایی پێویست لەناو خەڵکدا دروست بکا، بۆ ئەوەی هێزو دەستەلاّتی نەتەوە

بگەیەنێتە ئەوپەڕی و هاوڵاتی لەسەر ڕێزگرتنی یاساکانی نەتەوە لەسەر بناخەیەکی عیلمانی ڕووت، ڕابهێنێ.

ئەمانە هەموویان نوێ بوون و ئەنجامی پرۆگرامە ناوەندیەکانی پاشا ئەورووپیە ئەبسولیتیستەکان بوون لە سەدەی شازدەیەمەوە تا سەدەی هەژدەیەم و کاردانەوە بەرامبەر هەڵوێستەکانیان بۆ یەکەم جار لە شۆڕشەکانی سەدەی حەڤدەیەمی پاکار (puritan)ەکانی هۆڵەنداو ئینگلتەرەدا دەستی پێکرد و دواتر لە شۆڕشەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان و فەرەنسادا گەیشتە ئەوپەڕی. بەشێوەیەکی تایبەتی لە فەرەنسای سەدەی هەژدەیەمدا بوو کە بانگەوازەکەی پیریکلس Pericles بۆ هاوڵاتیە ئەسینیەکانی لە کاتی لاوانەوەی ناشتنی تەرمێکدا لە ساڵی ٤٣٠ پ.ز دا، تا لەگەڵ شارەکەیاندا بکەونە خۆشەویستییەوە، بووە درووشمی زیندووی فەرەنسیەکان. تەنیا لەو سەروبەندەدا بوو کە ئایدیاڵەکانی ئەو دەربارەی هاوڵاتیەکی ئەسینایی کە خاوەن ئەقڵی جەماوەری بێت خرایە چوارچێوەیەکی کۆمەڵیەوە. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ڕۆسۆ و پەیڕەوانی ئاوڕیان بۆ دواوە دەدایەوە تا کەڵک لە ئەسینیە کلاسیکەکان و سپارتا و کۆماریەکانی ڕۆما وەربگرن بۆ داڕشتنی مۆدێلەکانیان دەربارەی دامەزراندنی هاوکاری مەدەنیانە و کۆمەڵگای مێژوویی. دۆرخایم Durkhim لە بارەی شۆڕشی فەرەنساوە دەڵێ (لە ڕاستیدا هەر لەم کاتەدا بوو کە لەژێر کاریگەرێتی خواست و حەزی گشتیدا شتی وەک نیشتمان و سەربەستی و مەنتیق کە لە بنەڕەتدا شتی عیلمانین، گۆڕان بۆ شتی پیرۆز. لەوە دەچوو ئایینێک دروست بووبێ کە بیروباوەڕ و سیمبۆل و بۆنەی تایبەتی خۆی هەبێت) Durkheim 1915:214.

نەتەوەخوازی، وەک پرۆسەی (پێکهێنانی نەتەوە) و ئایدۆلۆجی و بزووتنەوە و ئایدیاڵەکانی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و یەکێتی و ناسنامە، دیاردەیەکی نوێیە کە سەروەری و یەکێتی نەتەوەی لە ناوجەرگەی شانوی سیاسیدا داناوە و سەرلەنوێ جیهانی لە سەر شێوەی نەتەوە دروست کردۆتەوە.

ئەو باری سەرنجەی کە من خستوومەتە ڕوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە مێژووییانەی مانای پێدەبەخشن، پێی دەوترێ (مۆدێرنیست). مۆدێرنیزم لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێ کە بریتین لە شێوەی کرۆنۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی. هەروەک باسم کرد یەکەمیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی و بزووتنەوە و سیمبۆلیزم تا ڕادەیەک نوێیە.



دووەمیشیان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، نەتەوەخوازیی لە ڕووی چۆنایەتیەوە نوێیە. لە شێوەی دووەمدا نەتەوەخوازیی بریتییە لە داهێنان، نەک تەنیا شێوازێکی نوێکراوەی شتێکی زۆر کۆنتر بێت. بەڵکو شتێکی لەم چەشنە لەوەوبەر لە ئارادا نەبووە، ئەمەش بریتی نییە لە گۆڕانکاریەکی حەتمی مێژوو، بەڵکو دیاردەیەکە بەهۆی هاتنی سەردەمێکی تەواو نوێ و زنجیرە هەلومەرجێکی نوێوە هاتۆتە ئاراوە. بەکورتی نەتەوەخوازیی بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و هیچی تر. ئەم پێداگرتنەی دووەمە کە چوارچێوەی مۆدێرنیزمی ڕاستەقینە دەنەخشێنێ. بەڵام تەنیا نەتەوەخوازیی نییە کە مۆدێرنە، بەڵکو نەتەوان و دەوڵەتانی نەتەوەیی و ناسنامانی نەتەوەیی و هەموو ئەوانەی کە لەناو کومەڵگا نەتەوەییەکاندا هەن مۆدێرنن. هەموو ئەمانەش بەلای مۆدێرنیستیکەوە تەنیا لە ڕووی کرۆنۆلۆجیەوە نوێ نین، بەڵکو لە ڕووی چۆنایەتیشەوە نوێن. شۆڕشی فەرەنسا تەنیا ئایدۆلۆجیەکی نوێی نەهێنایە کایەوە بەڵکو شێوازێکی نوێی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و چەشنێکی نوێی ناسنامەی بەکۆمەڵ و جۆرێکی نوێی دەوڵەت و لە کۆتاییدا جۆرێکی نوێی لە سیستەمی نێودەوڵەتی هێنایە کایەوە. ئەم دیاردە نوێیانە پێکەوە و بەهاوکاری یەکتر ئاوێنەی سیستەمی نوێی جیهانیی مۆدێرنیتێن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەنگدەرەوەی ئەو هەلومەرجە نوێیانەن کە سیمای مۆدێرنیتێن.

ئایا ئەو سیما تایبەتە مۆدێرنانەی دیاردەی نەتەوایەتی و ئەو هەلومەرجە سەرەکیانە چین کە یارمەتی پەیدابوونی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەخوازیان داوە؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا جۆرە جیاوازەکانی مۆدێرنیزم بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لە چاپتەری داهاتوودا هەندێک لەو تیۆری و بۆچوونانە دەخەینە ڕوو. بەڵام دەتوانین بەکورتی ئەم جۆرە جیاوازانە لە پارادیمی مۆدێرنیست باس بکەین:

١) سۆسیۆئابووری Socioeconomic: نەتەوەخوازیی و نەتەوە، لەم جۆرەدا لە ئەنجامی فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتیە نوێکانی وەک کاپیتالیزمی پیشەسازی و نایەکسانی ناوچەیی و ململانێی چینایەتی پێکهاتوون. لای تۆم نایرن Tom Nairn و مایکل هیچەر Michael Hechter بەتایبەتی، بەها و ئایدیاڵە نەتەوایەتیەکان لە ئەنجامی هەژاریی ڕێژەیی لە نێوان ناوچەکانی دەوڵەتانی نوێ یان لە نێوان چینەکانی نا دەوڵەتاندا و لە نێوان ناوچە کەنارکەوتووە دواکەوتووەکان underdeveloped peripheral و ناوچە پێشکەوتووەکانی سەنتەرەکان، یان نوخبەی ناوچەکانی کەنار و سەنتەرەکاندا هاتۆتە

ئاراوە و لە لایەن جەماوەرە تازە ڕێکخراوەکەی کەنارەوە پشتگیری کراوە. Hechter 1075; Nairn 1977

٢) سۆسیۆکەلتووری Sociocultural: نەتەوەخوازیی و نەتەوە لە لای ئێرنیست گێلنەر Ernest Gellner لە ڕووی سۆسیۆلۆجیەوە دیاردەی پێویستی سەردەمی نوێ و پیشەسازین و لە ماوەی گواستنەوە بەرەو نوێکاری Modernisation پەیدا بوون. (نەتەوەکان دەربڕینی کەلتوورێکی باڵای خوێندەوار و پەروەردەکراوی قوتابخانەن، کە لە لایەن پسپۆڕان و سیستەمی هاوستاندەردی پەروەردەی گشتی ئیجباریەوە پەروەردە کراون. بەمەشق پێکردنی هێزێکی خوێندەوار و مۆبایەڵ، نەتەوەکان پاڵپشتی پرۆسەی بەپیشەسازیکردن دەکەن، هەروەک چۆن ئەم پرۆسەیەش هانی نەتەوەخوازیی دەدات. Geller 1964، ch 7; and 1983 197

٣) سیاسی Political: لێرەدا نەتەوە و نەتەوەخوازیی لە ناوەوە و بەهۆی دەوڵەتی پرۆفیشنەڵی نوێوە پێکهێنراون بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان لە ئەنجامی دژایەتیکردنی دەوڵەتێکی ئیمپریالی یان کۆلۆنیالی. لای تیۆریزانانی وەک جۆن برولی John Breuilly و ئەنتۆنی گیدنس Anthony Giddens و مایکل مان Michael Mann دەوڵەتی مۆدێرن نەک تەنیا هەر باشترین پێشبینیکاری نەتەوە و نەتەوەخوازییە، بەڵکو پەیوەندیەکانی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەو بۆدەقەیە پێک دەهێنێ کە تیایدا نەتەوەخوازیی دادەڕێژرێ و نەتەوەخوازیش بەشێکی جیانەکراوەی سەروەری دەوڵەتە Giddens 1985; Breuilly 1993; Mann 1995

٤) ئایدۆلۆجی Ideological: لێرەدا پێ لەسەر بنەچەی ئەورووپی و مۆدێرنیتی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی و هێزە نیمچە ئایینییەکەی و ڕۆڵی لە هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆریەتەکان و پێکهێنانی نەتەوەکان لە جێگایان، کە لەوەبەر لە ئارادا نەبوون، داگیراوە. ئیلی کدووری، ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی دەگێڕێتەوە بۆ کاریگەرێتی تەنویر و ئایدیاکانی کانت دەربارەی بڕیاردانی چارەنووسی خۆ، تا دەگاتەوە بیروباوەڕەکانی مەسیحییەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست. ئەو ئاماژەی بەکاریگەرێتی تێکدەرانەکەی ئەم ئایدۆلۆجیانە داوە لەناو گەلە نائەورووپییەکاندا لە کاتێکدا ئینتێلیجێنتسیای بێزاری ناو ئەم گەلانە هەوڵی گونجاندنی ئەم بیروباوەڕە ئەورووپییەی سەدەکانی ناوەڕاستیان داوە لەگەڵ نەریتە ئیتنی و ئایینییە بنچینەییەکانی خۆیاندا. Kedourie 1960 and 1971.



٥) دروستکارەکان Constructionist: ئەمە شێوەیەکی جیاوازی مۆدێرنیزمە لەوەدا کە وا دادەنێن نەتەوە و نەتەوەخوازیی بەتەواوی مۆدێرنن، بەڵام پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە کارێکتەریان لە ئەنجامی پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان دروست بووە. لای ئێریک هۆبسبۆم Eric Hobsbawm نەتەوەکان زۆر قەرزداری (ترادیسیۆنە داهێنراو)ەکانن و ئەمانیش بەدەوری خۆیان بەرهەمی کاری ئەندازیاریی کۆمەڵایەتین و لە پێناوی خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئیلیتە خاوەن دەسەڵاتەکاندا دروست کراون، بۆ ئەوەی وزە و توانای جەماوەرە تازە ئازادبووەکە بەئاراستەی خزمەتی ئەو بەرژەوەندیانەدا بەرن. لە لایەکی ترەوە، بینیدیکت ئەندەرسۆن Benedict Anderson وەک کۆمەڵگایەکی سیاسی دروستکراوی خەیاڵ دەڕوانێتە نەتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە ئایینە گەردوونیەکان و پاشایەتیەکان بەجێیان هێشتووە، لە کاتێکدا کە تێگەی نوێ بەرامبەر کات و کاپیتالیزم کارێکی وایان کرد کە مەزەندە بکرێ نەتەوەکان لە ڕاستەهێڵی کات دا دەجوولێن Hobsbawm and Ranger 1983; Anderson 1991

سەرەڕای جیاوازیەکانی نێوانیان ئەم جۆرە جیاوازانەی پارادیمی مۆدێرنیزم لەو باوەڕەدا کە دەتوانین پێی بڵێین (مۆدێرنیزمی پێکهێنەرانە– Structural Modernism) هاوبەشن. مۆدێرنیزمەکەی ئەوان (مۆدێرنیزمی ناکاو– contingent modernism) نییە و هیچ خوێندنەوەیەکی تێدا نییە بۆ ئەو پەیوەندیە مێژووییەی کە لە نێوان نەتەوەخوازیی و مۆدێرنیزمدا هەیە تەنیا باوەڕ نەبێت بەسروشتی نەتەوەیی و نەتەوەخوازانەی مۆدێرنیتی و ناکرێت بەپێچەوانەوە بێت. بەپێی ئەم بۆچوونە پێویست بوو مۆدێرنیتی شێوازی نەتەوە وەربگرێ هەروەک چۆن ناچار بزووتنەوە و ئایدۆلۆجیە نەتەوەخوازیەکانی بەرهەم هێناوە.

**پێرینیالیزم** Perennialism

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، مۆدێرنیزم بۆچوونی سەرەکییە لە باس و لێکۆڵینەوەکانی سەر نەتەوەخوازی. لای زۆربەیان مۆدێرنیتی نەتەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی و نەتەوەخوازیی بەسانایی بڕیاری لەسەر دراوە. لای ئەوانی تر ئەم مۆدێرنیتییە شتێکە پێویستە کەم یان زۆر پێی لەسەر دابگیرێ، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا بەم شێوەیە نەبووە. لە پێش شەڕی جیهانی دووەمدا زۆربەی باسکاران لە بڕوایەدا بوون ئەگەر ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیش نوێ بێت ئەوا نەتەوەکان لە هەموو قۆناخەکانی مێژوودا هەبوون و تەنانەت زۆر لە نەتەوەکان هەر لەوەتەی دنیا هەیە هەر هەن، ئەمەش تێڕوانینێکە کە بە(پێرینیالیزم) ناودەبرێت. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین کە زۆربەی ئەندامانی

جەماوەر لەگەڵ ئەم تیڕوانینە دان بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بەنەتەوەکەی خۆیانەوە هەبێت. ژمارەیەکی زۆر لە باسکاران، لە سەدەی نۆزدەیەم و تا ساڵی ١٩٤٠ یش بروایان بەشێوازێک لە شێوازەکانی پێرینیاڵیزم هەبووە و تەنانەت کەسانی وەک ڕێنان کە زیاتر لایەنگری شێوازی (ڤۆڵەنتەری) نەتەوەخوازین، خاوەنی ئەو جۆرە بۆچوونەن. ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم جۆرە بۆچوونەی دەکرد بریتی بوو لە هاوکێشەی ڕەگەز race و نەتەوە nation و زۆرجار تێرمی (ڕەگەز) بۆ دەرخستنی کەلتووری جیاوازی گرووپێکی خاوەن ڕەچەڵەک بەکار دەهێنرا، نەک بۆ گرووپێکی خاوەن کۆمەڵە نیشانە و جینی بایۆلۆجی بەرەچەڵەک بۆماوە (کە ئەمڕۆ ئێمە تێرمی ئیتنیکی ethnicity بۆ بەکاردەهێنین). جگە لەوە ئایدیای گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی social evolution کە پێ لەسەر گەشەسەندنی بەرەبەرە و قۆناخ بەقۆناخ وکەڵەکەبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری دادەگرێ، پشگیری پێرینیاڵیزم بوو. نەک تەنیا ئاسان بوو بەڵکو سروشتیش بوو نەتەوەکان وەک نموونەی بەکۆمەڵ و پیشاندەری خاسیەتەکانی گەشەسەندنی بەرەبەرە و کەڵەکەبوون ببینرێن، بەتایبەتی لای ئەوانەی کە لایەنگری ئەنالۆگی ئۆرگانیکی بوون. نابێت ئەو پێشکەوتنە گەورانە بەکەم بگرین کە لە بوارەکانی هیستۆریگرافی و ئارکیۆلۆجیدا ئەنجام دران. ئەمانە ئەو جۆرە بوارانە بوون کە دەبوونە هۆی ئاودانی تێگە نەتەوەخوازیەکان بەزانیاری بەکەڵک و دەرخستنی پاشماوە کەلتوورییەکانی ڕابردوو.

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ نەتەوەکان کۆمەڵگای (سروشتین)، پشتگیری پێرینیاڵیزم دەکات و لای هەندێکیش ئەمە یەکێک بوو لە هێزە ڕاکێشەرەکانی پێرینیاڵیزم. بەڵام نابێت پێرینیاڵیزم لەگەڵ تێگەی سروشتی (ناچرەلیست)ی نەتەوە تێکەڵ بکەین کە بناخەی بیری (پرایمۆردیالیزم)ە. پەیڕەوانی پێرینیاڵیزم ڕەنگە بروایان بەتێگەی (پرایمۆردیالیزم)انەی پێکهاتنی نەتەوە هەبێت، بەڵام هەشە کە ئەو بڕوایەی نییە.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێرینیاڵیزم بیروباوەڕێکە پشت بەهەندێک تێڕوانینی کردەنی دەبەستێت لەوەدا نەتەوەکان-بەلایەنی کەمەوە هەندێک لە نەتەوەکان- ماوەیەکی دوورو درێژە لەبەر هەر هۆکارێک بێت هەن. پەیڕەوانی پێرینیاڵیزم مەرج نییە نەتەوە وەک سروشتی و ئۆرگانیک و پرایمۆردیال سەیر بکەن. لە ڕاستیدا ڕەنگە و زۆرجاریش ئەم لێکدانەوە مێژووییانە ڕەت بکەنەوە. مەرج نییە پێرینیاڵیستەکان وەک پرایمۆردیالیستەکان بیر بکەنەوە و زۆرجاریش بیروڕایان یەک ناگرنەوە و پێویستە جیاوازی نێوانیانمان لە بیر نەچێ.



پێرینیاڵیزم لە دوو شێوازی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێ. شێوازی یەکەم کە جۆرێکی زیاتر باوە پێی دەوترێ (پێرینیاڵیزمی بەردەوام). ئەوەی کە لەم جۆرەدا پێی لەسەر دادەگیردرێ ئەوەیە کە نەتەوەکان مێژووی دوورودرێژ و بەردەوامیان هەیە و دەتوانن بنچینەی خۆیان بگێڕنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و یان لە هەندێک حاڵەتی کەمدا بۆ سەردەمەکانی کۆنتریش. لێرەدا پێداگرتنەکە لەسەر (بەردەوامیێتییە)، لە کاتێکدا پارچەپارچەیی و نابەردەوامی پشتگوێ ناخرێ، بەڵام ئەمە بەدیاردەیەکی نیسبی لێک دەدرێتەوە و پاساوەکەی بەهێواشیی پرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵ لێک دەدرێتەوە. لە ڕاستیدا ڕەنگە ناسنامە و مێژووی نەتەوەیەک هێندە کۆن نەبێ کە بگاتە سەردەمی پێش ڕاپەڕینی ئەوروپا Renaissance یان سەدەکانی ناوەڕاست هەروەک لە حاڵەتی سوید و هۆڵەندا و ڕوسیادا دەردەکەوێ. لە جێگاکانی تردا ڕەنگە بنچینەی نەتەوە بۆ کۆنتریش بگەڕێتەوە. هیو سیتۆن واتسۆن لای وایە کە دەتوانین (نەتەوە کۆن و بەردەوامەکان) لەو نەتەوانەی کە دواتر پێک هێنراون جیابکەینەوە. نەتەوەکانی حاڵەتی یەکەم نەتەوەی وەک فەرەنسا و ئینگلتەرەو سکۆتلەندا و ئیسپانیا دەگرێتەوە و کۆنیی ئەم نەتەوانە ناوەڕۆکی مێژوویی دەداتە ئەو هەستەی کە دانیشتووەکانیان بەرامبەر یەکجار کۆنیی نەتەوەبوونیان هەیانە. ئەمەش بۆچونێکە لەم دواییانەدا سەرلەنوێ پشگیری لێ کراوەتەوە. بەڵام لەم حاڵەدا مۆدێلێکی گشتی بۆ پێرینیاڵیزم نەخراوەتە ڕوو، جگە لە حاڵەتی تایبەتی ئەوتۆ نەبێت کە ئەگەر پەنا ببرێتە بەر تۆمارە مێژووییەکان، پێدەچێ کە درێژخایەنی و بەردەوامی نەتەوەی دیاریکراو پیشان بدەن. لەگەڵ ئەمەشدا، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم جۆرەی پێرینیاڵیزم بتوانێ بنچینەی پێش سەردەمی مۆدێرنی هەندێک نەتەوەی دیاریکراو پیشان بدات، تەحەدایەکی گەورەی بۆچوونەکانی مۆدێرنیزم و ئەو باوەڕانەی لای وایە نەتەوەکان بەرهەمی مۆدێرنێتین، دەکات Seton-Watson 1977:ch 2; Gillingham 1992; Hastings 1997

شێوازە سەرەکییەکەی تری پێرینیاڵیزم کە دەتوانین بە(پێرینیاڵیزمی سەرهەڵدانەوە- Recurrent Perennialism ناوبەرێت گوزارشێکی گشتیتر و زەقتر دەربارەی کۆنێتی نەتەوەکان ئەکات. ئەم جۆرەی پێرینیاڵیزم ڕادەگەیەنێ کە هەندێک نەتەوەی داریکراو مێژووییین و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. هەروەک ڕێنان دەڵێ: (ئەوانە هەروەک سەرەتایان هەبووە کۆتاییشیان هەیە). بەڵام (نەتەوە بەگشتی) وەک شێوەیەکی پێکەوەهەڵکردنی مرۆڤ نەمرە و لە هەموو کات و شوێنێکدا بوونی

هەیە، چونکە لە هەموو سەردەمێکی مێژوودا دەردەکەوێ و لە هەموو کێشەرەکانی جیهاندا بەدی دەکرێ. لێرەدا ئێمە رووبەڕووی سەرهەڵدانەوەی هەمان ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵ دەبینەوە هەرچەندە لەوانەیە بەڕێگای جیاواز لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا خۆی دەربڕێ. هەرچەندە نەتەوەی دیاریکراو ڕەنگە بێن و بڕۆن، بەڵام ئایدیای خودی نەتەوەبوون گشتگیر و دیاردەیەکە داپۆشینی نییە، ئەمەش لە هەموو کەش و کاتێکدا گەلێک کۆمەڵگای کەلتووری و سیاسی دەگرێتەوە.

**پرایمۆردیالیزم** Primordialism

پێرنیالیزم پارادایمێکە نامۆیە بەهەندێک لە مێژووناسان، بەڵام بەپێچەوانەوە، پرایمۆردیالیزم پاوانی زانا کۆمەڵایەتی و نەتەوەخوازە ئۆرگانیکەکانە. بنچینەی پرایمۆردیالیزم دەتوانرێت بۆ خودی رۆسۆ بگێڕدرێتەوە لە میانەی بانگەوازەکەی بۆ وازهێنان لە گەندەڵیی شارەکان و گەڕانەوە بۆ (سروشت)، بۆ دۆزینەوەی پاکژی لەدەست چوو. ئەم گیانە سروشتخوازە زوو ئاوێتەی پێناسەی نەتەوایەتی بوو. دەتوانین کاریگەری ئەم بۆچوونە لە قسەکانی ئابی سایس Abbe  Sieyes بەدی بکەین کە لە سەرەتای ئەم چاپتەرەدا ئاماژەم پێدا. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە پێویستە نەتەوەکان هەروەک تاکەکان لە دەرەوەی بۆندە کۆمەڵایەتیەکاندا و لە باوەشی سروشتدا لە دایک بن، چونکە تەنیا لە شێوازە سروشتییەکەدا بوونیان هەیە. لە ڕاستیدا لەوەدا کە پێش هەموو شتێکی تر بوونیان هەبووە و سەرچاوەی هەموو شتێکن لە خواوە نزیکن. بەواتایەکی تر نەتەوەکان (پرایمۆردیال)ن. ئەوان لە سەرەتای کاتەوە پەیدا بوون و سەرچاوەی پرۆسەو گەشەکردنەکانی دواترن. سایس و (پەیڕەوانی تری رۆسۆ)، نەک تەنیا خۆیان بەپرایمۆردیالیست حساب نەکردبوو، بەڵکو ڕەنگە نەشیانتوانیبێ بەم شێوەیە قسە بکەن، بەڵام بۆچوونەکانی ئەو بۆچوونی کاریگەرن و لە سالی ١٧٨٩دا بۆ پاساودانەوەی سەروەری ڕەهای خواستی نەتەوە،بەکارهێنران، ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی فیختە و ئەڵمانە رۆمانتیکەکانی تر هەمان بۆچوون بۆ نەتەوەی ئەڵمانی دەربڕن. ئەم گوتارە سروشتخوازە، ڕێگای بۆ شێوازەکانی ئیسێنشیەڵیست و ئۆرگانیکی نەتەوەخوازیی خۆش کرد، کە لەمەوپێش ئاماژەمام بۆکردن، بەڵام لە هەمان کاتدا کاری کردە سەر جۆرە زیاتر (ڤۆڵەنتەری)یەکانی نەتەوەخوازی.

**بایۆلۆجی و کەلتوور** Biology and Culture

ئەوەی باسم کرد جۆرێکە لە جۆرەکانی پرایمۆردیالیزم، کە بریتییە لە نەتەوەخوازیی



ئۆرگانیکی. لەم دواییانەدا بەرەو ڕووی دوو جۆری تری پرایمۆردیالیزم بوینەوە. یەکەمیان شێوازێکی سۆسیۆبایۆلۆجییە کە لای وایە دەکرێ نەتەوە و گرووپی ئیتنی و ڕەگەزەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ تەقەلای تاکەکان بۆ بەرهەم هێنانەوەی جینەکان و بەکارهێنانی ستراتیجی خزمایەتی (نیپۆتیزم–Nepotism) و لەشپتەوەی سەرتاسەری inclusive fit-ness بۆ زۆرترکردنی گۆمی جینەکانیان gene pools. لای پێرێ ڤان دین بێرگ Pierre van de berghe ئەم ستراتیجیانە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی گۆمەکانی جینی تاک لە پەیوەندی خزمایەتی نزیک تێپەڕێ بەرەو پەیوەندی فراوانتری خزمایەتی ئیتنی. لەم حالەدا گرووپە کەلتوورییەکە وەک تۆڕێکی فراوانتری خزمایەتی لێدێت و سیمبۆلە کەلتوورییەکانی وەک (زمان و ئایین و ڕەنگ..هتد) وەک نیشانەی پەیوەندی و نزیکی بایۆلۆجی سەیری دەکرێت. لای ڤان دین بێرگ، ئەمە ستراتیجیەکی مەنیقییە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەفسانەی بنچەی ئیتنی لەگەڵ بنچە بایۆلۆجیە ڕاستەقینەکەدا یەک دەگرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەو خەڵکەی خزمایەتی ڕاستەوخۆشیان نییە ئامادەن وەک خزم سەیری هاوئیتنییە نەناسراوەکانیش بکەن و وەک خزم بیانپارێزن و باوەشیان بۆ بکەنەوە Van den Berghe 1978 and 1995.

چەندین گرفت ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە دەبێتەوە. ئاشکراترینیان بریتییە لە گرفتی بەگشتیکردنی ئاستی ڕەفتاری بەرهەمهێنانەوە reproductive behaviour لە لایەن تاکەوە بۆ ئاستی کۆمەڵ و کرداری سیاسی. تەنانەت خێزانی گەورەش، لە هەندێک حاڵەتی کەمدا نەبێت، لەوە بچووکترە کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگ بێت و زەحمەتە بتوانرێت گۆڕانە سۆسیۆپۆلیتیکە گەورەکان بەپەنابردنە بەر هەڵسوکەوتی تاک یان خزمایەتی لێک بدرێتەوە. گرفتی دووەم ئەوەیە، ئەفسانەی بنچە بەدەگمەن لەگەڵ بنچە بایۆلۆجیە ڕاستەقینەکەدا یەک دەگرنەوە، گریمان دەتوانرێت ئەم بنچەیە دیاری بکرێ. هەروەک ووکەر کۆنۆر ئاماژەی پێداوە 202: 1994، ئەفسانەی بنچە بەگشتی ناتوانێ لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەربارەی هێڵەکانی ڕەچەڵەک descent دەیزانین یەک بگرنەوە. بەگشتی نەتەوەکان گەلێک لقی ئیتنی و بنچەیان هەیە لە کاتێکدا ئەفسانەی بنچە وادادەنێ کە تەنیا یەک سەرچاوەی ڕەسمی یان بڕیارلەسەردراو هەیە. لە کۆتاییدا بەئاماژەکردنی بۆ ئاستی (نیشانە کەلتوورییەکان)، ڤان دێن بیرگ پتەوی و پاکێتی تێڕوانینە بایۆلۆجیەکەی لاواز دەکات و ڕۆڵێکی مەزنتر دەداتە فاکتەرە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەمەش بێگومان کاریگەرێتی فاکتەرە جینیەکان ناهێڵێ.

شێوازی دووەم و زیاتر کاریگەرتری پرایمۆردیالیزم وا دادەنێ کە گرووپە ئیتنی و نەتەوەکان لە سەر بنچینەی پابەندییان بەو شتانەوە کە کەلتووری، بوونە کۆمەڵایەتیەکەیان پێی بەخشیون دامەزراون. ئێدوار شیلس Edward Shils و کلیفۆرد گیرتز Clifford Geertz پیشانیان داوە، چۆن ئالودەییە (پەیوەندیە) پرایمۆردیالەکان شان بەشانی پەیوەندیە مەدەنی و عیلمانیەکان تەنانەت لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکانیشدا هەڵیان کردووە. بەتایبەتی گریتز هەستا بەبەراوردکردنی ئالودەییە پرایمۆردیالەکان لەگەڵ پەیوەندیە مەدەنیە مەنتیقیەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مۆدێرن. لە دەوڵەتە نوێکانی ئەفەریقاو ئاسیادا، گریتز تێبینی دوو شێوە پاڵنەری بەهێزی کرد: پاڵنەرێک بۆ ناسنامەی شەخسی کە لە سەر بنچینەی تینی بەردەوام و پابەندبوون بەخزمایەتی و ڕەگەز و زمان و ئایین و نەریت و خاک دامەزراوە و پاڵنەرێک بۆ کارامەیی(کەفائەت) و سەقامگیری کە خۆیان لە پەیوەندیە مەدەنیەکانی سیستەمە سیاسییە نوێکەدا بینیوەتەوە. لە ڕاستیدا، ئارەزووی چەسپاندنی کارامەیی و ئاسایش پابەندبوونە پرایمۆردیالەکان لەناو گرووپە ئیتنییەکانی ناو دەوڵەتە نوێکان بەهێزتر دەکا، چونکە دەستەڵاتی دەوڵەتە سەربەخۆکە و خۆنزیک کردنەوە لێی دەبێتە نرخێک کە لەسەری شەڕبکرێ و تەحەدایەکی نوێ کە بەرامبەری بوەستنەوە Shils 1957; Geertz 1073.

ئەمڕۆ (پرایمۆردیالیزم) بەسەرسوڕمانەوە بەرگی جێگیری و ئیسێنشیاڵیزم و ناچرەلیزمی بەبەردا کراوە. ئەم ڕوخسارەش لەسەر بناخەی ئەو پەیوەندیە دامەزراوە کە بەشێوەیەکی نادروست خراوەتە نێوان پرایمۆردیالیزم و جۆری ئۆرگانیکی نەتەوەخوازی. تا ڕادەیەک ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵە خوێندنەوەی نووسینە بەناوبانگەکەی گریتز. (شۆڕشی یەکخستنی ڕەگەزی- Integrative Revolution) کە تیایدا دەڵێ گرووپە ئیتنی و نەتەوەکان لە سەر بنچینەی پابەندییان بەو شتانەوە کە کەلتووری بوونە کۆمەڵایەتیەکەیان پێی بەخشیون دامەزراون و (هەستکردن بەبوونی خۆ، لەلای زۆربەی گەلان بەستراوەتەوە بەواقیعی ئاشکرای خوێن و ڕەگەز و ئایین و زمان و ناوچە و نەریت)، گریتز پەیڕەوی ناچرەلیزمی ئۆرگانیکی ناکات، چونکە ئەو یەکسەر مەرجێکی گرنگ دادەنێ کاتێک دەڵێ:

مەبەست لە پابەندی پرایمۆردیالی ئەو پابەندیەیە کە لە (پێدراوەکان)ەوە سەرچاوە دەگرێ یان وردتر، لەبەرئەوەی کەلتوور، پەیوەندی بەم جۆرە مەسەلانەوە هەیە، ئەوانە



(پێدراوە) گریمانکراوەکانی وجوودە کۆمەڵایەتییەکەن... ئەم پێکەوە گونجاندنەی خوێن و قسەو نەریت و هتد وادەبینرێن کە هێزیکی لە ڕادەبەدەر و لە هەندێک جاریشدا ناچارکاری زاڵییان هەبێ Geertz 1973;269-60

لەم بڕگەیەدا، وشەکانی (گریمانکراو) و (وا دەبینرێن) و ئاماژەکردن بۆ کەلتوور ئەوەمان پێ دەڵێن کە لای گریتز پابەندیە پرایمۆردیالەکان لە سەر ئینتیباع و باوەڕ هەڵچنراون و سروشتی ڕاستەقینەی ئەم پابەندیانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە (پێدراو) و بەهێز بن، بەڵکو لە بەر ئەوەیە مرۆڤەکان ئەم پەیوەندیانە وەک پێدراو دەبینن و هێزێکی ناچارکاری زاڵیان دەخەنەپاڵ.

ئەوەی کە گریتز دەیلێ و بەبەشداریەکی زۆر گرنگی پرایمۆردیالیزم دادەنرێ بریتییە لەوەی ئێمە وەک تاک و وەک ئەندامانی کۆمەڵەکان هەست و باوەڕ بەپرایمۆردیالی کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکانمان دەکەین- سروشتی بوون و درێژخایەنی و هێزیان- و ئەگەر ئەم هەست و باوەڕانە پشتگوێ بخەین، ئەوا خۆمان لە گرفتی بنەڕەتی کە بریتییە لە شرۆڤەکردن لە مەیدانی ئیتنی و نەتەوەخوازییدا، لادەدەین. چونکە پرسیاری سەرەکی کە ڕووبەڕووی هەریەک لە تیۆریەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازیی دەبێتەوە بریتییە لەوەی کە بۆچی نەتەوە و نەتەوەخوازیی هێندە سۆز و خۆشەویستی و هێندە پابەندێتی دەورووژێنێ. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، پەیڕەوانی پرایمۆردیالیزم ئاماژە بۆ تین و تاو و هێزی لە ڕادەبەدەری ئەم پابەندێتییانە دەکەن و پێویستی لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین (پرایمۆردیالیزمی بەشداربووان–participants primordialism) کە بریتییە لە هەستی زیندووی بەشداربووان بەرامبەر سروشتی پرایمۆردیالی ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵەکانیان، بەگرنگ دادەنێن. بەڵام ئەمە بەتەنیا وەڵامەکە ناپێکێ، هەروەک ئیلەر Eller و کۆهلان Coughlan ئاماژەیان بۆ کردووە، دەبێت بزانین بۆچی ئەم هەموو خەڵکە ئەم هەستەی پرایمۆردیالیان لا دروست بوە و هەست بەو پابەندیانە دەکەن. ئەمەش پێویستی بەشیکردنەوەیەکی مەنتیقی و هەڵقووڵاوی تاقیکردنەوەی ئەو پابەندیە ئیتنییانە هەیە نەک پێداگرتن لە سەر سروشتی لە پێشینە و ناوەڕۆکە پڕسۆزەکەی ئەم پەیوەندیانە. لە وەڵامدا ستیڤن گرۆسبی Steven Grosby بۆچوونێکی سەرنج ئامێزی خستۆتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە خەڵک هەستی پابەندبوونیان لەسەر بناخەی هەندێک باوەڕ هەڵدەچنن دەربارەی سروشتی ژیان بەخشی ئەم کۆمەڵ بوونانە و سیمای ژیان

دریژپێدەری خزمایەتی و لە هەمووشیان گرنگتر خاک. ئەمەش بۆچوونێکی بیر ورووژێنەرە بەڵام تەنیا بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەمان بات. وەڵامەکە بۆخۆی زەحمەتە بتوانێ شرۆڤەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی پێشکەش بکات دەربارەی جۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا کەلتووریەکان و گۆڕانی ئەم کۆمەڵگایانە بەتێپەڕبوونی کات. لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە پارادیمە ناتوانێ ڕۆشنایی بخاتە سەر هۆکاری ئەوەی کە بۆچی خەڵک پابەندی هەندێک کۆمەڵگای مێژوویی دەبن نەک ئەوانی تر (بۆ نموونە پابەندی ئەڵمانیا دەبن نەک پروسیا) و بۆچی ئەم پابەندیانە لە ڕادەو چڕێتی و تەوقیتدا دەگۆڕێ؟

**ڕەخنەی ئامرازکار** The instrumentalist critique

لێرەدا بۆچوونی ئامرازکار instrumentalist دەتوانێ یارمەتیدەر بێت. هەروەک پرایمۆردیالیزم، بۆچوونی ئامرازکاریش دەربارەی کۆمەڵە ئیتنییەکان نەک نەتەوە و نەتەوەخوازیی خراوەتە ڕوو. ئەم بۆچوونە لە ساڵانی ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کاندا، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەسەر پێداگرتنی سپیپێستەکان دەکرا دەربارەی ئەوەی کە بەبۆدەقەی توانەوەی کاریگەر Effective melt-ing-pot ناودەبرا. لە کاتێکدا وڵ هیربێرگ Will Herberg دەربارەی بۆدەقەی تواندنەوەی سێ کوچکەیی ئەمەریکی قسەی دەکرد (پرۆتستانت و کاسۆلیک و جوولەکە)، ناسان گلەیزەرNathan Glazer و دانیال مۆینیهان Daniel Moynihan پیشانیان دا چۆن گرووپە ئیتنییە جیاوازەکانی نیۆرک پەیڕەوی شێوازی ژیانی ئەمەریکییان کردبوو لە کاتێکدا ناسنامەکانی خۆشیان هێشتبۆوە. ئەمە گفتوگۆیەکی خەستی لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا بەرپاکرد لەسەر ئەوەی تا چ ئەندازەیەک پێویستە گرووپە ئیتنییەکان لەناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا وەک گرووپی بەرژەوەندیدار Interest Group یان گرووپی گوشار Pressure Group سەیر بکرێن کە بەشێوەیەکی ئامرازی لە مەیدانی سیاسەتدا کاردەکەن.- ئەو گرووپانەی لە وەچەکانی دواتردا زیاتر تایبەتمەندێتییە کەلتووریەکانی خۆیان خستۆتە ڕوو یان وەک شتێکی سیمبۆلی و ئیختیاری مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە. ئەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە سەرکردەکانی گرووپە ئیتنییەکان و ئیلیتەکان، گرووپە کەلتووریەکانیان وەک مەیدانی کۆکردنەوەی خەڵک و کۆکردنەوەی دەنگ، بەکار هێنان، بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و سامان، چونکە بۆیان دەرکەوتبوو ئەمانە کاریگەرترن لە چینە کۆمەڵایەتیەکان.



زۆری پێنەچوو بۆچوونی ئامرازکاری بۆ بنەچە و پێکهاتنی نەتەوەکان بەکارهێنرا. دەشێت نموونەیەکی ئاشکرای ئەم بۆچوونە لە گفتوگۆکانی نێوان پۆڵ براس Paul Brass و فرانسیس ڕۆبینسۆن Francis Robinson دەربارەی بنچینەی پاکستان بەدی بکەین. لای براس پاکستان لە لایەن ئیلیتە موسڵمانەکانەوە پێکهێنرا کە سامانە سیمبۆلییەکەی ئیسلامیان بەکارهێنا بۆ وروژاندنی جەماوەرە موسڵمانەکەی سەرووی ڕۆژئاوای هیندستان، لە کاتێکدا پێدەچوو کە سیاسەتەکانی بەریتانیا لە دژی بەرژەوەندیەکانی موسڵمانەکان بێت. لای ڕۆبینسۆن پرۆسەکە بەپێچەوانەوە بوو: ئەو پابەندی و ئایدۆلۆجیە ئیسلامیانەی لە ئارادابوون (بە تایبەتی هی ئومە) ئیلیتە موسڵمانەکەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە هەوڵی پاراستنی کەلتوور و کۆمەڵگا موسڵمانەکە بدەن لە ڕێگەی تێکۆشان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی زیاتر بۆ موسڵمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی سەرووی ڕۆژئاوا و بەنگال. لەگەڵ ئەمەشدا، ماوەی نێوانی ئەم دوو خوێندنەوەیە بۆ بارودۆخەکە هێندە دوور نییە. بۆ نموونە براس دانی بەگرنگی ترادیسیۆنە پەیڕەکراوەکان دا ناوە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کەلەپوورێکی دەوڵەمەندی کەلتووری و چوارچێوەیەکی دەزگایی (بۆ نموونە ئایین) لە ئارادا بووە، لە کاتێکدا ڕۆبینسۆن بەوریاییەوە پێی لەسەر مەنتیقی سیاسی چالاکیەکانی ئیلیتە موسڵمانەکان داگرتووە and 1991; Robinson 1979. Brass

لە گەڵ ئەمانەشدا و لە لای خەڵکی تر بۆچوونی ئامرازکاری بۆ بەرەواکردنی پارادیمی زۆر مۆدێرنیست بەکاردەهێنرێت. ئەمەش تیۆری سیاسی نەتەوەخوازییەکەی جۆن بروێلی دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی درێژتر لە چاپتەری داهاتوودا باسی دەکەم. بۆ ئێستا دەمەوێ تەرکیز بکەمە سەر ئامانجە میسۆدۆلۆجیەکانی کە لە چاپتەرە ئەنجامگیرییەکەی چاپی دەسکاریکراوی ساڵی ١٩٩٣ ی کتێبەکەیدا باسی کردووە کە بریتییە لە (نەتەوەخوازیی و دەوڵەت). هەرچەندە بروێلی لە پێناسەکەیدا بۆ نەتەوەخوازی، ئاماژە بۆ کەلتوور دەکات، بەڵام، ئەو ناسنامەی کەلتووری وەک کارێکتەرێکی پێناسەکاری نەتەوەخوازیی ڕەت دەکاتەوە و لای ئەو نەتەوەخوازیی (بریتییە لە دیاردەیەکی سیاسی ڕووت و مۆدێرن)، چونکە ئەو لەو بڕوایەدایە کە ئەمە بەرەو دواوە بۆ بۆچوونی پرایمۆردیالانەی نا مەنتیقی (پێویستی سەر بەنەتەوە بوون) دەمان گێڕێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەو دان بەوەدا دەنێ کە نەتەوەخوازیی (زۆربەی هێزی خۆی لەو نیوە ڕاستیانەوە بەدەست دەهێنێ کە باوەشی بۆ کردوونەتەوە) و دەڵێ:

خەڵک هەوڵی بوونە ئەندامی کۆمەڵگا دەدەن و هەستی بەهێزییان هەیە بەرامبەر ئێمە و ئەوان و بوونی خاک وەک نیشتمان و سەر بەجیهانێکی دیاریکراو و پێناسەکراو لە رووی کەلتوورییەوە کە مانا دەبەخشێتە ژیانیان. بەڵام لە ئاکامدا زۆربەی زۆری ئەمانە دوورن لە شیکردنەوەیەکی مەنتیقی و لەو بڕوایەشدام لە دەرەوەی هێزی شرۆڤەکاری مێژووناسانن Breuilly 1993:401

ڕەنگە وابێت. بەڵام لای برویلی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ماناکانی تێگەی نەتەوەخوازیی بەشێوەیەک سنووردار بکەین کە تەنیا مانا سیاسی و (بە تایبەتی مانا ئامرازییەکانی) بگرێتەوە. بەم شێوەیە نەتەوەخوازیی دەبێتە ئارگومێنتێک بەهۆیەوە کۆمەڵە ئیلیتەکان بتوانن جەماوەری پێ هان بدەن و بورووژێنن و بەرژەوەندیە جیاوازەکانی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی پێ ڕێک بخەن و بەرگی ڕەوایی بکەنە بەر کاروکردەوەکانیان بۆ ئەوەی دەستەڵات بگرنە دەست و بتوانن ئەو دەستەڵاتە بهێڵنەوە لە دەوڵەتی مۆدێرندا. ئەمەش ئارگومێنتێکی سیاسی ڕووتە کە لای وایە نەتەوە هەیە و خاوەنی کارێکتەری ئاشکرا و دیاریکراوی خۆیەتی و بەها و بەرژەوەندیەکانی لە سەروو هەموو بەرژەوەندیەکی ترەوەیە و پێویستە نەتەوە تا دەکرێ سەربەخۆ بێت. لای برویلی نەتەوەخوازیی بریتی نییە لە ناسنامە و یەکێتی و ڕەسەنی و کەرامەت و نیشتمان یان شتی تر، بەڵکو تەنیا بۆ گرتنەدەست و هێشتنەوەی دەستەڵاتی سیاسییە، بەواتایەکی تر بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسی لە دەوڵەتی نوێدا. نەتەوەخوازیی تەنیا ئامرازێکی بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانە و بۆیە تەنیا لە هەلومەرجی نوێ دا دێتە ئاراوە و هەر شتێکی تر لە دەرەوەی ئەم ئارگومێنتە ناکرێت بەشێوەیەکی مەنتیقی شی بکرێتەوە.

مەنتیقیەت و مۆدێرنیتی و سیاسەت، ڕووخسارێکی سێ کوچکەیی چەندبارەبووەوە و داخەری ئارگومێنتەکەیە. ئەنجامی ئەمەش بریتییە لە بەناڕەواکردنی بۆچوونە ئەلتێرنەتیڤەکانی تر و ڕەتکردنەوەی هەموو پارادیمەکانی تری نەتەوەخوازیی جگە لە پارادیمی مۆدێرنیستی نەبێت. لە پراکتیسدا، ئەمە دەبێتە هۆی چۆڵکردنی ئەو مەیدانەی کە پێویستە بکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوەی نەک تەنیا شیکردنەوەی مەنتیقیانە، بەڵکو شیکردنەوەیەک کە دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی فراوانتری لێکۆڵینەوە لەوەی کە مۆدێلە سیاسیەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوە و ئیختیاری مەنتیقی کە ئەمڕۆ لە لایەن ئەم هەموو مۆدێرنیستانەوە خراونەتەڕوو، دەپرەخسێنن.



## **ئیتنۆ سیمبۆلیزم** Ethno Symbolism

یەکێک لەو ئەلتێرنەتیڤانە بریتییە لە شیکردنەوەیەکی سۆسیۆمێژوویی و کەلتووری کە لە لایەن پارادیمی (ئیتنۆ سیمبۆلیزم) ەوە خراوەتە ڕوو. ئەمەش دوا پارادیمی ئەو چوار پارادیمە سەرەکییەیە لە مەیدانەکەدا هەن، هەر چەندە ڕەنگە پارادیمی پێنجەمیش هەبێت کە (پۆست مۆدێرنیست) ە و لە دوا چاپتەردا دەگەڕێمەوە سەری، بەڵام تائێستاش هێندە پەرت و بڵاو و شاشە کە شایەنی ئەوە نییە ناوی پارادیمی لێ بنێین. بەپێچەوانەی پارادیمی مۆدێرنیست و پێرینیالیست و پرایمۆردیالیست دەربارەی ئیتنیکی و نەتەوەخوازی، ئیتنۆ سیمبۆلیزمی مێژوویی پێ لەسەر لایەنە خودی (Subjective )یەکان دادەگرێ لە مانەوەو بەردەوامی کۆمەڵگا ئیتنییەکان و پێکهاتنی نەتەوەکان و کاریگەریتی نەتەوەخوازییدا. ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم پارادیمە فاکتەرە بابەتی (Objective )ەکان دەخاتە پشتگوێ و لە دەرەوەی چوارچێوەی شیکردنەوەکانی دادەنێ، بەڵکو مانای ئەوەیە قورسایی زیاتر دەداتە لایەنە خودییەکانی یادەوەری و بەها و ویژدان و ئەفسانە و سیمبۆل و لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بچێتە ناو (جیهانی ناوەوەی) ئیتنیکی و نەتەوەخوازی.

تێڕوانینی ئیتنۆ سیمبۆلیزمانە، کۆمەڵێک مەسەلە دەوروژێنێ. یەکەمیان دوورکەوتنەوەیە لە شیکردنەوەی تەنیا پشت بەستوو بەئیلیت کە سیمایەکی مۆدێرنیزمە. بەپێچەوانەوە، ئیتنۆ سیمبۆلیزم جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان هەموو جۆرەکانی ئیلیت و چینەکانی خوارەوە (گەل) دەکات، کە کۆمەڵە ئیلیتەکە دەیەوێ نوێنەرایەتییان بکات. بەڵام ئەمە پەیوەندیەکی یەک لایەنە نییە. ئەوانەی ئیلیت نین دەتوانن کاریگەریان لەسەر ئینتێلیجێنتسیا و سەرکردە سیاسییەکان و بۆرژواکان هەبێت، لە لایەکەوە، بەهۆی ترادیسیۆنە کەلتووریەکانیان و لە لایەکی ترەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنی خۆماڵیەوە ver-nacular mobilization. لێرەوە ئەوان دەتوانن داهێنان و بیرە نوێکانی کۆمەڵە ئیلیتەکە لە چوارچێوەی پێوەرە کەلتووریەکان دا سنووردار بکەن و کەرەستە و هێزی مرۆیی بۆ پرۆژە کەلتووری و ئامانجە سیاسیەکانیان دەستەبەر بکەن. نموونەیەکی باشی ئەمە بریتی بوو لە بزووتنەوە ڕووناکبیری و جەماوەریەکەی بووژانەوەی گەیلیەکان Gaelic لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمی ئیرلەندادا کە بەچاکی لە لایەن جۆن هەتچینسۆن دۆکیومێنت کراوە 1987-chs 4-5. لێرەدا نەریتی جووتیاران و چینەکانی خوارەوەی کاسۆلیک، پێوەر و کەرەستە

کەلتووریەکەی بۆ پرۆژە بووژێنەرەوەکانی رووناکبیرە ئیرلەندییەکان رەخساند.

مەسەلەی دووەم پەیوەندی بەشیکردنەوەی درێژخایەنەوە هەیە کە بریتییە لە شیکردنەوەی ئاکارە کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەیەکی درێژدا. تەنیا بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە ماوەی تەمەنی چەند وەچەیەکدا یان تەنانەت چەند سەدەیەکدا باسکاران دەتوانن پەی بەپەیوەندی ئاڵۆزی نێوان رابردوو و حازر و دوارۆژ و پێگەی کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکان لە مێژوودا بەرن. ئەمەش وامان لێدەکات لە لایەکەوە خۆمان دوور بگرین لە جوداییەکانی مێژوویی anarchronism نەتەوەخوازیی ئیستیعدادی retrospective nationalism، کە بەپێی ئامانجە کۆمەڵیەکان و ئارەزووە نەتەوەخوازیەکانی ئەمڕۆ بارودۆخ و سیاسەتەکانی سەردەمانی پێشوو دەخوێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە، حەق بدەینە چەندین شێوەی جیاوازی ناسنامەی کەلتووری کە لە سەردەمەکانی پێشوودا هەبوون. لە هەموو شتێک گرنگتر، بۆچوونی ئیتنۆ سیمبۆلیزم سەرنجمان بەرەو ئەو رێگایانە رادەکێشێ کە رەنگە بەهۆیانەوە شێوازە کۆنەکانی ناسنامەی بەکۆمەڵ کار بکەنە سەر سەرهەڵدانی نەتەوەکان و لە هەمان کاتیشدا پچڕان و بەردەوام نەبوونی تۆمارە مێژووییەکان لەبەرچاو دەگرێ.

مەسەلەی سێیەم ئەوە دەگەیەنێ کە شیکردنەوەی سەرهەڵدانی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی دەخرێتە چوارچێوەی ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵیەکانی پێشووترەوە بەتایبەتی ناسنامە کەلتووریەکانی کۆمەڵگا ئیتنییەکانەوە. بەهەرحاڵ، پەیوەندی نەتەوەکان بەکۆمەڵگا ئیتنییەکانەوە، پەیوەندیەکی ئاڵۆزە و لە نێوانیاندا هێڵێکی راستی بەرەوپێشەوە چوون نییە. لە لایەکەوە، دەکرێت نەتەوەکان وەک شێوازێکی (جەماوەری سیاسی و پابەندی خاک و هتد) ی تایبەتمەندیی، کۆمەڵگا ئیتنییەکان سەیر بکرێن و لە لایەکی ترەوە نەتەوەکان و کۆمەڵگا ئیتنییەکان هەردووکیان شێوازی ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵن کە لەوانەیە پێکەوە بژین یان مونافەسەی یەکدی بکەن بەتایبەتی ئەگەر چەندین کۆمەڵگای ئیتنی پێکەوە لە چوارچێوەی سنووری کۆمەڵگا سیاسییەکەی نەتەوەدا ژیان. نەتەوەخوازیی و نەتەوەکان لەم پارادیمەدا دوورن لەوەی کە تەنیا بەمۆدێرنیتییەوە ببەسترێنەوە،بەڵکو بەشێکن لە ناسنامە و خواستە بەکۆمەڵەکانی (خێزانێک)ی گەورەتری ئیتنۆ کەلتووری، هەروەک لە باسی پێناسەکانی تێگەی نەتەوە لە (چاپتەری یەکەمدا) ئاماژەم پێدا. ئەمەش رەنگە بتوانێ شرۆڤەی ئەوە بکات بۆچی زۆرجار نەتەوەخوازەکان هەوڵی سەرلەنوێ دۆزینەوە rediscovery و پەنا بردنە بەر زەخیرە کەلتووری و



سیمبۆلیەکەی ناو دانیشتووانە کۆنەکان دەدەن، ئەوانەی بەردەوامێتی قوڵیی کەلتووری پێکیانەوە دەبەستێتەوە.

لایەنێکی گرنگی تر بریتییە لە مەسەلەی خۆشەویستی و پابەندی بەکۆمەڵ. لە کاتێکدا مۆدێرنیستەکان ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکەن یان ئەگەر بیشی کەن ئەوا بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەن، و پێرینیالیستەکانیش وەک مەسەلەیەک مامەڵەی لەگەڵ ناکەن چونکە ئەوان وادادەنێن نەتەوەکان لە هەموو جێگایەکدا هەن و بەردەوامن،لای ئیتنۆ سیمبۆلیستەکان ئەمە مەسەلەی سەرەکییە بۆ تێگەیشتنی ئیتنیکی و نەتەوەخوازی. بەپێچەوانەی پرایمۆردیالیستەکانەوە کە لە باشترین حاڵەتدا وەڵامێکی میتافیزیکیانەیان هەیە، ئیتنۆ سیمبۆلیستەکان پەنا دەبەنە بەر شرۆڤەکردنی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی کە باسی هۆکارەکانی پابەندیە بەردەوامە پڕسۆزەکەی ئەم هەموو خەڵکە دەکات بەرامبەر کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکانیان و ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی تیرۆریستی و قوربانی دانیان لە پێناویاندا.

لە کۆتاییدا لەبەر بەتەنگەوەهاتنیان بۆ رەهەندە جەماوەری و مۆراڵی و سۆزداریەکەی ناسنامە ئیتنی و نەتەوەییەکان، بۆچوونی ئیتنۆسیمبۆلیستی دەتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنی بەردەوامی و گۆڕانی ئەم ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵانە. بەگرێدانی ناسنامە نەتەوەییەکان لەگەڵ پەیوەندیە ئیتنییە کۆنەکاندا و پیشاندانی کاریگەرێتی رەهەندە سەبجەکتیڤەکانی وەک سیمبۆل و ئەفسانە و یادگارە هاوبەشەکان، ئیتنۆ سیمبۆلیزم رووناکی دەخاتە سەر ئەو کاریگەرێتییەی کە نەتەوە مۆدێرنەکان لەسەر ئەم هەموو خەڵکەی رۆژگاری ئەمڕۆ هەیانە. هەر لەبەر هەمان هۆ، پارادیمی ئیتنۆسیمبۆلیزم دەتوانێ شرۆڤەکردنی ئەلتێرنەتیڤ بۆ لێکدانەوە سیاسی و ئابووریەکان بهێنێتە ئاراوە، دەربارەی توندی و ناوەرۆکی ململانێ ئیتنییەکانی ئەم سەردەمە. ئەم لێکدانەوە ئەلتێرنەتیڤانە قورسایی تەواو دەخاتە سەر مەسەلە سیمبۆلیە سەرەکییەکان کە دەرکەوتووە زۆرجار بەزەحمەت دادەمرکێنەوە، هەروەک لە لێکدانەکەی موسڵمانەکان و هیندۆزەکان لەسەر مزگەوتی (Ayodhya) و رێڕۆیشتنەکانی ئۆرەنجی ئەلستەر و بارودۆخی قودس بینیمان. چونکە هەروەک لەناوەکەوە دەردەکەوێ، ئیتنۆسیمبۆلیزم تەرکیزی شیکردنەوەکان لە فاکتەرە سیاسی و ئابوورییە دەرەکیە رووتەکان، یان فاکتەرە سۆسیۆبایۆلۆجییەکانەوە دەگوێزێتەوە بۆ فاکتەرە کەلتووریەکانی وەک سیمبۆل و یادەوەری و ئەفسانە و بەها و نەریت.

هەروەک پارادیمەکانی تر، ئیتنۆ سیمبۆلیزم شێوازی جیاواز دەگرێتە خۆی. جۆن ئارمسترۆنگ John Armstrong زیاتر بەلای بۆچوونی پێرینیالستیدا دەیشکێنێتەوە و جیاوازی نێوان نەتەوە و ناسنامە ئیتنییەکان بەهەند وەرناگرێ، (هەرچەندە ئەو جیاوازی لە نێوان نەتەوەکانی پێش و پاش ساڵی ١٨٠٠ دەکات، واتە ئەم ساڵە بەبارست watershed (نەتەوەخوازی) دادەنێ. ئەمەش لە لایەکەوە لەبەر ئەوەیە کە ئارمسترۆنگ لێکدانەوەیەکی دیاردەیی account Phenomenological دەگرێتەبەر کە ناسنامە ئیتنییەکان وەک کۆمەڵێ دید و بەها و هەڵوێست دەبینێ بەردەوام لە جێگۆڕکێ دان. لە لایەکی ترەوە، ئەو شیکردنەوەی سنوورە کەلتووری و سیمبۆلیەکەی فیردریک بارس Fredrik Barth بەکاردەهێنێ و پێ لەسەر پێویستی شیکردنەوەی (ئاڵۆزیی ئەفسانە-سیمبۆل) دادەگرێ لە ماوەیەکی درێژدا بۆ تێگەیشتنی مانەوە و بەردەوامی ئیتنیکی Armstrong 1982 and 1995; Barth 1969

لە لایەکی ترەوە، جۆن هەتچینسۆن، تێڕوانینێکی زیاتر (وێبەر)یانەی گرتۆتە بەر بۆ جیاکردنەوەی کەلتووری مۆدێرن لە جۆرە سیاسییەکانی نەتەوەخوازیی و خستنەڕووی داینامیکی شێوازە کەلتووریەکان. لە هەمان کاتدا، هەتچینسۆن بایەخ دەداتە ئەو ڕۆڵەی کە ڕابردوو بینیویەتی لە بووژانەوەی ئیتنییە پریمۆدێرن و نەتەوەخوازییە مۆدێرنەکاندا و ئەو شێوەیەی کە زەخیرە کەلتووریە پریمۆدێرنەکەی ئەفسانە و یادەوەری سیمبۆلەکان لە لایەن دەزگاکانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن. شیکردنەوەکانی خۆم بەتەنگ مەسەلەی سێیەمەوە دێت کە بریتییە لە سروشت و ڕۆڵی نەتەوەکان لە مێژوودا. لە کاتێکدا دان بەمۆدێرنیتی نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی و بزووتنەوە و سیمبولیزم و پێکهاتنی نوێی زۆربەی نەتەوەکاندا، دەنێم، کەوتمە بیرکردنەوە لە ئەگەری بوونی نەتەوەکان لە پێش پەیدابوونی نەتەوەخوازییدا هەر هیچ نەبێت لە چەند حاڵەتێکدا و ئەنجامەکانی. بەڵام بەگشتی تێڕوانینەکەی من جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە چۆن پەیوەندیە ئیتنییەکانی پێشتر و زۆرجاریش پریمۆدێرن، کاری کردۆتە سەر و لە هەندێک حاڵەتدا بۆتە هۆی پێکهێنانی بناخەی نەتەوە و نەتەوەخوازییەکان کە دواتر پەیدابوون Hutchinson 1987 and 1994; A.D Smith 1986 and 1991.

**ئەنجامگیری** Conclusion

ئیتنۆسیمبۆلیزم لە ئەنجامی نارازیبوون بەبۆچوونەکانی پارادیمە نەیارەکانی rival مۆدێرنیست و پێرینیالیست و سەرنەکەوتنی پرایمۆردیالیزم لە شرۆڤەکانیدا، هاتۆتە



کایەوە. ئەگەر لە لایەکەوە، نەتەوەکان ناگەڕێنەوە بۆ سەردەمانێکی هەرەکۆن immemorial و سەرهەڵدەرەوە (recurrent) نین و لە لایەکی ترەوە نەتەوەکان هێندە نوێ و تازە بابەت نین و تەنیا بەرهەمی نوێکاری (modernisation)یش نین، کەواتە گەڕان بەدوای پارادیمێکی تردا، کە دوو لایەنی duality و سروشتی یانوس (Janus-nature)انەی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی لەخۆ بگرێ و حەقی خۆشیان بداتێ، خۆی دەسەپێنێ.

ئەم پارادیمە لە کاتێکدا فاکتەرەکانی سیاسەتی دەرەکی و جیۆپۆلیتیکی و ئابووری ناخاتە پشت گوێ، پێ لەسەر لایەنە سیمبۆلی و سۆسیۆکەلتوورییە خودییەکان دادەگرێ و پشگیری ئەو بۆچوون و لێکدانەوانە دەکا کە جیاوازی کەم دەخەنە نێوانیان. بەم پێیە دەچێتە ناو مەسەلە سیمبۆلیە گرنگەکانی ناسنامەی ئیتنی ئەفسانە و یادگار، کە زۆرجار تاووتوێکردنیان کارێکی زەحمەتە. نە پێرینیالیزم و نە مۆدێرنیزم توانیویانە بۆ دنیای ناوەوەی نەتەوەخوازیی شۆڕببنەوە و هەروەک ئیتنۆسیمبۆلیستەکان دەڵێن بەبێ ئەم شۆڕبوونەوەیە دەرفەتی تێگەیشتنی نەتەوەخوازیی گەلانی تر زۆر زەحمەت دەبێت و لە ئەنجامدا دەسپێکردن بەلێکۆڵینەوە لە نارەزایی و بەهاکانیان کە دەبنە هۆی نانەوەی ململانێکانیان زەحمەت دەبێت.

گفتوگۆی نێوان پەیڕەوانی هەر چوار پارادیمەکە لە سەر دوو ئاست ئەنجام دراوە. ئاستی تیۆری و ئاستی مێژوویی.. بەڕاشکاوانە دەیڵێین لەناو چوار پارادیمەکەدا، مۆدێرنیستەکان لە ڕووی تیۆریەوە بەهێز و لە ڕووی مێژووییەوە لاواز بوون، لە کاتێکدا پێرینیالیستەکان لە ڕووی مێژووییەوە بەهێز و لە ڕووی تیۆریەوە لاواز بوون و پرایمۆردیالیستەکان، یان تیۆریەکی لاوازیان هەبووە یان هەر نەیان بووە و یان کەمتر پشتیان بەمێژوو بەستووە یان هەر نەیان بەستووە، یان بەهەندنەگر (ڕیدەکشنەڵیست)، (سۆسیۆلۆجی) بوون یان تەئەمولی یان پرایمۆردیالیستی کەلتووری بوون. بەڵام ئیتنۆسیمبۆلیستەکان تێڕوانین نەبێت هیچ تیۆریەکیان نەخستۆتە ڕوو. هەروەکو چاوەڕێ دەکرێ، ئەوان گرنگی بەماکرۆ-مێژوو و لایەنە سۆسیۆکەلتووریەکەی دەدەن، بۆیە بەڕای من ئەوان ڕاستکردنەوەی پێویست بۆ بانگهێشە هەمەلایەنەکانی پەیڕەوانی پارادیمەکانی تر دەخەنەڕوو.

## چاپتەری چوارەم

# تیۆرییەکان
Theories

لەم چاپتەرەدا دەمەوێ باسی هەندێک لەو شرۆڤانە بکەم کە لە لایەن پەیڕەوانی چوار پارادیمەکەوە خراونەتە ڕوو، لەگەڵ ئەو گرفت و گفتوگۆیانەی هێناویانەتە ئاراوە. لە مەیدانێکی فراوانی وەک ئەم مەیدانە ناشێت ئەو هەولانەی دەدرێن سەراپاگیر بن. بەڵام هیوادارم ئەوانەی لێرەدا هەڵمبژاردوون بۆ گفتوگۆ لەسەریان، هەندێک ئایدیا دەربارەی مەسەلە سەرەکییەکان و هێڵەکانی ئارگومێنت کە لەم مەیدانەدا لە ئارادان، بخەنە ڕوو. لەبری ئەوەی هەموو شرۆڤە سەرەکییەکان یەک لەدوای یەک باس بکەم، وام بەباش زانیوە لە شێوەی (گفتوگۆی) خەیاڵ ئامێزدا ئەو شرۆڤانە بخەمە ڕوو. هیوادارم بتوانم بەم ڕێگەیە سروشتی داهێنەرانە و زیندووی ئەو باسە نوێیانە کە لەسەر نەتەوەخوازیی لە سالانی ١٩٦٠ ەکانەوە نووسراون، پیشان بدەم و بەشێوەیەکی زیندووتر هێڵەکانی بۆچوونە جیاوازەکانی ناو ئەم مەیدانە ئاشکرا بکەم.

### ئایدۆلۆجی و پیشەسازی Ideology and Industrialism

ئەگەر بۆچوونەکانی سۆسیۆبایۆلۆجی بخەینە لاوە، ئەوا هەتا ئەم دواییانەش تەنیا یەک تیۆری لە مەیدانەکەدا هەبوو. ئەو تیۆریەش لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە لایەن ئێرنیست گێلنەرەوە لە چاپتەری حەوتەمی کتێبەکەیدا (بیر و گۆڕان) خرایە ڕوو. ناوەرۆکی تیۆریەکەی هەردوو لایەنی تێڕوانیی عەمەلی بەرزبوونەوەی مەدی نەتەوەخوازیی لە مەغریب، کە تیایدا کارە ئەنترۆپۆلۆجیەکەی ئەنجام دابوو، لە گەل تەحەدا ڕووناکبیریەی ئیلی کیدووری مامۆستای زانکۆی ئابووری لەندەن London School of Ecnomics لە خۆ گرتووە. کیدووری لای وابوو نەتەوەخوازیی (دۆکترینێکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەوروپا داهێنراوە)، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا لە سالی ١٨٠٦-١٨٠٧ لە لایەن جۆهان گۆتلۆب فیختە Johann Gottlob Fichte لە بانگەوازەکەیدا بۆ نەتەوەی ئەڵمان. هۆکارەکانی پەیدابوونی نەتەوەخوازیی لەو سەردەمەدا بۆ هۆکاری ڕووناکبیری و



کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. لە لایەکەوە، نەتەوەخوازیی دۆکترینی ئیرادە Will بوو کە لە لایەن ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکانەوە بڵاودەکرایەوە لە وێنەی ئایدیالەکەی ئێمانوێل کانت Im-manuel Kant دەربارەی ئۆتۆنۆمی ئیرادە (خواست)، بەڵام بەناوەرۆکێکی کۆمەڵگیر و بەکارهێنانی بۆ گرووپە کەلتوورییەکان، بەتایبەتی خاوەن زمانە جیاوازەکان دەخرایە ڕوو، ئەمەش جێگەی بایەخی جۆهان گۆتفرید هێردەر بوو دەربارەی فرە کەلتووری. لای کیدووری پێداگرتنەکەی کانت لەسەر ئەوەی ئیرادەی باش بریتییە لە ئیرادەی سەربەست و پابەندیەکەی هێردەر بەئەزموونی ڕەسەنی گرووپە کەلتووریە خۆماڵیەکانەوە، بریتی بوون لە بەرهەمی گەڕانە مەنتیقییەکەی سەردەمی تەنویر بەدوای یەقینی مۆراڵی وڕووناکبیریدا moral and Intellectual certainty.

لە لایەکی ترەوە نەتەوەخوازیی وەڵامێکی شۆڕشگێڕانە و هەڵتەکێنەرانە بوو بۆ ئەو بێزاری و نامۆییەی ڕووناکبیرانی ئەڵمانی و ئەوروپیەکان هەستیان پێدەکرد، ئەوانەی کە لەگەڵ نەریت و بیروڕای باوباپیرانیاندا کۆک نەبوون و بیرۆکراتیەتی ڕەها لەو دەستەڵاتەی دوورخستبوونەوە کە پەروەردە تەنویرەکە فێری کردبوون بەهی خۆیانی بزانن. لای کیدووری ١٩٦٠، نەتەوەخوازیی بریتی بوو لە بزووتنەوەی لاوە بێزارەکان، (جەنگی منداڵان). دۆکترینێک لەم تارماییەدا لە دایک بووبێت، دەبێتە مایەی شەڕ و هەرواش دەرچوو. چونکە نەتەوەخوازیی خۆشیهێنەری ڕووناکبیرە سەر لێ تێکچووەکان جگە لە تۆقاندن و وێرانکاری هیچی تری نەهێنایە ئاراوە بەتایبەتی لەو ناوچانەی لە ڕووی ئێتنییەوە تێکەڵاو بوون.

گێلنەر ڕووبەڕووی ژمارەیەک لە بۆچوونەکانی کیدووری بۆوە. وەک دەسپێک، ئەو کانتی وەک ئەندازیاری بیناسازی سەرەکی نەتەوەخوازیی ڕەتکردەوە، چونکە ئۆتۆنۆمیەکەی کانت دەربارەی ئیرادەی چاک تەنیا تاکەکانی دەگرتەوە نەک گرووپەکان. دووەم گێلنەر نەتەوەخوازیی لەبەر ڕۆشناییەکی پۆزەتیڤ تردا دەبینی نەک بەو پێیەی نەتەوەخوازیی سەیری خۆی دەکا، کە گێلنەر ڕەتی کردەوە، بەڵکو ئەو نەتەوەخوازیی وەک ئامرازێکی ئایدۆلۆجی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبینی. سێیەم، کاتێک ڕووناکبیرە ڕەخنەگرەکان سەرکردەی ڕاستەخۆی بزووتنەوەکە بوون، پێویستیان بەپشگیری چینەکانی خوارەوە هەبوو (چینی پرۆلیتاریا)، کە مەبەستی گێلنەر ئەو جووتیارە بارکردووانە بوو ڕوویان لە شار و شارۆچکە دروستکراوەکان دەکرد. لە کۆتاییدا هەرچەندە ئەو لەگەڵ کیدووری هاوڕا بوو کە نەتەوەخوازیی مۆدێرنە، بەڵام لەو بڕوایەدا بوو ئەمە نە ڕێکەوت و

نە داهێنان بوو. بەڵکو ئەنجامێکی ناچارانەی گواستنەوە بوو بۆ مۆدێرنیتی کە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە تیایدا بەشداربوون. هەرچەندە نەتەوەخوازیی بەشێوەیەکی لۆجیکی دیاردەیەکی ناکاو (تاری) بوو، بەڵام لە ڕووی سۆسیۆلۆجیەوە پێویست بوو- لە جیهانی مۆدێرندا Gellner 1964: ch 7.

دوای ئەوە گیلنەر کەوتە دیاریکردنی تیۆریەکەی و باسی ئەوەی کە ئەمە بۆچی وایە. نوێکاری، کە مەبەستی گیلنەر بەپیشەسازی بوون و ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و کەلتووریانە بوون کە هێنایە کایەوە، گۆڕانی بەسەر هەموو کۆمەڵگاکاندا هێنا بەو ئەندازەیەی شۆڕشی سەردەمی سەدەی بەردین ٨٠٠٠ ساڵ لەوەبەر هێنابوویە ئاراوە. نوێکاری چەشنێکی نوێی لە کۆمەڵگای پیشەسازی پێکهێنا کە پێویستی بەهێزی کاری خوێندەوار و مۆبایەڵ و شارەزا هەبوو، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکانی پێشووتردا، خوێندەواری تەنیا موڵکی کەسانی کەم و پەیوەندی مرۆڤەکان پێکەوە لە سەر سترەکچەری ڕۆڵ و ئەوەی دەزگاکان بۆی دیاری دەکردن، دامەزرابوو، کە زۆرجار بناخەکە خزمایەتی بوو. لە کۆمەڵگا نوێ و پیشەسازیەکاندا کەلتوور جێگەی ئەو سترەکچەرەی گرتەوە. بەواتایەکی تر (کەلتوور و زمان) بوونە چیمەنتۆی پێکەوەبەستنی کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەک لە کەسانی بارکردووی دوورکەوتە لە نەریت پێکهاتبوو کە دەبوایە ئاوێتەی مەکینەی پیشەسازی بوونایە و تەنیا ناسنامەیەک کە خاوەنی بوون و پەسەندیش بکرایە ناسنامەی (هاوڵاتی) بوو کە لەسەر بناخەی خوێندەواری و کەلتوور دامەزرابوو. کەواتە نوێکاری نەریت و کۆمەڵگا نەریتییەکانی لە بن هێنا و زمان و کەلتووری کردە تەنیا بناخەی ناسنامە. گیلنەر دەڵێت (ئەمڕۆ ئێمە هەموو کارمەندین و بۆ ئەوەی ببینە کارمەند و هاوڵاتی پێویستە لە ڕێگەی سیستەمی گشتی و زۆرەملێ و هاوستاندەردی پەروەردەوە فێربکرێین کە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕەخسێنراوە) (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

بەڵام مەدە مەزنەکەی نوێکاری ئاکامێکی تری تاریکتری لەگەڵ خۆی هێنا. لە ئەورووپای ڕۆژئاواوە کە ناوجەرگەی نوێکاری بوو بەرەو دەرەوە کشا و بووە هۆی دابەشبوونی ناوچەکان بەئاستی جیاواز و جۆری بزووتنەوەکە و ناوچە جیاوازەکانی لە کاتی جیاواز و بەڕێژە و خەستی جیاواز گرتەوە. لە هەمان کاتدا دانیشتووانی دابەش کرد بەسەر دانیشتووە کۆنەکانی مەڵبەندە پێشکەوتووە گەورەکان و پرۆلیتاریا بارکردووە نوێیەکە کە تا دەهات بێبەش دەکرا لە سامانی گرنگی ناوچە پێشکەوتووەکانی وەک



خانووبەرە و کارکردن و پەروەردە. لێرەدا ئەگەر بێبەشەکان هاوبەش بوون لە بەکارهێنانی زمان و کەلتوور لەگەڵ دانیشتووە کۆنەکان ئەوا ئەو نارەزاییەی پەیدا دەبێت بەرەو ململانێی چینایەتی دەگۆڕدرێ. بەڵام ئەگەر هاوبەش نەبوون و ڕەنگ و زمان و ئایینی تازەهاتووەکان جیاواز بوو لەگەڵ دانیشتووە کۆنەکان، ئەوا سەرباری ململانێ چینایەتییەکە، ناکۆکی ئیتنیش پەیدا دەبێت. لەم بارودۆخەدا پرۆلیتارە تازە هاتووەکان زیاتر گوێبیستی بانگەوازەکانی ئینتێلیجێنتسیای هاوکەلتوورەکانیان دەبن بۆ هاوکاری کردنیان لە پێکەوەنان و دروستکردنی نەتەوەیەکی بەتەواوی نوێ: ئا لەم کاتەدا دوو جۆرە نەتەوەخوازیی دەبنە هۆی سەهەڵدانی دوو نەتەوە لە هەردوو بەری دابەشبوونەکەوە. کەواتە لە پاڵ بانگێشە ڕازاوەکەدا نەتەوەخوازیی بوە پرۆگرامێکی پراکتیکی و پێویستیەکی مەوزوعی Gellner 1964; ch 7; 1973

دواتر گیلنەر لە زۆر ڕووەوە تیوریەکەی دارِشتەوە. یەکەم، ئەو پیشانی دا بۆچی نەدەکرا لە سەردەمی پریمۆدێرن دا نە نەتەوەکان و نە نەتەوەخوازیش هەبن. پێویستی بوونی هیچ یەکێکیان لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیە خوێندەوارە (Agro-literate)کاندا کە لە لایەن ژمارەیەکی کەمی ئیلیتەوە بەڕێوە دەبران، لە ئارادا نەبوو، چونکە کۆمەڵە ئیلیتەکە هاوبەشی هەمان کەلتووری خەڵکە زۆرە خۆراک بەرهەمهێنەرەکەی خوار خۆیان نەدەکرد و بەپێویستیشیان نەدەزانی ئەمە بکەن. لە لایەکی ترەوە خەڵکە بەرهەمهێنەرەکە بەسەر کۆمەڵێک کەلتووری زمانیدا دابەش بووبون و سکاڵاکانیان هەرگیز شێوازی نەتەوەیی وەرنەدەگرت. تەنانەت پیاوانی ئاینی کە تەنیا توێژێک بوون ئارەزووی مۆنۆپۆلیکردنی کەلتووریان دەکرد، سامانی تەواویان نەبوو ئەم کارە بکەن Gellner 1983.

دووەم، گیلنەر بەدوورودرێژی باسی جۆری سیفاتە کەلتووریەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی کردووە. لێرەدا ئەو تێرمی (کەلتووری باڵا)ی بەکارهێناوە کە مەبەستی کەلتووری ئیلیت نییە، بەڵکو خوێندن و کەلتووری جەماوەری ستانداردی (باخچەیی)یە کە لە لایەن پسپۆڕان و سیستەمی پەروەردەی گشتییەوە بەڕێوەدەچێ. ئەو ئەم جۆرە کەلتوورەی پێچەوانەی کەلتوورە نزمە نامۆ و بایەخ پێنەدراوەکان دانا کە سیمای کۆمەڵگاکانی پریمۆدێرن بوون و لە بارودۆخی مۆدێرندا نەیان دەتوانی بمێننەوە و دەبوایە یان بگۆڕێن بۆ کەلتووری باڵا یان لە ناوبچن. سێیەم، گیلنەر ناکۆکی خۆی لەگەڵ پێرینیالیست و پرایمۆردیالیستەکاندا قووڵ کردەوە، نەک تەنیا بەوەی بانگێشەکانی

ئایدۆلۆجیە نەتەوەخوازییەکانی بەدرۆخستەوە، بەڵکو بەپێداگرتنی لەسەر نوێیی نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی لە ڕووی سۆسیۆلۆجی و مێژووییەوە،هەرچەندە لەوانەیە لایەنی کەلتووری پریمۆدێرن بەکار بهێنن، بەڵام لە ڕاستیدا پێویستیان پێی نەبووە. (پینە و تاڵە کەلتووریەکان کە لە لایەن نەتەوەخوازییەکانەوە بەکارهێنراون زۆرجار داهێنانی ئارەزوومەندانەی مێژوویین و هەر تاڵێک و هەر پینەیەکی تر دەتوانرا هەمان کەڵکیان لێ وەربگیرێ) (هەمان سەرچاوە: ٥٦). هەمان خاڵی تەنانەت بەشێوەیەکی بەهێزتر لە کاتی دوا موحازەرەی جەماوەری خۆیدا لەسەر ئەم بابەتە دووپات کردەوە کاتێ وتی نەتەوەکان لە سەدەی هەژدەیەمدا دروست کران و هیچ شتێکیش پێش ئەم کاتە بایەخی نەبوو. نەتەوەکان هەروەکو ئادەم پێویست ناکات سەرەتایان هەبێت Gellner 1996

هەموو ئەمانەش ڕێگەی بۆ ئەوە خۆش کرد کە شێوازی دوایی تیۆریەکەی گیلنەر (١٩٨٣) ڕوخسارێکی ماتریالیستی و حەتمی بەخۆوە بگرێ. نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی وەک پێویست و بزوێنەری نوێکاری پیشەسازی سەیرکران، هەروەک چۆن نوێکاری پیشەسازی پێویست بوو ببێتە نەتەوەخواز. جۆرە پێکهاتێکی تایبەتی سۆسیۆئیکۆنۆمی، پێویستی بەجۆرێکی تایبەتی لە کەلتوور و ئایدۆلۆجی هەبوو، بەپێچەوانەشەوە Gellner 1997.

ئەمەش هەمان هەڵوێست بوو کە تۆم نەیرن لە (هەڵوەشاندنەوەی بەریتانیادا -١٩٧٧) گرتیە بەر. ئەو وتی لە بەریتانیادا نایەکسانی لە گەشەکردندا بزوێنەری سەرەکی نەتەوەخوازیی بوو. لای نەیرن ئەمە شەپۆلی نایەکسانی کاپیتالیزم بوو نەک بەپیشەسازی بوون. جگە لەمە کاپیتالیزم بەتەنیا خۆی نەگەیاندە کەنار periphery بەڵکو لە باوەشی fetters ئیمپریالیزمدا هات. بۆرژوازیە کاپیتالیستەکانی شارە گەورەکان هاوکاری مەزن کران لە لایەن کارگێڕان و سوپاکانی هێزە گەورەکانی ڕۆژئاواوە بۆ چەوساندنەوەی کۆڵۆنیەکان. بەرامبەر ئەم هێرشە ئیلیتەکانی وڵاتانی کەنار و کۆڵۆنی کراوەکان دەستەوەستان بوون. ئەوانە نە چەک و نە سامان و نە تەکنەلۆجی و نە بەهرەیان هەبوو کە هاوتای ئەوانەی ئیمپریالیستەکان بێت، بەڵام یەک سەرمایەیان هەبوو. لەم بارودۆخە بێ دەستەڵاتیەدا- کە مانای ڕاستەقینەی دواکەوتن بوو- ئەوان پەنایان بردە بەر یەک شت کە بەلێشاو هەیانبوو، ئەویش خەڵک بوو. ئەوان تەنیا خەڵکیان هەبوو کە دەرکەوت چەکێکی کاریگەر بوو. ئەوان کەوتنە وروژاندنی خەڵکەکە و بۆ گەڕانەوە بەرەو مێژوو بانگهێشیان کردن. کارتی بانگهێشەکانیان بەزمانی ئەوان و کەلتووری ئەوان نووسی و



بەها جەماوەریەکانیان بەئاراستەی بزووتنەوەی بەرگری نەتەوایەتی جڵەوگیر کرد. هەر لەبەر ئەمەیە کە نەتەوەخوازیی هەموودەم بزووتنەوەیەکی میللی و ڕۆمانتیک و بازدەرە بەسەر چینەکان و هەر بۆیەش لەسەر بەها ئیتنییەکانی جەماوەر دەژی Nairn 1977;chs 2,9 .

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کارێکتەر و ئایدیاڵەکانی نەتەوەخوازیی بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی جیۆپۆلیتیک دەگۆڕێ؟ ئایا ئیلیتەکان وەکو جەماوەر بێ هێز و دەستەوەستانن و ئایدیاکانیان، لە بارودۆخێکدا کە تیایدا پرۆسە سۆسیۆئیکۆنۆمیکە جیهانیەکان لە کۆتاییدا بڕیاردەر دەبن، بێهوودەن؟ بێگومان ئەمە ئاکامی تیۆری مۆدێرنایزەیشنە هەروەک گیلنەر بۆ خۆی دەڵێت (پاشا Philopher-kingsکانی جیهانی دواکەتوو هەموویان وەک ڕۆژئاواییەکان ڕەفتار دەکەن و هەموویان وەک (narodniks دەئاخڤن Gellner 1964:171.

لای کێدووری حەتمیەتی ئایدۆلۆجی تیۆری مۆدێرنایزەیشن، هاوسەنگی حەتمیەتی سۆسیۆئیکۆنۆمیک دەکات. لای گیلنەر، بەتایبەتی ئایدۆلۆجی- ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی- تا ئەندازەیەکی زۆر بێ کەڵک و هەڵەیە. بوونی نەتەوەکان شتێک نییە لە چارەیان نووسرابێ predestined و مرۆڤیش بەشێوەیەکی ئاسایی پێویستی بەبوونە ئەندامی نەتەوە نییە. بەڵکو ئەوە مۆدێرنیتەیە کە نەتەوەکانی گەرەکە و بوونە ئەندامی نەتەوە ئاسایی دەنوێنێ. ئەوە مۆدێرنێتەیە کە دەبێت لە شێوەی نەتەوەخوازییدا دەربکەوێ و نەتەوەخوازیش نەتەوەکان دروست دەکات: (نەتەوەخوازیی... لەو شوێنانەدا کە نەتەوەی تێدا نییە نەتەوە دروست دەکات، بەڵام بۆ ئەم دروستکردنە پێوستی بەهەندێک نیشانەی جیاکەرەوە هەیە کە لەوەبەر هەبوون، تا کاریان لەسەر بکات، تەنانەت ئەگەر... ئەم نیشانە جیاکەرەوانە بەتەواوی نێگەتیڤیش بن) (هەمان سەرچاوە). دواتر دەگەڕێمەوە سەر مەسەلەی نیشانە جیاکەرەوەکان. بۆ ئێستا دەمەوێ تەرکیز بکەمە سەر ئەو ڕێگایانەی کە تیایاندا ئایدیاکان بەتایبەتی ئایدۆلۆجی (نەتەوەخوازی) لە زنجیرە ئاساییەکە دەرهێنرا. مەسەلەکە لێرەدا تەنیا مەسەلەی حەتمیەت و نەبوونی ئیختیار نییە لە لایەن ئیلیتەوە، بەڵکو مەسەلەکە، مەسەلەی (کورتکردنەوە)یە کە بەهۆیەوە توخمە سەرەکییەکان و قۆناخە گرنگەکانی شرۆڤەیەکی پڕمانا و ورد لابراون.

گیلنەر لای وایە نەتەوەکان بەهۆی (نەتەوەخوازی)یەوە دروست بوون و نەتەوەخوازیش

ئەو شێوازە کەلتوورییە کە مۆدێرنیتی دەیگرێتەخۆی، کە مەبەست لە پیشەسازێتی مۆدێرنە. لەم تیۆریەدا نەتەوەخوازیی دەبێتە شێوازێکی پێویستی کەلتوور (کەلتووری باڵا) و هێزی ئەکتیڤ و ئاراستەکاری نییە و بەشداریەکی جیاواز ناکات، بەڵکو لە میانەی پریزمی کەلتوورەوە دەچێتە ناو پیشەسازێتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕاستیدا شێواز و توندیی نەتەوەخوازیی گرنگ نییە و ئەوەش گرنگ نییە کە دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی کام نەتەوە و کەی و لە کوێ. هەموو ئەمانە بەرامبەر پێویستی جیهانیی (نەتەوەخوازیی بەگشتی) مامناوەندین و ناکرێت بەشرۆڤەکردنی ئەو پێویستیانە ڕۆشناییان بخرێتە سەر. کەواتە تیۆریەکە ناتوانێ تێمان گەیەنێ بۆچی نەتەوەخوازیی لەناو هەندێک نەتەوە و دەوڵەتدا نەرم و لە هەندێکی تریاندا سەرسەختە و بۆچی هەندێک نەتەوە دروست دەکاو هەندێکی تر لەناو دەبات و بۆچی لێرە ڕووبەڕووی نەتەوەخوازیی ئایینی و لەوێدا نەتەوەخوازیی شۆڕشگێڕی و دیسانەوە هەر لەوێدا ڕووبەڕووی نەتەوەخوازیی ڕەیسیست و فاشیستی دەبینەوە.

بەواتایەکی تر (نەتەوەخوازی) گیلنەر کەمتر،یان هەر پەیوەندی نییە بەو مانایەی کە زۆربەی خەڵک (نەتەوەخوازی) پێ لێ کدەدەنەوە: ئەو ئایدۆلۆجی و بزووتنەوانەی لەژێر ئاڵایاندا گەلان هەوڵی دابینکردنی یەکێتی و ناسنامە و ئۆتۆنۆمییان داوە بۆ نەتەوەکانیان. لە لایەکی ترەوە کیدووری بەدەوری خۆی قورسایی و ڕۆڵێکی زیاتری بەم بیر و بزووتنەوانە داوە، هەرچەندە هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییەی داوە لە پێشەکییەکەیدا بۆ ئەنسۆلۆجی نووسینە نەتەوەخوازەکان لە ئەفەریقا و ئاسیادا Kedourie 1971، بەڵام دەشێ ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەو باشی بۆ نەچووبوو کاتێک پیشانی دا چۆن بەڵێنە مەسیح ئاساکانی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی بەپەرۆشەوە لە لایەن لاوە بێزار و سەرلێشێواوەکانەوە (پیاوانی کەنارخراو) باوەشی بۆکرایەوە، ئەوانەی لەنێوان نەریتەکانی کۆمەڵگاکانیان و بەڵێنە خەڵەتێنەرەکانی ڕۆژئاوادا گیریان خواردبوو.

لای کیدووری نەتەوەخوازیی بریتییە لە دۆکتەرینی ئیرادە بەڵام لای گیلنەر ئەو شێوازە کەلتوورییە کە پیشەسازێتی دەیگرێتە خۆی. لای کیدووری بیرە نەتەوەخوازییەکان خۆیان و بەحەقی خۆیان خاوەن هێزن و لە ڕاستیدا ئەو هێزەیان هەیە گەلان گومڕا و سەرلێشێواو بکەن و لە ئاکامدا لە ناویان بەرن. لای گیلنەر ئایدیاکان خاوەنی ئەم جۆرە هێزە نین و ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی تەنیا ڕووخساری کارە ڕاستەقینەکانی کەلتووری پیشەسازێتی



دەردەخەن. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە وایە ئەوا دەکرا لەناو جیهانی نەتەواندا زیاتر هاوشێوەیی و چونیەکی بەدی بکرایە بەتایبەتی لە ڕووی کارێکتەری نەتەوەکان و ناوەڕۆک و ئاکامی ئایدۆلۆجیەکانیان. بەڵام ئاشکرایە مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە و ئەمەش ناتەواویەکی زەقی تیۆری مۆدێرنایزەیشن پیشان دەدات: لەم تیۆریەدا جێگای ئایدیاڵ و ڕۆڵی تاکەکان دیارنییە. لەم ڕووەوە بۆچوونەکەی کیدووری، لەگەڵ هەموو کەموکورتیەکیدا، ڕاستکردنەوەیەکی بایەخدار دەخاتەڕوو. ئەم بۆچوونە زانیاری زیاترمان دەخاتە بەردەم- بەتێڕوانینێکی قووڵەوە- دەربارەی کارەکانی ناوەوەی ئایدۆلۆجیە نەتەوەخوازەکان و ڕووناکبیران و لە کاتێکدا تێزەکەی دەربارەی بڵاوبوونەوەی نەتەوەخوازیی زۆر ناتەواوە، لە هەمان کاتدا زۆر شتیش لەسەر پاشخانی فەلسەفی نەتەوەخوازیی لە ئەوروپاداو بارودۆخ و هۆکارە هاندەرەکانی کۆمەڵێک لاوانی ڕۆشنبیر لە ئەفەریقا و ئاسیادا ڕوون دەکاتەوە. بۆچوونەکەی کیدووری سەرەڕای هەموو حەتمیەتە ئایدۆلۆجیەکەی ڕاستی وتە بەناوبانگەکەی دۆرخایم (Durkheim)مان بیردەخاتەوە کە دەڵێ ئایدیاکان کاتێک لە دایک دەبن، دەبنە خاوەنی ژیانی تایبەت بەخۆیان.

**مەنتیق و سۆز** Reason and Emotion

مشتومڕی نێوان کیدووری و گیلنەر گفتوگۆیەک بوو لەناو کامپی مۆدێرنیستەکاندا و گفتوگۆیەکی بایەخدار بوو. ئارگومێنتەکانی تر لە هەڵوێستی جیاوازی ئەو باسکارانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە چوارچێوەی پارادیمە جیاوازە نەیارەکاندا خراونەتە ڕوو. من ئەو ئارگومێنتانە لە شێوەی گفتوگۆی زادەی خەیاڵ imagined debatsدا دەخەمە ڕوو.

یەکێک لەو جیاوازیانەی لە هەڵوێست و گفتوگۆکانی باسکاران scholarsدا بەدی دەکرێت پەیوەندی بەمەسەلەی مۆتیڤەیشن هەیە بەتایبەتی ئەوەی بۆچی خەڵک وەک نەتەوەخواز بیردەکەنەوە و دەبنە نەتەوەخواز. لای مایکڵ هێچەر ئەمە بەزۆری پەیوەندی بەمەسەلەی ئیختیاری مەنتیقی rational choice هەیە. بەدوورکەوتنەوە لە بۆچوونەکەی پێشتری دەربارەی (کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆ) لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوادا، هێچەر (١٩٨٨) پەنای بردە بەر تیۆریەکی گشتی هاوکاری solidarity کە پشتی زۆری بەشیکردنەوەی ئیختیاری مەنتیقی و تاکخوازی میتۆلۆجی Methodological In- diviualism بەستبوو. بێگومان (هەڵبژاردنی سەربەخۆی تاکەکان) لەناو پێکهاتێکدا بەڕێوە دەچێ کە کەم و زۆر ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان دەکات لە چوارچێوەیاندا تاکەکان

هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام شێوازی ئەو ڕەفتارانەی تاکەکان ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوەی ئەم سنوورانە دەرناچێ و بەشێوەیەکی مەنتیقی هەڵدەبژێردرێن، واتا بەپێی لێکدانەوەی سوود و زیانەکان. گرووپە ئیتنییەکان نموونەی بەرچاوی گرووپە هاوکارەکان (Solidarity Groups)ن کە لە توانایاندا هەیە خەڵات و سزا ببەخشن و کۆنترۆڵی زانیاری بکەن.

ئایا ئەم نەخشەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر مەسەلەکانی وەکو جیابوونەوەی نەتەوەیی و زەبروزەنگی نەتەوەخوازانە؟ جیابوونەوە کارێکی مەترسیدارە و تەنیا دەسکەوتی تایبەتی وەک پەیداکردنی کار دەتوانێ چینی ناوەڕاست ڕازی بکات تا بەشداری کارێکی لەم جۆرە بکەن و تەنانەت ئەو کاتەش بەشداریکردنەکە لەسەر ئەو بۆچوونە دەوەستێ کە ئەم چینە بەرامبەر هێزی دەوڵەتە جیابوەوەکە هەیانە Hechter 1992:273-5.

دەربارەی زەبروزەنگی نەتەوەخوازیی بەشێوەیەکی ئاسایی بەپێی ئاستی چەوسانەوەی دەوڵەت بۆ گرووپە بەرهەڵستکارەکان دەگۆڕێ: (بەڵگەی زۆر لە ئارادان ئەوە دەردەخەن کە گرووپە نەتەوەخوازەکان زەبروزەنگ بەکاردەهێنن بۆ هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەکانیان و سەروەرییش دیارترینی ئەو ئامانجانەیە) Hechter 1995:62. لای هێچەر کێشەی سەرووی ئیرلەندا ئەوە دەردەخات کە زەبروزەنگی نەتەوەخوازیی سنووردارە، چونکە گرووپێکی نەتەوەخوازیی تەبای لاواز ڕووبەڕووی دامودەزگای دەوڵەتێکی بەهێز بۆتەوە کە لە توانایدا هەیە جیابوونەوەکە سەرکوت بکات. زەبروزەنگ لە حاڵەتێکدا لە هەڵچووندا دەبێت کە دەوڵەتێکی لاواز ڕووبەڕووی نەتەوەخوازییەکی تەبای بەهێز دەبێتەوە.

ئەمە چوارچێوەی نوێترین بۆچوونەکانی هێچەرە لەسەر ئەم مەسەلەیە. لێرەدا ئەو ڕادەگەیەنێ کە نەتەوەخوازی، ئەو پرنسیپەی لای وایە، پێویستە نەتەوە و یەکەی حوکم (مەرج نییە دەوڵەت بێت) پێکەوە جووت بن، مۆدێرنە، چونکە فەنکشنی بزووتنەوەیەکی نوێکاری جیهانییە بەرەو حوکمی ڕاستەوخۆ. لە فەرمانڕەوایەتییە پریمۆدێرنەکاندا ئیلیتەکانی کەنار بەگشتی دەرفەتیان پێدەدرا حوکمی دانیشتووانی ناوچەکانیان بکەن لەژێر دەستەڵاتی شلی ئیمپراتۆریەتەکەدا بەگوێرەی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی ناڕاستەخۆ کە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەنەکان بوو. بەڵام لە جیهانی مۆدێرندا دەوڵەتی خاوەن دەستەڵاتی ناوەندی بوونە باو و دانیشتووانی ناوچەکان (کەنار) کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی



ڕاستەوخۆی کەسانی نامۆی ئەوتۆوە کە ئاگاداری پێویستییەکانی دانیشتووانی ناوچە کەنارییەکە نەبوون. هەر لەو کاتەوە بوو کە لای ئیلیتەکانی کەنار پەنابردنە بەر سیاسەتی نەتەوەخوازیی بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەرەو پەسەندکردن چوو، هەر بۆیە ئێمەش نەتەوەخوازیی تەنیا لە جیهانی مۆدێرندا بەدی دەکەین Hechter 2000, chs 2-3.

لێرەدا هێچەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو ڕەخنانە دەداتەوە لە بۆچوونەکانی پێشووی کە لەسەر بناخەی (ئیختیاری مەنتیقی) داڕێژرابوون، لێی گیرابوو، بەوەی کە ئەو بۆچوونانە کەم یان هەرهیچ دەربارەی تایبەتمەندێتی نەتەوەخوازیی ناڵێن، چونکە ئەو نەخشەیەی ئەو کێشابووی دەکرێت بۆ هەر جۆرێکی ڕاپەڕین و زەبروزەنگ بەکار بهێنرێ. ئێستا لەبەر گۆڕینی چەشنی فەرمانڕەوایی شتێکی ماقووڵە بەتایبەتی پەنا ببرێتە بەر نەتەوەخوازیی وەک ئامرازێکی پێکەوەگرێدانی دانیشتووانی کەنار بەئیلیتەکانی کەنارەوە دژی ناوەندێتی دەوڵەت لە ڕێگەی (نەتەوە)ی هاوبەشەوە. بەڵام دەشێت ئێمە ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی دەبێت دانیشتوان دوای سەرکردایەتی ئیلیت بکەون؟ هەموو بۆچوونەکانی هێچەر وا دادەنێن مەنتیقی تاک (individual rationality) بناخەی نەتەوەخوازییە کە جێگەیەک بۆ بەها و یادگار و سیمبوڵ و سۆزە بەکۆمەڵەکان ناهێڵێتەوە، تەنیا بۆ سامان و پایە و دەستەڵات نەبێت. بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ئەمانە بەسن بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ئالودەیی و کاریگەرییە فراوانەی نەتەوەخوازیی هەیەتی؟ ئایا بۆ نموونە ئێمە دەتوانین کاریگەری یادگارەکانی جەنگەکانی پێشووتر و کارە خوێنڕێژییەکان لە ئان و ساتی تەنگژە سیاسییەکاندا فەرامۆش بکەین، کاتێ تاکەکان بەشداری لە ڕاپەڕین یان بزووتنەوەیەکی تایبەتی نەتەوەخوازیدا دەکەن بەبێ ئەوەی سوودی خۆیان لەبەرچاو بگرن؟

لای وۆکەر کۆنۆر Walker Connor و جۆشوا فیشمان Joshua Fishman، ئەمە هەر جێگەی باس نییە. کۆنۆر لای وایە کە نەتەوەخوازیی ناکرێت بەتەنیا گەڕانێکی مەنتیقی بێت بەدوای خێروخۆشی کۆمەڵدا چونکە لە پێش هەموو شتێکدا نەتەوەخوازیی بریتییە لە خۆشەویستی بۆ نەتەوەیەکی ئیتنی بەپێچەوانەی پاتریۆتیزمەوە کە دڵسۆزی (loyalty)یە بۆ دەوڵەتی خاوەن خاک. نەتەوەخوازیی مەدەنی کە لای مۆدێرنیستەکان ڕەواجی زیاترە و لە ڕاستیدا بریتییە لە پاتریۆتیزم، لە ڕاستیدا تەنیا جۆرێکی (مەنتیقی) دڵسۆزییە و دەتوانرێت بەشێوەیەکی مەنتیقی شرۆڤە بکرێت، بەڵام ئیتنۆ نەتەوەخوازیی تەنیا نەتەوەخوازییەکە هەرگیز ناکرێت بەشێوەیەکی مەنتیقی شرۆڤە بکرێت. دەکرێت شی

بکرێتەوە و بەکاربهێنرێ invoked. ئەمەش کوتومت ئەوەیە کە سەرکردە نەتەوەخوازەکان ئەنجامیان داوە و لەمەشدا زۆر سەرکەوتووتر بوون لە باسکارەکان چونکە ئەوان بەشێوەیەکی حەدەسی تێگەیشتوون کە (لە ناخی ئیتنۆسایکلۆجیدا هەستی خوێنی هاوبەش هەیەو دوودڵیش نەبوون پەنای بۆ بەرن) Connor 1994:197. لای وۆکەر کۆنەر نەتەوە بریتییە (لەو گرووپە خەڵکەی بڕوایان وایە کە پەیوەندی نێوانیان لە باووباپیرانەوە بۆ ماوەتەوە. ئەمەش گەورەترین گرووپە ئەم بڕوا هاوبەشەیان هەیە (هەمان سەرچاوە). نەتەوە لە بناخەدا لەسەر هەستکردن بەپەیوەندی خزمایەتی دامەزراوە، لە باوەڕی ناهۆشیارانە (subconscious)ی ئەندامەکانیدا: جەوهەرەکەی بۆندێکی سایکلۆجییە کە گەلێک پێکەوە دەبەستێتەوە و لە گەلانی تری جیادەکاتەوە (هەمان سەرچاوە: ٩٢).

بێگومان باوەڕ بەپەیوەندی خزمایەتی و ئەفسانەی بنەچەی ئیتنی هاوبەش مەرج نییە و بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ بنەچە بایۆلۆجیە ڕاستەقینەکەدا و ئەوەی ئێمە دەربارەی ڕاستی مێژوویی دەیزانین، یەک ناگرنەوە. پاشان ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی نەتەوەخوازییدا گرنگە ئەوە نییە کە شتەکە چۆنە بەڵکو ئەوەیە کە ئەو شتە چۆن هەستی پێدەکرێ کە وایە. بڕواهێنان بەبوونی باووباپیرانی هاوبەش لەسەر بناخەی ڕاستی و مەنتیق دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر هەستی بەهێز و نا مەنتیقی (نەک نەفامانە)ی ئەندامان دامەزراوە. دەکرێت لە کاریگەرێتی و وروژاندنەکەی بکۆڵرێتەوە، بەڵام ناتوانرێت بەشێوەیەکی مەنتیقی شرۆڤە بکرێت. هەر هەوڵدانێک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، پەی نەبردنە بەقووڵایی و هێزی بیروباوەڕی نەتەوەیی.

ئەمە تێڕوانینێکی بەهێز و بنچینەییە و وەک حاڵەتێکی ئەوپەڕی پێرینیالیزم، ئەگەر نەڵێین پرایمۆردیالیزم، خۆی دەنوێنێ-ئەمەش بۆچوونێکە لە ئاکامی شیکردنەوەکەی کۆنۆر دەربارەی پەیوەندی نێوان گرووپە ئیتنییەکان و نەتەوەکان بەهێزتر دەبێت. لای کۆنۆر نەتەوەکان لە ڕاستیدا تەنیا گرووپی ئیتنی خۆناسن self aware. لە کاتێکدا گرووپە ئیتنییەکان ڕەنگە لە لایەن کەسانی دەرەکییەوە هەست بەبوونیان بکرێ و بەرجەستە بکرێن و پێویست ناکات خۆناس بن،پێویستە نەتەوەکان خۆیان پێناسەی خۆیان بکەن self defined. لەبەر ئەوە گرووپە ئیتنییەکان دەشێن وەک (گەلانی پێش نەتەوایەتی) و بەرەو بوون بەنەتەوە سەیر بکرێن. لە لایەکی ترەوە، نەتەوەکان کۆمەڵگای تەواو خۆناسن و لەبەر ئەوەی کە ئەوان دیاردەی جەماوەرین تەنیا کاتێک بوونیان دەبێت کە زۆربەی ئەندامانی هۆشیاری نەتەوەییان هەبێ. لە پراکتیک و لە دیموکراسیدا ئەمە ئەو واتایە



دەگەیەنێ کە زۆربەی ئەندامان بەشداری ژیانی نەتەوە بکەن و لای کۆنۆریش مانای ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامان خاوەنی دەنگ بن (هەمان سەرچاوە: ٩٨-١٠٣)

تێڕوانینەکەی کۆنۆر هەروەک دەردەکەوێ بەوە کۆتایی دێت کە بەتەواوی پێچەوانەی پێرینیالیزم بێت چجای پرایمۆردیالیزم. بەشێوەیەکی لێدێ کە ببێتە جۆرێک لە جۆرە ڕادیکالەکانی مۆدێرنیزم، هەڵبەتە جۆرێکی تاڕادەیەک تایبەتی. چونکە کۆنۆر ئەو ئەنجامگیریە بەدەست دەهێنێ کە نەتەوەکان تەنیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدابوون، لەکاتێکدا زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانیان لە ناویاندا ئافرەتان کەوتنە بەشداریکردن و _دەنگدان- لە ژیانی گشتیدا. بێگومان هەرگیز ناتوانین بزانین کە بەر لەوکاتە جەماوەرە جووتیارەکە بیریان لەچی دەکردەوە و چ جۆرە هەستێکیان هەبوو. لەڕاستیدا تەنیا لە دوای ساڵی ١٧٨٩ ەوە، کاتێک دۆگمای (حوکمی بێگانە حوکمێکی نارەوایە) کەوتە بڵاوبوونەوە لەناو ئەو گەلانەدا کە هۆشیاری ئیتنییان هەبوو، نەتەوەکان بەقۆناخ کەوتنە پەیدابوون. لەم پرۆسەیەشدا مۆدێرنایزەیشن و پەیوەندی فرەلایەن، بوونە کاتالیستی گرنگ... چونکە بەڕاکێشانی خەڵک بۆ پەیوەندی بەردەوام، مۆدێرنایزەیشن بەشێوەیەکی سەیر بووە هۆی لێدابڕانیان و وای لێکردن کە هەست بەبوونی خۆیان بکەن لە کاتێکدا لەوەبەر و لەژێر حوکمی ئیمپراتۆریدا بەرەو تواندنەوەی کەلتووری دەچوون. (هەمان سەرچاوە: ١٦٩-١٧٤)

ئەمە ئەنجامگیرییەکی سەیرە و پێدەچێ لەگەڵ گیانی کارەکەی کۆنۆردا یەک نەگرێتەوە و سەبارەت بەپێناسە و لێکدانەوەی مێژوویی، پێویستی بەچەندین پرسیار هەیە. ئەمە هەروەکو ئەوە وایە مۆدێرنیزمی نەتەوایەتی سواری پشتی پێرینیالیزمی ئیتنی بووبێت. بەڵام وردبوونەوەیەکی نزیکتر ئەوە دەردەخات ئێمە ڕووبەڕووی تەنیا مۆدێرنیزمی ناکاو، یان مۆدێرنیزمێک کە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجی پەیدا بووبێت دەبینەوە. لای کۆنۆر لە ڕاستیدا نەتەوەکان لەڕووی چۆنیەتیەوە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ گرووپە ئیتنییەکاندا نییە و بەرهەمی مۆدێرنایزەیشنیش نین، هەروەکو مۆدێرنیزمی سۆسیۆلۆجی و دروستەیی structural جەختی لەسەر دەکەن. هۆکاری بنەڕەتی ئەمەش لای کۆنۆر ئەوەیە کە نەتەوەکان هەروەک گرووپە ئیتنییەکان دیاردەی سایکۆلۆجی جەماوەری و لە کۆتاییشدا دیاردەی هەستی خزمایەتین.

ئایا نەتەوەخوازیی مەنتیقیەتی تێدا نییە؟ ئایا نەتەوەخوازیی هەروەک ڕۆمانتیکەکان دەیانەوێ تێمان بگەیەنن تەنیا مەسەلەی خوێن و سۆزە؟ ڕەنگە جۆشوا فیشمان باشی

بۆچووبێ کە دەڵێ ئیتنیکی بریتییە لە مەسەلەی (بوون) سەرەڕای (زانین) و (ڕەفتارکردن) و: ئیتنیکی هەمیشە وەک دیاردەی خزمایەتی هەڵسوکەوتی پێکراوە و بریتی بووە لە بەردەوامی لەناو (خود) و لەناو ئەوانەی کە پەیوەندی هاوبەشی ناو وەچەیەک بەهەمان باووباپیرانەوە دەیان بەستێتەوە. ئیتنیکی تا ڕادەیەک هەڵسوکەوتی پێدەکرێ وەک ئەوەی کە (ئێسکێک بێت لە ئێسکەکانی ئەوان و گۆشتێک بێت لە گۆشتی ئەوان و خوێنێک بێت لە خوێنی ئەوان). خودی لەشی مرۆڤ، وەک دەربڕینێکی ئیتنیکی سەیر دەکرێ و بەگشتی وا هەست دەکرێ کە ئیتنیکی لەناو خوێن و ئێسک و گۆشتا بێت Fishman 1980:84-5

لە لایەکی ترەوە ئایا خەڵک - بەنەتەوەخوازەکانیشەوە- بەوردی حساب بۆ- هەروەک هێچەر دەڵێت- سەختیەکانی شۆڕشە نەتەوەخوازەکان و نرخی هاوبەشیکردن لە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان و قازانجەکانی برایەتی ناکەن؟. تەنانەت ئەگەر دان بەوەدا بنێین - کە پێم وایە دەبێت دانی پێدا بنێین، کە لایەنی بەهێزی سەبجەکتیڤ هەیە لەناو نەتەوە و نەتەوەخوازییدا کە هەندێک جار خەڵک (بە خوێنیان بیردەکەنەوە) و کۆنۆر وتەنی (بە شێوەیەکی خۆویست-تەوعی خۆیان بۆ ئەو شتانە بەکوشت نادەن کە مەنتیقین)، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم دیاردانە مەنتیقی نین و ناتوانرێ لە چوارچێوەیەکی دروستەیی و کەلتووریدا شرۆڤە بکرێن. دیسانەوە ئەمە مانای ئەوە نییە لەبەر ئەوەی ئێمە نەتەوە و نەتەوەخوازیی لە ڕوانگەی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتیدا پێناسە دەکەین ئیتر ناتوانین بەشێوەیەکی مەبدەئی لە ڕوانگەی مەنتیقییەوە شرۆڤەیان بکەین. ڕەنگە زەحمەت بێت بەڵام ئەم دووانە بەهیچ شێوەیەک دژ بەیەکتر نین. هەر لەبەر ئەوەی کە مۆدێرنیستەکانی وەک گیلنەر و هێچەر بایەخی کەم بەگۆڕاوە سایکۆلۆجیە کۆمەڵایەتیەکان دەدەن مانای ئەوە نییە کە ئێمەش دەبێت پەنا بەرینە بەر بۆچوونە سایکۆلۆجیەکە (بە واتا نامەنتیقی؟) بۆ شیکردنەوەی نەتەوە و نەتەوەخوازیی و واز لە شرۆڤە مێژوویی و سۆسیۆلۆجیەکان بهێنین. بەپێچەوانەوە: سروشتی بابەتەکە ئەوە دەخوازێ کە وابکەین. بەمەرجێ تێگەیشتنمان بەرامبەر (شرۆڤەکردن) بەشێوەیەک بێت کە توخمە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی وەک سۆز و ئیرادە و سیمبۆل و یادگار و هەستی خزمایەتی بگرێتەوە هەروەک ۆکەر کۆنۆر دروست پێی لەسەر دادەگرێ و ئامرازکار (Instrumentalist)ەکان دەیانەوێ پشتگوێی بخەن یان لە شرۆڤەکردنەکە دەری هێنن.





مەسەلەی سێیەم کە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم پەیوەندی بەڕۆڵی دەوڵەتی نوێ و گشتیتر سیاسەتەوە هەیە لە پێکهێنانی نەتەوە و گەشەسەندنی نەتەوەخوازییدا. دەشێت بەمەسەلەی نەتەوەخوازیی کەلتووری یان گشتیتر ناسنامەی کەلتووری ناوی بەرین.

لە سەرەتای سالانی ١٩٨٠ کانەوە ژمارەیەک لە تیۆریەکانی پۆست مارکسیست پێیان لەسەر ئۆتۆنۆمی ڕێژەیی دەوڵەت داگرتووە و تێڕوانینێکی وێبەر ئاسایان گرتۆتە بەر دەربارەی باڵادەستی سیاسەت. هەموو ئەو مۆدێل و بۆچوونانە مۆدێرنیست و ئامرازکار (Instrumentalist)ن. ئەمە هەروەک چۆن بۆ بۆچوونی مایکل مان Michael Mann ڕاستە، بەهەمان شێوە بۆچوونەکەی ئەنتۆنی گیدنس Anthony Giddens دەربارەی لێکدانەوەکانی لەمەڕ نەتەوەخوازی، دەگرێتەوە. لای هەردووکیان دەوڵەتی نوێی خاوەن ناوەندێتی و پرۆفیشنەڵ و پابەندی خاکە، کە هاوار بۆ نەتەوەخوازیی دەکا و دەبێتە هۆی لە دایکبوونی ئەوەی ئەنتۆنی گیدنس پێی دەڵێ (تێگەیشتنی کەلتووری بۆ سەروەری و هەماهەنگی دەستەڵاتی کارگێڕی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا) Giddens 1985:219.

بەهەمان شێوە، مایکل مان کاتێک باسی نەتەوەخوازیی پشتگیراو لە لایەن دەوڵەتەکانی بەریتانیا و فەرەنسا دەکات، بەهەمان ئەندازە مەبەستەکەی ڕوونە (بەڵام ڕوون و ئاشکرایی بوونی سنووری هاوبەش لە نێوان نەتەوە و دەوڵەت دا داوای شرۆڤەکردنێکی زیاتر سیاسیانە دەکا) Mann 1995: 48. ئەمەش بۆ نەتەوەخوازییەکانی ناوچەیی-Regionalی (کروات و هەنگاریەکان و چیکەکان)ی ئیمپراتۆریەتی Habs-burg ڕاستە و ئەوە دەردەخات کە بوون یان نەبوونی ئیدارەی ناوچەیی (پێشبینیکارێکی باشتر دەرەخسێنێ) بۆ پەیدابوونی نەتەوەکان وەک لەوەی کە ئیتنیکی دەیڕەخسێنێ (هەمان سەرچاوە).

مان پێشتر تێزێکی تێروتەسەلی دەربارەی چوار قۆناخەکەی گەشەکردنی نەتەوەخوازیی لە ئەوروپادا پێشکەش کردبوو. قۆناخی یەکەم کە سیمایەکی ئایینی هەبوو، لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستی پێکرد، کاتێک چاکسازیەکانی پرۆتستانتەکان و دژە-چاکسازیەکانی کاسۆلیکەکان بوونە هۆی پەیدابوونی پلەیەکی بەرزتری (دەستەڵاتی چڕ- Intensive power) بەهاندانی سەرهەڵدانی تۆڕی نوێی ئیلیتی خوێندەوار. ئەوەی دوای

ئەم قۆناخە و لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ ڕوویدا بریتی بوو لە فراوانکردنی خوێندەواری لە ڕێگەی تەشەنەکردنی بازرگانی و میلیتاریزم (لەشکرکێش)ی دەوڵەتەوە کە بووە هۆی پەیدابوونی چینێکی باڵای خاوەن هەستی (هاوڵاتێتی سیڤیڵ). لە قۆناخی سێیەم و یەکلاکاردا کە لە ساڵی ١٧٩٢ وە دەستی پێکرد، تەنگژە سەربازیەکان ئەم (نەتەوە سەرەتایی–proto nations یانەیان گۆڕی بۆ نەتەوەی لەخۆگری هەموو چینەکان، هەڵبەت بەئەندازیەکی سنووردار و لە ڕێگەی خزمەتی سەربازی ئیلزامی و باجی جەنگ و قەرزی جەنگەوە. هەموو ئەمانەش کارێکی وایانکرد کە چینە کەنارکەوتووەکان داوای بەشداری زیاتری سیاسی بکەن و تێگەی (نەتەوە) و (گەل) بکەنە تێگەی سیاسی. لە قۆناخی کۆتاییدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە، کاپیتالیزمی پیشەسازی کەوتە داکوتانی میخی نەتەوەکان لە ڕێگەی ئاژانسەکانی دەوڵەتی تەشەنە سەندووەوە کە کاری هەمەجۆری کەوتە ئەستۆ. ئەمەش بەدەوری خۆی وایکرد کە دەوڵەت زیاتر ڕۆڵی نوێنەری ببینێ و چونیەک (موتەجانس) و (نەتەوەیی) بێت و ببێتە هۆی هاندانی نەتەوەخوازیی دڕتر و دەمارگیرتر fanatical Mann 1993: 216-47.

لە گەڵ ئەمەشدا، تەنانەت لێرەشدا، مان لە دوای قۆناخی یەکەمی ئامادەکارییەوە، جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی دەوڵەت و هێزە لەشکری و داراییەکانی. ئەو پرسیارەی خۆی قوت دەکاتەوە ئەوەیە کە بۆچی دەبێت دەوڵەت ڕۆڵی وا گەورەی پێکهێنانی نەتەوەی بخرێتە پاڵ لە کاتێکدا مان بۆخۆی ڕێکەوتی سەرەتای کاریگەرێتییان لەسەر پێکهێنانی نەتەوە بۆ ساڵی ١٧٠٠ دەگێڕێتەوە و ڕۆڵی جدیان پێشتر لە ساڵی ١٧٩٢ دانانێ. بەلایەنی کەمەوە لە حالەتی ئینگلتەرەدا و ڕەنگە لە فەرەنسا و سکۆتلەندا و ئیسپانیا و سویدیشدا هەستی نەتەوەبوون بێگومان لەناو هەردوو چینەکانی ئەریستۆکرات و ناڤینی باڵا middle upper class لە سەدەی شازدەیەمدا لە ئارادا بووە. ئەگەر بڵێین ئەمانە نەتەوەی (ڕاستەقینە) نەبوون مانای ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین باسی نەتەوە بکەین هەتا کوتایی سەدەی نۆزدەیەم، ئەو کاتەی کە جەماوەری خەڵک مافی دەنگدانیان پێدرا، هەروەکو وۆکەر کۆنۆر دەڵێ: ئەگەر ئێمە ئامادەنین هێندە زیاد بڕۆین ئەوا دەبێت دان بەبوونی (نەتەوە)کاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان، بنێین لە پێش و ڕەنگە جیا لە دەوڵەتانی لەشکریی کاپیتالیستی.

بێگومان باسێکی ڕوون و تۆکمە دەربارەی ئەم بۆچوونە خرابێتە ڕوو بریتییە لەو مۆدێلە



سیاسییەی کە لە لایەن جۆن برویلییەوە پێشکەش کراوە. لای برویلی، نەتەوەخوازی، لە باشترین شێوەدا بریتییە لە بزووتنەوەیەکی مۆدێرن و سیاسی ڕووت و سیاسەتیش لە جیهانی نوێدا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت. نەتەوەخوازیی ئارگومێنتێکە بۆ دەسخستن و هێشتنەوەی ئەو کۆنترۆڵە. گرنگییەکەی لەوەدایە کە دەتوانێ سەکۆیەکی هاوبەش بۆ ئیلیتە جیاوازەکان بڕەخسێنێ لە ڕێگەی ورووژاندن و ڕێکخستن و بەرەواکردنی ئامانج و بەرژەوەندیەکانیانەوە. بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان دەخوازن کە دەوڵەت یەک بخەن یان نوێی بکەنەوە و لە هەمووشی باوتر بەرهەڵستی دەوڵەتێکی دامەزراو بکەن. هەروەک برویلی دەڵێ:

ئارگومێنتی نەتەوەخوازیی بریتییە لە باوەڕ (دۆکتەرین)ێکی سیاسی و لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

ا) نەتەوەیەک هەیە خاوەنی سیمای ئاشکرا و تایبەتی خۆیەتی.

ب) بەرژەوەندی و بەهاکانی ئەم نەتەوەیە لەسەروو هەموو بەرژەوەندی و بەهاکانی ترەوەیە.

ج) ئەو نەتەوەیە پێویستە تا دەکرێت سەربەخۆ بێت. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی و بەلایەنی کەمەوە پێویستی بەهێنانەدی سەروەریی سیاسی هەیە Breuilly 1993: 2.

ئارگومێنتە نەتەوەخوازیەکان تەنیا کاتێک دەتوانن کاریگەریی فراوانیان هەبێت کە بارودۆخی مۆدێرن- بەتایبەتی کاتی جیاکردنەوەی دەوڵەتی ڕەهاکار Absolutist لە کۆمەڵگای مەدەنی- هەستێکی نامۆیی و بێزاریی لەناو زۆربەی خەڵکی ڕۆشنبیردا دروست کردبێت و ئەمانیش بەدوای دۆکتەرینێکدا بگەڕێن کە بەڵێنی یەکخستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگایان بداتێ، هەروەک کاریگەریی ئارگومێنتە هستۆریسیست His-toricist ەکەی هیردەر. هیردەر هەوڵی پەیداکردنەوەی خودە ڕەسەنەکە و گێڕانەوەی کۆمەڵگای بۆ بارە سروشتییەکەی دەدا، بەوەی کە نەتەوە کەلتووری و نەتەوە سیاسییەکە بکاتە یەک. ئەم جۆرە تەقەلایانە بۆ پێناسەکردنەوەی نەتەوە لای برویلی کارێکی نابەجێ بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەتەوەخوازیی بریتی بوو لە تەقەلایەکی جدی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتێکی ڕاستەقینە (هەمان سەرچاوە).

بەڵام لە کۆتاییدا، ئایدۆلۆجی تەنیا پاشکۆی سیاسەتە و پەیوەندیە سیاسی و دەزگا

سیاسییەکانن کە ئامانجەکانی نەتەوەخوازیی دیاری دەکەن. بۆ نموونە دامەزراندنی دەوڵەتی-نەتەوەی ئەڵمانەکان لە ساڵی ١٨٧١دا لە ئەنجامدا کەمتر پەیوەندی بەکەلتوور و بگرە کەمتریش پەیوەندی بەرۆمانتیسیزم و ئایدۆلۆجیەکەیەوە هەبوو. هەموو پەیوەندیەکی بەسیاسەتی هێز و جیۆپۆلیتیک و ئابوورییەوە هەبوو بەتایبەتی هێندەی پەیوەندی بەپێشبڕکێی نێوان پروسیا و نەمساوە هەبوو. سەرەڕای ئەمەش ئەوەی لە دایک بوو بریتی بوو لە (ئەڵمانیا-نەتەوەی ئەڵمان) لەژێر چاودێری پروسیای بسمارکدا، نەوەک لە دایکبوونی (دەوڵەتی نەتەوە)ی پروسیا. ئەوە ئەڵمانیا بوو کە باڵی بەسەر دڵسۆزی جەماوەرە مەزنەکەی زمانی ئەڵمانیدا کێشا و خۆشەویستییەکەی وروژاندن، لە کاتێکدا بەسەر ئەو هەموو میرنشینەنانەدا دابەش بووبوون. ڕەنگە ئێمە بتوانین باسی ئەو سنوورانە بکەین کە بەهۆی سیاسەتەکانی بسمارکەوە بۆ ئەڵمانیا دروستکران، بەڵام ئایا چۆن دەتوانین شرۆڤەی ئەو خۆشەویستییە بکەین کە لە کۆتاییدا ئەم سنوورانەی بەزاند و شرۆڤەی ئەو بەپیرەوەچوونە بەهێزە بکەین لە لایەن ئیتنییە ئەڵمانەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەم سنوورانە بۆ دیدی پان- ئەڵمانیا Breuilly 1996a. ڕەنگە وەڵامێکی ئەمەمان لەناو پێناسەکەی خودی برویلیدا بۆ بنەمای یەکەمی نەتەوەخوازیی و ڕەتکردنەوەی ناوبردنی بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٧٧٦ بەنەتەوەخوازی، چنگ بکەوێ. لای برویلی، سیازدە کۆلۆنیە ئەمەریکییەکە خاوەنی ناسنامەی کەلتووری نەبوون کە (سیمایەکی ئاشکرا و تایبەتییە) تا لە وڵاتی دایک و فەرمانڕەوا بەریتانیەکانیان جیایان بکاتەوە. ئەوانە بەرچەڵەک بەریتانی و مەسیحی و (بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆتستانت) و بەزمانی ئینگلیزیش هەروەک چەوسێنەرانیان دەئاخاڤتن. بەڵام جەختکردن لەسەر پێوەری کەلتووری بۆ ناسنامە لەگەڵ پێناسەی سیاسیانەی ڕووت بۆ نەتەوەخوازییدا باش یەک ناگرێتەوە. بەهەمان شێوە دان پێدانانی برویلی بەهێزی ئەفسانە و بۆنەکان کە لە چاپەری دووەمدا باسم کردن لەگەڵ شرۆڤە بەتەواوی سیاسیەکەیدا بۆ نەتەوەخوازی، یەک ناگرنەوە. هەمان ڕەخنە مۆدێرنیستە سیاسییەکانی تریش دەگرێتەوە.

دەتوانین زیاتریش لەسەری بڕۆین. میرۆسلاڤ هۆرچ Miroslav Horch-1985 لێکۆڵینەوەی لەسەر چەندین نەتەوەخوازیی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کرد و ڕێچکەیەکی هاوبەشی گەشەسەندنی لەناو ئەم بزووتنەوە نەتەوەخوازانەدا بەدی کرد، هەر لە کۆمەڵی بچووکی باسکاران و نووسەران و هونەرمەندان، کە گرنگییان بەبیری نەتەوەخوازیی دەدا (قۆناخی أ)، تا بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە لە ڕێگەی ناوەندە نیشتمانییەکانی پەروەردەکاران



و ڕۆژنامەوان و هاندەرانەوە (قۆناخی ب)، تا دەگاتە بازنەیەکی فراوانتر کە بووە هۆی هێنانی چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوە بۆ ناو بزووتنەوەیەکی جەماوەری (قۆناخی ج). لێرەدا گەشەسەندنێکی ڕاستەهێڵی ئاشکرا بەدی دەکرێت لە کەلتوور بۆ سیاسەتی ئیلیت و دواتریش بۆ وروژاندنی جەماوەری. کەلتوور، لەم بارانەدا ناتوانرێ لە سیاسەت جیابکرێتەوە.

بەڵام ڕەنگە بارودۆخەکە لەمە ئاڵۆزتر بێت. لە لێکۆڵینەوە تێروتەسەلەکەیدا دەربارەی نەتەوەخوازیی ئیرلەندی و بووژاندنەوەی (Gaelic)، جۆن هەتچینسۆن ڕوونی کردۆتەوە کە نەتەوەخوازیی سیاسی کە چاوی بڕیوەتە دەوڵەت و تەقەلا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەدا بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ نەتەوەخوازیی کەلتووریدا یەکتر تەواو دەکەن کە ئامانجی ئەمەی دواییان زۆر جیاوازە و هەوڵی ژیاندنەوەی کۆمەڵگا مۆراڵییەکەی نەتەوە دەدات لەسەر خاکی خۆی. نەتەوەخوازییە کەلتوورییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی مەسەلەکانی ناسنامەی کەلتووری و پێکەوەگونجاندنی کۆمەڵایەتی و خواستە مۆراڵییەکانن و ئەمانەش بەلای ئەوانەوە کۆمەڵە خەمێکن کە دەکەونە پێش و جیاوازن لە هەر کارێک یان دەربڕینێکی سیاسی. لە پراکتیسدا، شێوازەکانی سیاسی و کەلتووری نەتەوەخوازیی زۆرجار لە دوای یەکتر دێن و ڕەنگە نەتەوەخوازەکان لە یەکێک لەم دوو شێوازەوە بۆ ئەوی تریان بگوێزنەوە. هەر کاتێک نەتەوەخوازیی سیاسی لە ئامانجەکانیدا تووشی هەڵەنگوتن هات ئەوا ڕەنگە نەتەوەخوازیی کەلتووری بۆشاییەکە پڕبکاتەوە و پەنابەرێتە بەر سامانی کەلتووری کۆمەڵگا و هەرکاتێکیش کاریگەرێتی خاوبۆوە ئەوا بزووتنەوەیەکی سیاسی نوێی نەتەوەخوازیی سەر هەڵدەدات. کەواتە ناکرێت نەتەوەخوازیی لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی یان هەر چوارچێوەیەکی تردا قەتیس بکرێت و دانانی (سیاسەت) لە خانەی دژ بە(کەلتوور) یان (ئیتنیکی) بەم شێوەیە، یارمەتی پێشخستنی تێگەیشتنی دیاردە ئاڵۆزەکانی وەک نەتەوە و نەتەوەخوازیی نادات :Hutchinson 1987:ch 1 and 1994 .ch1

ڕەخنە هەمەلایەنەکەی هەتچینسۆن مەسەلەیەکی تری دووەمیش دەگرێتەوە: پەیوەندی کەلتوور بەمۆدێرنیزمەوە. بزووتنەوەکانی بووژانەوەی کەلتووری و ژیانەوەی ئیتنیکی ڕەنگە زۆرتر لە سەردەمی مۆدێرندا بەرچاو بکەون بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێت لە هەموو سەردەمێکدا لە ئارادا بن. لە ڕاستیدا پێویستە نەتەوەخوازە کەلتوورییە مۆدێرنەکان لەناو

گەنجینە کۆنەکاندا سیمبۆل و ئەفسانە و یادگارە ئیتنیکییەکان هەڵبژێرن، ئەگەر بیانەوێ (خەڵکەکە) بەرەو بوژاندنەوەی نەتەوە بورووژێنن. ئەو ڕاستییەی کە ئەوان زۆرجار وادەکەن ئەوە دەگەیەنێ کە:

سەرەڕای جیاوازیە بەرچاوەکانی نێوان کۆمەڵگا پریمۆدێرن و مۆدێرنەکان، گەنجینە لە مێژ چەسپاوەکانی (ئەفسانە و سیمبۆل و یادگارەکان) دەگوێزرێنەوە بۆ سەردەمی مۆدێرن لە ڕێگەی دەزگا بەهێزەکانی وەک (دەوڵەت و لەشکر و کڵێسا)کانەوە و دەبووژێنرێنەوە و دادەڕێژرێنەوە، چونکە دانیشتووان ناو بەناو لە پێناوی مانەوەی فیزیکی و سیمبۆلیکی خۆیاندا ڕووبەڕووی تەحەدای لەو چەشنە دەبنەوە Hutchinson 2000: 661.

جارێکی تر، ئەمە وەڵامی مۆدێرنیزمی برویلی دەداتەوە کە بەگومانەوە دەڕوانێتە نەتەوەخوازیی پەیوەندیدار بەڕابردوو و مێژووەوە کە لای وایە توخمی کەلتووریی ناسنامە لە سەردەمەکانی پریمۆدێرنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ سەردەمی نوێ. لای برویلی: گرفتی ئەو ناسنامەیەی لە دەرەوەی دەزگاکان پێکدێت، بەتایبەتی ئەو دەزگایانەی دەتوانن خەڵک پێکەوە گرێ بدەن لە سەرانسەری بۆشاییە کۆمەڵایەتی و جۆگرافییە فراوانەکاندا، ئەوەیە کە پچڕپچڕ و نابەردەوام و خەڵەتێنەرە Breuilly 1996b: 151 تەنیا دوو دەزگایەکی پریمۆدێرن کە بتوانێ ناسنامەی ئیتنی بگوێزێتەوە بریتییە لە دەوڵەت و کڵێسا و ئەوانیش یان لەژێر هەڕەشەی ناسنامەی نەتەوەییدا بوون یان دەزگای گشتگیر بوون. بۆیە، ناسنامەی سەردەمی پریمۆدێرن کەمتر توانیویەتی لە دەرەوەی ئاستی نێوخۆیی بەشێوەیەکی دەزگایی خۆی بەرجەستە بکات. نزیکەی هەموو دەزگا سەرەکییەکان کە ناسنامەی نەتەوایەتی دروست دەکەن و دەیهێڵنەوە و دەیگوێزنەوە و ئەم ناسنامانە بەبەرژەوەندیەکانەوە دەبەستنەوە، مۆدێرنن: پەرلەمان و ئەدەبی جەماوەری و دادگا و قوتابخانە و بازاڕی کار... هتد ناسنامەی نەتەوەیی لە جەوهەردا مۆدێرنە و هەر تاووتوێکردنێکی ئەم بابەتە دەبێت لەم بنکەیەوە دەست پێبکات (هەمان سەرچاوە).

ئەمە تێڕوانینێکی تەسکی ناپێویست و سنووردارە بەرامبەر ڕۆڵی دەزگاکان و کەلتوور و ئیتنیکی لە پێکهێنانی نەتەوەخوازییدا. گەلێک لەو (دەزگا)یانەی کە باس کران دەشێن لە کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکاندا بەدی بکرێن. هەرچەندە ئەوان ڕەنگە بەم شێوەیەی دەزگاکانی ئەمڕۆ هەموو کەسیان نەگرتبێتە خۆیان، بەڵام توانیویانە ناسنامەی ئیتنیو کەلتوور بۆ دانیشتووانێکی فراوانتر بگوێزنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، دەزگاکانی تر زیاتر



کراوە بوون و (بەهیچ شێوەیەک پارچەپارچە و خەڵەتێنەر نەبوون): کۆدەکانی زمان و سروتەکان rituals و ڤیستیڤاڵەکان و پێشانگا بازرگانی و بازاڕەکان و سوپاکان هەموویان یارمەتیدەری ڕواندنی هەستی ناسنامەی هاوبەش بوون لەناو چەندین وەچەدا تا دەگاتە سەردەمی مۆدێرن. جارێکی تر (کەلتوور) و (ناسنامە)، نابێت لە دەزگاکانی سەردەمی پریمۆدێرن جیابکرێنەوە و وا دابنێین کە ئەوانە ناتوانن داڕێژەری بناخەی نەتەوەکانی دواتر بن.

## دروستکردن و داڕشتنەوە Construction and Reinterpretation

دوا مەسەلە کە دەمەوێ تاوتوێی بکەم، ڕاستەخۆ لە مەسەلەکانی پیشووترەوە سەرچاوە دەگرێ: تا چ ئەندازەیەک نەتەوەکان لە لایەن ئینتێلیجێتسیا نەتەوەخوازەکانەوە دروست کراون، یان سەرلەنوێ لەو (کەرەستە) کەلتووری و هەستە ئیتنییەی کە لەبەر دەستایە دروست کراونەتەوە.

ئەمە ئارگومێنتێکی ئاڵۆز و خاوەنی چەند ڕوویەکە. ئەو بۆچوونەی لای وایە نەتەوەکان (لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا دروست بوون)، ئەگەر بریتی نەبێت لە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، ئەوا دەبێت هەر هیچ نەبێت مانایەک بگەیەنێ کە زیاتر بێت لە تەنیا ڕەتکردنەوەی پرایمۆردیالیزم و پێرینیالیزم، چونکە ئەمە بۆچوونێکە هەموو شێوازەکانی مۆدێرنیزم لەسەری یەک دەگرنەوە. توخمی نوێ لێرەدا بریتییە لە جەختکردن لەسەر ئەندازەکاری کۆمەڵایەتی social engineering و نوێکاری تەکنیکی لەسەر کەرەستە دەسکردە کەلتووری (cultural artefact)یە مێژووییەکان و تێکست و بەکارهێنانی بەهرە و خەیاڵ بۆ دروستکردنی شێوازی نوێ. ئەم شێوازە (بەهێزەی) دروستکاری کۆمەڵایەتی لە گیلنەریشی تێپەڕاندووە، چونکە لای وایە کە هەروەک چۆن نەتەوەکان دروست کراون هەرواش دەتوانرێت بەشێوەی ئەو کەرەستە و تێکستانە هەڵبوەشێنرێنەوە و باس لێکردن و بیرلێکردنەوەیان کۆتایی بێت.

ئەو بیرەی لای وایە نەتەوە پێش هەموو شتێک کەرەستەی دروستکراوی کەلتوورین و دەبێت بەشێوازی داهێنانە خەیاڵییەکەی imagining و مۆدی نوێنەرایەتییەکەی جیابکرێتەوە، هاوشانی مەدی هەڵچووی پۆست مۆدێرنیزم بوو، هەرچەندە پێکهاتەی بنەڕەتی لە چوارچێوەیەکی پۆست مارکسیزمدا سەری هەڵدا. لای بینیدیکت ئەندەرسۆن، نەتەوەخوازیی بەشێوەیەکی سەرەکی شێوە گوتار (discourse)ێک و چەشنە حیکایەتێک

(narrative)ە، بەخەیاڵ وا دادەنێ کۆمەڵگای سیاسی، کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و سەروەر و بەشێوەیەکی ئاسۆیی بازدەری سەر چینەکانە cross class. نەتەوەکان لەسەر بناخەی (کۆمەڵگای چاپەمەنی) میللی دامەزراون، کە بریتییە لە جەماوەری خوێنەری ئەو چاپەمەنی و ئەدەبیاتەی بەزمانی میللی دەردەچن کە بەشێوەیەکی سەرەکی داستان و ڕۆژنامەکانن، کە کۆمەڵگا سیاسییە بەخەیاڵ دروستکراوەکەیان بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆجی زیندوو، ئاسان دەستنیشانکراو، بەرجەستە کردووە. ئەم کۆمەڵگای چاپەمەنیانەش لە ڕێگای کتێبی چاپکراوی زۆر و زەبەندەوە گەشەیان کردووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بازاڕی چاپکراوەکانی لاتینی ئیلیت، لە لایەن بازاڕی زمانە میللییە زۆر گەورەترەکان جێگەی گیرایەوە. هاندانی پرۆتستانتەکان بۆ وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ زمانە میللییەکان و پەیدابوونی زمانی ناوەندیی دەوڵەتان بوونە هۆی گەشەکردنی جەماوەری خوێندەوار کە ڕادەیەک لە خۆگری و جێگیری بەهەندێک لە زمانەکان بەخشی لە چوارچێوەی خاکە دیاریکراوەکاندا. ئەوەی بەلای ئەندرسۆنەوە هەمان گرنگی هەبوو بریتی بوو لە بەرپابوونی شۆڕشێک لە تێگەیشتنی کات. لە کاتێکدا لە ڕۆژگارەکانی پێشووتردا، کات وەک شتێکی ئایینی و کۆزمۆلۆجی لەوەبەر دیاریکراو لە هاتنەئارا و بەرێوەچوونی ڕووداوەکاندا، سەیر دەکرا، ئێستا کات وەک ڕاستەهێڵ linear و چونیەک و کۆمەڵگاکان لە (کاتێکی بۆش و چونیەک)دا ئەجووڵێن، دەبینرێن و ڕووداوەکان بەپێوانەکانی سەعات و مانگ و ساڵەوە بەستراونەتەوە. Anderson 1991: ch 3.

لە پشت ئەم پەرەسەندنە مێژووییە مۆدێرنەی سەرەتاوە، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورەتر و بارودۆخی پێرینیالی لە ئارادابوون. لەو گۆڕانکاریە فراوانانە، لاوازبوونی ئەو کۆمەڵگایانە بوو کە خاوەنی کتێبی پیرۆز بوون- ئایینە گەورەکان- و لاوازبوونی مەڵبەندە باڵاکانی پاشایەتیە پیرۆزەکان-ئیمپراتۆریەتە گەورەکان- بوو کە بۆشاییەکی کەلتووری و سیاسییان بەجێ هێشت و دواتر لە لایەن نەتەوەکانەوە پڕ کرایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا و لە کۆتاییدا بوونی نەتەوەکان پشت بەدوو بارودۆخی زیاتر پێرینیالی دەبەستێ: ئینجیل بووە هۆی هاتنەئارای فرەزمانی لە جیهاندا و گەڕانێکی سەرتاپایی بەدوای نەمریەکدا کە مردن دەسڕێتەوە. هەر ئەم نەمرییەیە، کە دەبێ لە ڕێگەی بەردەوامی نەسل و لە ڕێگەی وەچەکانی داهاتووەوە بەدەست بهێنرێ، کە نەتەوە دەتوانێ بیرەخسێنێ. هەر ئەمەشە ئەو ڕۆحە بەخەیاڵ دروستکراوانەی ghostly imaginings سەر قەبری جەنگاوەری نەناسراو دێنێتە کایەوە، هەر بۆیەش ئەم برایەتیەی نێوان ئەندامانی



وەچەیەک کارێکی وای کردووە لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا ملیۆنەها خەڵک، نەک تەنیا هەر خەڵک بکوژن، بەڵکو بەئارەزووی خۆشیان خۆیان بۆ ئەم جۆرە خەیاڵە سنووردارانە بەکوشت بدەن Anderson 1991: 7

لێرەدا ئەندەرسۆن بەکورتی مەسەلەی بنەڕەتی (پرایمۆردیالیستی) کە خۆشەویستی و پابەندێتی بۆ نەتەوە، دەخاتە ڕوو. بەڵام ئایا ئەو چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکات؟ ئەو لای وایە ئێمە ئامادەی خۆکردنە قوربانین تەنیا بۆ ئەو شتانەی هەست دەکەین نەجیب و پاکن وەک خێزان و نەتەوە، لە کاتێکدا، هەروەک وۆکەر کۆنۆر بەچاکی دۆکیومێنتی کردووە 1994 =ch 8، ڕاستە نەتەوە بەخێزان دەچوێنرێ (خێزانەکەی ئێمە) و (نەتەوەکەی ئێمە) بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ئەوان پاک و بێگەردن بۆیە ئێمە خۆمان دەکەینە قوربانی خێزان و نەتەوە. کتومت مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە: لەبەر ئەوەی وا هەست دەکەین ناسنامەمان، بەرژەوەندیەکانمان و تەنانەت مانەوەمان بەناسنامە و بەرژەوەندی و مانەوەی خێزانەکەمان و نەتەوەکەمانەوە بەستراونەتەوە و پێیانەوە بەندن،بۆیە هەست بەو شەیداییە بۆ خێزان و نەتەوە دەکەین و ئامادەین ئەم هەموو قوربانییەیان بۆ بدەین. ئەمەش کارێکی وا دەکات نەتەوە بەو ئەندازەیەی کۆمەڵگای زادەی خەیاڵ و هەست بێ هێندەش کۆمەڵگای سۆز و ئیرادە بێ Anderson 1991:141-3، A.D. Smith 1998:140-1

بە هەمان شێوە بەتەنگەوەنەهاتن بۆ ڕۆڵی ئیرادەی بەکۆمەڵ و سۆز لە بۆچوونەکانی مۆدێرنیستەکانی وەک ئێریک هۆبسبۆم Eric Howbsbawm و تیرینس ڕەینجەر Ter-ence Ranger و هاوکارانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، لە (داهێنانی نەریت–The Invention of Tradition دا کە لە هەمان ساڵدا (١٩٨٣) دەرکەوت کە ئەندەرسۆن چاپی یەکەمی کتێبەکەی (کۆمەڵگاکانی زادەی خەیاڵ–Imagined Communities ی بڵاوکردەوە. لای هۆبسبۆم بەتایبەتی نەتەوە و نەتەوەخوازیی زۆر قەرزداری ئەدەب و داهێنانەکانی وەک مێژووی نەتەوەیی و ئەفسانەزانیی Mythology و سیمبۆڵیزمن کە لە ئەوروپادا لە نزیکەی ساڵی ١٨٣٠ بەدواوە و بەتایبەتی لە ساڵی ١٨٧٠ دا پەرەی سەند. دەیەکانی بەر لە ساڵی ١٩١٤ لافاوێکی لەم جۆرە (نەریتە داهێنراوانە) – ڤیستیڤاڵی نەتەوەیی و یادکردنەوەی ئەوانەی لە دنیا دەرچوون و ئاڵا و سروودی نەتەوەیی و پێشبڕکێ وەرزشیەکان و شتی تری لەم جۆرەی بەخۆیەوە بینی. بەپێچەوانەی نەریتەکانی پێشووتر

کە بەپێی سەردەم دەگۆڕان، شێوازی (داهێنراو)ی نەریت، دەسکرد و دروستکراوی ئەندازیارە کەلتووریەکان بوون کە سیمبۆل و سرووت و ئەفسانە و مێژوویان بەشێوەیەک دروست دەکرد، لەگەڵ پێویستیەکانی جەماوەری نوێدا بگونجێ، ئەو جەماوەرەی کە پێشەسازی و دیموکراسی کۆی دەکردنەوە و تێکەڵاوی سیاسەتی دەکردن. بەواتایەکی تر نەریتە داهێنراوەکان ئامرازی بەئەنقەست دروستکراو بوون بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە لایەن چینە فەرمانڕەواکانەوە. هۆبسبۆم دەڵێ بۆیە لێکۆڵینەوە لە نەریتە داهێنراوەکان:

پەیوەندی زۆریان بەو داهێنانە نوێیەوە هەیە کە نەتەوەیە و ئەو دیاردانەی لە گەڵی پەیدا بوون: نەتەوەخوازیی و دەوڵەتی نەتەوە و سیمبۆلی نەتەوەیی و مێژوو و ئەوانی تر. ئەمانە هەموویان لە ئەنجامی چالاکیە ئەندازەییە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروست بوون و زۆرجاریش زادەی ئەنقەست و هەمیشەش داهێنراون، ئەگەر تەنیا لەبەر ئەوەبێت کە نوێکاریی مێژوویی مانای داهێنان دەگەیەنێ.

جارێکی تر مەسەلەی (داهێنان) ژێیەکە و لێ دەدرێ لە لایەن هەموو ئەوانەی نەتەوە و نەتەوەخوازی، لە باشترین حاڵەتدا بەلادانێکی جێگای نیگەرانی لە بزووتنەوەی مێژوو، دەزانن و لە خراپترین حاڵەتیشدا نموونەی هۆشی نابەجێن لەناو جەماوەردا. بەڵام ئەوەی کە نەتەوە یەکجار بەم شێوەیە داهێنان بێت جێگای پرسیارە، بەهەمان شێوەی مەودای ئەندازەکاری کۆمەڵایەتی ئەنقەست لەم مەیدانەدا. ئەنالۆگیەکەی هۆبسبۆم بەتەواوی میکانیکییە: نەتەوەکان دروستکراو یان دەسکردی ئەندازیارە کۆمەڵایەتیەکانن وەک داهێنانە تەکنیکیەکان. ئەوان لە لایەن ئیلیتە سنعاتکارەکانەوە نەخشەیان بۆ دەکێشری و پێکەوە دەنرێن. لێرەدا مەودایەک نامێنێتەوە بۆ سۆز و ئیرادەی مۆراڵی، تەنانەت لە لایەن جەماوەریشەوە. جەماوەر دەبنە قوربانی پاسیڤی نەخشە کۆمەڵایەتیەکانی ئیلیتەکان کە دەیانەوێ وزە تازە بەکارکەوتووەکانی جەماوەر بەکەناڵێک دا ئاراستە بکەن. نەتەوە و نەتەوەخوازیی بریتین لە (panem et circenses)ی مۆدێرن (هەمان سەرچاوە)

ئایا جەماوەر تەنیا بریتین لە تابلۆیەکی سپی (مێشکێکی بیتاڵ) و چاوەڕێی پەیامە نەتەوەخوازییەکانی فەرمانڕەواکانیان دەکەن تا لەناو مێشک و دڵیاندا بنووسرێ؟ هۆبسبۆم ئاگاداری گرفتی ئەم تێڕوانینە سەراپا (لە سەرەوە بۆ خوارەوە)یەیە، بەڵام چارەسەرەکەی ئەو هەر لە سەرەتاوە هەموو پەیوەندیەک لە نێوان (بۆندە نەتەوەییە سەرەتاییەکان) ی جەماوەر چ ناوچەیی یان ئایینی یان زمانەوانی بێت و نەتەوەخوازییە



مۆدێرنە تێکۆشاوەکانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خاکدا، ڕەت دەکاتەوە. ئەو دان بەوەدا دەنێ کە لە سەردەمەکانی پریمۆدێرندا دەتوانین چەندین کۆمەڵگای (نەتەوەیی سەرەتایی) بدۆزینەوە کە لەسەر بناخەی زمان و ئایینی ناوچەیی دامەزرابوون، بەڵام ئەو سوورە لەسەر ئەوەی ناکرێت ئەم کۆمەڵگایانە بەبنەچە و باووباپیرانی نەتەوەکان دابنێین چونکە ئەوانە هیچ پەیوەندیەکی پێویستیان بەیەکەی ڕێکخراوی سیاسی خاکەوە نەبووە کە پێوەرێکی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئێمە ئەمڕۆ بە"نەتەوە"ی دەزانین Hobsbawm 1990:47

ئەو چەند بێجگەییانەی وەک ئینگلتەرە و فەرەنسا و روسیا و سیربیا ،لە ئارادان، ئەو حاڵەتانەن کە دەزگایەکی مەزن (دەوڵەت یان کڵێسا ) ماوەتەوە یان یادگارەکانی کۆمەڵگای سیاسی تا سەردەمی مۆدێرن بەردەوام بوون و دواتر بۆتە هۆی ڕەخساندنی بناخەی نەتەوەخوازیی جەماوەری. هەر پەیوەندیەکی مێژوویی تر بەنابەجێ دادەنرێت، چونکە هەروەک هوبسبۆم دەڵێ دەکەوێتە دەرەوەی بەردەوامیەکی مێژوویی (کاریگەر) Hobsbawm and Ranger 1983, Habsbawm 1990 ch

بەڵام ئایا هێندەش نابەجێیە ؟و ئایا ئەو (بەردەوامیە مێژووییە کاریگەر)ە چیە ؟ سەرەڕای ئەمانەش ئایا لە ڕاستیدا ئەوە گرنگە بۆ دروستکردنی نەتەوەکان؟ لێکدانەوەی مێژوویی مەوزوعی ڕەنگە لە مەودایەکی درێژدا گرنگ بێت، بەڵام بۆ جەماوەری دانیشتووان حیکایەت narrative دەبێت بەهەمان ئەندازەی (ڕاستەقینەیی ناوەڕۆک)، کاریگەری سۆزاوی هەبێ. ئەمەش لەبەرچاوگرتنێکی تیۆریی ناوەندیە بەلای ئیتنۆ-سیمبۆلیستەکانی وەک من. ئەوەی گرنگە بۆ شرۆڤەکردنی هێز و پتەویی نەتەوە و نەتەوەخوازیی ئەوەیە کە حیکایەت و وێنەکانی نەتەوە کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، ئەمانەش هەر بۆ ئەوان دروست کراون. (خەڵکەکەش) و کەلتوورەکەشیان بەدەوری خۆیان دەتوانن بەشداری پرۆسەی دروستکردنەوەی نەتەوە بکەن. تەنیا ئەو کاتەی کە ئیلیتەکان دەتوانن شێوەیەک یان حیکایەتێکی پەسەند و هاندەر دەربارەی نەتەوە (پێشکەش بکەنەوە)، دەتوانن کاریگەریان لەسەر جەماوەر هەبێت و سەکردایەتی بکەن.

ئەوەی کە بۆ ئەم ئارگیومێنتە گرنگە بریتییە لە پەیوەندی نێوان مەعریفە و سۆز. ئەگەر بمانەوێ بچینە ناو ناخی نەتەوەخوازیی و کاریگەرێتی بزانین ئەوا ناتوانین تەنیا لە ڕوانگەی ئەو مۆدێلانەوە هەنگاو بنێین کە لەسەر بناخەی مەعریفەی ڕووت و بەرژەوەندی دامەزراون. دەبێت نەتەوەخوازیی وەک جۆرێک لە هەڵسوکەوتی بەکۆمەڵ تێبگەین کە

لەسەر بناخەی ئیرادەی بەکۆمەڵی کۆمەڵگایەکی مۆراڵی و سۆزی هاوبەشی لە ئارادابوونی هەمان باوباپیران دامەزراوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستە وەک شێوازێکی سیاسی کۆمەڵگایەکی پیرۆزی هاوڵاتیان، سەیری نەتەوە بکەین. هەرچەندە ئەندەرسۆن دان بەبوونی بناخەی زمانەوانی کۆمەڵگا سیاسییە خەیاڵییەکە دەنێت و بەکورتی باسی بوونی زەمینەیەکی قووڵتری ئایینی دەکات بۆ ناسنامەی نەتەوایەتی، بەڵام ناتوانێ نەک تەنیا دەرک بەوزەی شاراوەی مۆراڵی بەڵکو کاریگەرێتی ئەو کۆمەڵگایە بکات. لە بری ئەمە ئەو نەتەوە لە لینز (چاویلکە)یەکی مەعریفی زەخیرە رووناکبیری و هونەرییەکەوە دەبینێ لە چوارچێوەی تێگەی خەیاڵدا.

بە هەمان شێوە هۆبسبۆم، هەرچەندە دان بەگرنگیی بەردەوامی قووڵی مێژووییدا دەنێ بۆ نەتەوەخوازەکان، بەڵام حیکایەتەکانیان بەناڕاست دادەنێ و بەمەش ئەگەری کاریگەرێتی سۆزداریان ڕەت دەکاتەوە. ئەمەی دواییان هیچ پەیوەندیەکی بەخاسیەتی (داهێنەر)انەی ئەو حیکایەتانەوە نییە چجای ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیان، بەڵام هەموو پەیوەندیەکی بەنەریت و ئەفسانە و سیمبوڵ و یادگارەکانەوە هەیە کە نەتەوەخوازەکان بەشێوەیەکی ئاسایی پەنایان بۆ دەبەن و دەیان وروژێنن. پشتگوێخستن و ڕەتکردنەوەی ئەمانە مانای فەرامۆشکردنی تێگەیشتنێکی قووڵتری بناخەی جەماوەری نەتەوەکان و نەتەوەخوازییە.

هەر لەبەر ئەمەیە ئیتنۆ-سیمبۆلیستەکان کە بەکورتی لە کۆتایی چاپتەری سێیەمدا ئاماژەم پێدا سەیری پرۆسەی پێکهاتنی نەتەوە وەک دروستکردن ناکەن چجای داهێنانی ئەنقەست، بەڵکو پرۆسەکە وەک داڕشتنەوە (reinterpretation)ی بابەتە کەلتوورییە کۆنەکان و دروستکردنەوە (reconstruction)ی پەیوەندی و بەها ئیتنییە پێشینەکان دەبینن. ئەگەر مۆدێرنیست و دروستکارەکان بەئاشکرا گرنگی بەنەتەوەخوازیی ئیستیعادی retrospective nationalism دەدەن، ئەوا ئیتنۆ سیمبۆلیستەکان ئاماژە بۆ مەسەلەیەک دەکەن کە هەمان ترسناکی هەیە و بریتییە لە هەنووکەیی ڕێگر blocking presentism. ئەمەش بریتییە لە پێداگرتنی تەواو لەسەر بۆچوون و خواستەکانی وەچەی ئەمرۆ دەربارەی داڕشتنی ڕابردوو. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زەحمەت بێت ئەگەر مەحاڵ نەبێت دەرک بەو هەموو ڕێگایانە بکرێت کە بەهۆیانەوە ڕابردووی ئیتنیکی یارمەتی داڕشتنی خواستەکانی ئەمرۆ دەدات لە ڕێگەی ڕەخساندنی ئەو چوارچێوە و پارامیتەرە



کەلتوورییانەوە کە لێیانەوە و بەهۆیانەوە پێویستی و تێگەیشتنەکانی ئێستا دادەڕێژرێ و دیاری دەکرێن. جگە لەوەی لە ڕووی مێژووییەوە خاوەن قووڵیی نییە، بۆچوونی هەنووکەییەکان Presentisms بەرگەی هەڵسەنگاندنی مێژوویی ناگرێ. هەرگیزاو هەرگیز ئەو مێشکە بەتاڵە لە ئارادا نەبووە 1998: ch 8 Peel 1989; A.D. Smith

لای ئیتنۆسیمبۆلیستەکانی وەک ئارمستڕۆنگ و هەتچینکسۆن و من، نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی تەنیا لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناسنامە کەلتوورییە بەکۆمەڵەکانەوە دەناسرێن لە مەودایەکی زەمەنی درێژدا. بەڵام پەیوەندی ڕابردوو بەحازر و پاشەڕۆژەوە هەرگیز بریتی نییە لە پەیوەندیەکی یەک لایەنەی ساکار و سەرپێیی: چەندین جۆری جیاوازی پەیوەندی هەیە بەگوێرەی بارودۆخی دەرەکی و سامانی کۆمەڵگاکە;Armstrong 1982 and 1995 Hutchinson 1994; A.D. Smith 1986 and 1999

وەک سەرەتایەک ئێمە دەتوانین سێ جۆر لەم پەیوەندیانە دەستنیشان بکەین کە بریتین لە بەردەوامی کەلتووری (continuty Cultural) و سەرهەڵدانەوە Recurrence و داڕشتنەوە Reiterpretation. دەکرێ بەردەوامی کەلتووری لە شتی وەک ناوی بەکۆمەڵ و کۆدەکانی زمان و ناوی دیمەنە سروشتییەکان بەدی بکەین کە ڕەنگە هەموو ئەمانە تەنانەت دوای ئەوەش کە ئەو کۆمەڵگایانەی ئەمانە بەشێکن لێی لە ناودەچن هەر بمێننەوە، هەروەک لە حاڵەتی کەلتووری (بۆنی) کارساگینیەکان (قەرتاجی) کە پێنج سەد ساڵێش لە دوای لەناوبردنی کارساج لە لایەن ڕۆمانەکانەوە هەر مابوونەوە. ڕەنگە ئەم پەیوەندیانە چوارچێوەی ژیاندنەوەی کۆمەڵگاکە لە شێوازێکی نوێدا برەخسێنن لە دوای چەندین وەرچەرخان و گۆڕانکاری: یۆنانییەکان لەم ڕووەوە نموونەیەکی باشی ئەم بوژاندنەوە و داڕشتنەوەیەی ناسنامەن لە ڕێگەی بەردەوامیی ناوەکان و زمان و دیمەنە سروشتیەکانەوە.

سەرهەڵدانەوەی کۆمەڵگە ئیتنییەکان و نەتەوەکان ئاڵۆزترە. ئەمە تەنیا بریتی نییە لە گێڕانەوەی ڕەگەکانی نەتەوەیەک بۆ سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتریش، بەڵکو بریتییە لە پیشاندانی ئەوەی کە شێوازی نەتەوەیی ناسنامەی کەلتووری و کۆمەڵگایی لە سەردەمەکانی تریشدا هەبوون و ڕەنگە لە داهاتووشدا بەردەوام بن. بەواتایەکی تر تێگەی نەتەوە ئاماژە بۆ جۆرێک لە سامانی کەلتووری و پەیوەندی نێوان مرۆڤ دەکات کە لە هەموو سەردەمەکانی مێژوودا هەبوون. ئەم جۆرە گرێدانەی ڕابردوو بەحازر و داهاتووەوە لە بانگێشەی پێرنیالیستانە نزیک دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە بۆچوونی پێرنیالیستانە

جیاوازە بەوەی کە دان دەنێ بەترازان و پچڕان لە بەردەوامیی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی هەمان ناوچە و شێوازە نەتەوەییەکانی هەمان کۆمەڵگە کە لە یەک ناوچە یان ناوچەی جیاوازدا هەن. بەم شێوەیە دەشێت پەیدابوونی نەتەوەکان و کۆمەڵگە ئیتنییەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا ببینین، با بڵێین لە سەردەمی یۆنانیەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا و لاواز بوون و لە ناوچوونیان و سەرهەڵدانی نەتەوەکانی تر بابڵێین لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا یان لە ڕۆژهەڵاتی دووردا. دەتوانین ڕادەی نزیک بوونەوەی هەندێک کۆمەڵگای ئیتنی وەک ئەرمەنەکان و جولەکەکان پیشان بدەین لە سەردەمەکانی کۆندا لە شێوازی نەتەوەیی کۆمەڵگەیی و لاوازبوونی یان لە دەستدانی ئەو شێوەازە نەتەوەییە لە دواتردا و سەرهەڵدانەوە و بەدەستهێنانەوەی لە سەردەمی ئێستادا. لەم ڕوانگەیەوە نەتەوەکان سیمای سەرهەڵدانەوە، نەک بەردەوامیی، کۆمەڵگای مرۆڤ و سیاسەتن. ئەمانەش ئەو مەسەلانەن دواتر دەگەڕێمەوە سەریان.

لە کۆتاییدا و ئەوەی کەمتر جێگەی مشتومڕە ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان ڕابردوو حازر و داهاتوو ڕەنگە پەیوەندیەک بێت شایەنی داڕشتنەوە بێت. لێرەدا ڕووناکبیران و سەرکردەکانی کۆمەڵگاکان هەوڵ دەدەن مێژووە ڕەسەنەکەیان بدۆزنەوە و لەگەڵ (سەردەمە زێڕینە) گریمانەکراوەکەی ڕابردوویان پێکیانەوە ببەستنەوە، بۆ ئەوەی ئەو مێژووە ببووژێننەوە و ڕابردووی سەربەرزانەیان زیندوو بکەنەوە. ئەمەش ئەنجام دەدەن بەهەڵبژاردن و داڕشتنەوەی ئەو ڕابردووانە بۆ هەر وەچەیەک لە چوارچێوەی ئەو کەلتوورە ئیتنییەدا و هەڵاواردنی لایەنە ڕەسەنەکان لە وانەی ڕەسەن نین و جیاکردنەوەی ئەوانەی لە بنەڕەتدا هەبوون لەوانەی کە نامۆن بەکەلتوورەکە. ئەگەر ئەم پەیوەندیە بەئاشکرا پەیوەندیەکی ئایدۆلۆجیش بێت ئەوا هەر هێزی ئەوەی هەیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بورووژێنێت و هەستی ئامانجی هاوبەشیان تێدا دروست بکا هەروەک ئەو هەستەی بەرامبەر (کۆمەڵگاکەی خۆیان) هەیانە، هەروەک چەندین نموونە هەن ئەمە ڕوون دەکەنەوە. پەنابردنە بەر ڕابردووی ئیتنی هەرچەندە لێڵیش بێت هەست و ئارەزووی قوربانیدانێکی ئەوتۆ لە پێناوی هاونەتەوەکانی نەتەوەیەکدا دروست دەکات کە ئایدۆلۆجی کەم هەیە بیگاتێ. جگە لەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی چوارچێوەیەکی پتەو بۆ تێگەیشتنی جێگەی تاک لەناو کۆمەڵگا و جیهانیشدا و لە هەمان کاتدا دید و پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ نەتەوەکە بەگشتی دەخولقێنێ.

لێرەوە دەردەکەوێ بەپێچەوانەی دیدی دروستکارەکانەوە، بۆچوونەکانی ئیتنۆ



سیمبۆلیکەکان پێ لەسەر پێویستی پەیدابوونی نەتەوە مۆدێرنەکان لە چوارچێوەی ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵەکانی سەردەمەکانی پریمۆدێرن دادەگرن. گرنگترین جۆری ئەم کۆمەڵگایانەش بریتییە لە کۆمەڵگای ئیتنی کە کۆمەڵە مرۆڤێکی پەیوەستی خاکێکی دیاریکراون و هاوبەشن لە ئەفسانەی باووباپیران و یادگارە مێژووییەکان، سەرەڕای لایەنەکانی کەلتووری هاوبەش. ئەمەش ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لە لایەن دروستکارەکانەوە و بەتەواوی لە لایەن مۆدێرنیستەکانەوە پشتگوێ دەخرێت و پێرینیالیستەکانیش خۆی لێ لادەدەن. نیشانەیەکی بەهەندوەرگرتنی گرنگی ئەم لایەنە لە ئاماژەپێدانەکەی ئەندرسۆن بۆ زمان وەک پێوەرێکی بوونی کۆمەڵگا دەردەکەوێ (لە سەرەتادا نەتەوە لە ڕێگەی زمانەوە دروست بوو نەک لە ڕێگەی خوێنەوە) و خدوریش پێدەچێ وەک ڕاستیەک تەماشای فرە ئیتنی مرۆڤایەتی بکات و ئەمەش بەهۆکاری نانەوەی گرفتەکان دابنێت، کاتێک نەتەوەخوازیی لەناو ئەو ناوچانەدا تەشەنە دەکات کە فرە ئیتنین. بەڵام بەگشتی ئەوەی مۆدێرنیستەکان دەیڵێن لە ڕووی مێژووییەوە کورتبینە و گوایە گۆڕانکاریەکانی دوای سەردەمی شۆڕشگێڕیی و هاوکاتی مۆدێرنیتی پێشکەوتوخواز، پاشماوەکانی ڕابردوو بەتێکەڵە کەلتووریە ئیتنی و ئایینییەکانەوە ڕادەماڵێ. لە کاتێکدا لای ئیتنۆ سیمبۆلیستەکان پێکهاتنی نەتەوە لە دەرەوەی جیهانی ئیتنی مەحاڵە و هەندێک لە نەتەوەکان لەسەر بناخەی پەیوەندیە ئیتنییەکان نەبێت دروست نابن. لە کاتێکدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بۆ هەر نەتەوەیەک بوونی کۆمەڵگای ئیتنی پێویست بووە تا ببێتە تەنیا بناخەی دروستبوونی _ چونکە زۆر کەم لە نەتەوەکان فرە ئیتنی نین- بەڵام مانای ئەوەیە کە نەتەوەکان پێکهاتەی تایبەتمەندن و لە (یەکێک یان زیاتر)ی گرووپە ئیتنیەکان پێکدێن و کۆمەڵگای ئیتنی بەدرێژایی مێژوو وەک مۆدێل و بناخەی چەندین نەتەوە لە کاردا بووە. چاونوقاندن لە دانپێدانانی ئاکامەکانی ئەم ڕاستیە بەڕای من تەگەرەی گەورەی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە گەشەسەندنی نەتەوەکان و نەتەوەخوازییدا دروست کردووە، هەروەک چۆن لاوازی وردبوونەوە لە یادگارە ئیتنییەکان و ئەفسانەو سیمبۆل و نەریت کە بەڵگەی گرنگ بۆ تێگەیشتنی -هەروەها بەردەوامبوونی- ناسنامە کەلتووریەکان و کۆمەڵگاکان دەڕەخسێنن، تەگەرەی دروست کردووە A.D. Smith 1986 and 1999; Kedourie 1960: ch 6.

## ئەنجامگیری Conclusion

ئەمانە هەندێک لەو هێڵە سەرکیانەی باس و گفتوگۆکانن کە لە سێ ساڵی دوایی

سەدەی بیستەمدا لە مەیدانی ئیتنی و نەتەوەخوازیی دا لە ئارادا بوون. بێگومان ئەمانە هەموو گفتوگۆکان ناگرنەوە و هەموو کارە تیۆریەکانی لە خۆ نەگرتووە. مەحاڵە لە کتێبێکی کورتدا بتوانرێت حەقی تەواو بدرێت بەهەموو گفتوگۆکان چجای ئەو توێژینەوانەی لەم بوارە خێرا پەرەسەندووەدا ئەنجام دراون. هەندێک لە گفتوگۆکانی ئەم دواییانە بەتایبەتی فرەڕەگی Hybridization نەتەوەکان و کاریگەرێتی جیهانگەرایی (گلۆبەلایزەیشن) لە دوا چاپتەردا باس دەکەم. بەڵام تەنیا هەر لە ڕوانگەی گفتوگۆ لە سەر ئەو پارادیمانەی پێشتر باسم کردن، دەتوانرێت لەو پەرەسەندنە نوێیانەش بگەین. ئەمانە ئەو بناخەو چوارچێوەیان ڕەخساندووە کە بەهۆیانەوە گفتوگۆکانی دواتریش وروژێنراون. هەروەک دواتر باسی دەکەم گفتوگۆکانی ئەم دواییانەش درێژبوونەوەی بۆچوونەکانی پێشترن نەک هێنانەکایەی پارادیمی نوێ بن. نەک تەنیا ئەم گفتوگۆ تیۆریانەی ئەم دواییانە لە بۆچوونەکانی پێشووترەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵکو وا دادەنێن کە هەندێک هیستۆریگرافی نەتەوە و نەتەوەخوازیش لە ئارادا بووە و پشت بەپارادیمە بنەڕەتیەکانیان دەبەستن. پێویستە باسێکی هەموو ئەو مێژووە جیاوازانەی نەتەوەکان بکەین کە لە لایەن بۆچوونە جیاوازەکانەوە خراونەتەڕوو. ئەمەش تەنیا لەبەر پیشاندانی ئەو مێژووانە نییە، بەڵکو لەبەر ئەو زانیاریانەیە کە ئەم مێژووانە لەخۆیان گرتووە و بۆ تێگەیشتنی گفتوگۆ تیۆریەکان و واقیعە پراکتیکیەکەی نەتەوەخوازیش گرنگن. ئێستاش دەچمە سەر باسی ئەو مێژووانە.



# چاپتەری پێنجەم

## مێژووەکان

Histories

مێژووی نەتەوەخوازیی کە بەگشتی پەسەندکراوە، مێژوویەکی تەواو نوێیە. لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە،هەر لە دابەشکردنی پۆڵۆنیا و شۆڕشی ئەمەریکاوە، تا شۆڕشی فەرەنسا و کاردانەوەکانی ناو ڕوسیاو پروسیا و ئیسپانیا بەرامبەر داگیرکردنەکانی ناپلیۆن، دەست پێدەکات. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە نەتەوەخوازیی لە ماوەی ئەم چل ساڵەی شۆڕشدا لە دایک بووە و دواتریش لە ناوچەکانی تری ئەوروپای وەک سیربیا و یۆنان و پۆڵۆنیا (جارێکی تر) بڵاوبۆتەوە. بەهەمان شێوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨١٠ بۆ ١٨٢٠گەشتۆتە ئیلیتە کریۆلیەکانی ئەمەریکای لاتین. شەپۆلی مەزنی یەکەمی نەتەوەخوازیی لە شۆڕشەکانی ئەوروپای ساڵی ١٨٤٨ دا گەیشتە ئەوپەڕی، ئەوەی کە پێی دەڵێن(بەهاری گەلان) و دەسکەوتە سەرەکییەکانیشی بریتی بوون لە یەکخستنەوەی ئەڵمانیا و ئیتالیا لەژێر ئالای پروسیاو Piedmontese دا و باڵادەستبوونی هەنگاریا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی (Habsburg)دا. لە چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەمیشدا شەپۆلی دووەمی نەتەوەخوازیی لە ڕۆژهەڵات و سەرووی ئەوروپادا سەری هەڵدا، لە وڵاتەکانی چیک و سلۆڤاک و ڕۆمانیا و بولگاریا و لیتوانیا و فنلەندا و نەرویج و لەناو جولەکەکاندا شان بەشانی چەند نەتەوەخوازی تر لە میجی یابان و هیندستان و ئەرمینیا و میسر. ئەم شەپۆلەی دواییان درێژەی کێشا تا دواتر لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەند جۆری جیاوازی نەتەوەخوازییەکانی ئاسیای وەک تورک و عەرەب و فارس و بێرما و Javanese و فلیپین و ڤێتنامی و چین و دەستەی یەکەمی نەتەوەخوازییەکانی ئەفریقای وەک نەیجیریا و گانا و ئەفەریقای خوارووی گرتەوە. نەتەوەخوازیی وا پەرەی سەند کە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ەکاندا قوژبنێکی ئەم دنیایە نەما نەکەوێتە بەر هەڵمەتی نەتەوەخوازی. لەو ماوەیەدا لە ئەوروپادا نەتەوەخوازیی گەیشتە ئەوپەڕی و بووە هۆی سەرهەڵدانی نازیزم و قەڵاچۆکانی کاتی

جەنگی دووەمی جیهانی لە لایەکەوە و دواتر، گەشەکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە (دژە کۆلۆنیاڵی)یە نەتەوەخوازەکان لە ئەفەریقا و ئاسیادا.

لە کاتێکدا بەگشتی وا دادەنرا کە نەتەوەخوازیی (هێزی خۆی لە دەست دابێت) کەچی جارێکی تر گیانی هاتەوە بەبەردا لە چوارچێوەی ئەو بزووتنەوانەی لە ساڵانی ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠ کاندا لە ڕۆژئاوادا داوای ئۆتۆنۆمی ئیتنییان دەکرد، لە کەتەلۆنیا و Euz-kadi و کۆرسیکا و بریتانی و Flanders و سکۆتلەندا و وێلس و کیوبێکدا. لە ساڵانی ١٩٨٠ کاندا نەتەوەخوازیی ئەم ناوچانە ڕوو لە کزی بوو تا جارێکی تر بووژایەوە و پێرستڕۆیکاو گلازنۆست لە دوای ساڵی ١٩٨٨ەوە، بوونە هۆی سەر هەڵدانی نەتەوەخوازیی لە کۆمارەکانی ناسراو بەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمەش لە ساڵی ١٩٩١دا بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت. لەم کەشە سەرکێشە چاوەڕوانکراوەدا، لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا چەندین تراجیدی نەتەوەخوازیی ئیتنیمان لە نیمچە کیشوەری هیند و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەفەریقا و ڕواندا و قەفقاسدا بینی و لە هەموشیان سەختتر لە جەنگەکانی یوگۆسلاڤیا و ڕووداوە نادیارەکانی دوای ئەو جەنگانە.

**(نەتەوە مەزنەکان) و کۆمەڵگا ئیتنییە بچووکەکان** Great Nations, Small Ethnies

باسی لایەنە سەرەکیەکانی زۆربەی مێژوە مۆدێرنیست و تایپۆلۆجیەکانی نەتەوەخوازیم کرد کە وا باوەڕ دەکرێ ئایدۆلۆجی و بزووتنەوەیەکی نوێ بێت. قۆناخی یەکەمی ئەم بیرە بارودۆخیکی ڕۆمانتیانەی هێنایە کایەوە کە لە دوای ساڵی ١٨٧١ بووە هۆی پەیدابوونی نەتەوەخوازییەکی دڕی دەوڵەتە زلهێزەکان و کارەساتەکانی هەردوو جەنگی جیهانی بەدوادا هات. دوای ئەمە نەتەوەخوازیی بەرەو کزی ڕۆیشت. بەتێپەڕبوونی کات و نەکوژانەوەی نەتەوەخوازی، دەبوایە ئەم ئاراستە بەپارێزەی نەتەوەخوازیی چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. ئەمەش مانای دوورکەوتنەوە بوو لە تاکە مۆدێلێکی ڕاستەهێڵ بەرەو لێکدانەوەیەکی زیاتر پلورالیستی و جیۆکەلتووری فرەلایەنە کە تیایدا ئیلیتەکانی هەر ناوچەیەکی ئەم جیهانە بتوانن بەگوێرەی پێویستی و گرفتەکانی کۆمەڵگا و کەلتوورەکانی خۆیان بیسازێنن، لە کاتێکدا، هەروەک ئەندرسۆن دەڵێت (پەنایان دەبردە بەر بەرهەمە لە بنەڕەتدا ئەوروپییەکە) Anderson 1991: chs 4-9

لە گەڵ ئەمەشدا هێشتا بانگەوازی تاک مۆدێلی بەهێزە، هەروەک کاریگەرێتی ئەو



بۆچوونانەی کە لە پارادیمی مۆدێرنیستییەوە سەرچاوە دەگرن. یەکێک لەم بۆچونانە کە جێگای خۆی کردۆتەوە بریتییە لە مۆدێلی دروستکار Constructionistی (نەریتی "نەتەوایەتی" داهێنراو). هەروەک باسم کرد ئەم مۆدێلە بریتییە لە مۆدێلی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. بەگوێرەی ئەم مۆدێلە ئیلیتەکانی ڕۆژئاوا چالاکی و بەهاکانی جەماوەری تازە مافی دەنگدان پێ ڕەوا بینرا و لە سەردەمی پیشەسازی و دیمۆکراتیزەکردندا، دادەڕێژن و ئاراستەی دەکەن. ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لە لایەن ئێریک هۆبسبۆم خرایە ڕوو لە مێژووە دەوڵەمەندەکەیدا دەربارەی دوو جۆری نەتەوەخوازی.

هەروەک لە چاپتەری چوارەمدا بینیمان هۆبسبۆم لای وایە کە نەتەوەخوازیی بزووتنەوەیەکی بەتەواوی سیاسی مۆدێرنە و ئامانجەکەشی دامەزراندنی دەوڵەتە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمەی مێژوونووسان ناتوانین ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی بۆ دوورتر لە شۆڕشی فەرەنسا بگێڕینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا و سەرسوڕهێنەرانە مێژووەکەی هۆبسبۆم لە ساڵی ١٧٨٠ەوە دەست پێناکات وەک ناونیشانی کتێبەکەی ساڵی ١٩٩٠ پیشانی دەدات، بەڵکو لە ساڵی ١٨٣٠ و لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی تەمووزی پاریسەوە دەست پێدەکات، لە کاتێکدا (نەتەوەی -هاوڵاتیان)ی شۆڕشی فەرەنسا دامەزرایەوە و لە لایەن بۆرژوازیەکانەوە بەرەنگاریەکی زۆری دیموکراسیانەی کێشەکەی (Metternichian)ی ساڵی ١٨١٥ کرا. ئەمەش ئەو ماوەیە بوو کە نەتەوە مەزنەکان بەتەواوی پێکهاتن. یەکەم جار لە بەریتانیا و فەرەنسا و دواتریش لە ئەڵمانیا و ئیتالیادا. سیمای سەرەکی ئەم نەتەوانەش بریتی بوو لە قەبارەی خاک و ژمارەی دانیشتووانیان. ئەمانەش بەڕای هۆبسبۆم (پرنسیپی جیاکەرەوە) بوون بۆ ڕەوا بوونی بوونە نەتەوە و دەوڵەت. بەگەڕانەوە بۆ بۆچونەکانی فرێدریک لیست Feriedrich List، بەگشتی وا لێک دەدرایەوە (تەنانەت لە لایەن کەسانی وەک مازینی–Mazzini) کە تەنیا ئەو نەتەوانەی گەیشتبوونە ئەم ئاستە جیاکەرەوەیەی قەبارەی خاک و دیمۆگرافی و بەهێزیی ئابووری، دەیانتوانی بیر لەوە بکەنەوە بخرێنە ڕیزی دەوڵەتانەوە. لە ساڵی ١٨٣٠ تا ساڵی ١٨٧٠ بەڕای هۆبسبۆم، پرنسیپی جیاکەرەوە جێگیر نەبووبوو. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە (پرنسیپی نەتەوایەتی) لە پراکتیکدا تەنیا ئەو نەتەوانەی دەگرتەوە کە قەبارەیەکی دیاریکراویان هەبوو، چونکە تەنیا نەتەوە گەورەکان دەیانتوانی لە ڕووی ئابووری و کەلتوورییەوە پەرە بسێنن Hobs-bawm 1990: 30-2. جگە لەمەش ئەم بۆچوونە ئەوەی دەگەیاند کە نەتەوەخوازیی نەتەوە مەزنەکان دەبوایە کارێکتەرێکی یەکگرتوو و لەخۆگرتوو و فراوانخوازیان هەبوایە. لە

دیدی لیبراڵەکانەوە ئەمە ئەو ئاراستەیە بوو کە مێژوو گرتبوویەبەر بەرەو یەکەی زۆر گەورەتری خاک و دانیشتووان و سامان. بەهەمان پێوەر نەتەوەخوازیی نەتەوە مەزنەکان بەشێوەیەکی سەرەکی کارێکتەری سیڤیک (مەدەنی) و دیموکراسی جەماوەرییان هەبوو، چونکە ئامانجیان ئەوەبوو کە ژمارەی زۆرتری دانیشتووان وەک هاونیشتمان بخەنە مەیدانی سیاسییەوە، ئەو دەستورانەیان بەکاردەهێنا کە لە کاتی شۆڕشی فەرەنسادا پەسەند کرابوون.

هۆبسبۆم بەچاکی ئاگاداری سروشتی بۆچوونەکەی خۆیەتی کە بریتییە لە دەسپێکردن لە حکومەتەوە یان (سەرەوە بۆ خوارەوە) و هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات بەئاماژەپێدان لە شیکردنەوەکەیدا، بەچەندین کۆمەڵگای پرۆتۆ ناسیۆناڵی زمان و ئایین و ناوچە کە زۆرجار لە لایەن جەماوەری دانیشتووانەوە لە سەردەمەکانی پریمۆدێرندا پێکهێنراون. لەگەڵ ئەمەشدا هەروەک لە دوا چاپتەری کتێبەکەیدا دەبینین، ئەم کۆمەڵگایانە لە تەشەنەکردنی نەتەوەخوازیدا ڕۆڵێکی کەم یان هەر هیچ نابینن. لە کاتێکدا هۆبسبۆم ڕەخنە لە گیلنەر دەگرێت بەوەی حسابی بۆ بەها و پەیوەندیە جەماوەریەکان نەکردووە، کەچی بۆخۆی ڕێچکەکەی گیلنەری گرتووە بەوەی کە جەماوەری دانیشتووان بەسەر گرووپی کەلتووری دووره پەرێزدا دابەش دەکات، کە ناکرێت وەک بنکەیەکی دامەزراندنی نەتەوەکان سەیریان بکرێت، چونکە ئەمانە زۆر ناوچەیی و لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا نا سیاسین. ئەو حاڵەتە کەمانەی کە ناوازەن ئەوانەن کە پرۆتۆ نەتەوەخوازیی دانیشتووان هاوکاری دەوڵەت و کڵێسای سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست بوون، هەروەک لە ئینگلتەرە و سێربیا و ڕوسیا و، ئەم هاوکارییە بەردەوامە توانی ئاسانکاری بۆ گەشەکردنی نەتەوەخوازیی سیاسی مۆدێرن بکات. کەواتە (ئەندامێتی لە دەوڵەتێکی مێژوویی (یان ڕاستەقینە) لە ڕابردوودا یان لە ئێستادا دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر هەست و هۆشی خەڵکی ئاسایی بۆ پێکهێنانی (پرۆتۆ نەتەوەخوازی) یان تەنانەت ڕەنگە هەروەک لە حاڵەتی ئینگلتەرەی سەردەمی تیودۆرەکاندا، ببێتە هۆی پێکهێنانی شتێک لە پاتریۆتیزمی ئەمڕۆوە نزیک بێت Hobsbawm 1990: 75. لە حاڵەتی سیربەکاندا بوونی دەوڵەت لە ڕابردوودا خزمەتی نەتەوەخوازیی مۆدێرنی کردووە، چونکە یادگارەکانی (شانشینی کۆن کە لە لایەن تورکەکانەوە شکێنرا لە گۆرانی و چیرۆکی پاڵەوانێتی و ڕەنگە ڕاشکاوانە تر لە بۆنە ئایینییەکانی کڵێسای سیربیادا کە بەنەوازشەوە دەیڕوانیە زۆربەی پاشاکان)،پارێزگاریان لێ دەکران (هەمان سەرچاوە).



بەم شێوەیە هەروەک ڕێنان و وێبەر، ئەمیش لای وایە یادگارە سیاسی و دەزگاکان لە سەردەمی کۆندا هەبوون، لە کاتێکدا ناسنامە ئیتنی و زمانیەکان نوێن و داهێنراون. ئەمەش وەک شێوازێکی تری تیۆریەکەی هیگڵ (گەلانی بێ مێژوو) وایە کە دەڵێ تەنیا ئەو گەلانەی کە لە ڕابردوودا نەریتی سیاسی پێکهێنانی دەوڵەتیان هەبووە، دەتوانن لە داهاتوودا نەتەوەی مۆدێرن و دەوڵەتی نەتەوایەتی دابمەزرێنن Rosdolsky 1964. ئەمەش بێگومان لەگەڵ تێڕوانینە نێگەتیڤەکەی هۆبسبۆمدا بەرامبەر پەرەسەندنی دوایی نەتەوەخوازیی لە ئەوروپادا، یەک دەگرێتەوە. چونکە ئەو سوورە لەسەر ئەوەی لە دوای سەردەمی مەزنی نەتەوەخوازیی ئەوروپا لەساڵی ١٨٣٠ بۆ ساڵی ١٨٧٠، کە نەتەوەخوازییەکی لەخۆگر و سیڤیک و دیموکراسی بوو، جۆری دووەمی نەتەوەخوازی، ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای گرتەوە کە سیماکەی بریتی بوو لە پەنابردنە بەر ئیتنیکی یان زمان یان هەردووکیان. لای هۆبسبۆم ئیتنیکی و زمان تێگەی لێڵن و هیچ کامیان ناتوانن ببنە پێوەری بێ پێچوپەنای نەتەوەسازی. هۆبسبۆم دەڵێ جۆری دووەمی نەتەوەخوازیی لەگەڵ جۆری یەکەم لە سێ لایەنەوە جیاوازە:

یەکەم، جۆری دووەم وازی لە (پرنسیپی جیاکەرەوە) هێنا، کە هەروەک بینیمان مەسەلەیەکی یەکجار ناوەندی بوو لە سەردەمی لیبراڵیدا. بەم شێوەیە هەر کۆمەڵێکی خەڵک کە خۆیان بەنەتەوە دادەنا، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەکرد کە لە دوا شیکردنەوەدا مانای مافی دامەزراندنی دەوڵەتی جیاوازی سەروەر بوو لە خاکەکەیان دا. دووەم و لە ئەنجامی زۆربوونی ئەم نەتەوە (نامێژووییانە) ئیتنیکی و زمان بوونە پێوەری ناوەندی و بەرەبەرەش بوونە پێوەری یەکلاکەرەوە بەڵکو تەنیا پێوەری بوونە نەتەوە. سەرەڕای ئەمانەش گۆڕانی سێیەم هەبوو کە کاریگەرێتی وا گەورەی لە سەر بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دەوڵەتی نەتەوە نەبوو، بەڵکو کاری کردە سەر بەها نەتەوەییەکانی ناو نەتەوە دامەزراوەکان. وەرچەرخانێکی خێرا بەرەو مافی سیاسی نەتەوە و ئاڵا و بۆ ئەمەش تێرمی نەتەوەخوازیی لە دەیەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا داهێنرا Hobs-bawm 1990: 102

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٧٠ بۆ ١٩١٤، نەتەوەخوازییەکانی ئیتنیکی-زمانی لە ئەوروپادا تەشەنەکردنی بەخۆوە بینی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مافی دەنگدان لە ئەنجامی فراوانبوونی پرۆسەی بەپیشەسازی کردن دا. لە هەمان کاتدا ئەم ماوەیە سەردەمی دەرکەوتنی چینی نوێ و کۆچکردنی ئیتنی و خەزنەفۆنیای ڕەگەزی بوو، کە بەشێوەیەکی

سەرەکی دژی بێگانەکان بەتایبەتی جولەکەکان بوو لە لایەن چینەکانی ناوەڕاستەوە (چینە کەمتر سەرکەوتووەکانی تاقیکردنەوەکانی ناو پۆلەکان) (هەمان سەرچاوە).

ئەم جۆرەی نەتەوەخوازیی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئاستێکی لە ڕادەبەدەر کە بریتی بوو لە فاشیزم و نازیزمی ڕەگەزی. لە دوای ساڵی ١٩٤٥ و ماوەیەکی بێدەنگی جارێکی تر نەتەوەخوازیی دابەشکار و جیاکاری ئیتنی-زمان بووژایەوە، کە میراتگری نەتەوەخوازیی نەتەوایەتیە بچووکەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بوون. بەڵام لێرەدا جیاوازیەکی گرنگ هەیە. نەتەوەخوازیی ئەمڕۆ (چیتر هێزی ئاراستەکاری گۆڕانکاریی مێژوویی نییە)، بەڵکو نەتەوەخوازیی ئیتنی بریتییە لە (کاردانەوەی ترس و بێ دەستەڵاتی و هەوڵدان بۆ کەنارخستنی هێزەکانی جیهانی مۆدێرن)، جیهانێک کە تیایدا ئاڵوگۆڕە ئابوریە جیهانیەکان و هاتوچۆکانی خەڵک زۆر کەسی گێژ کردووە و تۆقاندووە. ئەمڕۆ، نەتەوەخوازیی پێگەی خۆی لە دەست داوە، کارە دەوڵەت ساز و ئابووری دروستکەرەکەی پێشووی نەماوە و بۆتە (جێگرەوەی ئەو خەونانەی کە نەهاتوونەتە دی) (هەمان سەرچاوە).

هۆبسبۆم بەسەرنجێکی هیوابەخش کۆتایی بەباسەکەی دەهێنێ (کونەپەپووی ماینێرڤا کە دانایی دەهێنێ، هەروەک هیگڵ دەڵێ، لە تاریکەشەودا دەفڕی. ئەمەش نیشانەیەکی باشە کە ئێستا لە دەوری نەتەوە و نەتەوەخوازیی دەسوڕێتەوە) (هەمان سەرچاوە)

**نەتەوەکان لە پێش نەتەوەخوازییدا** Nations before Nationalism

من بیروڕاکانی هۆبسبۆمم تا ڕادەیەک بەدرێژی باس کرد، چونکە یەکەم لە بەر ئەوەی جێگای خۆیان کردۆتەوە و دووەمیش زیاتر لە بەر ئەوەی کە زۆر بەڕوونی سیما سەرەکییەکانی شێوازی دروستکاری پارادیمی مۆدێرنیستەکانی لە خۆ گرتووە. ئەمانەش بریتین لەوەی کە:

١- نەتەوەخوازیی شانبەشانی دەوڵەتی مۆدێرن نەتەوەی دروست کردووە.

٢- تەمەنی نەتەوەکان وەک نەتەوەخوازیی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم کۆنتر نییە.

٣- نەتەوەکان و خودی نەتەوەخوازیی کەرەستەی دروستکراوی دەستی ئینتێلیجێنتسیا و بورژوازین.

٤- پێویستە نەتەوەخوازیی ئیتنی (ئیتنی-زمان) لە نەتەوەخوازیی سیڤیکی سیاسی جیا بکرێنەوە.



٥- نەتەوەخوازیی و نەتەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە و لە سەردەمی گلۆبەلایزەیشەندا جێگەیان نابێتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونە مۆدێرنیستانەیە دەربارەی سروشت و سەردەم ئامێز و ڕۆڵی نەتەوە و نەتەوەخوازیی کەوتۆتە بەردەم ڕەخنەیەکی توند. هەریەک لە بۆچوونە مۆدێرنیستەکانی هۆبسبۆم ڕووبەڕووی تەحەدا بوونەتەوە. لە چاپتەری داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر بۆچوونی دوایی کە بریتییە لەوەی نەتەوەخوازیی و نەتەوە چیتر جێگایان نابێتەوە. بەڵام ئێستا دەمەوێ ئاوڕێک لەوانی تر بدەمەوە.

**نەتەوەکان وەک بەرهەمی نەتەوەخوازی؟** Nations as Products of Nationalism?

لەبەر ئەوەی نەتەوەخوازیی بەگشتی وەک ئایدۆلۆجیەکی نوێ سەیری دەکرێ، ئەو بۆچوونەی لای وایە نەتەوەخوازیی نەتەوەی دروست کردووە، وادادەنێ کە نەک تەنیا لە پێش نەتەوەخوازییدا نەتەوە نەبووە، بەڵکو ناکرێت نەتەوەی پێش سەردەمی نەتەوەخوازیی لە ئارادا بوبێت. جگە لەمە ئەم بۆچوونە لای وایە کە نەتەوەکان شێوە گوتار یان کەرەستەیەکی کەلتووری دروستکراون و تەنیا لە چوارچێوەی ئایدۆلۆجی فراوانتری نەتەوەخوازییدا مانا دەبەخشن. ئارگومێنتەکە لێرەدا ئەوەیە کە مانا کۆنەکانی تێرمی (نەتەوە) زۆر جیاوازن و هیچ پەیوەندیەکیان بەمانا مۆدێرنەکانی (دوای ١٧٨٩) نییە، کە زادەی بیری نەتەوەخوازین.

بەدەر لە مەسەلەی پەیوەندی (وشەکان) بە(شتەکان)ەوە، لە ڕاستیدا لێرەدا دوو گرفتی تر هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە مانا مۆدێرنەکانی تێرمی (نەتەوە) دەگۆڕێ و زۆرجاریش لێڵ و ناڕوونە. ڕەنگە هێندە بەس بێت ئاماژە بۆ ئەو هەموو جیاوازیانە بکەین کە لە نێوان خودی باسکاراندا هەیە دەربارەی لێکدانەوەی ماناکانی ئەم تێرمە. ئەمە ئەو سیاسەتکار و جەماوەرەش دەگرێتەوە کە ئەم تێرمە تاووتوێ دەکەن. لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا پێوەری جیاواز بەکار دەهێنری بۆ پێناسەکردنی ماناکانی ئەم تێرمە و ئەمەش ئایین و زمان و نەریت و ئیتنی و خاک و دەوڵەتداری بەتەنیا، یان پێکەوە دەگرێتەوە. هەروەک بینیمان ئایدۆلۆجیە جیاوازەکانی نەتەوەخوازیی چوارچێوەی جیاواز بۆ تێگەی نەتەوە دادەڕێژن لەناو چوارچێوە گشتییەکەی (خێزانی نەتەوەخوازدا). بەڵام ئایا ئەم مانا مۆدێرنانەی نەتەوەخوازیی لەگەڵ مانا کۆنەکانیداهێندە جیاوازن؟

گرفتی دووەم زۆر ترسناکترە، تەنانەت ئەگەر وا دابنێین کە ئەمڕۆ دەتوانین تەنیا یەک

مانا بۆ ئەم تێرمە دابڕێژین، بەڵام ئایا چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ماناکانی پێشوو (با بڵێین هی سەدەکانی ناوەڕاست) هێندە لە مانا مۆدێرنەکان جیاواز بووە؟ ئەمەش مەسەلەیەکە لە لایەن ئەیدریان هەیستینگس Aidrian Hastings ەوە شی کراوەتەوە. هەیستینگس لای وایە حاڵەتی ئینگلیز بەردەوامیی گشتی مانای تێرمی (نەتەوە) لە سەدەی چواردەیەم بەدواوە ڕوون دەکاتەوە. وشەکانی لە چەشنی (nacion) یان (nacyo) لە سەدەی پازدەیەمدا و nacioun" لە سەدەی چواردەیەمدا بەهەمان مانای بەکارهێنانە نوێکان بەکارهێنراون. هەروەک بەکارهێنەکەی میلتن لە "Areopagitica" ساڵی ١٦٤٤ (لە مێشکی خۆمدا نەتەوەیەکی بەهێز و نەجیب دەبینم وەکو پیاوێکی بەهێز لە خەو ڕادەپەڕێ)، یان وەک سامیوێل جۆنسۆن Samuel Johnson لە قاموسەکەی ساڵی ١٧٥٥ پێناسەی نەتەوە دەکات وەک (گەلێک کە بەشێوەیەکی گشتی بەزمان و بنەچە و حکومەتیان لە گەلێکی تر جیادەکرێتەوە) یان وەک بانگەوازەکەی پیت زە یۆنگەر Pitt the Younger (بوونمان وەک نەتەوە...... ناومان وەک پیاوانی ئینگلیز). هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە بەلایەنی کەمەوە لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمەوە (پیاوانی ئینگلیز وەک نەتەوە سەیری خۆیان دەکرد) Hastings 1997:14-16

هۆکارێکی گرنگی ئەم چونیەکیە لە بەکارهێناندا بریتی بوو لەو وەرگێڕانە زۆرەی لە دەقە لاتینیەکەی ئینجیل Bible لە Rolle and Wyclif کرابوو و بەهێزکردنی لە دوای چاکسازیەکان لە ڕێگەی خوێندنەوەی حەفتانە لە کتێبی (Common Pryaer). لە کاتێکدا وەرگێڕانە لاتینیەکە وشەی (ئیتنۆس-ethnos)ی یۆنانی بە (natio) وەرگێڕابوو، ئینگلیزەکان وشەی (nacioun) یان (nacion) و دواتر وشەی (nation) یان بەکار هێنا. وشەی (natio) لە سەدەکانی ناوەڕستدا بەشێوەیەکی بەردەوام بەمانا لاتینییەکەی بەکاردەهێنرا کە بریتی بوو لە گەلێک بەهۆی (زمان و یاسا و هەڵسوکەوت و شێوەی بڕیاردان و نەریتەوە جیادەکرانەوە). ئەمەش ئەو ڕستەیە بوو کە بیرنارد بیشۆپی نۆرمانی یەکەم لە سەینت دەیڤید بەکاری هینا، کاتێ لە دەوروبەری ساڵی ١١٤٠ دا باسی خەڵکی (وێلس)ی وەک natio بۆ پاپا دەکرد (هەمان سەرچاوە). هەیستینگس لەم دەقە کورتە زمانەوانیەدا ئەو ئەنجامگیرییە بەدەست دێنێ کە بەلایەنی کەمەوە لە زمانی ئینگلیزیدا، (بەردەوامیەکی پتەوی بەکارهێنان هەبووە بەدرێژایی زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ). بەکارهێنانێ ڕەگی قوولی ئینجیلی و لاتینی هەیە و پشتگوێخستنی ئەم بەکارهێنانە فراوانە و دانانی تێرمی (natio) کە گوایە ئاماژەدانێک بووە بۆ دابەشبوونی قوتابیان لە



زانکۆکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست دا نابەجێیە (هەمان سەرچاوە).

بێگومان (وشەکان) وەک (شتەکان) نین. بەڵام ئەگەر ئارەزووی سەر بەنەتەوە بوون بەیەکێک لە پێوەرەکانی نەتەوەبوون nationhood دابنرێ، ئەوا لە حاڵەتی ئینگلیزدا، بەلایەنی کەمەوە حاڵەتێک prima facie هەیە کە بڵێین (نەتەوەکان لە پێش نەتەوەخوازییدا پەیدا بوون) بەهۆی ئەم بەکارهێنانە زمانەوانیە بەردەوامە و ئەو باوەڕە بەهێزەی ئینتیمای نەتەوایەتی کە ئەم بەکارهێنانە لەخۆی گرتووە.

ڕەنگە مۆدێرنیستەکان وەڵام بدەنەوە و بڵێین خۆ ئەگەر لەو حاڵەتە کەمانەدا کە پێدەچێ نەتەوە لە نەتەوەخوازیی (یەکەی) کۆنتر بێت، ئەوا زۆربەی نەتەوەکان بەرهەمی نەتەوەخوازین و پێویستیان بەو مۆدێلەی نەتەوە هەیە کە ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی دایڕشتووە، شانبەشانی ئەکتیڤیزمی ئایدیالی نەتەوەخوازیی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆ. سەرەڕای ئەمە، ئەوەی نەتەوەی مۆدێرن یان (ڕاستەقینە) جیا دەکاتەوە بریتییە لە سەرهەڵدانی هاولاتێتی: نەتەوەکان دیاردەی جەماوەرین و بەپێی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی هەموو ئەندامێکی نەتەوە هاولاتییە و تەنیا لە سەردەمی مۆدێرندا هاولاتێتی بەشێوەیەکی فراوان ڕەخساوە.

بەرامبەر ئەم بەرەنگاربوونەوانە، هەیستینگس ئاماژە بە(دیسانەوە لە ڕێگەی حاڵەتی ئینگلیزەوە) نەتەوەخوازیی نەتەوەکانی سەدەی ناوەڕاست دەکات. هەرچەندە ئەو نەتەوانە خاوەنی تیۆری نەتەوەخوازیی نەبوون، نەتەوەخوازییەکی ئاشکرا و ئەکتیڤی خۆیان پیشان داوە، بەتایبەتی لە کاتی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەدا. لای هەیستینگس، نەتەوەخوازیی لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی تایبەتکارە و ئەمەش سەرچاوەی بەهێزیەتی، نەک تیۆریەکی گشتی دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆ. ڕەنگە بەتەواوی وابێت. هەر لە ساڵی ١٨٠٠ بەدواوە، گەلێک نەتەوە بەنەتەوەخوازیی (ئایدۆلۆجیەکە) دەستیان پێکرد و شێوەیان گرت. بەڵام لەپێش ئەو ڕێکەوتەدا پێچەوانەی ئەمە بوو: ئەو نەتەوانەی لەژێر هەڕەشەدا بوون نەتەوەخوازیی خۆیان دادەڕشت و هەروەک نەتەوەکانی (ژمارە ٢)ی دوای ساڵی ١٧٨٩ بەتەنگ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانەوە بوون.

### نەتەوەکانی پریمۆدێرن؟ Premodern Nations?

لای هەیستینگس، مۆدێرنیزم تەنیا نیوەی بەسەرهاتی نەتەوەخوازیی باس دەکات و نیوەکەی تری کە ماوەی پێش ١٧٨٩ یە دەپەڕێنێ. ئەو بۆچوونە نیۆ-پێرینیالیستەی

هەیستینگس دەیخاتەڕوو، بۆچوونێکی ئینتیقائیە و دەیەوێ نکۆڵی لە پەیوەندی نێوان نەتەوە و نەتەوەخوازیی و مۆدێرنیتیدا بکات، ئەو پەیوەندیەی کە هۆبسبۆم و ئەوانی تر پێی لەسەردادەگرن، لە هەمان کاتدا ئەو دەیەوێ ناسنامە و بەردەوامیی هەندێک لە نەتەوەکان هەر لەسەرەتا پریمۆدێرنەکانیانەوە تا شێوازەکانی ئەمڕۆیان پیشان بدات. هەڵبژاردنەکانی هەیستینگس بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ئەوروپای ڕۆژئاوادایە بەتایبەتی بەریتانیا: ئینگلتەرا بەپلەی یەکەم و دواتریش سکۆتلەندا و ئێرلەندا و ویڵس. دوای ئەمانیش فەرەنسا و هۆڵندا و سویسرا و سوید و ئەڵمانیا و ئیسپانیا. ئەمەش زۆر لە ڕێبازەکەی هیو سێتۆن واتسۆن Hugh Seton Watson دەچێت کە نەتەوە (کۆن و بەردەوام)ەکانی لە نەتەوە تازە دامەزراوەکان جیاکردۆتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوای ساڵی ١٨٠٠ ەوە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئاسیادا پەیدابوون. (نەتەوە کۆنەکانی ئەوروپا لە ساڵی ١٧٨٩ بریتی بوون لە نەتەوەکانی ئینگلیز سکۆتلەندا و فەرەنسی و ئەڵمانی و کاستیلیەکان و پۆرتۆگالی لە ڕۆژئاوادا و دانیمارک و سوید لە سەروودا و هەنگاریا و پۆڵۆنیا و ڕوسیا لە ڕۆژهەڵات) Seton-Watson 1977: 7

لەم حاڵەتانەدا نەتەوە یەکسەر هاتەکایەوە، واتا لە لایەن نەتەوەخواز و ئیلیتەکانی ترەوە نەهاتە ئاراوە. ئەم جۆرە نەتەوانە جێپەنجە یان دیزاینی نەتەوەخوازیی هەروەک هەیستینگس دەڵێ تیۆری نەتەوەخوازییان پێوە دیار نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەتەوە بوون و لەوەشدا (نەتەوەخواز) بوون.

بەگشتی بۆچونەکەی هەیستینگس دەربارەی پێرنیالیزمی بەردەوام (سێ قۆناخی گەشەکردن)ی ناسنامەی نەتەوایەتی ئەوروپی لە یەکتر جیادەکاتەوە. قۆناخی یەکەمیان بریتییە لە (جەماوەری ئیتنیکیە ناوچەییەکان کە زۆربەیان تا ڕادەیەکی زۆر نا سەقامگیر بوون) و لە سەدەی چواردەیەمەوە بۆ پازدەیەم لەگەڵ جیاوازی ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر، لە ئارادا بوون. ئەم کۆمەڵە ئیتنییانە کە بەزۆری پەیوەندی زارەکییان هەبوو، بەڵام لە هەندیک حاڵەتدا زمانە زارەکییەکە خۆی لە نووسین و ئەدەبدا دەنواند، دەستیان کرد بەجێگیرکردنی سنوورەکانی نەتەوە ڕەوەندەکان. لە سەدەی پازدەیەمدا و قۆناخی دووەمدا، گەشەسەندنی زمانی ئەدەبی و دەوڵەتانی گەورە کامپی ئاڵۆز و شڵەقاوی ئیتنیکی لە ناوبرد.

زۆربەی نەتەوە سەرەکییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەر لە کۆنەوە هەبوون و خەڵک هەر بەم شێوەیە باسی کردوون. کوتومت وەک ئەو نەتەوانە وان کە نەتەوەخوازی، بەپێی



تیۆریکارانی مۆدێرنیزم، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە دروستی کردوون. لێکچوونەکە هێندە نزیکە کە شتێکی نابەجێیە بەلێکچوونی ڕێکەوت سەیریان بکرێت Hastings 1997: 114.

قۆناخی سێیەمی گەشەسەندنی نەتەوەسازی (کە بەشێوەیەکی چەواشەکار لە لایەن مۆدێرنیستەکانەوە بەهەموو مێژووەکەی دانراوە) لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە بەڕمانی پاشایەتی فەرەنسی دەستی پێ کردووە کە (دەرگای بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکان خستە سەرپشت و ئەم بزووتنەوانەش نەتەوەخواز بوون)، (هەمان سەرچاوە). ئەمەش ئەو ماوەیەیە کە تیایدا نەتەوەکان بەهۆی نەتەوەخوازییەوە دروست بوون و مۆدێرنیستەکان جەختی لەسەر دەکەن. بەڵام ئەمە زیاتر لە ئەنجامی کاریگەرێتی مۆدێلی سیڤیک و پەرلەمانتاری سەرکەوتووی ئینگلیزییەوە بوو، بەتایبەتی لە فەرەنسادا و کەمتر لە ئەنجامی مۆدێرنایزەیشنەوە بوو.

بەم جۆرە بەلای نیۆپێرنیالیستەکانی وەک هەیستینگسەوە دەشێت نەتەوەی پریمۆدێرن هەبێت و زۆربەشیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادان و لەسەر مۆدێلی ئینگلیزی دامەزراون. هەیستینگس لەم بۆچوونەیدا تەنیا نییە و جۆن گیلینگهام Gillingham Johnیش لای وایە ئینگلتەرە تەنانەت لە پێش سەدەی چواردەیەمیشدا هەر نەتەوە بووە. لە نووسینەکانی ویلیامی ماڵمێسبێری William of Malmesbury و جیۆفری مۆنمۆس Geoffrey of Monmouth هەروەک لە نووسینەکانی جیرالدس کامبرێنسیس Giraldus Cambrensis لە سەدەکانی یازدە و دوازدە دا، دەربڕینێکی ئاشکرای هەست بەبوونی نەتەوەی ئینگلیز دەکەین لە بەربەرەکانیگەلی ویڵس و ئێرلەندیەکاندا. ئەمە سەرەڕای بوونیان لەناو خاکی فەرەنسادا کە بەنموونەی سەرەتایی (ئیمپریالیزمی ئینگلیزی) دادەنرێت Gillingham 1992.

بەهەمان شێوە جۆزێف لۆبێرا Josep Llobera، لە کاتێکدا پێ لەسەر مۆدێرنیتی ڕێژەیی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی دادەدەگرێ، بناخەی نەتەوەکانی ئەمڕۆ دەگێڕێتەوە بۆ مێژووی دووررودرێژی پەیوەندیە ئیتنی و سیاسییەکان و ئەو بەهایانەی لە شوێنە گرنگەکانی ئەوروپای وەک "فرانسیا" و "جێرمانیا" و "هیسپانیا" دا هەبوون. بەبێ شیکردنەوەی ئەو ڕوخسار و یادگارانەی کە ئەم پێکهاتە کەلتوورییە سیاسییانە هێنابوویانە ئاراوە، هەرگیز ناشێت بەتەمای شرۆڤەکردنی سەرهەڵدانی نەتەوە سیاسییە مۆدێرنەکانی دواتر بین.

کەواتە بەرامبەر مۆدێرنیستێکی وەک جۆن برویلی کە لای وایە گەشەکردنی بەها نەتەوایەتیەکان لە سەدەی شازدەیەمدا، لە (سەرەتایەک)ی نەتەوەخوازیی زیاتر نییە، نیۆپێرینیالیستەکان بوونی نەتەوە و نەتەوەخوازیی بۆ پێش سەدەی شازدەیەمیش دەگێڕنەوە. بێگومان چاکسازیە ئایینییەکانی مەسیحی کە جەختی لەسەر نوێژ و خوێندنەوەی ئینجیل دەکرد بەوەرگێڕاوی بۆ سەر زمانە میللییەکان، بەشێوەیەکی گەورە هەستی نەتەوەیی پتەو کرد و بڵاوی کردەوە. ئەمەش بابەتێکە بەدرێژی لە لێکۆڵینەوە مەزنەکەی لیا گرینفیلد Liah Greenfeld دەربارەی ڕێگا سەرەکییەکانی نەتەوەخوازیی بەرەو مۆدێرنیتی ڕوون کراوەتەوە. لە ڕاستیدا بەڕای گرینفیلد نەتەوەخوازیی ئینگلیزی کەمێک پێش چاکسازیەکانیش هەر هەبوو، چونکە ئەو هەستەی لای وایە نەتەوە و سەراپای گەل لە یەکتری جیاناکرێنەوە (هەر یەکن)، بەڕای ئەویش ئەمە پێوەری سەرەکی بوونی نەتەوەخوازییە، بۆ یەکەم جار لەناو ئیلیتەکانی ئینگلیزدا لە ساڵانی ١٥٢٠ و ١٥٣٠ یەکان دا بڵاوبۆوە. بەڵام ئینجیلی پرۆتستانتی ئینگلیزی و کتێبی (Common Prayer) لەگەڵ کتێبی فۆکس دەربارەی شەهیدانی پرۆتستانت، ئەم بەها نەتەوایەتیانەی گەلێک زیاتر کرد و دۆزێکی کاریگەری دژ بەکڵێسای ڕۆمانی و هاوپەیمانە ئیسپانیەکانی بۆ ڕەخساندن. لەسەردەمی ئارمادا (کەشتی دەریایی ئیسپانی کە لە ساڵی ١٥٨٨ دا لە لایەن کەشتی دەریایی ئینگلیزەوە تێکشکێنرا)، هەستی نەتەوەیی ئینگلیزی لە زۆربەی ناوچەکاندا گەیشتە ناو چینی ناوەڕاست و لە دواتردا بووە مۆدێلی نەتەوەخوازیی فەرەنسی و ئەڵمانی و ڕوسی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا Greenfeld 1992: ch 1

**سەرچاوەکانی نەتەوەخوازیی** The Sources of Nationlism

بە گوێرەی بۆچوونەکانی نیۆپێرینیالیستەکان، پێویستە لەناو کەلتوور و بەها جەماوەریەکاندا بۆ سەرچاوەکانی ناسنامەی نەتەوایەتی بگەڕێین، نەک بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو خەیاڵ و داهێنانەکانی ئیلیتەکاندا. بۆیە ناکرێت نەتەوە وەک هونەرکاری مۆدێرن کە لە لایەن ئیلیتەکانەوە دیزاین کرابن، لێک بدرێتەوە. هەرچەندە نوخبە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ، بەڵام پێویستە سەرچاوە بنەڕەتیەکانی نەتەوە و ناسنامە نەتەوایەتیەکان لە جێگای تردا بدۆزرێنەوە و لە کات و سەردەمێکی زۆر کۆنتردا.

لای ئەیدریان هەیستینگس، هەروەک بینیمان، نەتەوە پریمۆدێرنەکان لە کۆمەڵە ئیتنییە سەقام نەگرتووەکان پێکهاتوون لە ڕێگەی گەشەسەندنی زمانی ئەدەبی و ئەدەب کە سنوورەکانی کەلتوور و گەلان جێگیردەکەن.. گومانی تێدا نییە ڕووناکبیرانی سەردەمی



پریمۆدێرن- شاعیر و قەشە و نووسەران- ڕۆڵی کاریگەریان لێرەدا بینیوە، بەڵام لای هەیستینگس، سەرچاوەی سەرەکی نەتەوەخوازیی بریتییە لە ئایین، بەتایبەتی ئایینی مەسیحی. ئەم ئایینە نەک تەنیا تۆڕی سەرەکی پەروەردە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکرد، بەڵکو پیاوە ئایینییەکانی لە پەیوەندی ڕۆژانەدا بوون لەگەڵ خەڵکی گوندەکان و لە ڕێگەی بۆنە و نوێژی حەفتانەوە، کڵێسا کاریگەری گەورەی لەسەر سۆز و دیدی خەڵک هەبوو. سەرەڕای ئەمە کڵێسا ڕێگەی بەبەکارهێنی زمانە میللییەکان دەدا و ئاکامی ئەمەش ئەوەبوو ئەو پەیامەی بڵاوی دەکردەوە هێندەی گشتی (گەردوونی) بوو هێندەش نەتەوەیی بوو، چونکە شانبەشانی ئینجیل، کڵێسا پەیڕەوی بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز Old Testament و ئایدیاڵە سیاسییەکەی نەتەوەی پیرۆز و خزمایەتی دەکرد. هەرچەندە کڵێسا گەلێ کتێبی ڕەت دەکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئینجیل مۆدێلی دەوڵەتی ئایدیاڵی لە خۆنەگرتبوو، پرۆتۆتایپی نەتەوەی ئیسرائیلی جولەکەی پەسەندکردبوو، خۆی وەک ئیسرائیلی ڕاستەقینە (بەرامبەر ئیسرائیل) و میراتگری گەلی هەڵبژێراوی خودا سەیر دەکرد. ئەو پەیامەی کە کڵێسا لەم میانەدا دەیگەیاند، پەیامێکی سادە بوو: دەشێت هەموو نەتەوەیەک گەلی هەڵبژێراوی خودا بن، نەتەوەیەکی وەک جولەکەی کۆن، بەمەرجێک ئەو نەتەوەیە نەتەوەیەکی تەواو مەسیحی و دڵسۆزی کڵێسا بێت. Hastings 1997: ch 1-9

کەواتە بۆ گەڕان بەدوای سەرچاوە و گەشەسەندنی نەتەوەخوازییدا، دەبێت ڕووبکەینە ئەدەب و پیاوە ئایینییەکان. بەبێ ئایینی مەسیحی و پێش ئەویش جودیزم، نە نەتەوە بوونی دەبوو نە نەتەوەخوازی. دەتوانرێت ئەنجامگیری هاوشێوە لە شیکردنەوەکەی کۆنۆر کروز ئۆبراین Conor Cruse O'Brien 1988 بەدەست بهێنین، دەربارەی سروشت و بنچینەکانی (نەتەوەخوازیی پیرۆز) و باڵا سەیرکردنی گەل، کە دەگەڕێتەوە بۆ دیدی یەکگرتووانەی ئینجیلی بەرامبەر خاک و کۆمەڵگای ئیتنی و خاکی بەڵێن پێدراو کە لەگەڵ ئەو ئایینەی لە بەشی یەکەمی کتێبی پیرۆز- دا تۆمار کرابوو، یەکی دەگرتەوە. ئۆبرایان درێژە بەباسەکەی دەدا بۆ ئەوەی پیشانی بدات چۆن ئەم نەریتە لە ئەوروپادا جێگیر بوو و دەربڕینی نوێی لە شێوەی کارێکتەری پیرۆزی نەتەوەخوازیی ئەمەریکی بەخۆوە گرت، وەک سڵاو بۆ ئاڵاو کۆبوونەوەکانی نوێژکردنیان.

کەواتە لای نیۆپێرینیاڵیستەکان، نابێت جێدەستی ئینتێلیجێنتسیای عیلمانی و بەرژەوەندی چینەکانی ناوەڕاستی سەردەمی مۆدێرن بپشکنین بۆ پەیبردن بەسەرچاوەکانی

نەتەوە و نەتەوەخوازی، بەڵکو دەبێت (سامانی دەوڵەمەندی کەلتووری) زمان و ئیتنیکی و ئایین بپشکنین. ئەم ئەنجامگیریە پەسەندکردنی هەردوو ئایدیای (نەتەوەکان لە پێش نەتەوەخوازییدا) و (نەتەوەکان لە پێش مۆدێرنیتیدا) زۆر ئاسانتر دەکات. لە ڕاستیدا ئەم ئەنجامگیریە لە سەرێکی ترەوە سیستەمە سێ کوچکەییەکەی هەیستینگس لە ڕووی مێژووییەوە دەخاتە بەردەم پرسیار، چونکە وادەنێ کە نەتەوە و نەتەوەخوازیی لە سەردەمی کۆنیشدا هەبوون. هەیستینگس بۆ خۆشی بەکورتی ئاماژە بۆ ئەمە دەکا کاتێک باسی بوونی نەتەوە دابڕاوەکان دەکات لە ئیسیوپیا و ئەرمینیا لە پێش ئینگلتەرەدا و بێگومان لەناو ئیسرائیلی کۆندا. ئەمەش بابەتێکە دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

درێژخایەنی و بوونی ئەم سامانە کەلتووریە ڕیشە قووڵە، بۆچوونی یۆرۆسێنتریک -Eu rocentricی پێرینیالیستەکان و مۆدێرنیستەکان دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، چونکە دەرگای گفتوگۆ دەربارەی بوونی نەتەوە پریمۆدێرنەکان لە دەرەوەی ئەوروپادا دەکاتەوە بەتایبەتی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی دووردا. بەڕای هەیستینگس نەتەوەخوازیی لە ئەوروپاوە لە ڕێگەی ئایینی مەسیحی و کۆلۆنیالیزم گەیشتە ئاسیا. لەوە ناچێ ئەو ئەگەری ئەوەی کە یابان و کۆریا و چین و بێرمای پاگانی و ئێرانی سەفەوی لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕستدا نەتەوە بووبن، پەسەند بکات. بەهەر حاڵ ئەمانە زمان و ئەدەبی میللییان هەبووە سەرەڕای ئەفسانەی بنەچەی تایبەت و ڕەچەڵەکی هاوبەش. جگە لەمانەش دەوڵەتەکانیان لە لایەن دەزگا و ئایدیاڵی بەهێزی ئایینییەوە پاڵپشت کراوە. مۆدێلی دەوڵەتی کۆنفۆشیۆسی چجای بودیزم ڕەنگە هێندەی مۆدێلی ئیسرائیلی کۆن (یان ئیسلام) داینامیکی و بەهێز نەبووبێت، بۆیە مۆدێلی ئیسرائیلی کۆن لە لایەن ئایینی مەسیحیشەوە پەیڕەوی کرا. لەم ڕووەوە، ڕەنگە هەیستینگس بتوانێ یارمەتیمان بدات بۆ شرۆڤەکردنی هۆکاری سەرچاوەگرتنی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی لە ڕۆژئاوادا و بۆچی پرۆسەی چاکسازی بەگەڕانەوە بۆ (Old Testament Hebrews) یارمەتی جێگیرکردنی شەپۆلی یەکەمی نەتەوەکانی ڕۆژئاوای دا. بەڵام ئەگەر ئێمە بۆ نەتەوەبوون و بەقۆناخکردنی گەشەسەندنی نەتەوایەتی لە ڕۆژئاوادا پەیڕەوی پێوەرەکانی هەیستینگس بکەین، ئەوا دیسانەوە پێویستە دان بەبوونی نەتەوەکاندا بنێین لە ئاسیادا لە هەمان سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا.

**نەتەوە ئیتنی و سڤیکەکان** Ethnic and Civic Nations

بە لای مۆدێرنیست و کۆنسترەکشنیستەکانەوە، نەتەوەخوازیی ئیتنی بریتییە لە



شێوازێکی داهێنانی ئیلیت و ڕوخسارێکی سیاسی (ئیتنیکی خەیاڵی)یە. هەروەک ئێتاین بالیبار Etienne Balibar و ئیمانوێل والێرستاین Immanuel Wallerstein) دەڵێن:

هیچ نەتەوەیەک بنکەیەکی سروشتی ئیتنی نییە، بەڵام لەگەڵ بەنەتەوەییکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو دانیشتووانەی کە دەکەوتنە ناو ئەم پێکهاتانەوە، لە نێوانیاندا، بەش کرا یان کەوتنە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە، شێوازی ئیتنییان وەرگرت-بەشێوەیەک خۆیان لە ڕابردوو ئاییندەدا نواند کە گوایە کۆمەڵگایەکی سروشتی پێکدەهێنن و خۆیان کردە خاوەنی ناسنامەی بنەچەدار و کەلتوور و بەرژەوەندی ئەوتۆ کە لە سەرووی تاکەکان و باودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو Balibar and Wallerstein 1991: 96

ئەم شێوە پێداگرتنە نادروستکارانەیە deconstructionist لە پرسیارە ڕەخنەئامێزەکەی هۆبسبۆمیشدا دەبینین بەرامبەر ڕۆڵ و سروشتی زمان و ئیتنیک لە دامەزراندنی نەتەوە مۆدێرنەکاندا بەبەراوردکردن لەگەڵ پێویستییە ئابووری و سیاسییەکانی نەتەوە سڤیکە گەورەکاندا. بەڵام بەلای پێرینیالیستەکانەوە بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە: نەتەوەخوازیی سڤیک یان پاتریۆتیزم بەپێی تێرمینۆلۆجی وۆکەر کۆنۆر، ئەگەر دەسکردیش نەبێت ئەوا بێگومان دروستکراوێکی مەنتیقییە (Rational)ە، لە کاتێکدا نەتەوەخوازیی ئیتنی لە پەیوەندیە خزمایەتییەکاندا ڕیشەی داکوتاوە و لەگەڵ ئەو سۆزە بنەڕەتیانەی کە لە لایەن مرۆڤ و بەهۆی پەیوەندیە خێزانییەکانەوە دێنە ئاراوە، یەک دەگرێتەوە. لێرەوە دەردەکەوێ کە نەتەوەکان ئەگەر (سروشتی) نەبن ئەوا لەسەر بناخەی ئیتنیکی و پەیوەندیە ئیتنۆ-زمانیەکان دامەزراون سەرەڕای ئەو پشتگیریەی کە ڕەنگە نەتەوەیەک لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە پێشکەشی کرابێت.

ئەمەش خاڵێکە کە هەیستینگس لە حاڵەتی ئێرلەندیەکان و بەڕادەیەکی کەمتریش ویلسییەکاندا پێی لەسەر دادەگرێ. لێرەدا سەرەڕای بوونی پاشا گەورە تارماوییەکانی ئێرلەندا و برایان بۆرۆ و بوونی یەکێتی بۆ ماوەیەکی کورت لە زۆربەی ناوچەکانی ویلس بەر لە داگیرکرنیان لە لایەن ئینگلیزەوە، دەوڵەت کەمترین ڕۆڵی لە پێناسەکردنی نەتەوەدا بینیوە. ئێرلەندا لە ڕێگەی مێژووە ئایینییەکەیەوە پێناسە دەکرا، هەر لە کارەکەی سەینت پاتریک و لە ڕێگەی جوگرافی دوورگەکەیەوە و شوێنە پیرۆزەکانیەوە وەک (insula sa-cra). ئەمەش لە لایەن گێڕانەوەکەی جەیمس لیدن (James Lydon)ەوە پشتگیری دەکرێ

دەربارەی ئەوەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جیاوازیەکی تەواو لە نێوان ئیرلەندیەکان و ئینگلیزەکانی ناو ئیرلەندا کراوە. بۆ نموونە لە نارەزاییەکەی ساڵی ١٣١٧، یان لە یاساکەی کیلکنی ساڵی ١٣٦٦ کە جیاکاری ڕەگەزی و کەلتووری زۆر لە پێش چاکسازیەکان و نیشتەجێبوونی سکۆتلەندە پرۆتستانتەکان لە ئیرلەندەدا، لەخۆ گرتبوو.

جوداکاریەکی لەم شێوەیە لە نێوان وێلسییەکان و ئینگلیزەکانیشدا لە ئارادا بووە، ئەمەش لە ناوی کیمری (Cymry)دا خۆی دەنواند و گەلێکیش لەوە کۆنتر لە ئەفسانەی بەریتانیای ڕۆمانەکاندا بەرجەستە بوبو. ئەمانە نەتەوەخوازیی ئیتنی لەمێژینەن و بناخەکەشیان بوونی کۆمەڵگای ئیتنییە، هەروەک زۆربەی نەتەوەخوازییەکانی ئەمڕۆ جا ئەوانە لە یۆگۆسلاڤیای پیشوودا بێت یان لە قەفقاس و ئەفەریقادا بێت.

لە دیدی نیۆپێرینیالیستییەوە، ئەو جیاکردنەوەیەی لە نێوان نەتەوە و نەتەوەخوازییەکانی سیڤیک و ئیتنیدا دروست کراوە و ئەمڕۆ زۆر باوە، ئەگەر چەواشەکار نەبێت ئەوا مەسەلەیەکی مامناوەندییە. لە ئاکامدا هەموو نەتەوە و نەتەوەخوازییەکانیان ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەیریان بکەین لە بنچینەدا (ئیتنین). هەرچەندە لەوانەیە نەتەوە لە کۆتاییدا باڵ بەسەر کۆمەڵێکی ئیتنی دیاریکراودا بکێشێ و کۆمەڵە ئیتنی تر لەناو چوارچێوەیەکی فراوانتری کۆمەڵگای سیاسیدا بگرێتە خۆی، هێزە وروژێنەرەکەی لە بیروباوەڕی هاوبەشی بوونی یەک باووباپیران و یەک مێژووەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ کە بنەچە ئیتنییەکە سروشتییە، هەروەکو چۆن بریتی نییە لە لێکدانەوە یان سەپاندنێکی نەتەوەخوازانە. بەڵکو بریتییە لەوەی کە لە ئیتنیکی و زمان و ئاییندا بنچینە مێژوویی و دروستکەرەکەی بوونە نەتەوە و چوارچێوە سۆسیۆ-مێژووییەکەی نەتەوەکان بەدی بکەین. مۆدێرنیستەکان کە پابەندی لێکدانەوە و تێڕوانینە ئەورووپیە ڕۆژئاوایی و ئەمەریکیەکانن، مامەڵەی کۆمەڵگا سیاسیە دامەزراوەکەی سەرخاکی ڕۆژئاوای مۆدێرن دەکەن وەک نەتەوەی پەسەند، کە لە ڕاستیدا ئەوانە حاڵەتی تایبەتی نەتەوەی پێشتر ئیتنی پەروەردەکراوی دەوڵەتی بەهێزن و بەدرێژایی سەدەکان زیاتر پابەندی خاک و نەتەوەخوازیی سیاسی بوون.

ئەمە بۆچوونێکە تا ڕادەیەک پشتگیری لێدەکرێ بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە لایوایە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان لە ڕووی مێژووییەوە لە دەوری بنەما ئیتنییەکە دروست بوون _ کۆمەڵە ئیتنییە گەورەکە کە کۆمەڵگاکەی دامەزراندوە یان سەرچاوەکەیەتی، زۆربەی



کەسایەتیە ئیلیتەکانی دەستەبەر کردووە و ئەمەش بەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەرەتا جێبەجێ دەبێت وەک ئینگلتەرە و فەرەنسا و هۆڵەندا ئیسپانیا و سوێد و هەنگاریا و پۆڵۆنیا و ڕوسیا. تەنانەت نەتەوەیەکی لە ئەنجامی کۆچکردن پێکهاتووی وەک وڵاتە یەکگرتووەکان لە لایەن ئیلیتەکانی کۆمەڵگا ئێنییە بەریتانیە پرۆتستانتە باڵادەستەکەوە دامەزرا، هەرچەندە دواتر کارێکتەرە ئیتنییەکەی لە ئەنجامی شەپۆلە گەورەکانی کۆچکردنەوە گۆڕا. بەدرێژایی سەدەکان ئەم دەوڵەتە بەهێزانە خاکی خۆیان فراوان کرد و چەندین ناوچە و گەلی جیاوازیان خستە سەر دەوڵەتەکانیان، بەڵام پێگەی کۆمەڵە ئیتنییە باڵادەستەکەیان هەر هێشتەوە A.D. Smith 1989.

لەم حاڵەتەدا ئەم دابەشکردنەی نەتەوەخوازیی بەسەر (ئیتنی و سیڤیک)دا، لە ڕووی مێژووییەوە ناڕاست و لە ڕووی سۆسیۆلۆجیەوە چەواشەکارە. ئەمانە نەتەوەی ئیتنین و بەرەبەرە گۆڕاون بۆ کۆمەڵگای سیاسی فرە کەلتووری و زیاتر سەقامگرتووی سەر خاکێکی دیاریکراو. ئەو جیاوازیکردنە لە نێوان خاک و جینۆلۆجی، لە نێوان ius soli and ius sanguinis دا، کە ڕۆجەرز بروبەیکەر Rogers Brubaker بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان کۆچکردنی فەرەنسیەکان و ئەڵمانیەکان و سیاسەت و ڕەفتارەکانی هاوڵاتیبوون بەکاری دەهێنێ، پێویستە زیادەڕۆیی تێدا نەکرێ. زۆربەی نەتەوەکان هەردوو پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیان لە خۆگرتووە، تەنانەت ئەگەر لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جەختکردنیان لە سەر یەکێک لەم دووانە لەوی تر زیاتریش بێت. Brubaker 1992

## نەتەوەکانی سەردەمی کۆن؟ Nations in Antiquity?

ئەگەر ئەو سیستەمە سێ کوچکەییەی لە لایەن هەیستینگس بۆ گەشەسەندنی نەتەوایەتی خراوەتە ڕوو، کە بریتین لە ئیتنیکی زارەکی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست و نەتەوەکانی ژمارە ١ی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی مۆدێرن و نەتەوەکانی ژمارە ٢ی داڕێژراوی ئایدۆلۆجی سەردەمی مۆدێرن، شایەنی ڕەخنە لێگرتن بێ لەبەر ئەوەی کە یۆرۆسێنتریکە، ئەوا دەشێت لە هەمان کاتدا شایەنی گومان لێکردن بێ لەبەر پشتگوێخستنی مێژووی مرۆڤایەتی سەردەمی کۆن. تەنیا لێرەدا یەک ئیستسنا هەیە کە بریتییە لەوەی هەیستینگس ناتوانێ پێوەرەکەی بۆ سەردەمی کۆن یان ڕەچاوکردنی ئەگەری بوونی نەتەوەکان لە پێش یان لە دەرەوەی نەریتی جولەکە و

مەسیحییەتدا بەکاربهێنێ. ئەگەر ئەدەبی میللی، بەپاڵپشتی جوگرافیا و دەوڵەت، پێوەری سەرەکی نەتەوە بوون بێت هەروەک لە حاڵەتی ئینگلیزیدا، چۆن دەبێت ئیسرائیلیەکان بەنەتەوە دابنێین و میسریە کۆنەکان و بابلیەکان و فارسەکان هەڵاوێرین؟ ئەگەر ئێمە بزانین کە مەسیحییەت بەگەڕانەوە بۆ ئینجیل فاکتەرێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوە بووبێت لە ئەوروپا و ئەمەریکادا، بۆچی دەبێت فەزلی بدەین بەسەر پێوەرەکانی ئیتنۆ-زمانیدا کە یارمەتیمان دەدات تا کارێکتەری (نەتەوەکان) لە کۆمەڵگا کۆنەکان دا دەستنیشان بکەین؟

لێرەدا پێداگرتنی زۆربەی پێرینیالیستەکان لەسەر بەردەوامیی دێتە کایەوە. هەیستینگس و ئەوانی تریش ڕەنگە ئامادەبن کە کۆمەڵگاکانی تری سەردەمی کۆن بەنەتەوە ناوزەد بکەن، بەڵام لایان وایە ئەمانە لە ڕووی مێژووییەوە گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە چونکە ئەوانە حاڵەتی دابڕاون و نەیان توانیوە وەک نەتەوە بمێننەوە، لە کاتێکدا ئینگلتەرە نەک تەنیا بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی چواردەیەمەوە نەتەوەیەکی بەردەوام بووە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری نەتەوەی بەردەوامی تری پێگەیاندوە. میسر و فارس و ئاشوور و تەنانەت یۆنانیەکان وەک نەتەوەی بێ وەجاخ سەریان نایەوە، بەڵام ئینگلتەرە سەرقافلەی کاروانی نەتەوەکان مایەوە.

بێگومان بۆ ئەم گشتاندنە تەنیا یەک هەڵاوێردن هەبوو کە ئەویش جولەکە بوو. ئەوان ئایدیاڵی بنچینەیی و مۆدێلی نەتەوە بوون، بەڵام بەلای هەیستینگس ئەوان نەتەوەیی خۆیان بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ (لە دەست دا) و تەنیا ئێستا لە ئیسرائیل بەدەستیان هێناوەتەوە. ئەمەش سەیرە چونکە بەپێی پێوەرەکانی خودی هەیستینگس بۆ بوونە نەتەوە، کە بریتین لە (١) بوونێکی ئیتنی (٢) بوونی زمان و ئەدەبی میللی و (٣) لە سەر مۆدێلی ئینجیلی دامەزرابن. جولەکەکان، تەنانەت لە ژیانی ئاوارەییاندا تا ڕادەیەکی زۆر وەک نەتەوەیەکی بەردەوام مانەوە و گەلێکی خاوەن ئەدەب و زمان و ئەدەبی پیرۆز بوون و بەبەردەوامیش بژار و بەپێزیان دەکرد، لە کاتێکدا بەدڵسۆزی بۆ پەیمان و خاکی بەڵێن پێدراویان مانەوە.

ئاشکرایە کە پێوەرێکی تریش لە ئارادایە: نیشتەجێبوون و خاوەنداری خاکی نیشتمان. ئەمە بێگومان پێوەرێکی گرنگی نەتەوە بوونە و لە ڕووی مێژوویشەوە بڕیاردەر بووە هەروەک چۆن گرنگی تایبەتی هەیە بۆ ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازی. ئایا لە داهاتوودا دەشێت



نەتەوە بەبێ بوونی خاکێکی دیاریکراو لە دایک ببێت، ئەمەش بابەتێکە لە چاپتەری داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەری. ئەم پێکهاتنەش لادانە لە شێوازی دروستبوونی نەتەوە لەسەر بناخەی خاک چونکە لە ڕابردوودا نەتەوە هەمیشە وەک کۆمەڵگایەکی وابەستەی خاک بینراوە.

ئەگەر خاک هێندە گرنگە بۆ دروستبوونی نەتەوە، ئایا نموونەیەکی باشتر لە میسریە کۆنەکان هەیە؟ ئەوان لەسەر پارچە خاکێکی تەسکی سەر کەنارەکانی نیل دەژیان کە لە هەردوو لایەوە بیابان و نزیکترین دراوسێشیان Nubians و Asiatics کە لە هەموو ڕوویەکی نەریت و زمان و ئایین و فیزیۆگنۆمیکی لەوان جیاواز بوون. جگە لەمانەش میسریە کۆنەکان خاوەنی ئایین و دەوڵەتێکی یەکگرتوی بەهێز بوون و (بۆ نموونە لە هیمن ئەخناتون دا) بەڕوونی جیاوازیەکانی خۆیان لەگەڵ نەتەوە و زمانەکانی تردا پاراستووە. ئایا دەبێت چ هۆکارێک ببێتە هۆی نکۆڵیکردنی ناونیشانی (نەتەوە) لە میسریە کۆنەکان و لە ڕاستیشدا ناونیشانی (دەوڵەتی نەتەوەیی) Trigger 1983.

ڕەنگە مۆدێرنیستەکان بەمە ڕازی نەبن و بڵێن کە میسری کۆن حاڵەتێکی دابڕاو بووە و بریتی نەبووە لە بەشێک لە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەیی کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێوەرێکی بنەڕەتی بوونە نەتەوەیە. بەکەنارخستنی ئەو گریمانەیەی مۆدێرنیتی کە مۆدێلێک بۆ بونەنەتەوە دەخاتەڕوو کە پێویستە هەموو لایەکی تر پەیڕەوی بکەن، پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا، میسر بەسیستەمی دەوڵەتیی ئیقلیمی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە بەسترابۆوە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی هیتی و شانشینی میتانی و Kassites ی بابلیەکاندا. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو ماوەیەیە کە لە ڕێگای ئەو پەیامە دیبلۆماسیانەوە کە لەناو نەچوون و بریتین لە نامەکانی (تل الامارنە) هەندێک زانیاریمان دەربارەی هەیە. بەڵام ئایا دەکرێت ئەم قەوارانە بە(نەتەوە) دابنرێن لەبەر پەیوەندیە جیۆپۆلیتیکییەکانیان، مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە Roux 1964.

لە سەردەمەکانی زۆر دواتری یۆنانیەکاندا دیسانەوە میسر لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەژێر فەرمانڕەوایەتی بەتلیمۆسەکاندا سیستەمێکی نێونەتەوەیی ئیقلیمی پێک دەهێنا کە سلجوقیەکانی سوریا و (Pergamon و Parthia Macedon)ی دەگرتەوە. لێرەشدا دەوڵەتەکان لە سەر بناخەی خاکی دیاریکراوی خاوەن سنوور پێکدەهاتن کە ئایین و زمان و یاسا و نەریتی خۆیان هەبوو (هەرچەندە ئیمپراتۆریەتی سلجوقی چەند کۆمەڵگایەکی

لەم چەشنەی لە خۆگرتبوو). کەواتە دەتوانین ئەم کۆمەڵگا سیاسیانە بەنەتەوە دەستنیشان بکەین و ئەو بۆچوونەی دۆرۆن مێندێڵس Doron Mendels پەسەند بکەین کە دەڵێ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن کە دراوسێی جولەکە بوون سیمبۆلی تایبەتی و دیاریکراوی نەتەوەخوازیی سیاسییان هەبووە، وەک پەرستگا و خاک و شانشین و سوپا (١٩٩١- ١)

تەنانەت ئەگەر نەتەوەخوازیی جیهانی کۆن لەگەڵ نەتەوەخوازیی سەردەمی مۆدێرندا جیاوازی هەبێت و مەسەلەکە لە سەردەمی یۆنانیە کۆنەکاندا هەروەک مێندێڵس دەڵێت بریتی بووە لە (مەسەلەی ئیتنیکی کە لێرەدا بە(نەتەوەخوازی) ناوی دەبەین)، ئایا پێویست نییە دان بەبوونی نەتەوەکان دا بنێین لە سەردەمی کۆن و لە هەموو شوێنێکدا کە لە هەموو سیما سەرەکییەکانیاندا لە نەتەوەکانی سەردەمی مۆدێرنیتی دەچوون؟ ئایا پێویست نییە کە پەیدابوون و بەردەوامیی نەتەوەکان لە سەردەمە یەک لەدوای یەکەکاندا بسەلمێنین؟

ئەمە خاڵێکە ستیڤن گرۆسپی Steven Grosby لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی ئیسرائیلی کۆن باسی کردووە. بەبەراوردکردنی جولەکە کۆنەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینییەوە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تری وەک یۆنانیە کۆنەکان و ئارامییەکان و Edomites میسریەکان و ئەرمینیەکان، گرۆسپی خۆناسینە بەکۆمەڵەکانیان وەک نەتەوە بەجدی وەردەگرێ و پێ لەسەر سیما بنەڕەتیەکانی پەیوەندی گەل بەخاکەوە دادەگرێ، هەروەک دەڵێ (هەر گەلێک خاوەنی خاکی خۆیەتی و هەر خاکێکیش گەلی خۆی هەیە). لەم سەردەمەدا شانشینی جودی بەلایەنی کەمەوە بڕوای تەواوی بەبوونی گەلی جولەکە هەبوو کە لەسەر خاکی پیرۆزی خۆیان دەژیان و تاکە خوایەکیان دەپەرست کە یەهوەYahweh بوو لە سەنتەرێکی دیاریکراودا کە پەرستگا بوو لەناو قودسدا Grosby 1991:240

هەر بەهەمان شێوە میسریە کۆنەکان پابەندی خاکەکەیان (خاکی نیل) بوون و بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە میسر بەتەواوی هی میسریەکانە و لەژێر پارێزگاری و دەستەڵاتی خوای گەورەی خاکەکەیان دایە–ئامۆن ڕێ سیبیس Amon-Re of Thebes. ئەمەش باوەڕێک بوو هەروەک گرۆسپی دەڵێ یۆنانیە کۆنەکان نەیان بوو لە کاتێکدا لەناو ئەرمەنیە کۆنەکان دا بەدی دەکرا. (هەمان سەرچاوە)

لە گەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە لێکدانەوانە دەکەونە بەردەم چەندین مەرجەوە. کەمی



بەڵگەکانی جیهانی کۆن و خەتەری (نەتەوەخوازیی تەئەمولی–-Retrospective Na tionalism) بەلێکدانەوەی سەردەمەکانی پێشووتر لە ڕێگەی تێگەکانی دواترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە شیکردنەوانە لە باشترین شێوەیاندا تەجریبی بن. گرۆسپی بۆخۆی ئاگاداری گرفتی بەڵگە و شیکردنەوەی کاتەگۆریانەیە. (زۆر بەکەمی شیکردنەوەی دیاردە بەکۆمەڵیەکان بەوردی لەگەڵ شیکردنەوەی کاتەگۆریانە یەک دەگرنەوە. ئەمەش تەنیا دیاردە بەکۆمەڵیە کۆنەکان ناگرێتەوە بەڵکو بۆ دەوڵەتە نەتەوایەتیە مۆدێرنەکانیش ڕاستە. Grosby 1997: 2

گرفتێکی تریش کە هاوپەیوەندی گرفتی پێشووە دیتەپێش. ئەگەر ڕەوا بێت باسی نەتەوەکان بکەین لە کۆندا، ئەوا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو نەتەوانە لەگەڵ نەتەوە مۆدێرنەکاندا بەردەوامییان هەیە. نەتەوە کۆنەکانی میسر یان یۆنان ڕەنگە پەیوەندیەکی لاوازیان بەنەتەوەکانی میسر یان یۆنانی ئێستاوە هەبێت، سەرەڕای بەردەوامی خاک و لە حاڵەتی یۆناندا بەردەوامی زمان. ئەمەش بابەتی سەرەکی ڕەخنە مۆدێرنیستە توندەکەی (Paschalis Kitromilides) لە هیستۆریگرافی نەتەوەخوازیی و نەتەوەخوازیی یۆنانی. ئەو دەڵێ کە (مێژووی نەتەوەی یۆنان)ی بەناوبانگی کۆنستانتینۆ پاپاریگۆپۆلۆس بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ یەکەم جار بیرۆکەی نەتەوەی بەردەوامی یۆنانی خستەڕوو، وەک ڕۆڵگێڕی بەکۆمەڵ کە بەشێوەیەکی بەردەوام هەر لە سەردەمی کلاسیکی کۆن و لەماوەی مەزنی بێزەنتیە یۆنانیەکان تا دەگاتە دەوڵەتی سەربەخۆ و مۆدێرنی یۆنان لە ئارادا بووە. لە کاتێکدا هەروەک کیترۆمیلیدیس دەڵێ لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمیش یۆنان و یۆنانیەکان بوونە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی گەورەی بێزەنتی و ئۆرسۆدۆکسی جیهانی و (دواتریش ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) هەروەک کۆمەڵگا مۆدێرن و تازە داهێنراوەسیاسییەکانی سیربیا و بولگاریا و ڕۆمانیا -Ki .tromilides 1989 and 1998

ئایا کەواتە نەتەوەخوازە یۆنانیەکان لەوەدا کە دەیان وت نەتەوەی یۆنانی نەک تەنیا لە سەردەمی بێزەنتیەکانەوە بگرە لە سەردەمی یۆنانی کلاسیکییەوە بەبەردەوامی ماوەتەوە، بەتەواوی هەڵەبوون؟ هەر بەم پێیە ئایا مۆدێرنیستەکان باشی بۆچوون کاتێک دەڵێن نەتەوەی یۆنانی تەنیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە و سەرهەڵدانی مۆدێرنیتییەوە پەیدابووە؟ بەپێی پێناسەی مۆدێرنیستەکان بۆ نەتەوە کە هاوڵاتێتی جەماوەری و کەلتووری جەماوەری و خاکی خاوەن سنوور دەکەنە پێوەری نەتەوەبوون، ئەوا هیچ گومانی

تێدا نییە کە ناکرێت نەتەوەی یۆنان بەر لە مۆدێرنیتی لە دایک بووبێت. ئەگەر بەتەواوی پابەندی ئەم پێـوەرانە بین، ئایا دەتوانین باسی بوونی نەتەوەی یۆنانی بکەین بەر لە تێکشکانی یۆنانیەکان لە ساڵی ١٩٢٢ لە لایەن تورکەکانەوە و جێگۆڕکێی دانیشتووان و جێگیربونی سنوورەکانی دوای ئەو تێشکانە؟ جگە لەمە مۆدێرنیستەکان بەرەوڕووی گرفتێکی تر دەبنەوە کە بریتییە لە (بەشداریکردنی جەماوەریی) لەناو نەتەوەی یۆنانیدا بەر لە سەدەی بیستەم. ئەگەر لە لایەکی ترەوە نەتەوە لە دیدی نیۆپێرێنیالیستەکانەوە پێناسە بکەین و ئیتنیکی و زمانی میللی و کەلتووری ئایینی بکەینە پێوەر، ئەوا دەشێت بوترێ نەتەوەی یۆنانی هەر لە ئیمپراتۆریەتی دوایی بیزەنتییەوە و لە میللەتی ئۆردۆکسی دواتر کە لە لایەن یۆنانی و ئەو پیاوە ئایینییانەی کە بەزمانی یۆنانی دەئاخافتن سەرکردایەتی کرا، هەبووە. سەرەڕای ئەمە، هەرچەندە لەسەدەی شەشەمەوە بەردەوامیی دیمۆگرافی یۆنانیەکان لە کاتی داگیرکردنی یۆنان لە لایەن ئاڤاری و سلاڤی و ئەلبانیەکانەوە تووشی پچڕان بوو، بەڵام دەشێت بوترێ پەیوەندیەکی کەلتووری تارادەیەک لاواز لەگەڵ یۆنانی کلاسیکدا لە دوای بووژانەوەی فەلسەفە و زمانی یۆنانیدا لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دوایی بیزەنتیەکان دا هەر هەبووە Baynes and Moss 1969: ch 1; Armstrong 1982: 174-81.

دەتوانرێ گرفتی لەم جۆرەی لێکدانەوەی مێژوویی لەناو ئەو نەتەوە مۆدێرنانەشدا ببینرێ کە وا دادەنێن بەردەوامییان لەگەڵ ڕابردوودا بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێتەوە. میسریەکان و فارسەکان و ئەرمەنەکان و جولەکەکان هەموویان تووشی پچڕانی دیموگرافی و کەلتووری گەورە هاتوون، لەناو خاکی پێشووتربیان دا کە تیایدا گەشەیان کردووە و سەربەخۆ بوون، یان لە ڕێگەی دەرکردن و کۆچکردنیان لە نیشتمانەکەیان. لە حاڵەتی میسریەکان و فارسەکاندا بەهۆی ئایین گۆڕینەوە کۆمەڵێکی زۆر لە کەلتووری نامۆی وەک یۆنانی و ئارامی و عەرەب و تورک تێکەڵاوی کەلتورەکانیان بوو. کۆمەڵە ئیتنییە نامۆکان لە کاتی جیاجیادا دوای داگیرکردنی ولاتەکەیان، فەرمانڕەوایی یەک لە دوای یەکیان تێدا دامەزراندبوو، لە حاڵەتی میسردا، تا سەدەی نۆزدەیەم و لە حاڵەتی ئێرانیشدا، تا بزووتنەوەی دەستوری سەرەتای سەدەی بیستەم. لە حاڵەتی ئەرمەنی و جولەکەدا دەرکردن و کۆچکردن بوونە سەرباری داگیرکردنی یەک لە دوای یەک لە لایەن بابلی و ئێرانی و یۆنانی و ڕۆمانی و بیزەنتیەکان و پەیدابوونی کۆمەڵگای ڕەوەند Di-aspora کە پەیوەندی لەگەڵ نیشتمانی مێژووییدا پچڕا. ئایا دەتوانین کۆمەڵگای



دایەسپۆرا بە(نەتەوە) ناوبەرین؟ یان ئایا دەتوانین باسی نەتەوەی ئەرمەنی و جولەکە تەنیا لەسەدەی بیستەمدا بکەین، دوابەدوای پێکهێنانی دەوڵەتی کەم یان زۆر سەربەخۆ لە بەشەکانی خاکی مێژووییاندا لەگەڵ ئەگەری جێگیربوونی هەمیشەیی سنوور و کەلتووری جەماوەری و بەشداریی جەماوەریدا؟

**نەتەوەکان لە مێژوودا: بۆچوونێکی جیاواز** Nations in History: An Alternative View

ئایا پێویستە یەکێک لەم لێکدانەوانە پەسەند بکەین؟ بەڵگە لە سەر هەریەک لەم دوو پێناسەیە هەر هیچ نەبێت ڕوون نییە. با سەیری مەسەلەی سنوور بکەین، گیدنس بۆ نموونە بۆچوونێکی مۆدێرنیستانە دەخاتە ڕوو کاتێک دەڵێ قەوارەکانی پریمۆدێرن خاوەنی سنووری جێگیر و دیاریکراو نەبوون، لە کاتێکدا قەوارە مۆدێرنەکان کەم و زۆر خاوەنی سنووری هەمیشەیی و جێگیرن. دەتوانرێ دەربارەی ئەم جیاوازیە زۆر بوترێ، بەڵام مەسەلەکە هێند موتڵەق نییە وەک ئەو باسی دەکات. ئیمپراتۆریەتە کۆنەکان باش ئاگاداری سنووری خاکەکانیان بوون: بۆ نموونە سنووری سەرووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ماوەی سەدەیەک دا بووە سنوورێکی قایم و جێگیر، هەروەک چۆن چینیەکان هەوڵی جێگیرکردنی سنوورەکانی سەروویان دا بەدروستکردنی دیواری مەزن. میسریە کۆنەکان خاوەنی سنووری جێگیر و دیاریکراوی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و سەروو بوون، هەروەک یابانیەکان کاتێک (ئەینۆ) یان داگیرکرد. بۆ جولەکانیش تەورات هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕوونیش نەبێت سنوورەکانی خاکی بەڵێن پێدراوی بۆ دیاریکردون.

هەمان شت پێوەرەکانی (کەلتووری جەماوەری) و (هاوڵاتێتی)یش دەگرێتەوە. ئەگەر بەپێی ستانداردەکانی سەدەی بیستەم پێوانە بکرێن، ئەوا زۆربەی کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکان لە ئاست هەردوو پێوەری سەرەوە کورت دەهێنن. هۆکارێکیان ئەوەیە کە زۆربەیان ئەندامێتی و کەلتووریان لە چوارچێوەی پێناسە ئیتنۆ ئایینییەکاندا داڕشتووە و هۆکاری دووەمیش هەروەک دەیبینین ئەوەیە کە تۆماری کەم لە ئارادایە دەربارەی ئەندازەی بەشداریی دانیشتووانی پریمۆدێرن لە کەلتووری ئیلیتی کۆمەڵگاکانیاندا. لە لایەکی ترەوە هەندێک زانیاری کەم لە ئارادایە دەربارەی بەشداریکردنی دانیشتووانی جیهانی کۆن لە ڕێگای فیستیڤاڵە مەزنە ئایینییەکان و کارە ئایینییەکانی ناو پەرستگاکان و ڕێکخستنە و یاساییەکان و بازاڕ و پیشانگا بازرگانیەکان و سەربازیی ئیلزامی. لە سەدەکانی

ناوەڕاستدا لەژێر سێبەری ئایینە مەزنەکانی جیهاندا ئەم بەشداریکردنانە شێوازێکی زیاتر بەردەوام و ڕاستەوخۆی بەخۆوە گرتبوو، هەرچەندە بەدەگمەن سیاسی بوون.

ئەمانە هەموویان ئەوە دەردەخەن کە مۆدێرنیستەکان ڕاستن لە پێداگرتنیان لە سەر گرنگی جیاوازیەکانی نێوان جۆرەکانی نەتەوەکانی جیهانی مۆدێرن و ئەو ناسنامە کەلتووریە بەکۆمەڵانەی لە سەردەمەکانی پێشووتردا هەبوون. لە هەمان کاتدا نابێت دابڕانی گەورە بخەینە نێوان (کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکان) و (نەتەوە مۆدێرنەکان)ەوە هەروەک چۆن نابێت پێشەکی هەروەک هۆبسبۆم کردوویەتی هەموو جۆرە بەردەوامییەکی نێوان کۆمەڵگا پریمۆدیرنەکان و نەتەوە مۆدێرنەکان ڕەت بکەینەوە. جیاوازی گەورە تەنیا لە کاتێکدا بەدی دەکەین کە لە چینە باڵاکان ورد دەبینەوە، چونکە ئەمانە لەسەردەمی پریمۆدێرندا بەگشتی کۆزمۆپۆلیتان و بازدەری کەلتووری و لە سەردەمی مۆدێرندا زیاتر نەتەوەیی و نەتەوەخواز بوون. دیسان ئەم جیاوازیە گەورەیە بەدی دەکەین کاتێک سەردەمی مۆدێرن بەراورد دەکەین لەگەڵ تەنیا قۆناخێکی پریمۆدێرندا و وەک قۆناخێکی چونیەک مامەڵەی لە گەڵدا دەکەین، بەمەش مۆدێلێکی دەسکردی (پێش و پاش) ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو. بەگێڕانەوەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانمان بۆ سەرەتای سەردەمی کۆن، ئێمە دەتوانین پەی بەشێواز و قۆناخی جیاوازی ناسنامە بەکۆمەڵە کەلتووریەکان ببەین، بەو هیوایەی بتوانین تێڕوانینێکی ورد و ئالۆز دەربارەی گەشەسەندنی ئەم کۆمەڵگایانە بخەینە ڕوو.

### کاتەگۆری ئیتنی و کۆمەڵگا ئیتنییەکان Ethnic Cataegories and Ethnies

یەکەم شێواز کە ڕەنگە سەرەتاترین قۆناخی مێژووی تۆمارکراو بێت بریتییە لە (کاتەگۆری ئیتنی)- دانیشتووانێک کە خاوەنی ناوێکی بەکۆمەڵن و لە یەکێک یان زیاتری پێکهێنەرە کەلتووریەکاندا هاوبەشن، ئەوانیش بریتین لە زمان و نەریت کە لە خەڵکی تر جیایان دەکاتەوە و لەو بڕوایەدان یان لە دیدی خەڵکی ترەوە پەیوەستی خاکێکی دیاریکراون، هەرچەندە ئەمە لەوانەیە ناجێگیر و لە گۆڕان دا بێ. ئەم کاتەگۆریانە لە دەرەوە وەک (ئیتنی) دەبینرێن، بەو واتایەی کە بنەچە و مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە، هەرچەندە ئەگەر خودی دانیشتووانەکەش خۆیان خاوەنی ئەفسانەی باووباپیرانی هاوبەش نەبن. ئەم کاتەگۆریانە هەروەک هەیستینگس دەڵێ پتەو نین و زۆرجاریش گوزارەن، چونکە سنووری چەسپاو و سیمبۆل و ئەفسانەیان نییە کە لە دەق و



کەرەستە هونەریەکاندا جێگەیان کرابێتەوە. ئیتنیکی هاوبەش لە لایەن خەڵکی دەرەکی دەخرێتە پاڵ دانیشتووان، بەڵام لەناو دانیشتواندا هەستی پێناکرێ یان بەلایەنی کەمەوە هیچ تۆمارێک یان ڕێگایەکمان نییە تا بەهۆیانەوە بزانین ئایا ئەندامان هیچ پەیوەندی و بەهایەکی بەکۆمەڵیان لە نێواندا هەیە.

ئەم بارودۆخە بەپەیدابوونی جینۆلۆجی لە گۆڕاندایە. خێزانەکانی ناو گوندێک یان دەوروبەری لە ڕێگای ژنخوازیەوە تێکەڵی یەکتر دەبن و دەتوانن هێڵی بنەچەیان بۆ باووباپیرانی هاوبەش بگێڕنەوە. ئەم جۆرە جینۆلۆجیانە بەشێوەی زارەکی بۆ نەوەکانی تر دەگوێزرێنەوە، بەڵام ڕەنگە دواتر لە شێوەی شیعری داستان ئاسادا بنووسرێنەوە. ئەم ئەفسانەی خزمایەتی و بنەچە و پشتە ئیتنییە زۆرجار دەبەسترێنەوە بەیادگارەکانی کۆچکردن و سرووتەکان و سیمبۆل و ئەفسانەکانی پەرستنەوە کە هەموویان مرۆڤ بەرەو دنیای بێ سنوور کێش دەکەن و یەکگرتنی خێزانەکان دەبەستنەوە بەڕەحمەتی خوداوەندەوە. تا زیاتر و زۆرتر ئەفسانە جینۆلۆجیەکان و یادگارەکانی ساتەکانی کۆچکردنی بەکۆمەڵ لەگەڵ پەرستن و سرووتەکانی ئەو پەرەستنە پێکەوە گرێ بدرێن، پەیوەندی و بەهاکانی ئەندامان بەهێزتر دەبن، تا لە سەرەتادا دەیانکاتە تۆڕێکی چڕوپڕی چالاکی و پەیوەندی هاوبەش و دواتریش کۆمەڵگایەکی ئیتنی پێگەیشتوو- کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن ئەفسانەی بنەچەی هاوبەش و یادگاری مێژوویی هاوبەش و یەکێک یان زیاتر لە توخمەکانی کەلتووری هاوبەش و پەیوەندی لەگەڵ نیشتمانێکدا و هەستێکی بەهێزی هاوکاریی بەلایەنی کەمەوە لە نێوان ئیلیتەکاندا. ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە جۆری جیاوازی دەزگای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە و خاوەنی سنووری بەرچاو و سەقامگیر و هەستی تەواو بەجیاوازی لە نێوان ئەوان و خەڵکی دەرەوەی خۆیان، یان نامۆدا دەکەن و ئەم جیاوازیەش بەشێوەیەکی بەردەوام پێی لەسەر دادەگیرێ لە ڕێگەی چالاکیەکانی ئەم دیو و دیوی سنووری وەک بازرگانی و گۆڕینەوەی بیروڕا و بوارەکانی تەکنیکییەوە. Barth 1969; Nash 1989; Eriksen 1993

کەواتە لە سەردەمەکانی پێشوودا دوو یان سێ جۆرە شێوازی وەک کاتەگۆری ئیتنی و تۆڕ و کۆمەڵگا سەریان هەڵداوە و چوونە پێشەوە و کشانەوەی بەردەوامی دانیشتووان لە نێوان ئەم جۆرە جیاوازانەی پێکهاتی ئیتنی لە ئارادا بووە. بێگومان ئەم قۆناخەش تەنیا تایبەت نەبووە بەسەردەمەکانی کۆن و سەرەتای مێژووی تۆمارکراو. ئێمە بەبەردەوامی و

تا سەردەمی مۆدێرنیش جۆری جیاوازی گرووپە ئیتنییەکانی وەک کاتەگۆری و نێتۆرک و کۆمەڵگاکان نەک تەنیا لە ئەفەریقا و ئاسیادا بەڵکو لەناو هەندێک لە دانیشتووانی ئەوروپاشدا بەدی دەکەین. ئەمەش ئەو پەیامەمان دەداتێ کە ئەو شێوازانەی ناسنامەی کەلتووری بەکۆمەڵ لێرەدا ئاماژەیان بۆ کرا، زنجیرەیەکی گەشەسەندن evolutionary پێک ناهێنن. شێوازەکان ئەندازەیەکی زۆر لە ناجێگیری و تێهەڵکێشی overlap پیشان دەدەن و هیچ شتیکیش نەک تەنیا قابیلی هەڵگەڕانەوە نییە بەڵکو دەربارەی بەدواهاتنە مێژووییەکانیان حەتمیش نییە.

## دەوڵەتە ئیتنییەکان و نەتەوە سەرەتاییەکان Ethnic States and early Nations

جیهانی کۆن تا ئەندازەیەکی زۆر، جیهانی گرووپی ئیتنی و دەوڵەتی شار و شانشین و ئیمپراتۆریەتەکان بووە. گەلێک لە گرووپە ئیتنییە لاوازەکان لە شێوازی سیاسیدا خۆیان نەنواندووە یان دەربڕی خواستی سیاسی نەبوون. لە لایەکی ترەوە ئەوانەی کۆمەڵگای ئیتنی تەواویان پێکهێناوە هەوڵی دەسەتەبەرکردنی ڕۆڵی سیاسی و پێکهێنانی ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین (دەوڵەتی ئیتنی) یان داوە. ئەمەش بەتایبەتی لەو حاڵەتەدا ڕاستە کە کۆمەڵێک لە پیاوانی ئایینی هەوڵی مۆنۆپۆڵیکردنی بیروڕا کەلتووریەکانیان داوە و بوونەتە هاوپەیمانی ئیلیتی فەرمانڕەوا لە پێناوی پێکهێنانی شانشینێکی ئیتنیی تۆکمە و یەکگرتوودا. ئەمەش ئەو حاڵەتە بوو لە میسری کۆن و تا ڕادەیەکیش لەناو ئەخامینی و ساسانیە ئێرانییەکانی فرە ئیتنیدا ڕوویدا. هەستی نێوان چینە جیاوازەکان کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی دانیشتوان و لەناو نەتەوەکاندا بەدی دەکەین، لەناو ئەواندا کەم بوو، چونکە پیاوماقووڵان و پیاوانی ئایینی بەخوێندن و پەروەردەی جیاواز گۆش کرابوون، هەرچەندە لە میسری کۆندا کەلتووری چینی باڵا لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگوێزرایەوە، لەمەشدا هەڵکەوتەی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی دۆڵی نیل و مۆنۆپۆڵی کەلتووری یاریدەدەر بوو Frye 1966; David 1982

بارودۆخەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئیسرائیلی کۆن و ئەرمینیادا جیاواز بوو (بەڵگەی کەم لە ئارادان تا بتوانین هەڵسەنگاندنێکی باش لە بارەی ئەرمینیاوە بکەین). پەیدابوونی ئەفسانە و سیمبۆل و یادگار و نەریتەکانی کۆمەڵگا و کۆچ و خاک و مێژوو نەک تەنیا هەستی جیاوازیی لەگەڵ خەڵکی دەرەکیدا لەناو ئەرمەنی و ئیسرائیلیەکاندا دروست کردبوو، بەڵکو هەستی برایەتی پێکهینابوو. لێرەدا تاک ئایینی بێگومان ڕۆڵی بەهێزی



پێکهێنەری گێڕاوە، هەرچەندە جیاوازی چینایەتی بەتایبەتی لە ئەرمینیادا دیاردەیەکی زەق بوو لەبەر بوونی پیاوماقووڵە زەویدارەکان، بەڵام هەستی هاوچارەنووسی بەکۆمەڵ و هاوکاری سیاسی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرا. ئەمە لەناو پێغەمبەرە کۆنەکانی جولەکەدا زۆر ئاشکرا بوو، لە ڕێگەی داواکانیانەوە بۆ تۆبەکردن و گەڕانەوە بۆ تەورات. لە هەمان کاتدا هەستی هاوچارەنووسی لەناو ئیلیتەکانی ئەرمینیادا دەبینین بەتایبەتی لە دوای لەناوچوونی شانشینی ئەرمەنیەکانەوە هەروەک نووسراوەکانی مێژوونووسانی سەرەتای ئەرمینیای مەسیحی بەتایبەتی نووسراوەکانی مۆزسی خۆرین Moses of Khorene دەری دەخەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەستی جودایی و هاوکۆمەڵگایی پێکەوە لەگەڵ خواستی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی سیاسی هەرچەندە لە ئاکام دا لێی بێبەش بوون، بۆ ئایدیالێک یان (سەردەمی زێڕین)ی سەربەخۆیی دەیگێڕانەوە و هیوای زیندووکردنەوەی ئەو قەوارە سیاسییەی تێدا کلپە دەسەندن. Lang 1980; Zeitlin 1984; Grosby 1997; Panossian 2000

لەم حاڵەتانەدا دەشێت باسی (نەتەوە) بکەین لە جیهانی کۆندا، هەڵبەتە بەوریایی و بەڕادەیەکی سنووردار، کە ڕێگەخۆشکەری شێوازیکی نوێ بوون، شانبەشانی دەوڵەتە زیاتر باوەکانی ئیتنی. ڕاستە ئێمە ناتوانین بانگێشەی نەک تەنیا هاوڵاتێتی تەواوی یاسایی یان یەکێتی ئابووری بکەین، بەڵکو ناشتوانین بانگێشەی بەشداریی جەماوریی لە سیاسەتدا بکەین (تەنیا بەشداریی پیاوان نەبێت لە ئەسینای کلاسیکیدا). بەڵام هەروەک بینیمان بەکارهێنانی ڕەقی ئەم پێوەرانە دەبنە هۆی سڕینەوەی گەلێک لەو نەتەوانەی کە پێیان دەوترێ نەتەوەی مۆدێرن و دواخستنی کاتی سەرهەڵدانی زۆر لە (نەتەوەکان، تەنانەت لە وڵاتە دیموکراسیەکانیشدا، هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی).

ئەمەش لەوانەیە گرێ کوێرەی مەسەلەکە بێت. لای زۆربەی مۆدێرنیستەکان نەتەوەکان لە ڕاستیدا دەتوانرێ تەنیا لە کۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا بەدی بکرێن چونکە تەنیا لەو کۆمەڵگایانەدا دەتوانین باسی هاوڵاتێتی لەسەر ئاستی جەماوەر بکەین. جارێکی تر گریمانەی یۆرۆسێنتریکانە و ڕۆژئاواییانەی ئەم شێوازە گەشەسەندنەی پەرەسەندنی نەتەوایەتی خۆی دەنوێنی. دیسانەوە جارێکی تر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چوارچێوە و پێوەرە مۆدێرنەکان بەسەر ئەو سەردەمانەدا بسەپێنین کە بۆچوون و بایەخی گەلێک جیاوازیان هەبووە. ئەوەی کە بەلای زۆربەی گەلانی جیهانی کۆنەوە زۆر گرنگ بووە بریتی بووە لەوەی کە چۆن پێگە و پەیوەندی خۆیان بەرامبەر هێزە سروشتییە توند و تیژ و

زۆرجار لێک نەدراوەکان دیاری بکەن کە لە لایەن خوداوەندەکانەوە کۆنترۆڵ دەکران و دەبوایە لە ڕێگەی سرووتی بەکۆمەڵ و پێشکەشکردنی قوربانییەوە ڕازی بکرانایە.

لەم بارودۆخانەدا، برایەتی ئاسۆیی هاوڵاتێتی لە جیهانی مۆدێرندا هاوشێوەکەی لە جیهانی کۆندا لە بەشداریی میللی بۆنە گەورەکانی ئایین و ئەنجامدانی ئەرکە ئەخلاقی و ئایینییەکاندا بەدی دەکرێ، کە دەبووە هۆی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بناخەی گریمانەی باووباپیرانی هاوبەش دامەزرا بوو، بۆ کۆمەڵگایەکی پەرستن و باوەڕی هاوبەش، هەروەک ئەو کۆمەڵگایەی کە بەهۆی ئەفسانە و بنەچەی ئیتنی هاوبەش و هەڵبژاردن و یادگاری هاوبەشی باووباپیران و داستانە پاڵەوانێتییەکان پێکهاتووە. هەرکاتێکیش ئەمە هاتەدی، ئەوا دەتوانین باسی دروستبوونی نەتەوە بکەین و یاسا ئایینییەکان و سرووتەکان هەمان ڕۆڵی ماف و ئەرکە یاساییەکانی هاونیشتمانێتی مۆدێرن دەبینن. لەم ڕێگەیەوە دەشێت باسی شێوازی دیاریکراوی نەتەوەی کۆن بکەین.

**نەتەوە میرایەتی و نەجیبەکان** Dynastic and Patrician Nations

شێوازی سێیەم ئەوەیە کە لە لایەن ئەیدریان هەیستینگسەوە باس کراوە و بریتییە لە نەتەوە میرایەتی و یان نەجیبەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا. لە لایەکەوە لە ڕۆژئاوادا نەتەوەی بەهێزی دیناستی هەبوون کە لەسەر بناخەی کۆمەڵگای ئیتنی بەتوانا و و دەوڵەتی بەهێز دامەزرابوون، هەروەک لە ئینگلتەرە و سکۆتلەندە و فەرەنسا و دانیمارک و سوید و ئیسپانیا، لە سەدەکانی ١٢-١٥ دامەزران و لە هەندێک لە دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا هاوشێوەیان بەدی دەکرا، بەتایبەتی لە پۆڵۆنیا و ڕوسیا و بۆ ماوەیەکیش لە هەنگاریادا. لە لایەکی ترەوە نەتەوەی زیاتر نەجیب و چینی ناوەڕاست و کەمتر یەکگرتوو سەری هەڵدا، بەڵام بەهەستێکی بەهێزی جیاوازی لە ڕووی ئیتنی و هەستی برایەتی ئایینی و خواستیاری ئۆتۆنۆمی سیاسی، هەموو ئەمانەش بەنیشتمانی دیاریکراوی باووباپیران و کەلتووری هاوبەشەوە، ئایینی یان لینگوستیک،یان هەردووکیانەوە بەسترابوونەوە. من سویسرا و هۆڵەندا و بەڕادەیەکی کەمتریش ئێرلەندای سەدەکانی ناوەڕاستم لە خەیاڵە، سەرەڕای کەرتبوونی سیاسی درێژخایەن لە ئێرلەندەدا. لەم حاڵەتانەدا ئەفسانە و سیمبۆل و یادگارە بەهێزەکانی داستانە پاڵەوانێتییەکان، کۆمەڵگایەکی زیاتر تایبەت و پشت بەستوو بەباوەڕ و کەمتر یەکگرتووی پێکهێناوە. 1986; Schama 1987; Im Hof 1991 de Paor



نابێت زیادەڕۆیی لە ڕادەی جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرەی نەتەوەی سەدەکانی ناوەڕاست: میرایەتی و نەجیب دا بکرێ. هەردووکیان بەڵام بەئەندازەی جیاواز بەرهەمی کۆمەڵگا ئیتنییە ئەریستۆکراتیە تواناداراکان بوون و کەلتووری چینە فەرمانڕەواکانیان بۆ چینەکانی ناوەڕاست و هەندێک ناوچەی دەوروبەریش بۆ خوارەوە شۆڕ دەبۆوە. لە نەتەوەی دیناستیدا ئامرازی ئەم تەشەنەکردنە کەلتووریە بریتی بووە لە دەوڵەتی بەهێزی ئیتنی و فەرمانڕەواکانی ئەم جۆرە دەوڵەتە هەوڵیان داوە کە چین و ناوچە جیاوازەکان لە ڕێگەی پرۆسەی (یەکخستنی بیرۆکراسی)یەوە، لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی تۆکمەوە پێکەوە بلکێنن و یەکیان بخەن. لە نەتەوە پارتیشانەکاندا، ئەریستۆکراسی و پیاوماقولانی شارستانیی کەم و زۆر تۆکمە، لە ڕێگەی ململانێ لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان (هەروەها لە نێوان خۆیاندا) پێکهێنراوە. ئەمانیش لە لایەن سەرکردە ڕۆحانیەکانەوە بەتایبەتی لە کاتی حەماسەتە ئایینییە گەرمەکاندا پشگیری کراون. ئەو جیابوونەوە جیۆپۆلیتیک و تەنانەت ئەندازەیەک لە گۆشەگیرییە، کارێکی وای کرد کە ئەم کەلتوورە ئایینییە بۆ چینەکانی ناوەڕاست و خوارەوە بگوێزرێتەوە. ئەم شێوە پرۆسە هێواش و زۆرجار ناچونیەکەی دروستبوونی نەتەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پێویستە جیابکرێتەوە لە پرۆسەی پێکهێنانی نەتەوەی چینەکانی ناوەڕاست لە لایەن ئینتێلیجێنتسیا و بۆرژوازی لە سەردەمی نوێدا A.D. Smith 1989.

پێویستە لە بیرمان نەچێت بەدرێژایی جیهانی ئەو سەردەمە، گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان سیمایەکی زاڵ بوون. نەتەوەکان، دایناستیک یان زیاتر پارتیشان و ئاستی سەرەوەی چینی ناوەڕاست زۆر دەگمەن بوون، تەنانەت لە دوای ماوەی ڕاپەڕین و چاکسازییەکانی ئەوروپاشەوە. نموونەکانی سویسرا و ئەڵمانیا و ئێرلەندا نەک لە ناوچەکانی تری جیهان دا، بەڵکو لە جێگای تری ئەوروپاش دا پیادە نەکران، هەتا سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی شۆڕشگێڕ و دەوڵەتە نەتەوەیی دایناستییەکانی ڕۆژئاوا و سەرووی ئەوروپاش لە پۆڵۆنیا و ڕوسیا و بۆماوەیەکی کەمیش هەنگاریادا نەبێ لە جێگای تر سەریان هەڵ نەدا.

(دەوڵەتە ئیتنی)یەکانی ڕۆژهەڵاتی دووری وەک چین و کۆریا و یابان و تایلاند و کامبۆدیا و ڤێتنام و لای ڕۆژئاوای وەک ئێرانی ساسانی (کە زۆربەیان کەمە نەتەوەی بچووک یان گەورەیان تێدا بوو) کەمتر هەستی برایەتییان لە ناودا بوو. خاوەنی

یەکێتییەکی بەردەوامی وا نەبوون کە لە ئاستی خواستی هێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی ساسییان دا بێت لە خاکی باووباپیرانیاندا و بگاتە ئاستی هەستی جیاوازی ئیتنییان لەگەڵ گەلانی دەرەوە. جیاوازی چینایەتی زەق بوو، بەشداری جەماوەری لە پەرستنە ئایینییەکان دا شتێکی ئەوتۆ نەبوو جگە لە یابان و، یەکێتییەکی ئابووری ئەوتۆ و یاسای ستاندارد لەناو هەموو دانیشتووان و وڵاتەکەدا لە ئارادا نەبوو.

سەردەمی تۆکۆگاوا شۆگۆنەیت Tokugawa Shogunate 1868-1603 ی یابان، واتا لە سەدەی حەڤدەیەم بەدواوە و گۆشەگیرکردنی یابان لە لایەن جیهانی دەرەوە، کەلتووری چینی ناوەڕاست و تەبایی نێوان خەڵکی یابان کە چونیەکی ئیتنی ڕێژەیی و جیۆگرافی دوورگەکە لەمەدا یارمەتیدەر بوون، بووە هۆی دروستبوونی هەستی یەکگرتن و کڵپەسەندنی بووژانەوەی مێژوویی و کەلتووری و دواتریش گەڕانەوەی ئیمپراتۆر لە سەردەمی ڕژێمەکەی (مێجی)دا. ئەگەر سەرکردەکانی ڕژێمی مێجی هیواخواز بوون کە ڕابردوو خزمەتی حازر بکات، ئەوا لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا کە حازر بخەنە ژێر ڕکێفی ڕابردوویەکی لەبار و نەمرەوە. لە کاتێکدا داگیرکردنی یابان لە لایەن ڕۆژئاوا لە سەرەتادا هاندەری گۆڕانکاری بوو، شێواز و ناوەرۆکی ئەو گۆڕنکارییە بەرهەمی کارتێکردنە ناوخۆییەکانی ناو یابانی تۆکۆگاوا و میراتی ئیمپریالی یەک لەدوای یەکی کۆنی یابان بوو. کەواتە لێرەدا نەتەوەیەکی تا ڕادەیەک لەڕووی ئیتنییەوە چونیەک و چینی ناوەڕاست لە دوای ساڵی ١٨٦٨ ەوە بناخەی نەتەوەخوازیی مۆدێرنی یابانی پێکهێنا Lehmann 1982

حاڵەتێکی تری ناوازە exception بریتییە لە ئێرانی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢). بەر لەم کاتە، دایناستیە یەک لە دوای یەکەکان کە زۆر جار لە ناوچەی جیاوازی بانی ئێراندا فەرمانڕەوا بوون، هانی بوونی کۆمەڵگای ئیتنی و ناوچەی جیاوازیان دەدا و لە بەردەم برایەتی و هاریکاریی نێوان چینەکاندا ڕێگر بوون. هەستی ناسنامەی جیاوازی فارسی و یەکگرتوویی کە لە بووژانەوەی لینگوستیکی فارسی لە سەدەکانی دەیەم و یازدەیەمدا پەیدا بوو، تەنیا لە نێوان ئیلیتێکی خوێندەواری بچووکدا لە سەدەکانی دواتردا مایەوە. بەهەرحاڵ لە دوای ساڵی ١٥٠١دایناستیەکی بەهێزی بنەچە تورک، بووژانەوەی سیاسی و رینیسانسی کەلتووری، کە لە ڕێگەی باوەڕی شیعەی توندڕەوەوە ڕێنمایی دەکرا، سەپاند. یەکخستنەوەی ئێران بووە هۆی بڵاوبوونەوەی شیعەی دوازدە ئیمامی لە ئیسفەهانی



پایتەختی شا عەباسەوە بۆ هەموو ئێران و لە ئەنجامدا زۆربەی ئەوانەی بەفارسی قسەیان دەکرد تا ساڵی ١٧٢٢ هەموو بوونە شیعە و ناسنامەی فارسی زۆرتر ئەگەر بێ مەبەستیش بووبێت بووە هاوشانی شیعەیزم. هەرچەندە ئەم بووژانەوەیە لە سەردەمی دایناستیە قاجارە ئەفگانەکاندا (١٧٩٦-١٩٢٥) بەرەو کزی ڕۆیشت، بەڵام بووە هۆی داڕشتنی بناخەی هەستی هاوکاریی ئیتنی چینە ناوەڕاستەکانی فارس کە لە بزووتنەوەی دەستووری ساڵی (١٩٠٥)دا بەشێوەیەکی سیاسی خۆی دەربڕی. Cottam 1979; Keddie 1981: chs 1-3

**نەتەوە نەتەوەخوازە شۆڕشگێڕەکان** Revolutionary nationalist nations

نەتەوەخوازیی چینی ناوەڕاست: بەدەسپێکردنی ڕاپەڕینی ئەڵمانیا و شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرە، جۆرێک لە نەتەوەی یەکگرتوو تر و خاوەن ئامانج لە دایک بوو. لەسەرەتادا ئەم جۆرە نەتەوەیە لە لایەن شێوازێکی توندڕەو و چاکساز و پاکژخواز puritan ی مەسیحییەتەوە کە خاوەنی هەستێکی بەرزی یەکگرتنی ئیتنی بوون، نەک تەنیا جۆرێکی نوێی لە ڕژێم هێنایە ئاراوە - بزووتنەوە بێگەردە ئیسلامیەکانیش بەدرێژایی چەندین سەدەی پێشتر هەمان هەوڵیان دابوو- بەڵکو جۆریکی تری لە داخوازی بۆ ئۆتۆنۆمی سیاسی و بەشداریی جەماوەریی کە لە سەر شێوەی مۆدێلی Old Testament دامەزرابوو، هێنایە ئاراوە. تێگە سەرەکییەکانی کە دەربڕی ئەم داخوازیانە بوون بریتی بوون لە (نەتەوە) و (هاوڵاتی). ئەمانەش پێکەوە ئاماژەیان بۆ نەتەوەخوازیی دیموکراسی بۆرژوازی دەکرد کە لە دووتوێیدا (گەل)ێکی خاوەن کەلتووری دیاریکراو دەبێتە تاکە سەرچاوەی ڕەوای دەستەڵات و ئەندامێتی ئەو گەلە دەبێتە تەنیا ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەو ئازادی و مافانەی تایبەتە بەهاوڵاتیانی ئەو گەلە. ئەم لۆجیکە دیموکراسییە نەتەوەییەی چینی ناوەڕاست لە لایەن فەیلەسوف و ئەوانەی گرنگییان بەبەرژەوەندی گشتی دەدا لە سەردەمی ڕۆشنفکریدا لە فەرەنسادا پەرەی پێدرا، تا ئەو ڕادەیەی گریمانەکانی پێشتری لەرزۆک کرد و ئێسکەکانی دەوڵەت و سیستەمی ئەبسۆلیتیستی دامەزرا و لەسەر ئیمتیازە بەخشراوەکانی کاتی لە دایک بوونی، شکاند. Walzer 1985

هەموو بەشێکی لایەنە نەتەوەخوازییەکەی ئەم پەرەسەندنە هێندەی لایەنە دیموکراسیەکەی گرنگ بوو. چونکە ئەم بانگەوازە بۆ (نەتەوە) کە لە فەرەنسادا بەپلەی یەکەم لە پارێزگاریکردنی سەربەستییەکانیانەوە لە لایەن (پەرلەمانەکانەوە) بەرامبەر

ئەبسۆلیوتیزمی ناوەندخواز سەرچاوەی گرتبوو، دەگەڕایەوە بۆ تێگەکانی پێشتری (کارێکتەری نەتەوەیی) و (سیما باڵاکانی نەتەوە) کە لە لایەن موڵکدارە گەورەکان و چینی ناڤینی باڵا، لە سەرەتادا لە ئینگلتەرە و دواتریش لە فەرەنسادا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا هێنرابوونە ئاراوە. ئەم ئایدیانەش دیسانەوە لە یادگارە دێرینەکانی ئیتنی و باوەڕە ئایینییەکانی ئیتنیکی هەڵبژاردە _ئەو باوەڕەی کە لای وابوو خودا ئەو گەلانە دەپارێزێ کە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن و ئەو پەیامەی کە پێیان سپێراوە بەدڵسۆزییەوە ئەنجامی دەدەن- سەرچاوەیان گرتبوو، لەم پڕۆسەیەشدا ڕۆحی عیلمانییان بەبەردا کرا. لە فەرەنسادا ئەم جۆرە باوەڕە تێهەڵکێشی پڕۆتۆتایپی ئیسرائیلی کۆن کرابوو کە لەسەر بنەمای پاشا و مەملەکەتەکەی دامەزرابوو، دەتوانرێ بەلایەنی کەمەوە بۆ سەدەی سیازدەیەم بگێڕرێتەوە و دەتوانرێ پێکهاتە سەرەتایەکانی لە سەردەمی شانشینی فرانکەکان و ئەنگلۆ ساکسۆنەکانیشدا بدۆزرێتەوە Armstrong 1982: 154-9; Beaune 1985.

لەناو کۆمەڵگا ئیتنییە (ستوونی) و میللییەکان و ئینتێلیجێنیتسیای عیلمانیدا بوو کە ئەم جۆرە ئایدیایانە برەوی پەیداکرد. لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا و دواتریش لە ئاسیاو ئەفەریقادا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕۆشنبیران و پرۆفێشنەڵەکان هەوڵیان دا بگەڕێنەوە بۆ کەلەپووری ئیتنی و کەلتووری میللییان و چینەکانی ناوەڕاست و هەندیک جاریش چینەکانی خوارەوە بۆ کاری سیاسی بورووژێنن. وروژاندنی میللی لە بری کۆمەڵگا ئیتنییە کۆنەکان بریتی بوو لە سەرلەنوێ دۆزینەوە و گونجاندن و بەسیاسیکردنی کەلتووری خۆماڵی indingenous لە لایەن ئینتێلیجێنتسیاوە وەک بنەمای وروژاندنی جەماوەری و داخوازی سیاسی. ئەم ڕێبازە (لە خوارەوە بۆ سەرەوە)یە بەتایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵگایانە گرنگ بوو کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لەناو ئیمپراتۆریەتە گەورە و زۆرجاریش چەوسێنەرەکاندا دەیان ناڵاند و خاوەنی دەزگاو دامەزراوی بەهێز نەبوون تا ئەم دیدە نوێیە و ئامانجە سیاسییەکانی بقۆزنەوە و بسەپێنن. A.D.Smith1986: ch 4 and 1989.

بەم شێوەیە زۆری پێنەچوو تا گەلانی دەرەوەی ئەوروپای ڕۆژئاواش بەسەرکردایەتی ئینتێلیجێنتسیای ئەم گەلانە، هەستی نەتەوەییان لا پەیدابوو کە لەسەر بنەماکانی تایبەتمەندێتی و لە ئاکامیشدا ئیتنی هەڵبژاردە دروست بوو بوو. ئەوەی کە نوێ و جیاواز بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە، بریتی بوو لە خستنەڕووی بەرنامەیەکی



ئامادەکراو ready-made blueprint بۆ گۆڕینی ئەو باوەڕە بۆ بەرنامەی سیاسی کە بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و یەکێتی و ناسنامە. نەتەوەخوازی، وەک ئایدۆلۆجی سیاسی لە ئەنجامی لێکدانی ئەم هەستەی بوونی باووباپیران و هەڵبژاردەی ئیتنی کەلەوەبەر هەبوون و ئایدیاڵە شۆڕشگێڕەکانی بەشداریی جەماوەریی و ئۆتۆنۆمی کە لە لایەن ڕۆشنبیران و چینی ناوەڕاستەوە هێنرانە ئاراوە، لە دایک بوو. لە ئەنجامی ئەم یەکگرتنەدا ڕێبازی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی و پێکهاتە جیاوازەکانی ناسنامەی نەتەوەیی لە دایک بوون لە سەر بناخەی چەندین پێوەری جیاوازی وەک زمان و بنەچەی ئیتنی و خاک و ئایین و مێژوو و ڕەنگی پێست. ئەمانەش کۆمەڵە پێوەرێک بوون بوونە هۆی پەیدابوونی نەک تەنیا نەتەوەخوازیی دوولایەنەی خاک-سیاسی و ئیتنۆ- زمان، بەڵکو چەندین جۆری تری نەتەوەخوازی. Armstrong 1995

**نەتەوەخوازیی جەماوەری:** سەرکەوتنی مۆدێلی نەتەوەیی چینی ناوەڕاستی ئینگلیزی فەرەنسی، ئاکامی گەورەی کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلیتیکی لەناو ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپادا لێکەوتەوە. یەکەم، دەکرا کەسانی تر پێکهاتەکانی ئەو سەرکەوتنە لە ڕووی ئایدۆلۆجی و ئابووری و سیاسییەوە شی بکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە دەکرا بلوپرینتی شێواز و ناوەرۆکی ئەو سەرکەوتنە بگوێزرێتەوە کە فۆرماتێکی نەتەوەیی بەپێی ئەم بنامایانەی خوارەوەی بەخۆوە گرتبوو:

١- خاکێک یان نیشتمانێکی مێژوویی و باشتریش وابوو ئەو خاکە یان نیشتمانە یەکگرتوو بێت.

٢- دانیشتوانێکی ناو خاکێکی یەکگرتوو هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تەبا ئەگەر چونیەکیش نەبن.

٣- ئابووریەکی یەکگرتوو لەگەڵ بوونی سیستەمێکی پیشەیی تاک و مۆبایەڵ لە سەرانسەری خاکەکەدا.

٤- تاکە کەلتوورێکی هاوبەش و دیاریکراو باشتریش وابوو تەنیا یەک زمانی تێدا بێت.

٥- کۆمەڵێک ئەفسانەی دیاریکراو و یادگاری بەکۆمەڵ و باشتریش وابوو کە خاوەنی یەک مێژوو بن.

٦- ماف و ئەرکی هاوچەشن بۆ هەموو ئەندامان و بەشداریکردنیان وەک هاولاتی لە کۆمەڵگای نەتەوەیی زۆرجار خاوەن ئۆتۆنۆمی و لەوەش باشتر سەربەخۆ و سەروەردا.

بەلەبەرچاوگرتنی بوونی پێوەری جیاوازی ناسنامەی نەتەوەیی، جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ببینین کە جۆرەها هەوڵ لە لایەن چەندین (گەلان)ی خۆپێناسەکار دراوە تا بلوپرینتی نەتەوەخوازیی بەشێوەی جیاواز بەکاربهێنن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئۆتۆنۆمی و یەکێتی و ناسنامە. لە دوای ڕاپەڕینەکەی یەکێتی پیاوانی ئێرلەندی لە ساڵی ١٧٩٨دا، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بەرەنگاریەکی نەتەوەیی بەرچاوی دژی ئارەزووە ئیمپریالیە نەتەوەیییەکەی ناپلیۆن لە ئیسپانیا و ڕوسیا و ئەڵمانیا بەخۆیەوە بینی و دواتریش سیربیا و یۆنان دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕاپەڕین و دوابەدوای ئەوانیش پۆڵۆنیەکان ڕاپەڕینێکی سەرنەکەوتوویان دژی ئیمپراتۆریەتی قەیسەر ئەنجامدا و هەوڵێکی سەرکەوتووش درا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جیاوازی بەلچیکا. سەرەڕای ئەمانەش لە ساڵی ١٨١٠ بەدواوە ئیلیتە بنەچە ئیسپانیەکانی هەرێمەکانی ئەمەریکای لاتینی سەر بەئیسپانیا توانیان ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا هەڵوەشێنن و کۆمەڵێک دەوڵەتی ئەمەریکای لاتین دابمەزرێنن. لە کاتێکدا جێگەی مشتومڕە کە تا چ ڕادەیەک لەو سەردەمەدا ئەم ڕاپەڕینانە ڕەهەندێکی نەتەوەخوازانەیان هەبووە، هیچ گومانی تێدا نییە کە لە ساڵی ١٨٢٠ بەدواوە نەتەوەخوازییەکی کڵپەسەندوویان لە خۆگرت. ئەمەش جارێکی تر لۆجیکی گەشەکردنی دیموکراسی- نەتەوەیی و هێز و گرنگی بلوپرینتی «Blue print» نەتەوەخوازیی دەردەخات. Humphreys and Lynch 1965; Anderson 1991: ch 4

لە گەڵ چوونە پێشەوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، نەک تەنیا ژمارەی ئەم جۆرە نەتەوە خۆ پێناسکارانە لە سەرانسەری ئەوروپادا و دواتریش لە ئاسیادا زیادیان کرد، بەڵکو لۆجیکی دیموکراسی بلوپرینتی نەتەوەخوازیی لە فراوانکردنی دەنگدان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامانیدا وەک یەکسانی هاولاتی کۆمەڵگای نەتەوەییدا بەتەواوی ڕەنگی دایەوە، هەرچەندە ئەمانە بەبێ خەبات و شکست و نسکۆ نەبوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم مافانە ئافرەتیشیان گرتەوە و لە ساڵانی کۆتایی سەدەکەدا لاوانی نێر و مێش بوونە خاوەنی ئەم مافە. نەتەوەخوازیی دیموکراسی جەماوەری کە زیاتر ناوەڕۆکێکی سۆسیۆئیکۆنۆمیکی بەخۆوە گرتووە و بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی جەنگە جیهانییەکان و تەکنەلۆژیای مۆدێرنە، وەک دیاردەیەکی شۆڕشگێر خۆی دەنوێنێ، بەڵام شتێک نەبوو



بەهیچ شێوەیەک لەوەبەر ڕووی نەدابێ. نەک تەنیا گەشەکردنێکی لۆجیکی بلوپرینتی نەتەوەخوازانەی پێشووتری چینی ناوەڕاست بوو، بەڵکو دەکرێت کە بنچینەکەی بۆ هەستی یەکگرتن و خاوەن پەیامی هەندێک لە نەتەوەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بگێڕینەوە. بەرز ڕاگرتنی (گەل) و پێویستیە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی، کە خەسڵەتی نەتەوەخوازیی ئیتنی جەماوەری مۆدێرنە، دەگەڕێتەوە بۆ هەستی کۆمەڵگای باوەڕداران کە لەناو کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکانی سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست دا هەبووە و هەندێک لەمانەش بونەتە پرۆتۆتایپی نەتەوەکانی دواتر. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا (گەلە هەڵبژاردە)کانی کۆنتر و نەتەوەخوازییە جەماوەریەکانیان خۆیان لە جەنگ دا دەردەبڕی و تاقی دەکردەوە، ناسنامە سەرلەنوێ دۆزراوەکانیان لە ئەفسانە و سیمبۆل و بەها و یادگارەکانی ململانێ و داگیرکردن و بەرگرییەکان و دەرکردن و لەناوبردنی سەرجەمی گەلاندا بەدی دەکرد Carr 1945; Marwick 1974; A.D. Smith 1981

**ئەنجامگیری** Conclusion

پێویست ناکات چیرۆکی تەشەنەکردنی نەتەوەخوازیی شۆڕشگێر و ڕۆڵی ئەم جۆرە نەتەوەخوازییە لە پێکهێنانی نەتەوەی جەماوەریدا بگێڕینەوە هەر لە شۆڕشەکانی ١٨٤٨ و سەردەمی نەتەوەخوازیی ڕەیس (ڕەگەز)ی تا نەتەوەخوازیی دژە-کۆڵۆنیالی دوای ساڵی ١٩٤٥ و پەرەسەندنی نەتەوەخوازیی ئیتنی ئەم دواییانە، بەڵام پێویستە ڕۆشنایی بخرێتە سەر سێ لایەنی ئەم بزووتنەوانە:

یەکەمیان بریتییە لە نوێکاری ئایدۆلۆجیان. ئەم بزووتنەوانە لەسەر بناخەی ئایدۆلۆجی دامەزراون و لە ئەنجامدا نەتەوەکانیشیان لەسەر ئەم بناخەیە دامەزراون و پشت بەپەسەندکردنی ڕەوایی تا ڕادەیەک گشتگیری نەتەوەخوازیی دەبەستن و بەپێی ڕێبازەکانی نەتەوەخوازیی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و لە لایەن خەڵکی ترەوە هەڵدەسەنگێنرێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەم بزووتنەوانە بەپێی پێکهاتەکانی بلوپرینتی نەتەوەخوازیی دەڕوانە خۆیان و هەڵدەسەنگرێن. نەتەوەخوازییە نوێخوازەکانیشیان دووبارە هەوڵدانە بۆ زیاتر نزیک بوونەوەیان، دوای دوورکەوتنەوەیان بۆ ماوەیەک، لەو بلوپرینتە. ئەمەش، بەڕای من بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتەوە مۆدێرنەکانی دامەزراو لەسەر بناخەی نەتەوەخوازیی جیاواز بن لە نەتەوە پرینەتەوەخوازەکانی سەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست. نەتەوەکانی سەردەمی پرینەتەوەخوازیی خاوەنی ستاندەرد و بلوپرینتی ئایدۆلۆجی نەبوون و

نەتەوەخوازییەکانیان بەتەواوی زادەی بارودۆخی تایبەتی بوون کە نەتەوەی پریمۆدێرن تیایدا دەژیا. ئەوانە خاوەنی تیۆری نەتەوە نەبوون جگە لە کۆمەڵێک ئامانج و بەهای تایبەت بەو نەتەوەیە نەبێ. بۆیە نەدەکرا نەتەوەخوازییەکانیان دووبارە و بڵاوبێتەوە. سیستەمی ئایدیای گشتییان نەبوو کە بتوانرێ بەشێوەیەکی گشتگیر بەکاربهێنرێ و ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی هەندێک چالاکی تایبەتی لە پێناوی هینانەدی ئامانجە هاوبەشەکان دا. لەم ڕوانگەیەوە نەتەوەخوازیی وەک ئایدۆلۆجی خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ گەشەکردنی پەیوەندی و لیکگەیشتنی مرۆڤ.

لایەنی دووەم، هەروەک بینیمان، بریتییە لە گرنگی بناخەی ئیتنی بۆ دامەزراندنی نەتەوە مۆدێرنەکان. ئەمەش نەک تەنیا بەسەر نەتەوەکانی پێشووتردا جێبەجێ دەبێت بەڵکو نەتەوەخوازییە جەماوەریەکانی سەدەی بیستەمیش دەگرێتەوە. ئەمانیش دیسانەوە هەوڵیان داوە سوود لە پەیوەندی و بەها ئیتنییەکان وەرگرن و پێناسەی (خودی نەتەوەیی) بەپێی پێوەری جیاواز بکەن، بەڵام هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی بەهێزترین بەردەوامیان لەگەڵ ڕابردووی کەلتووری کۆمەڵگا ئیتنییە باڵادەستەکەدا داوە. کارێکی ئاسانە ئەم تەقەلایانە بەوە ڕەت بکەینەوە کە جگە لە هەڵبەستراوی نەتەوەخوازانە و داهێنانی ئەفسانەیی هیچی تر نین. گومانی تێدا نییە، هەروەک کیدووری دەڵێ، هەندێک ڕووناکبیرە نەتەوەخوازەکان خۆیان خەڵەتاندووە و تەنانەت خۆپەرستانە بەها جەماوەریەکانیان بەکارهێناوە، بەڵام سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانیان لێکدانەوەیەکی تر دەخوازێ. لێکدانەوەیەک کە جەخت لەسەر پێویستی سەدا و بەپیرهاتنی میللی دەکات. لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە مەودایەکی درێژدا بەپیر هەڵبەستنی ڕووتەوە ناچن هەروەک چارەنووسی ئێسپێرانتۆ پیشانی دەدات، سەرلەنوێ دۆزینەوە re-discovery ودروستکردنەوە reconstruction، لە لایەن ڕووناکبیران و ئەوانی ترەوە ئەنجام دەدرێ، پێویستە تا دەکرێت لە تێگەیشتنی خەڵکەوە نزیک بێت. پێویستە بکەونە ناو چوارچێوەی کەلتووری (نەریتەکانی گەلەوە) و هەستی کۆمەڵگای ئیتنییان بکاتە شتێکی سیاسی و ئەو نەریتانە وەک سامانی دەوڵەمەندی کەلتووری بۆ خەباتی سیاسی هێنانەدی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی لێک بدەنەوە.

دوا خاڵی پەیوەندار، بریتییە لە جیهانی ناوەوەی کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکان. بانگەوازی خەڵک دەکرێ تەنیا لە ڕێگەی دۆزینەوە و بەکارهێنانی یادگار و سیمبۆل و بەها و ئەفسانە و نەریتە بەکۆمەڵەکانیانەوە ئەنجام بدرێ. بەهەمان شێوە



شیکردنەوەکانمان، ئەگەر بیانەوێ بچنە ناو ناخی ئەم جیهانەی ناوەوە، دەبێ پەی بەم لایەنە ئیتنۆ سیمبۆلیزمانە بەرن و شییان بکەنەوە. یادگارە هاوبەشەکانی سەردەمە زێڕینەکان و باوو باپیران و پاڵەوانە پیاو و ئافرەتەکان، ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە ئەمانە لە خۆیان گرتووە، ئەفسانەی بنەچەی ئیتنی و کۆچ و هەڵبژاردەی خودایی و سیمبۆلەکانی کۆمەڵگا و خاک و مێژوو و چارەنووس کە جیایان دەکاتەوە و دابونەریتە هەمەجۆرەکانی خزمایەتی و قوربانیدان بریتین لە کلیلی تێگەیشتنی پەیوەندیەکانی نێوان ڕابردووی ئیتنی و ئێستا و ئاییندە، بەتایبەتی پەیوەندی و پچڕان لە نێوان کۆمەڵگا ئیتنی و نەتەوەکان و مۆدێرن و پریمۆدێرندا. هەر شیکردنەوەیەک کە ئەم پێکهاتە ئیتنۆ سیمبۆلیزمانە بخاتە پشتگوێ، ناتوانی وامان لێ بکات پەی بەلەخۆگەیشتنی ئێستای نەتەوەکان یان بیروبۆچوونی تایبەتیان دەربارەی چارەنووس و مێژووەکانی خۆیان بەرین. هەروەها بەبێ پەیبردنی تەواو بەمێژووی ناوەوەی نەتەوەکان، ناتوانین لە سەردەمی جیهانگەریدا لە گەشەکردنی ئاییندەیان تێبگەین.

# چاپتەری شەشەم

## پێشبینییەکان

Prospects

بەپێچەوانەی ئەوەی دەوترێ، هۆلۆکۆستەکانی جەنگە جیهانیەکان نەیانتوانی هێز و بوونی سەراپاگیری نەتەوەخوازییە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکان خاوبکەنەوە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر لەم میانەدا شتێکیان بەرکەوتبێ بریتی بووە لە تین و هێز لە ئەنجامی بەشداریکردنی خەڵکی مەدەنی لە جەنگەکاندا. سەرەڕای بێدەنگییەکی تا ڕادەیەک چەقیو دەربارەی مەسەلەی نەتەوەخوازی، بەلایەنی کەمەوە لە ڕۆژئاوا و دەوڵەتە کۆمۆنیستەکاندا و تەنیا لە ئەنجامی بووژانەوەی ئەو هیوایە شکا کە بزووتنەوەکانی دژی کۆلۆنیالیزم لە ئەفەریقا و ئاسیادا هێنایانە ئارا، نەتەوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا پتر لە هەموو کاتێکی تر ڕەگیان لەناو قووڵایی ئەو نەخشە سیاسییەدا داکوتابوو. هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لە دەوڵەتان پێکهاتبوو و پرنسیپی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ، کە لە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکاندا دیاریکرابوو، تەنیا کۆلۆنیە ڕزگارکراوەکانی دەگرتەوە، بەڵام ئەو ڕەواییەی ئەم پرنسیپە بەخشیە ڕازیبوونی جەماوەریی و پەسەندکردنی، تا ڕادەیەک گشتگیری داخوازیە نەتەوەخوازییەکان، وەک تەنیا بنچینەی بەکارهێنانی دەستەڵاتی دەوڵەت، ئەوەیان پیشان دا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا تا چ ڕادەیەک نەتەوە بۆتە بەردی بناخەی کۆمەڵگای دەوڵەتان.

### تەشەنەکردنی نەتەوەخوازیی Proliferating Nationalism

گۆڕانکاریەکانی دواتر نەیانتوانی لە گرنگی نەتەوە و پرنسیپی نەتەوەخوازیی کەم بکەنەوە. لە پێش هەمووشیانەوە، پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیەکان بەناوی هەمان پرنسیپی ڕەوایی نەتەوەیی و سەروەری میللییەوە کە لە ئەوروپا و هەردوو ئەمەریکادا بەدەست هاتبوون، ئەنجام دران. لەم حاڵەتانەشدا ئەم پرنسیپە بەتەنیا بۆ دامەزراندنی نەتەوەی نوێ لەو کۆلۆنیانەی تازە دروست کرابوون، بەکارهێرا. بەڵام لەسەر بناخەی



کۆمەڵگاو کەلتووری کۆنتر. ئەمە سەردەمی (پێکهێنانی نەتەوە) بوو کە تیایدا کۆمەڵگاکانی ئاسیاو ئەفەریقا لە زۆر جێگادا لە لایەن دەوڵەتی تەواو نوێوە و لەسەر مۆدێلی ئەوروپا دادەڕێژرانەوە.

ئەوەی پێی دەوترا (بووژانەوەی ئیتنی) لە کۆمەڵگا پیشەسازیدارەکانی ڕۆژئاوادا: لە کیوبێک و Flanders و سکۆتلەندە و کەتەلۆنیا و بریتانی و Euzkadi و کۆرسیکا و وێڵس بەتین و تاوێکی زۆرەوە هاتە مەیدان. لێرەدا بەزۆری چینی ناوەڕاستی کەمە نەتەوەکانی کەنار دژی ئیتنی زۆرینەی باڵادەستی ناو دەوڵەتە دامەزراوە کۆنەکان و حکومەتە ناوەندخوازەکان کەوتنە ڕاپەڕین و پەنایان بردە بەر هەندێک لە سیمبۆل و ئەفسانە و یادگارە کۆنەکانی نەتەوەخوازیی کلاسیکی جەماوەریی ئەوروپا، بەڵام بەپرۆگرامێکی زیاتر کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش سۆشیالیستی و ئامانجی سیاسی سنووردار (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا داخوازی ئۆتۆنۆمی کەلتووری و ئابووری نەک سەربەخۆیی تەواو). لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا و دوابەدوای پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی مافە مەدەنیەکانی ئەمەریکا، ئەم بزووتنەوانەی کە خوازیاری ئۆتۆنۆمی ئیتنی بوون لەگەڵ بزووتنەوەکانی خوێندکاران و فێمینیست و ئیکۆلۆجی یەکیان گرتەوە و بارودۆخێکی یەکجار گرژیان لەناو دەوڵەتە دیموکراسییە دامەزراوەکاندا هێنایە ئارا و ناچاریان کردن کە چاو بەئەرک و ئاییندەی خۆیاندا بخشێننەوە لەناو جیهانێکی پڕ لە بووژانەوەی پەیوەندیە ئیتنی و ناوچەییەکان دا، ئەو چاوپیاخشاندنەوەیە هێشتا بەردەوامە.

ئاکامەکانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لە ڕۆژئاوادا هێشتا خاوەنبووبۆوە کە سیاسەتە نوێکانی پێرێسترۆیکا و گلازنۆست لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا درزە نەتەوەیی و خواستە ئیتنییەکانی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی سۆڤیەتدا خستە ڕوو. گرژی و ململانێکان کە هەر لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانەوە لە دەوڵەتەکانی بەڵتیک و ئۆکرانیا و قەوقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا بەڕوونی خۆیان دەنواند کە پێشتریش لە پۆلۆنیادا سەری هەڵدابوو، بوونە هۆی تاودانی، نەک هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئیمپراتۆریەتەکەی بەپێی هێڵە ئیتنی-نەتەوەییەکان. بەڵکو یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم شەپۆلە نوێیەی نەتەوەخوازیی ئیتنی بریتی بوو لە گیڕانەوەی ڕەوایی بۆ خواستە جەماوەریەکانی گەلە بچووک و نەتەوە بن دەستەکان، بەگشتیش بۆ نەتەوەخوازی، لەوەدا

کە پاڵنەری ئەم بزووتنەوە جەماوەریانەی ئەو کاتانە سەریان هەڵدا بریتی بوو لە خواستی ڕاستەقینە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراسی بەکۆمەڵ، هەرچەندە ڕووداوەکانی دواتر لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەتایبەتی لە بەڵکاندا هەمیشە ڕەنگدانەوەی ئەم خواستانە نەبوون و لەبری ئەمە پێدەچوون کە جەختکردنەوە بن لەسەر ئاڵۆزی ئەو پەیوەندیەی لە نێوان نەتەوەخوازیی ئیتنی داخراو exclusive ethnic nationalism و نیۆ-فاشیزم و ڕەیسیزم و پاکتاوی ئیتنی Ethnic Cleansing دا هەیە، نەخشەی ئەوروپا جارێکی تر بەشێوەیەکی سەرەکی بەپێی هێڵەکانی ئەو جیاوازیە ئیتنۆ-نەتەوەییەی لە ئارادابوو دارێژرانەوە، لە کاتێکدا سیاسەتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات زیاتر بەپێی پێویستی و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان و ئیلیتەکانی ئەو دەوڵەتانە چوارچێوەیان بۆ نەخشێنرا.

ئەگەر پەرەسەندنی بەردەوامی نەتەوەخوازیی ئیتنی و مانەوەی نەتەوەخوازیی ناوچەیی لە دەوڵەتە نوێکانی ئەفەریقا و ئاسیا، هەر لە تامیل و مۆرۆ تا کورد و خوارووی سودان و ئێریتیریا بخەینە پاڵ ئەم گۆڕانکاریانە، دەبێ لامان سەیر بێت چاودێرێک تا ئێستاش لای وابێت نەتەوەخوازیی بەرەو کزبوون دەچێت چجای لەناوچوونی.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە کتومت بانگێشەکەی ئێریک هۆبسبۆمە کە لەبەر ڕۆشنایی تەواوی پەرەسەندنی ئەمڕۆی نەتەوەخوازیی ئیتنی و ناوچەییدا دەکرێ. ئایا هۆبسبۆم و ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە دەیانەوێ چی بڵێن؟

لای هۆبسۆم، ئەم تەقینەوە لەناکاوەی نەتەوەخوازیی شتێکی کاتییە و پەردەیەکە لەبەر دەم (بزووتنەوەی ڕاستەقینەی مێژوو) کە هەمیشە بەرەو یەکەی گەورەتری پەیوەندی مرۆڤە، بەڵام تەنیا ڕۆڵێکی کەم و لاوەکی دەبێ. ئەوەی کە هۆبسبۆم پێمان نالێ ئەوەیە ئایا نەتەوەکان گرنگییان نامێنێ؟. چونکە ئەگەر تەنانەت (دەوڵەتی نەتەوە) ئەرک و کارە ئابووری و سەربازیەکانی لە دەست دابێ، وەک هۆبسبۆم دەڵێ، ئایا ئەمە پوکانەوەی (نەتەوەکان) دەگەیەنێ؟ ئایا لەدەستدانی سەرەوەری دەوڵەت لاوازی ناسنامەی نەتەوەیی دەگەیەنێ؟ Hobsbawm 1990: ch 6.

ئەم جۆرە پرسیارانە ئاماژە بۆ ئاڵۆزی ئەو مەسەلانە دەکەن کە پەیوەندیان بەوەوە هەیە، پێی دەڵێن (جێگرتنەوە- Supersession) یان (تێپەڕاندن-Transcendence)ی نەتەوەکان و نەتەوەخوازی. بەلایەنی کەمەوە ڕووبەڕووی سێ جۆر بانگێشەی جیاواز و



ئەو گفتۆگۆیانە دەبینەوە کە لێیانەوە پەیدادەبن. یەکەمیان پەیوەندی بە(دەوڵەتی نەتەوە) و لە ناوچوونی حەتمی یان مانەوەی هەیە. دووەمیان جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕ (Transformations) یان پەرتبوون (Frangmentaion)ی ناسنامەی نەتەوایەتی دەکا لە کاتێکا سێیەمیان باسی پوکانەوە و جێگرتنەوەی ئایدۆلۆجیەکانی نەتەوەخوازیی دەکا. باسی هەریەک لەمانە یەک لەدوای یەک دەکەم.

**نەمانی دەوڵەتی نەتەوە؟** Demise of the Nation State?

ئەو بانگێشەی دەڵێ جۆرێکی تایبەتی لە کۆمەڵگای سیاسی کە زۆرجار بە(دەوڵەتی نەتەوە) ناودەبرێ بەرەو لەناوچوون دەچێ، لە سەر زەمینەی ئابووری و سیاسی دەکرێ و وا دادەنێ کە:

١- تێرمی (دەوڵەتی نەتەوە) پیشاندەری جۆرێکی تایبەتی و دیاریکراوی کۆمەڵگای سیاسییە کە دەتوانین جیای بکەینەوە.

٢- دەتوانین لادان لەم جۆرە کۆمەڵگایە بەدرێژایی کات و کەمبوونەوەی هێز یان یەکگرتوویی، لە جەنگی جیهانی دووەمەوە بپێوین.

٣- ئەم ڕێڕەوە سەرەولێژە لە ڕێگەی گۆڕنکاریە مێژووییەکان و ئاڵوگۆڕە سۆسیۆ-سیساسییەکانەوە دیاری دەکرێ کە هیچ جێگەیەک بۆ دەوڵەتی نەتەوە ناهێڵێتەوە لە شێوە فۆلکلۆریەکەیدا نەبێ.

١- هەروەک بینیمان حاڵەتی پاکی ئەم جۆرە کۆمەڵگا سیاسییەی پێی دەوترێ (دەوڵەتی نەتەوە) زۆر کەمە. دەوڵەتی نەتەوە تەنیا لەو حاڵەتەدا بوونی هەیە کە کەم و زۆر سەرتاپای دانیشتووانی دەوڵەت سەر بەتاکە گرووپێکی ئیتنۆ-نەتەوەیین و سنوورەکانی دەوڵەت و گرووپەکە هاوشانی یەکترن. تەنیا لەم بارەدا دەوڵەت و نەتەوە پێکەوە جووت دەبن. بەڵام ئەم پێکەوە جووت بوونە زۆر دەگمەنە بەتایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆی کۆچکردن و تێکەڵاوبوونی کەلتووردا. لە بری ئەمە زیاتر جۆرە کۆمەڵگایەکی سیاسیمان هەیە کە پێی دەوترێ (دەوڵەتی نەتەوەیی). ئەمەش دەوڵەتێکە زۆربەی دانیشتووانەکەی سەر بەتەنیا گرووپێک یان گرووپێکی باڵادەستی ئیتنۆ-نەتەوەیین هەرچەندە گرووپی بچووکی تری ئیتنی لەناو سنووری دەوڵەتەکەدا دەژین و بەپێی عەقیدەکانی ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی ڕەوایی دراوەتە کۆمەڵگا سیاسییەکە Connor 1972; Wiberg 1983.

٢- تەنانەت ئەگەر بتوانین بەکارهێنانی فراوانی تێگەی (دەوڵەتی نەتەوە) پیشان بدەین، ئەوا زەحمەتە بتوانین ڕێڕەوێکی ئاشکرای کەمبوونەوەی هێز یان یەکگرتنی پیشان بدەین و تەنانەت ئەنجامدانی ئەم کارە لە حاڵەتی دەوڵەتی نەتەوەییدا زەحمەت تریشە. ئارگیومێنتەکە وا دادەنێ کە لە قۆناخێکی دیاریکراوی سەدەی نۆزدەیەمدا دەوڵەتی نەتەوەیی یان نەتەوە شێوازێکی باڵادەستی ڕێکخراوی سیاسی بووە، بەڵام لە ئەنجامی لەدەستدانی کار و ئەرکە سەرەکییەکانیدا، لەو بەرزاییەی هێز و یەکگرتووییەوە دابەزیوە، بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. نیشانەی سەرەکی هێز و یەکگرتوویش بریتییە لە سەروەری تەواو، یان بەلایەنی کەمەوە پلەیەکی بەرزی ئۆتۆنۆمی لە کاروباری دەرەوەدا. لە ڕاستیدا ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە دووسەدەی دواییدا توانیویانە بێ کۆسپ و تەگەرە سەروەری خۆیان پیادە بکەن: دەوڵەتان ناچار بوون بەپێی ڕێککەوتننامە و لێکگەیشتنە جیاجیاکان هەڵسوکەوت بکەن و توانای کاریگەرێتییان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر گۆڕانکاریەکان بەهۆی پێش نەکەوتوویی تەکنەلۆجی و ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە کە لەبەردەستیان دا بووە، سنووردار بووە. ئەمەش هێندەی بۆ کۆنترۆڵی ناوخۆ و گۆڕانکاریەکانی ژێرخانی ئابووری ڕاستە، هێندەش بۆ بازنەی کاروباری دەرەوە و جەنگەکان ڕاستە. ڕاستە تواناکانی دەوڵەت لە سەدەی نۆزدەیەم و بەدواوە زۆر زیادی کرد بەڵام لەگەڵ هێزی دەوڵەتی ئەم سەردەمەدا بەراورد ناکرێ و پێشتر ئەو هێزە تەنیا چەند دەوڵەتێکی زلهێزی دەگرتەوە کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران. هەمان شت یەکگرتوویی دەوڵەتیش دەگرێتەوە. لە کاتێکدا نابێ تەحەدای بزووتنەوە ئیتنی و ناوچەییەکانی ئەم سەردەمە بەکەم بگیرێ، زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە دوو سەدەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی تەحەدای ئیتنی و ناوچەیی بوونەتەوە هەڵبەتە بەئەندازەیەکی کەمتر. هەلومەرجی دابینکردنی هاریکاریی سیاسی ئەمڕۆ گەلێک زیاترە چونکە پەیوەندیە فراوان و تەکنیکەکانی پرۆپاگەندەو پەروەردەی میللی دەرفەتیان بۆ نوخبەکانی دەوڵەت ڕەخساندووە تا باوەڕ (beliefs) و بەها (sentiments) و قیەم (values)ە هاوبەشەکان لەناو دانیشتوواندا بچەسپێنن بەتایبەتی ئەگەر ئەمانە سیمای نەتەوەییان هەبێ. ئەمەش بێگومان یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی نەتەوەخوازیی ئیتنی و ناوچەیی Kahan 1968

٣- زۆر ڕاستە، دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر لە کارە ئابوورییەکانی پێشووی لەدەس داوە و لەوەتەی چەکی ناوکی و کیمیاوی و بایەلۆجی سەریان هەڵداوە، سەربەستی سەربازی



بەتەواوی سنووردار بووە. پەیدابوونی بازاڕە گەورەکانی پارە و بازرگانی و ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای نێوان سنوورە نەتەوەییەکان کە خاوەنی بوجە و کارمەند و خستنەگەڕی پارە و شارەزایی تەکنیکی ئەوتۆن کە زۆر زیاترە لە توانای زۆر لە دەوڵەتە بچووکەکان و پێکهێنانی بلۆکی زەبەلاحی سیاسی و سەربازی و سترەکچەری سەرکردایەتی فرەنەتەوەیی، بێگومان بوونەتە هۆی لاوازبوونی ئۆتۆنۆمی ئابووری و سنووردارکردنی خەیارە سەربازیەکانی تەنانەت بەهێزترین دەوڵەتیش. بەلەبەرچاوگرتنی لاوازی دەستەڵاتە ئابووری و سەربازیەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی سەردەمانی پێشووتر، زەحمەتە بتوانرێ ئەندازەی لاوازبوونی دەستەڵاتی دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ بپێورێ. بەهەرحاڵ ئەم لاواز بوونەی دەستەڵات بەباشی قەرەبوکراوەتەوە لە ڕێگەی پەیدابوونی کاروئەرکی نوێ بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەناوی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیەکانیەوە. ئەوەی ئێمە بینیومانە بریتییە لە ئاڵوگۆڕی shift کار و دەستەڵاتەکانی دەوڵەت لە ئابووری و سەربازیەوە بۆ بازنە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و لە سەروەری دەرەکییەوە بۆ کۆنترۆڵی ناوەکی و ناوخۆیی. تەنیا هێندە بەسە ئاوڕێک لەو هەموو ڕێسا (regulations)یانەی دەوڵەت بدەینەوە کە لە بوارەکانی پەروەردەی گشتی و تەندروستی و جێنێتیک و دانیشتووان و پلاندانانی ژینگە و کۆچ و میدیا و هونەر و وەرزش و کەلتوور و پیشەو کارکردن و سەندیکاکانی کرێکاران و مووچە و باج و سیاسەتی دارایی و زۆری تریش هێنراوەتە ئاراوە، ئەوە پیشان دەدەن کە دەوڵەتی نەتەوەیی نەک بەرەو پوکانەوە ناچێت بەڵکو زیاتر بەرەو ناوەندێتی و هەماهەنگکار و بەهێز بوون دەچێ. سەرەڕای ئەمە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت کە پاراستنی یاسا و ئاسایشە لە کاتێکدا هەمیشە لەژێر کاریگەری گوشارە دەرەکییەکاندا بووە، وەک خۆی ماوەتەوە و، واش پێدەچێ هەروا بمێنێتەوە، نیشانەی سەرەکی دەستەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەت. بەشێوەیەکی گشتی، لە ڕێگەی چاودێری و کۆنترۆڵی ڕێسایی و بیرۆکراسییەوە، دەوڵەتی نەتەوەیی پتر لە هەموو کاتێکی تری مێژووی مۆدێرن (چ خاسمە پریمۆدێرن) دەتوانێ زۆر ڕاستەخۆتر و شێلگیرتر و سەراپاگیرتر دەست بخاتە کاروباری خەڵکەوە.

بەڵام ئەمە تەنیا ڕویەکی وێنەکەیە. ئەو ئارگومێنتەی کە لایەنگیری لاوازبوونی دەوڵەت دەکا، وای بۆ دەچێ کە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئەنجامی کاریگەریی گلۆبەلایزەیشنەوە کەم دەبێتەوە. ئێرە جێگەی ئەوە نییە کە بچینە ناو مانا جیاوازەکانی ئەم تێگەیەوە. هێندە بەسە بڵێین کە سەرەڕای پشتبەستنی دەوڵەتان بەیەکتر لە ڕووی ئابووریەوە و جێگۆڕکێ

گەورەکانی دانیشتووان، ئەندازەیەکی بەرزی هاتنەوەیەک (compression)ی کات و دەرفەت دەبینین کە تیایدا ڕووداوەکانی بەشێکی جیهان کاریگەرێتی یەکسەریان لەسەر بەشەکانی تر دەبێ لە ئەنجامی ئەو گەشەکردنە خێرایەی لە مەیدانی پەیوەندی و زانیاری تەکنەلۆجی و شتی تردا هاتوتە ئاراوە. بەڵام ئایا هەموو ئەمانە جیهانی ئێمە دەکاتە (یەک جێگا)، جێگەی پرسیارە. تەنانەت ئەگەر زیاتر کەلەبەر کەوتبێتە سنووری دەوڵەتانی نەتەوەیی لەم دەیانەی دواییدا، پەیوندی فراوان سنوورەکانی نەسڕیونەتەوە یان نەبۆتە هۆی نەهێشتنی کۆنترۆڵ و چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردن لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەیی. بەپێچەوانەوە، بەڵگەی زۆر لە ئارادان دەری دەخەن کە ئیلیتەکانی دەوڵەت هەوڵی سەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان داوە بەسەر بڵاوبوونەوەی زانیاری و بەرهەمە کەلتوورییەکان هەتا ئەگەر ئەمە لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە و پەیمانە فرە لایەنەکانەوە بێت، لەگەڵ دەوڵەتانی تر. دووبارە بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان لە جیهاندا ڕێگەیان لە سەربەستی هەندێک هەڵسوکەوتی هێزە زلهێزەکان گرتووە (هێزە بچووکەکان هەر لە بنەڕەتدا سەربەستییان کەم بووە) لە ڕیگەی پابەندکردنیان بەجۆرەها پەیمان و ڕێککەوتننامەوە، بەڵام کاریگەری گشتییان بریتی بووە لە زیادکردنی دەستەڵات و تەمەن درێژی دەوڵەتی نەتەوە کە ئێستا بۆتە تەنیا ئەکتەری ڕەوای نێونەتەوەیی. ڕەنگە ناڕەزایی بەرامبەر بەم بۆچوونە دەربڕێ بەوەی کە هێزە ئابووری و کەلتوورییە تازەکان پێویستی بوونی یەکەی سیاسی و قەوارەی کەلتوورییان زیاتر کردووە و هەر لەبەر ئەمەشە ئێمە دەبینین ڕێکخراو و یەکێتییە نێوکیشوەرییە تازەکان لە گەشەکردن دان. بەرچاوترینی ئەمانەش بریتییە لە یەکێتی ئەوروپا کە لە یەکێتییەکی گومرگی سنووردارەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی گەورەتری سیاسی و ئابووری پەرەی سەندووە و خەریکی پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی تەواوی ئەوروپی و ناسنامەی ئەوروپیە. سەرەڕای دروشمی ئێستای یەکێتی ئەوروپای (یەکێتی لە هەمەجۆری دایە- Unity in Diversity)، گومانی تێدا نییە لای ئەوانەی کە پان-ئەوروپیانە بیردەکەنەوە، یەکێتی و ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەوروپی تەنیا لە سەر حسابی ناسنامەی نەتەوەیی دێتە ئاراوە. ئەوانە بەلایەنی کەمەوە لەو بڕوایەدان کە هێز و پێزی ناسنامەی نەتەوەیی بەرەو لاوازبوون دەڕوا و ئینتیمای ئێستا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەبەرە بەرەو یەکێتی فیدراڵی هەڵدەچێ بەو شێوەیەی کە دوای دامەزراندنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەکانی نۆزدەیەم و بیستەمدا ڕووی دا. بەگواستنەوەی ئەرک و دەستەڵاتەکان بۆ ناوەندی



فیدراڵی، ئەوانە بەتەمان چوارچێوەیەکی سیاسی دەزگایی ئەوتۆ پێکبێنن کە لە کۆتاییدا ئینتیمای میللی پتەوبکاتەوە. بەواتایەکی تر ئەوان وا دادەنێن دوای گواستنەوەی سەروەریی، ناسنامەش گۆڕانی بەسەردا دێ Wallace 1990; Riekmann 1997.

ئەم پەیوەندیە گریمانکراوەی نێوان سەروەریی دەوڵەت و ناسنامەی نەتەوەیی ڕۆشنایی دەخاتە سەر زۆربەی ئەو مشتومڕەی ئێستا لە نێوان لایەنگرانی یەکێتی ئەوروپا (Europhiles) و بەهەڵستکارانی ئەو یەکێتییە (Eurosceptics)دا لە ئارادایە، سەرەڕای ئەو چەند ڕێفراندەمەی کە تا ئێستا دەربارەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا ئەنجام دراوە. بێگومان ئەم مەسەلەیە دەستی هەیە لە بەرهەڵستکاری بۆ بەشداریکردن لە سیستەمی تاکە دراو لە لایەن دانیمارک و بەریتانیا و ڕەنگە سوید و ڕەتکردنەوەی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە لە لایەن نەرویج و سویسراوە. بەڵام ئایا سەروەریی و ناسنامە وا پێکەوە گرێدراون؟ ئامۆژگاریەکانی ڕۆسۆ بۆ پۆڵەندیەکان کە تازە سەربەخۆییان لەدەس دابوو ئەوەبوو کە پارێزگاری نەریت و کەلتووری خۆیان بکەن و سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانەی کە دواتر دران بۆ نەک نەهێشتن، بگرە لاوازکردنی ناسنامەی نەتەوەیی پۆڵۆنی لە ماوەی سەد ساڵدا، بەشێوەیەکی تر ئەمە دەردەخەن. لە حاڵەتی ئەوروپادا، ئەم جۆرە نەهێشتنەی ڕۆڵی دەوڵەت هەر بیری لێ نەکراوەتەوە. بەپێچەوانەوە یاساکانی یەکێتی ئەوروپا وا داڕێژراون کە لە دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگاکانیەوە دەس پێبکەن و جارێکی تر بەرگی ڕەوایی و دەستەڵاتیان بەبەردا بکەن. جگە لەمە، لە ڕێگەی سیستەمی هاوکاری Subsidiarity، هەندێک دەستەڵات و سەربەستی بەرەو ڕووی دەوڵەتەکان کراوەتەوە و ئەوەی لەبری ئەمە داواکراوە بریتییە لە ڕێکخستنی یاسا و کارەکانی دەوڵەتەکان لە قۆناخی یەکەمدا لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دواتریش لە بواری سیاسی و سەربازیدا لە ڕێگەی یەکگرتنەوە لە سەرەوە. پرسیاری دروست ئەوەیە تا چ ڕادەیەک پشتگیری جەماوەری لە سەر ئاستی دەوڵەتە پێکهێنەرەکانی ئەم یەکێتییە بەردەوام بێ بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە، ئایا دەوڵەتی فیدراڵی ئەوروپی دەتوانێ جێگەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئێستا بگرێتەوە لە کار و دەستەڵاتە سەرەکییەکانیاندا و هەروەها دەربڕی بەها سیاسیەکانی هاوڵاتیانی ئەم دەوڵەتانە بێت.

**ناسنامەی فرەڕەگ؟** Hybrid Identities?

ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرەوە و لە لایەن ڕێکخراو و گرووپە سیاسییە گەورەکانەوە

کەوتبێتە بەردەم تەحەدا، ئەوا ناسنامەی نەتەوەیی یان بۆندی ناوەوەی هاوکاری سیاسی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خوارەوە لە لایەن گرووپە کەلتوورییە بچوکترەکان لەبەردەم هەڕەشەدایە. لە دوا دەیەکانی سەدەی ڕابردوودا جیهان جوڵانەوەی گەورەی دانیشتووانی بەخۆوە بینیوە کە بۆتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی کەلتووری و لەخۆڕوانینی Self-image زۆر لە کۆمەڵگاکان، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوادا. شاڵاوی ئەم دواییانەی پەنابەران و کەسانی کۆچکردوو لە کۆڵۆنیەکانی کۆن و ئەوانەی داوای داڵدەدان دەکەن بەها و بۆچوونە تەقلیدییەکانی بوونی ناسنامەی نەتەوەیی تاک و یەکگرتوویان لەرزۆک کردووە و تەحەدای ئایدۆلۆجیە کۆنەکان و حیکایەتەکانی نەتەوەی یەکگرتوو دەکەن و لە هەندێک باریشدا زنجیرەیەک لە کۆمەڵگا کەلتووریە جیاکان کە بەشلی پێکەوە بەستراونەتەوە لە کۆمەڵگایەکی نەتەوەییدا پێکەوە دەبەستنەوە. لەم (نەتەوە فرە کەلتوور)ەدا، هەر یەک لە خودەکان بەگوێرەی پەیوەندی لەگەڵ (ئەوی تردا) پێناسە دەکرێن و هەروەک هۆمی بهابها Homi Bhabah دەڵێ، دەقە ڕەسمییەکان جێگە بۆ بەسەرهاتی (ئەنجامدەرانە-performative)ی ڕۆژانەی خەڵکەکە چۆڵ دەکەن، کە تیایدا تێگەیشتن بەرامبەر مێژوو ناسنامە دابەش دەبێ و نەتەوە بەسەر بەشە کەلتووریە پێکهێنەرەکانیدا دابەش دەبێ و ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە فرەڕەگ Bhabha 1990:ch 16

هیچ گومانی تێدا نییە کۆچکردنە بەلێشاوەکانی ئەم دواییانە پێکهاتەی کەلتووری گەلێک نەتەوەی گۆڕیوە، هەروەکو چۆن گواستنەوە و گەشت و گوزاری فراوان و پەیوەندی سەتەلایتی و زانیاری تەکنەلۆجی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی هۆشیاری بەرامبەر کەلتوور و گەلانی تر بۆ ئاستێکی نوێ و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئەو دڵنیاییە کۆنەی بەرامبەر یەکێتی کەلتووری نەتەوە و تاک بنەچەیی ئیتنی نەتەوە لە ئارادابووە لەرزۆک ببێت. لە واقیعدا هەرگیز ئەو دڵنیاییە لە ئارادا نەبووە. هەمیشە ئەفسانەی پێچەوانە بۆ بنەچە و یادگاری بەدیل بۆ کەلتووری نەتەوەیی لە ئارادا بوە هەرچەندە ڕەنگە هەندێک لەمانە بەشێوەیەکی کاتی زاڵ و ڕەسمیش بووبن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە لە لایەن هەر یەک لە وەچەکانەوە داڕێژراوەتەوە. نەتەوەخوازە ڕۆمانتیکە ئیتنییەکان ڕەنگە تەمەنای نەتەوەیەکی چونیەک و بێ درزیان کردبێ، بەڵام ئەمە بریتی بووە لە ئایدیاڵێکی تایبەتی کەمتر لەوەی کە پرۆگرامێکی سیاسی بووبێت. تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی تەقەلای هێنانەکایەی هاوڵاتێتی یەکگرتووی دابێ لە ڕێگەی پەروەردەی گشتی جەماوەریەوە، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئەو تێگە و باوەڕە هەردەم لە



گۆڕانانەدا بووە بەرامبەر سروشتی ئەو (ناسنامەی نەتەوەیی)یەی کە هەوڵی داوە دایبڕێژی و بیگوێزێتەوە بۆ لاوان. بەهەرحاڵ زۆربەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لە ڕووی ئیتنییەوە پلوراڵ و تێکەڵاو بوون و زۆربەی نەتەوەخوازەکان هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەییان داوە و بەدەگمەن دوای چونیەکی نەتەوەیی کەوتوون. یەکیتی نەتەوەیی ڕەنگە ئەو وەهمە نەبووبێ کە ولیام ماکنێڵ William McNeill بۆی چووە. یەکێتی نەتەوەیی بەشێوەیەکی شل لێک دراوەتەوە بەوەی کە بریتییە لە لێبڕان و دەسکەوتە بەکۆمەڵەکان، هەروەک ڕێنان دەڵێ (هاوکارییەکی فراوان کە هەستی قوربانیدانی کەسێک لە ڕابردوودا و هەستی ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە ئاییندەدا پێکی هێناوە). ئەگەر ئەنجامی ئەم پلورالیزمی کەلتوورییە بێت یان هۆکاری مێژوویی درێژخایەن، زۆربەی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا ئێستا بەگوێرەی شێوازی مەدەنی civic و ناوچەیی نەتەوەخوازیی خۆیان ڕێک خستووە کە تیایدا کۆچکاران و پەنابەران لەناو نەتەوەی پێشوازیکاردا جێگەی شیاوی خۆیان وەک هاوڵاتی کردۆتەوە. لە هەندیک باردا، ئەوانە ڕەنگە داوایان لێبکرێ بەشداری کارە کەلتوورییەکانی داڕشتنەوە (reinterpreting)ی نەتەوە و ناسنامە سیاسییەکەشی بکەن بۆ ئەوەی کەلتوور و دیدەکانی ئەوانیش وەک بەشی پێکهێنەری ناسنامە سیاسییە گشتییە نوێیەکە لەبەرچاوبگیرێ. بەهەر حاڵ ئەگەرەکانی داڕشتنەوەی نەتەوەییش سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە. پێویستە تاکە کەلتوورێکی گشتی (جەماوەری) و کۆمەڵێک ئەرک و مافی هاوبەش دەستنیشان بکرێ و ڕەواییان پێ بدرێ شانبەشانی نیشتمانێکی مێژوویی. هاوکاریی سیاسی political solidarity ئەوە دەخوازێ کە جۆرە ئەفسانەیەکی بنەچە و یادگاری مێژوویی و سیمبۆلی بەکۆمەڵ بهێنرێنە ئاراوە. ئەم جۆرە ئەفسانەو سیمبۆل و یادگارانەش دەبێت لەناو کۆمەڵێکی زۆری دانیشتووانی نەتەوە یان دەوڵەتی نەتەوەییدا دەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی خەڵک هەستی هاوبەشی ئینتیمایان تێدا دروست بێ و بەشداریی کاری هاوبەش بکەن. ئەمەش ڕەنگە پێویستی بەشتێک بێت زیاتر لە نەتەوەخوازیی مەدەنی و ناوچەیی ڕووت کە تیایدا دڵسۆزی بۆ جێگای نیشتەجێبوون و کۆمار پێوەری سەرەکی بوونە هاوڵاتی نەتەوە پێک دەهێنن. ڕەنگە پێویست بکا ئەمەی دواییان لەگەڵ پێوەرە کەلتووریەکانی تری نەتەوە بوون تێهەڵکیش بکرێن یان تەنانەت لە لایەن ئەم پێوەرانەوە جیگەی بگیرێتەوە،لەوانە تاقیکردنەوەی هاوکاریی نەتەوەیی لە ڕێگەی جینۆلۆجییەوە کە تیایدا تەنیا ئەوانەی لە دایک و باوکێکی سەر بەکۆمەڵگای ئیتنییە باڵادەستەکە دێنە دنیاوە دەتوانن ببنە ئەندامی نەتەوە

و بەواتایەکی تر هاولاتی دەوڵەتی نەتەوەیی. بەم شێوەیە تەنانەت لە دەوڵەتێکی ڕاشناڵ و لیبراڵی وەک فەرەنسادا ئێمە بینیمان کە چۆن نەتەوەخوازیی لە بنەڕەتدا زیاتر مەدەنی و ناوچەیی فەرەنسی کە لە شۆڕشدا بەرجەستە بووبوو جێگەی خۆی بۆ تێڕوانینێکی تەسکتری نەتەوەی فەرەنسی چۆڵکرد لە کاتی ڕووداوەکەی (Dreyfus) لە کاتی ڕژێمەکەی فیشیدا بەو شێوەیەی کە ئەندامێتی تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە لە فەرەنسا و لە ڕەچەڵەکی فەرەنسی و کاسۆلیک هاتبنە دنیاوە، بەو ئاراستەیەی کە پێویستە ئەم فەرەنسا کەلتوورییە پاک بکرێتەوە لەو توخمە بێگانە داهێزەرە فیزیکی و کەلتوورییانەی کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی مۆراڵی نەتەوە و شەخسیەتە کەلتوورییەکەی دەکەن Viroli 1995

ئەگەر حاڵەکە وابێ، ئەوا دەبێ بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو بانگهێشانەدا بکەین کە لای وایە ناسنامەی نەتەوەیی لە دەوڵەتە مۆدیرنەکانی ڕۆژئاوا بوونەتە ناسنامەی فرەڕەگ و پارچەپارچە، بەڵکو بەشە بنەڕەتیەکەی دانیشتووان بوونەتە گرووپی کەلتووری خەڵکە خۆماڵی یان کۆچکردووەکە کە ئەمەش پێچەوانەی پێکهێنانی سیستەمێکی بالاتر و نەتەوەیەکی گشتی (overarching)یە. نەتەوە مۆدیرنەکان لەوانەیە زیاتر لە ڕوویەکیان هەبێ و ژنهێنان و مێردکرنی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان ڕەنگە زیاتر هانی سەرهەڵدانی دانیشتووانی فرەکەلتوور بدات لەوەی کە لە ڕابردووی نزیکدا بینیومانە، بەڵام گەلێک لەو دەوڵەتانەی کە جێگەی باسن کۆمەڵگا ئیتنییە بالادەستە سەقامگرتووەکەیان دەهێڵنەوە و لەدەرەوەی شارە گەورەکان زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا ئیتنییە بالادەستەکە کەلتووری ڕەسەنن، هەڵبەتە بەگۆڕانکاریەوە لەگەل یادگار و سیمبۆڵ و ئەفسانەکانیان دەربارەی بنەچە دەپارێزن. ئەو ڕاستییەی کە ئایدیای ناسنامەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەردەوام گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و ناوبەناویش لە ڕۆژئاوا پیاچوونەوەی تێدا دەکرێ ئەوە پیشان دەدا کە ئەم ناسنامە کەلتوورییە بەکۆمەڵانە خزمەتی مەبەستی گرنگ دەکەن و پێویستییە ژیاریەکانی سەردەمی مۆدێرن دابین دەکەن. ناسنامەی نەتەوەیی لەدەرەوەی ڕۆژئاوا دا خواستی زیاتری هەیە. لەو جێگایانەی گەلان بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە کۆکراونەتەوە و بۆ ئەوەی ئەندازەیەک ئاسایشی سیاسی و ئینتیمای کەلتووری دروست ببێ، زۆر گرنگترە. هەرچەندە هەروەک پارسا چاتریجی Partha Chatterjee بەڕوونی پیشانی داوە، دەکرێ زیاتر لەم شێوە ناسنامە نەتەوەییە لە دانیشتووانی گەورە و ڕەنگاوڕەنگدا خۆی دەربخا، هەروەک لەناو نیمچە کیشوەری هیندستاندا دەیبینین و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵە ترادیسیۆن و سیمبۆل و ئەفسانە و یادگار بۆ کۆمەڵگای



سیاسی نەتەوە بەشێکی گرنگی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمە و وروژاندنی میللی فراوانە لە دەوڵەتە نوێکانی ئەفەریقا و ئاسیادا Chatterjee 1993; Brown 1994.

**هەڵوەشاندنەوەی نەتەوەخوازی؟** The Dissolution of Nationalism?

ئەگەر ناسنامەی نەتەوەیی تا ئەمڕۆش گرنگی خۆی پاراستبێ، ئەی خودی نەتەوەخوازیی بەرەو کوێ دەچێ؟ ئایا هیچ پاشەڕۆژێکی هەیە؟ باسێکی ڕادیکالی دەربارەی ئایندەی نەتەوەخوازیی و – نەتەوەکان، لە لایەن مێژووناسی ناسراوی جیهانییەوە، ولیام ماکنێڵ William McNeill خراوەتە ڕوو. ئەو لای وایە سەرکەوتنی کۆمەڵگا سیڤیلەکان دەگەڕێتەوە بۆ توانای ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری خاوەن بەهرەی جیاواز. کەواتە فرە ئیتنی بریتی بووە لە نۆرمی مێژوویی نەک یەکێتی نەتەوەیی. کارێکتەری کەلتووری تێکەڵاوی ئیمپراتۆریەتە پریمۆدێرنەکان بەهاتنە ناوەوەی ناوبەناوی پیاوانی خێڵەکان بەهێزتر دەبوو کە چاویان بڕیبووە دەستەڵات و سامانی ئیمپراتۆریەتەکان. پەتا یەک لەدوای یەکەکان کە دەبووە هۆی کەمبوونەوەی دانیشتووانی شارەکان و دەبوایە لە لایەن خەڵکی دەرەوەی شارەکانەوە پڕبکرانایەوە، تا پێویستییەکانی کارکردن دابین بکەن. بازرگانی لەگەڵ شوێنە دوورەکاندا زۆرجار لە لایەن بازرگانە بێگانەکانەوە ڕێک دەخراو ئەمانیش خاوەنی کتێبی ئایینی و ئایینی دەسگیڕ (portable)ی خۆیان بوون. لە ئەنجامدا کۆمەڵگا مەدەنیەکان بریتی بوون لە پێکهاتەی هەرەمی کۆزمۆپۆلیتانی بەهرە و تەنیا ئەو جێگایانەی سروشتی بارباریزمیان هەبوو وەک ئینگلتەرە و یابان توانیبوویان کارێکتەری تاک ئیتنی خۆیان بهێڵنەوە McNeill 1986:ch1

هەموو ئەمانە لە دوای دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هات. کاریگەرێتی هیومانیزمی کلاسیکی و ئایدیاڵەکانی بۆ هێنانەدی تەبایی سیاسی، و بلاوبوونەوەی خوێندەواری جەماوەری و ئەدەبی میللی و پەرەسەندنی خێرای دانیشتووە ڕەسەنەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا بووە هۆی ئەوەی پێویستی کرێکاری بەدانیشتووانی دەرەوەی شارەکان لە ڕووی ئیتنییەوە چونیەک پڕ بکرێتەوە و لەمانەش گرنگتر ئەو شۆڕشەی لە مەشقی هێزی پیادە بەرپا بوو لەگەڵ پەیدابوونی بەشداریکردن لە سوپادا ،بەدەوری خۆیان بوونە هۆی پەرەپێدانی تەبایی و برایەتی نوێ: هەموو ئەم فاکتەرانە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دا پێکەوە کۆبوونەوە و بوونە هۆی (لە دایک بوونی

نەتەوەخوازیی مۆدێرن) بە(ئەفسانەی برایەتی نەتەوەیی و یەکێتی ئیتنی)یەوە (هەمان سەرچاوە). بەڵام دوو جەنگی جیهانی ئەم بارودۆخەی پێچەوانە کردەوە و ئایدیاڵی نەتەوەخوازیی خاوکردەوە. بیزاری بەرامبەر باربارێزمی نازیزم و گرانی لەڕادەبەدەر و مەحاڵی ئەنجامدانی جەنگ بەتەنیا بوونە هۆی ئەوەی هەزاران سەرباز و کرێکاری سەر بەئیتنی جیاواز کۆبکرێنەوە و گەشەسەندنی بازرگانی نێوان نەتەوەکان و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی فراوان و پێکهێنانی بلۆکی فرەنەتەوەیی سەربازی هەموویان بوونە هۆی لاوازکردنی ئۆتۆنۆمی و دەستەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەنجامەکەش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ پێکهاتی فرەئیتنی بۆ ئەوەی جارێکی تر پێویستیە گرنگەکانی دابینکردنی کرێکاری بەهرەدار دابین بکرێ. لە ڕاستیدا ساتەکانی ئایدیاڵی بەربەری یەکێتی نەتەوەیی تەنیا لادان نەبوو لە ڕێبازی مێژووی مرۆڤایەتی بەڵکو بریتی بوو لە وەهم. واقیعی کۆمەڵایەتی هەمیشە بریتی بووە لە پێکهاتەی فرەئیتنی، تەنانەت لە ڕۆژئاوای (نەتەوەخواز)یش دا.

لە تێڕوانینێکی سەرپێییدا، ئەمە باسێکی ڕازیکارە persuasive. فرەئیتنی هەمیشە بریتی بووە لە سیمای تێکۆشانی مرۆڤایەتی و هەرواش دەمێنێتەوە. بەڵام باسەکەی ماکنێڵ لەسەر زەمینەی دابڕانێکی گەورەتر، لە نێوان کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوەو لە نێوان ئیتنیکی و نەتەوەخوازی دامەزراوە، لەوەی کە بەڵگەی مێژوویی پشتگیری بکا. با باسی ئەوە نەکەین چەندین کۆمەڵگای ئیتنی تۆکمە و ڕەنگە نەتەوەش لە سەردەمی فرەئیتنی پریمۆدێرندا لە ئارادا بوبن (نەک تەنیا لە لێوارەکانی مەدەنیەتدا)، هیچ هۆکارێکی باش لە ئارادا نییە وادابنێین کە پەیوەندی نێوان ئیتنیکی و نەتەوەبوون پەیوەندیەکی بێ ئاکام بووە. هەرچەندە جیاکردنەوە شیکاریەکەی نێوانیان زۆر گرنگە، لە پراکتیسدا هەروەک ماکنێل دانی پێدا دەنێ، ئیتنیکی و نەتەوەبوون دوو شتی تێهەڵکێش و هەندێک جاریش پێکەوە لکاون. هەروەک بینیمان، تەنیا نەتەوەخوازە ئۆرگانیە فەناتیکەکان ئارەزووی چونیەک (homogeneity)ی تەواوی کەلتووریان کردووە. زۆربەی نەتەوەخوازە ئیتنییەکان بەبوونی یەکێتییەکی تەنکتری کەلتووری و خواست و ئامانج ڕازی بوون. جگە لەمە، زۆرجار ئیتنیکی، بناخە کەلتووریەکەی داواکاریە سیاسی و ناوچەییەکانی نەتەوەخوازیی پێک دەهێنێ و زۆربەی نەتەوەخوازییەکانی ئێستا پشت بەبوونی یەکێک یان زیاتری کۆمەڵگا ئیتنییەکان دەبەستن. ماکنیڵ نەیتوانیووە ئەوە ببینێ کە چۆن لایەنی ئیتنی شارستانی پریمۆدێرن،



چەقی بازنەکانی ئینتیما و دڵسۆزی پێکهێناوە و چۆن مرۆڤ یەکسەر هەست بەئینتیما و لێبڕان دەکا بۆ زنجیرەیەک لە کۆمەڵگای زیاتر داخراو، هەر لە خێزانەوە تا تیرە و کۆمەڵگای ئیتنی و نەتەوە و لەوانەشە بۆ کۆمەڵگای کەلتووری کیشوەرەکەی لە سەر بناخەی ئەفسانەکانی (برایەتی و یەکێتی) کە لە هەریەک لەم ئاستانەدا کاردەکا.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەمڕۆ بازنەی نەتەوە گرنگییەکی زیاتری نییە لە کۆمەڵگا کەلتوورییەکانی تر و تەنیا یەکێکە لەناو چەندین ناسنامەکانی تری ئێمەدا و بریتییە لە تەنیا ئیختیارێک کە تاکەکان لەوانەیە بەرامبەر ناسنامە سیمبۆلیەکانی تر بیکەن؟ ئەگەر وایە، ئایا ئیختیارە نەتەوەییەکە بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات لە کاتێکدا دەرفەتی دەوڵەمەند تر و هەمەڕەنگ تر دێنە ئاراوە بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک لە کۆمەڵگاو کەلتووری جیهانیدا؟ یان شتێکی زۆر جەوهەری تر دەربارەی نەتەوە لە ئارادایە بەئەندازەیەک کە ئیختیاری نەتەوەخوازیی بریتی دەبێ لە سیمایەک و بەردەوام لە گەڵمان دا دەبێ لەناو کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا.

**کۆمەڵگای بەکاربەر (موستەهلیک) The Consumer Society**

ئەو ڕایەی دەڵێ کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی (پۆست-نەتەوەییە) لەگەڵ بەکەمگرتنی بەها نەتەوەییەکان و بێزاری ڕوو لەزیاد بەرامبەر ئایدۆلۆجییە نەتەوەخوازییەکان، لەو باسەوە سەرچاوە دەگرێ کە لای وایە بڵاوبوونەوەی کەلتووری گەردوونی کۆزمۆپۆلیتانی بەرە بەرە کەلتوور و ناسنامە نەتەوەییەکان دەکاتە شتێکی مامناوەندی و لاوازیان دەکا.

دوو شێوازی ئەم باسە لە ئارادایە. یەکەمیان جەخت لەسەر بەکاربەری گشتی دەکا: ژمارەیەکی لە هەموو کات زیاتری خەڵک لە جیهاندا قازانجی ماددیان چنگ دەکەوێ چونکە کاتێک بەرهەمە ڕۆژئاوایی و تەکنەلۆجی و سەرمایەکان هەوڵی پەیداکردنی بازاڕی بەکاربردنی نوێ دەدەن بەرەبەرە ستانداردی ژیان لە دەرەوەی ڕۆژئاوادا بەرزدەبێتەوە. ئەم بۆچوونە سەرنجڕاکێشانە، بۆ بەرهەمهێنانی فراوانی کەلوپەلەکان لە لایەن کۆمپانیا نێونەتەوەییە زلەکانەوە و بەستانداردکردنی زیاتری شێوازەکانی بەکاربردن لەو جێگایانەدا کە ئاستی بژێوی خەڵک دەرفەتی کڕینی کەلوپەل و ڕاژە ڕۆژئاواییەکان دەدات. هێنانی کەلوپەل و ئارەزووی ئیستهلاکی دەبنە هۆی ئەوەی کە سنوورە نەتەوەیی و ڕێساکانی حکومەتە نەتەوەییەکان لاواز بن و پەکیان بکەوێ. بەڵام فاکتەری سەرەکی

لاوازبوونی نەتەوەخوازیی بریتییە لە کەلتووری نەتەوەیی.

(ئیمپریالیزمی کەلتووری) ئیستهلاکی فراوان، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان کەلتووره نەتەوەییەکان و دەیانکاتە فۆلکلۆر. لە هەمان کاتدا توانای پێکهێنانی کەلتوور و کۆمەڵگایەکی خاوەن ئۆتۆنۆمی کەم دەکاتەوە بەوەی کە توێژە چەورەکەی کۆمەڵگا کە بەتواناترین پیاوان و ئافرەتانن جیادەکاتەوە لە ڕێگەی کۆچ و تێهەڵکێشکردنی نوخبە لە ئابووری سەرمایەداری نیونەتەوەییدا.:Tomlinson 1991 ch 3

هیچ گومانی تێدا نییە کە پەنجا ساڵی ڕابردوو پەرەسەندنی گەورەی لە بەرهەمهێنان و بەکاربەری کەلوپەلەکاندا بەخۆوە بینیوە و لە ئاکامی ئەمەدا، لە هەموو بوارەکانی بیناسازی و گواستنەوە و تەندروستی و پەروەردە و ماس میدیا، لێکچوونە کەلتووریەکان زۆر زیاترن لە جیاوازیەکانی نێوان کەلتووره نەتەوەییەکان. بەتایبەتی ماس گەیاندن بۆتە هۆی ئەوەی کە مۆدە و شێوازی دەزگا ڕۆژئاواییەکان، بەرهەم بهێنرێنەوە شان بەشانی گواستنەوەی فراوانی بەرهەم و چالاکییەکانی ڕۆژئاوا. لە هەمان کاتدا ئەم بەرهەمهێنانەوە و گواستنەوەیە لە لایەن حکومەتە نەتەوەییەکانەوە ئەنجام دەدرێ و بەشێوەیەک ڕێک دەخرێ کە لەگەڵ بۆچوون و هەڵسوکەوتە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا بگونجێ. سەرەڕای ئەمە، لەگەڵ وەرگرتنی ئامرازەکانی گەیاندن و تەکنەلۆجی ڕۆژئاوادا لەوانە زمانی ئینگلیزی، ئیلیتەکانی زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیزمی کەلتووری هەوڵ دەدەن کە کار و شێواز و باوەڕە کەلتووریەکانی خۆیان ببووژێننەوە و بۆ دابینکردنی ئۆتۆنۆمی کەلتووری نەتەوەیی تێبکۆشن لە هەمان کاتدا باوەشیش بۆ کۆنسیومەریزمی جیهانی دەکەنەوە. ئەمەش بەڕوونی لە بوارەکانی ئایین و زمان و ئەدەب و مێژوودا دەردەکەوێ، بەڵام دەشکرێ لە بوارەکانی هونەر و بیناسازی و مۆسیقا (شانبەشانی کەلتووری میللی ڕۆژئاوا) و حەوانەوە و ژیانی خیزانی و کارە سیاسی و یاساییەکانیشدا خۆی بنوێنێ. لەم بارانەدا نەتەوەخوازیی کەلتووری دەتوانێ لەگەڵ کۆنسیومەریزمی جیهانی دا پێکەوە هەڵ بکەن و کەڵکیشی لێوەرگرێ Richmond 1984; Schlesinger 1987 and 1991.

بەڵام نەتەوەخوازیی هەروەک لە چاپتەری دووەمدا بینیمان، لە بەهای نەتەوەیی و ئایدۆلۆجی نەتەوەخوازیی زیاترە. نەتەوەخوازیی جگە لەمانە بریتیشە لە شێوازێکی



کەلتووری جەماوەری و بەسیاسەتکراو ،لەسەر بناخەی (ڕەسەنایەتی–Authenticity و هەروەها جۆرێکە لە ئایینی سیاسی کە هەوڵی دەسەتەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئۆتۆنۆمی و یەکێتی پێکەوەژیانی هاوڵاتیان دەدات لە نیشتمانی باووباپیرانیان دا. بەواتایەکی تر نەتەوەخوازیی هەوڵ دەدات نەتەوەکان بەگیانی (ڕەسەن) و وێنەی کۆمەڵگا ئایینییە ئیتنییەکانی ڕابردوو دروست بکا ، بەڵام بەشێوەیەک کە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتبێ تا بتوانن لە هەلومەرجی جیۆپۆلیتیک و ئابووری و کلتووری مۆدێرندا بەردەوام بن. ئەمەش ڕەنگە هەڵبژاردن و داڕشتنەوەی کەم یان زۆری ئەفسانە و سیمبۆل و کۆد و نەریت و یادگارەکانی ڕابردووی گەرەک بێت، بەڵام هەمیشە لە چوارچێوە و گیانی ڕەسەنایەتی کەلتوور و کۆمەڵگاکانی ئێستادا. بەم جۆرە تا ئەو ئەندازەیەی کە ئیلیتەکانی نەتەوە تازە دامەزراوەکان دەیانەوێ بەرەنگاری شێوازە ئیمپریالیستییەکانی کۆنسیومەریزم ببنەوە، ئەوان دەتوانن پەنا بەرنە بەر چەندین سەرچاوەی کەلتووری ڕابردوو کە دەبنە هۆی پتەوکردنی تەقەلاکانیان بۆ یەکێتی و ئۆتۆنۆمی. واتا پتەوکردنی تواناکانیان بۆ جۆشدانی هاوڵاتیەکانیان بۆ قوربانیدان لەسەر ڕێگای گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە کاتێکدا هەوڵ دەدەن کەڵک لە تەکنەلۆجی و کارەکانی ڕۆژئاوا وەربگرن و کەلوپەل و ڕاژەکانی ڕۆژئاواش بەکاربێنن.

**کەلتووری جیهانی؟** Global Culture?

شێوازی دووەمی تێزی (Thesis)ی سیستەمی (پۆست–نەتەوەیی) و پوکانەوەی نەتەوەخوازیی لە مەسەلەی کەلتووری جیهانی پشت بەستوو بەپەیوەندی ماس ئەلەکترۆنی دەسپێدەکا. کۆمەڵگای زانیاری و پەیوەندی فراوان، هەروەک دەوترێ، بواری دروستبوونی کەلتوورێکی جیهانی لە ماوەی سەدەی رابردوودا ڕەخساندووە، دوای (پێشبینییەکانی) مارکس و ئەنجلس، کە تیایدا تاکە کەلتوورێکی کۆزمۆپۆلیتانی و زانستی باڵ بەسەر جیهان دا دەکێشێ و نارەوایی دەداتە کەلتووره کۆنەکانی ئیتنی و نەتەوەیی. شوڕشی نوێی دیجیتەڵ و بڵاوی زانستی تەکنەلۆجی کۆمپیوتەری، هێزی ڕاکێشەری کەلتووره کۆنەکان و شایستەیی تێگەیشتنە نازانستییەکانی لاواز کردووە. لە سەروو ئەمانەشەوە، کارێکی ئەوتۆیان کردووە کە ئەم کەلتوورانە بەلاگر partial و نا مەنتیقی و (ڕۆمانتیک) ببینرێن، بەم پێیە و لەم پێناسەیەوە، سەر بەسەردەمێکی تری ڕابردووی مێژووی مرۆڤایەتی بن ڕەنگە جگە لە داهێنانە هونەریەکانیان (شتێکیان نەبێ لێیانەوە فێربین).

لێکۆڵینەوە لەم جۆرە سەردەمە هەروەک هەر سەردەمێکی تری بەرلە دیجیتەڵ، لەوانەیە لایەنی سەرنج ڕاکێشییان هەبێ، بەڵام شایستەییان بۆ پێویستیە کەلتوورییەکانی ئەمرۆمان بەڕای گیلنەر زیاتر نییە لە شایستەیی کەلتووره پریمۆدێرنەکان بۆ مۆدێرنیتی نەتەوەیی. بەگوێرەی ئەم بۆچوونە نەتەوە و نەتەوەخوازیی هی سەردەمی ڕۆمانتیکی و مۆدێرنایزەیشن، بەڵام لە سەردەمی ماس گەیاندن و کۆزمۆپۆلیتان و کەلتووری فرەڕەگ (hybrid)دا جێگەی بایەخی ئێمە نین.

سەردەمی ماس گەیاندن دیسانەوە سەردەمی کۆچی بەکۆمەڵە. تێکەڵبوونی ئیتنی و کەلتووری هەروەک ماکنیل دەڵێ، فرەڕەگی ناسنامەی نەتەوەیی وەک هۆمی بهابها دەڵێ، لە سەردەمی پۆست نەتەوەییدا، بەباشی لەگەڵ پێویستی لەماڵەوە بووندا لەهەر جێگایەک و لە هەموو جێگایەکیشدا دەگونجێ بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ناوەندێکدا پەیوەندی بکەی کە بۆ هەموو لایەک واڵا بێ. چیتر ئەو زمان و کەلتوورە نەتەوەییە نییە کە لە شارێکی نامۆدا پێویستە ببێتە چیمەنتۆی پێکەوەبەستنی کۆمەڵگای مۆدێرن و پیشەسازی، بەڵکو زانیاری تەکنەلۆجی و زانیاری کۆمپیوتەری یە کە کۆسپە کەلتوورییەکان دەبەزێنێ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای جیهانی ماس گەیاندن و فرەڕەگ و کۆمەڵگای جیهانی پۆست مۆدێرن. هەر ئەم فاکتەرانەن شانبەشانی پشت بەستن بەیەکتری لە ڕووی ئابوورییەوە وای لە هۆبسبۆم کردووە کە شەپۆلی ئێستای نەتەوەخوازیی پەرتکەر و تەسک ڕەت بکاتەوە کە لای وایە بریتین لە لادانی کاتی و لاوەکی لە بزووتنەوەی ڕاستەقینەی مێژوو، و کاردانەوەی ترسە بەرامبەر هێزە گەورەکانی گۆڕانکاری و ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر بوونی کەسانی نامۆ و وشکهەڵاتنی ڕیشەکانی خێزان Hobsbawm 1990: 164; A.D.Smith 1998

جارێکی تر پێویست ناکات باسی لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم باسە بکەین. گومانی تێدا نییە ئێمە گۆڕانکاری گەورە لە شێواز و مەدا و چڕی ماس گەیاندن بەدی دەکەین، هەرچەندە ئەمە ڕەنگە زیاتر کەڵەکەبوون بێ لەوەی کە شۆڕشگێڕانە بێ. بەهەمان شێوە ڕێژە و مەدای کۆچکردن بەشێوەیەکی زۆر زیادی کردووە، هەرچەندە دیسانەوە لە دوو سەدەی ڕابردوودا دیاردەی لەم چەشنە هەبوە. بەڵام ئایا ئەمە هاتنەکایەی جۆرێکی نوێ و جیهانی کەلتوور دەگەیەنێ؟ یان ئێمە تەنیا مامەڵە لەگەڵ جۆرێکی نوێی تەکنەلۆجی گەیاندن و زمان دەکەین،ناوەندێکی بێ پەیام؟



ئەگەر بووترێ دروستکردنی واقیعی ئەندێشەیی virtual reality، وەک دەڵێن جیهانێکی تر لە پشت ئەم جیهانەوە، لە هێنانەدیەکی تەکنیکی زیاتر نییە، بێگومان ئەمە بەکەمگرتنی دەستکەوتە ڕووناکبیرییەکەی شۆڕشی ماس گەیاندن و تواناکەیەتی. لە لایەکی ترەوە سەیرکردنی زانیاری تەکنەلۆجی نوێ وەک شێوازێکی جیاوازی (کەلتوور)ی جیهانی، وەک ئەوە وایە وشەیەکی گشتی خاوەن کۆمەڵێک مانای دیاریکراو بۆ مانایەکی تەواو جیاواز بەکاربهێنرێ. تێرمی کەلتوور، تەنیا ئاماژە بۆ (گەیاندن) و تەکنەلۆجیەکەی ناکات، بەڵکو ئاماژە بۆ شێوازی جیاوازی ژیان و دەربڕینی ئەو شێوازانە دەکا لە ڕێگەی شێوازی جوان و ناوەڕۆکی خەسڵەتەکانی مرۆڤ و سۆز و جۆرەکانی چالاکیەوە. لەم تێگەیشتنەوە، هەمیشە کۆمەڵێک کەلتوور هەبوون لەبری یەک کەلتوور و شێوازی ژیانی مێژوویی جیاواز و جۆرەها دەربڕینی خەسڵەتەکانی مرۆڤ و سۆز و چالاکیەکان هەبوون. ئەم کەلتوورانە وەڵامی پێویستی و گرفتە تایبەتە بەکۆمەڵەکانیان داوەتەوە لە ئان و سەردەمی مێژوویی دیاریکراودا. ئەم کەلتوورانە بەشێوەیەک بەڕێوەبراون لەگەڵ گرفتەکانی ژیان و مردن، شین و ناڕەوایی، خۆشەویستی و لە دەستداندا بگونجێن. ئەوانە خەڵکیان لەسەر هونەرەکانی بەرگەگرتنی ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی مردن ڕاهێناوە. ئەوانە حیکمەتی گشتی و دانایی کەڵەکەبوو و یادگارە بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگای وەچە جیاوازەکانیان لە خۆ گرتووە لە ڕێگەی نەریت و سروت و مۆراڵ و ئاکار و کارە هونەرییەکانەوە. بەم شێوەیە ئەو کەلتوورانە دەربڕی دید و سۆزی کۆمەڵگای دیاریکراو و تاکە ئەندامەکانیانن.

ئەی کەواتە بەچ مانایەک باسی (کەلتووری جیهانی) بکەین؟ بەدڵنیاییەوە، هیچ تەکنەلۆجیەکی ئەلەکترۆنی و گەیاندن و دروستکراوە ئەندێشەییەکانی، ناتوانن وەڵامی پێویستییە سۆزاوی و سایکلۆجییەکانی (هاوڵاتیانی جیهانی) بدەنەوە لە داهاتوودا، یان لەسەر هونەری بەرگەگرتنی خۆشی و بارگرانی و ئێش و لەدەستدانەکان ڕایان بێنن کە ژیان دەیانخولقێنێ. کەلتوورێکی جیهانی لەم چەشنەی کە باس دەکرێ کە یەکسەر زانستی و بێ لایەن و تەکنیکی بێ، دەبێ بێ جێگا و بێ کات و بێ یادگار بێ. ئێستای ئەبەدی و ئەندێشەئامێز، وێنەکانی ڕابردوو و داهاتوو لە بەرچاو دەسڕنەوە، هەروەک چۆن توانای ئەندێشەیی (بوون) لە هەموو کات و جێگایەکدا هەموو بیرکردنەوەیەک لە شوێن و جێگا دەسڕێتەوە. ئەحداسیاتی کات و دەرفەت کە بۆ نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی زۆر گرنگن لەگەڵ تاوسەندنی یەکهاتنەوەکەدا هیچ واتایەکیان نامێنێ و دەبنە تەنیا یەک خاڵ، کە

ئەویش ئەو خاڵەیە تەماشاکار دەیبینێ. ئەو جیهانەی گوتارە تەکنیکییەکە دروستی کردەوە لێرەیە و لە ئێستادا و لە هەرشوێنێکە و لە هەموو شوێنێکیشە و چیتر پێویست بەیادگار و چارەنووس و باووباپیران و نەوەی دوارۆژ ناکا و هەر بەم پێیە چیتر کۆمەڵگای ڕاستەخۆ پێویست نییە، تەنیا پێویستی بەتارمایی بەشداربووان هەیە لە مەودایەکی دوورەوە.

بەڵام ئەم دیدە تاریکە ئەو دیدە نییە کە لە مێشکی زۆربەی خەڵک دایە کاتێک باسی کەلتووری جیهانی دەکەن. مارکس و ئەنجلس ئەگەر لە بیرمان بێ، چاویان بڕیبووە داهاتوویەک کە تیایدا ئەدەبە نەتەوەییەکان لەناو ئەدەبی جیهانیدا بڵاوببنەوە، پێکەوە کۆبوونەوەی کەلتوورە نەتەوەییەکان نەک سڕینەوەیان وەک بێکەڵک و ئاسەواری پێش سەردەمی زانستی. ئەمە مانای ئەوەیە پەیکەری زانیاری تەکنەلۆجی کۆمپیوتەری و ئەو واقیعە ئەندێشەئامێزەی پێکی دەهێنێ، دەبێ بەگۆشت و خوێنی ئەو کەلتوورانەی لە ئارادان داپۆشرێ، یان بەبیر و لایەنە هەڵبژێراوەکانی (پارچە و دەزوو) ی ئەم کەلتوورانە بەوریایی و زیرەکی پێکەوە ببەسترێنەوە بەشێوەیەک کە مانا بنچینەییەکانیان وا بگۆڕێن کە لە خزمەتی ئێستادا بن.

کەواتە کەلتووری جیهانی پۆست مۆدێرن و کۆزمۆپۆلیتان دەتوانێ تەنیا ئینتیقائی و فرەڕەگ و پارچەپارچە و لەخەمی ئیستادا بێ و هەتاهەتایە شتی تازەی بخرێتە سەر و هەتاهەتایە بەدوای گونجاندندا بگەڕێ. ئەم جۆرە کەلتوورە کە تەنیا ماڵی خەڵکێکی کەمە دەتوانێ تەنیا پێشوازیەکی سنووورداری لێبکرێ، تەنانەت ئەگەر کەڵک لە کەلتوورە میللییەکانیش وەرگرێ و هێزی مانەوە و خۆگونجاندنی کەم دەبێ،گەرچی هەوڵی خاوکردنەوەی بەرهەڵستییەکانیش بدات.

**بەنێونەتەوەییکردنی نەتەوەخوازیی** Internationalizing Nationalism

ئەو ڕاستییەی کە نە شێوازی زانستی و نە شێوازی ئینتیقائی کەلتووری جیهانی ناتوانن سەدایەکی میللی و خۆگر (durable) یان هەبێ، ئەوە پیشان دەدا کە هەلومەرجی جێگرتنەوەی supersession نەتەوەخوازیی لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە و گلۆبەلایزەیشن زۆر دوور لەوەی کە ببێتە هۆی جێگرتنەوەی نەتەوەخوازی، لە ڕاستیدا ڕەنگە بەهێزیشی بکا. ئەم ئەنجامگیریەش سێ ئارگومێنتی تر پشتگیری دەکەن. یەکەمیان دەربارەی ئاکامەکانی پرۆسەکانی گلۆبەلایزەیشنە لەسەر نەتەوە و نەتەوەخوازیی



و ئارگومێنتی دووەمیش دەمانباتەوە بۆ بنکە ئیتنییەکەی نەتەوەخوازیی و کەلەپوورە کەلتوورییەکەی لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا. لە کاتێکدا ئارگومێنتی سێیەم بنکە ئیتنییەکە بەهێز دەکا بەلەبەرچاوگرتنی بناخە پیرۆزەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و کاریگەرێتییان لە مەدایەکی درێژدا.

با من بەگلۆبەلایزەیشن دەسپێبکەم. ئەنتۆنی گیدنس ئارگومێنتێکی بەهێز دەخاتە ڕوو دەربارەی سەرهەڵدانی هەمانکاتەی، زیندووبوونەوەی ناوچەگەری localism، شانبەشان و هەروەها لە ئەنجامی، ڕێڕەوی گلۆبەلیزمدا بەوەی هێزە جیاوازەکانی گلۆبەلایزەیشن لە ژیاندنەوەی هۆگری نوێ بۆ جێگا و کێشەو گرفتە ناوخۆییەکاندا کاریگەرن. ئەمەش ڕەنگە شرۆڤەی پارادۆکسی زیادبوونی سوپەرنەتەوەخوازیی بەرین و نەتەوەخوازیی ئیتنی دابەشکار بکا. واتا لە لایەکەوە سەرهەڵدانی ڕێکخراو و کۆمەڵگای کیشوەری و لە لایەکی ترەوە تەشەنەکردنی بزووتنەوە ئیتنییە بچووکەکان- لەو جۆرانەی کە هۆبسبۆم دژیان وەستاوە- شانبەشانی بزووتنەوە ئیکۆلۆجییە ناوخۆیی و ناوچەییەکان. ئەمانە هەموویان بەشێکن لە بزووتنەوەی دوور لە سیاسەتی پشتبەستوو بەچینایەتی بەرەو (سیاسەتی ناسنامەی–politics of identity) نوێ کە لە ناویاندا بزووتنەوەکانی مێگەری (feminist) و ناوچەگەری و سەوز بەدی دەکرێن. لە سەردەمی پۆست مۆدێرندا، ئەنجامەکەی بریتییە لە بەچینکردنی سیاسەت لە سێ ئاستدا: ئاستی ئیتنی ناوخۆیی، ناوچەیی، جێندەر یان ئیکۆلۆجی و ئاستی دەوڵەتی نەتەوەیی و دواتریش ئاستی سوپەرنەتەوەیی کۆمەڵگای کیشوەری (هەندێک دەڵێن جیهانی (Giddens 1991))

ئەم لێکدانەوەیە لایەنی باشی زۆری هەیە. سیاسەتی بیناکراو لەسەر بناخەی چینایەتی لە ڕۆژئاوادا بە دوورکەوتنەوە لە پیشەسازی دروستکردن بەرەو پیشەسازییە خزمەتگوزاریەکان پاشەکشەی کردووە و چەندین کۆمەڵی نوێی بزووتنەوەی سیاسی هەن دەیانەوێ جێگەی شیاوی خۆیان بکەنەوە، لەوانەش بووژاندنەوەی نەتەوەخوازیی ئیتنی. ئایا تێگەی (سیاسەتی ناسنامە) یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی سیما گشتییەکانی ئەم بزووتنەوانە، ئەمە زۆر ڕوون نییە. بۆ نموونە سیاسەتی جێندەر (ڕەگەزی نێرومێ) پێدەچێ زۆر جیاواز بێ لە مۆبیلیزەکردنی ئیتنی کە ڕەنگە لە هێڵەکانی جێندەر تێپەڕ بکا هەروەک چۆن ئەمەی دواییان ڕەنگە جیاوازیە ئیتنییەکان بسڕێتەوە. لە ڕاستیدا بەجێندەرکردنی نەتەنەوە و نەتەوەخوازیی کە مەیدانێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر

نەتەوەخوازی، بەر لە گلۆبەلایزەیشن و لەوانەیە پێش مۆدێرنیتیش پەیدا بووبێ. سەرەڕای ئەمە، ڕوون نییە کە ڕێڕەوی گلۆبەلی هیچ پەیوەندیەکی پێویستی بەبووژانەوە (یان مانەوە)ی مەسەلە ناوخۆیی و جێندەریەکانەوە هەبێ، یان ئەوەی کە نەتەوەخوازیی ئیتنی بتوانرێ بەئاسانی بخرێتە ناو سیستەمی (گلۆبەڵ-ناوخۆ)وە. من لام وایە بووژانەوەی ئیتنی و ئاستی ئیتنی (سیاسەتی ناسنامە) جۆرە شرۆڤەیەکی تری گەرەک بێ و پەرەسەندنی ڕێکخراوەکان لەسەر ئاستی سوپەرناسیۆناڵ، لە کاتێکا مەسەلەیەکی سەرەکیە، زیاتر ئاکامی (ڕەنگە فاکتەرێکی هاریکار) بێ زیاتر لەوەی کە بارودۆخێکی پێویست بێ بۆ پەیوەندی نێوان هێزە گلۆبەلیەکان و پەیوەندیە ناوخۆییەکان. Melucci 1989; Yuval-Davis 1997;Sluga 1998

لە ڕاستیدا لە ئاستی مامناوەندی دەوڵەتی نەتەوەیی دایە پرۆسەی گلۆبەلایزەیشن، بەشێوەیەکی سەیر، کاریگەرێتی هەرە زۆری هەیە. بەڵام جارێکی تر، هەردوو هێزە مەزنەکەی گلۆبەلایزەیشن،کە بریتین لە پشت بەیەکتر بەستنی ئابووری کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی کۆمپانیا نێونەتەوەییەکانەوە پەیدابووە و ماس پەیوەندی، ئاکامی هاتنەئارای تەکنەلۆجی زانیاری و دیجیتەڵە، تەنیا دەتوانێ ئەو ڕێڕەوە سیاسییەی لەوە بەر هەبووە خێراتر و فراوانتر بکا. دەشێ ئێمە ئەم ڕێڕەوە بە(نێونەتەوەییکردنی نەتەوەخوازی) ناوبەرین. ئەمەش سێ شێواز بەخۆوە دەگرێ: لە پلەی یەکەمدا نەتەوەخوازیی و ڕێبازی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی، وەک پرنسیپێکی بنەڕەتی، خراوەتە چارتەری نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیمان و ڕێککەوتننامە جیاوازەکانەوە و لە جۆرەها ململانێ و تەنگژەی جیاوازدا پەنایان بۆ دەبرێ. دەشێ ئێمە لەم پرۆسەیەدا ڕێڕەوی (ئاساییکردنی) نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی ببینین، وەک ئایدۆلۆجی بلاو و پەسەند لە لایەکەوە ئەکتەری بەکۆمەڵی ئاسایی و گونجاو لە لایەکی ترەوە Mayall 1990

دووەم، بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان هەمیشە چاویان بریوەتە ئەوانەی پێش خۆیان، نزیک یان دوور، بۆ ستراتیجی و تاکتیک و ویست و زۆرجاریش ئەندازەیەک لە پشتگیری. شەپۆل دوای شەپۆلی نەتەوەخوازییەکان ناوچە یەک لەدوای یەکەکانیان تەنیوەتەوە و داخوازی نوێیان هێناوەتە ئاراوە و داواکاری بەرامبەریان خستۆتە ڕوو. (کاریگەریتی خۆپیشاندەرانەی-demonstration effect) نەتەوەخوازی، بێگومان بەرادەیەکی زۆر لە لایەن ماس گەیاند و هاوپەیمانێتی سیاسی و پشت بەیەک بەستنەوە یارمەتی دراوە، بەڵام ئەمانە تەنیا پەیامی بنەڕەتی نەتەوەخوازییان بەهێزتر کردووە.



لە کۆتاییدا، تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێک لە نەتەوەخوازییەکان ڕۆڵی گرنگی لابەلاییان casual لە هەردوو جەنگی جیهانیدا هەبووە و ئەم جەنگانەش بەدەوری خۆیان هانی سەرهەڵدانی نەتەوەخوازیی نوێیان داوە، بۆیە دەتوانرێ بوترێ نەتەوەخوازییەکانی پێشوو، ڕۆڵی گرنگیان لە بلاوکردنەوەی نەتەوەخوازیی بەگشتی لە جیهان و چەسپاندنی نەتەوە وەک شێوازی نێونەتەوەیی ڕێکخستنی سیاسی دابینیوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، نەتەوەخوازیی ئەو توانایەی هەیە کە خۆی لە هەموو کیشوەرێکداو لەژێر جۆرەها ڕژێمی جیاوازدا دووبارە بکاتەوە.

کاریگەرێتی نەتەوەخوازیی لەسەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بریتی بووە لە فراوانکردنی چوارچێوەی "پلۆرالیزمی سیاسی" دەوڵەتانی سەروەر بەزیادکردنی چەندین دەوڵەتی تر، لە ئەنجامی خستنەگەڕی پرنسیپی دووەمی پێکهێنانی دەوڵەت، کە بریتییە لە (پلورالیزمی کەلتووری). بەر لەوە، تەنیا ئەو دەوڵەتانەی دەستەلاتی یاسایی و سەروەری سیاسییان بەسەر خاکێکی فراواندا هەبوو، دەیانتوانی بچنە ناو بازنەی دەوڵەتانی نەتەوەییەوە. ئێستا جگە لە دەستەلاتی یاسایی و سەروەریی سیاسی، دەوڵەتان دەبێ ڕادەیەک لە یەکێتی کەلتووری وتەباییان هەبێ و باشتریشە گەر خاوەنی ڕادەیەک لە (تایبەتمەندێتی) کەلتووری بن لە ڕووی زمان و ئایین و نەریت و دەزگاکان و مێژووی کەلتووری. پرۆسەی گلۆبەلایزەیشن بەتایبەتی ماس گەیاندن لە ڕاستیدا زیاتر پشتگیری پلورالیزمی کەلتووری نێونەتەوەیی دەکا. ئاسانکاری زۆر زیاتری بۆ دەوڵەتان کردووە تا کەلتووری نەتەوەیی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەی نەتەوەیی پیادەکراو لە لایەن دەوڵەتەوە لە مێشکی خەڵکدا بچەسپێنن و بەهەمان شێوەش هەر یەک لە ئەندامانی کۆمەڵگا بتوانن بەشداری ئەو کەلتوورە سیاسییە بکەن کە پەیدا دەبێ و لە هەمان کاتیشدا جیاوازیەکانی نێوان کەلتوورە نەتەوەییەکان زەقتر و ئاشکراتر بکات. کەواتە دوور لە نەهێشتنی کاریگەرێتی نەتەوەخوازیی یان توانەوەی فابریکی نەتەوەکان، لە ڕاستیدا پرۆسەکانی گلۆبەلایزیشەن بۆتە هۆی بلاوبوونەوەی ئەو کاریگەرێتییە و هاندانی نەتەوەکان تا زیاتر چالاک و تایبەتمەند distinctive بن (Smith 1995: ch 6 A.D.)

## مێژووە ئیتنییە ناڕێکەکان Uneven Ethno-histories

بەڵام لە پشت پرۆسەی گلۆبەلایزەیشنەوە، هۆکاری قووڵتر لە ئارادان و پیشانی دەدەن بۆچی ناتوانرێ هەلومەرجی خامۆشکردنی نەتەوەخوازیی و هەڵوەشانەوەی نەتەوەکان

بێتەتەدی. هۆکاری یەکەم لە میراتی ئیتنیکی پریمۆدێرنەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمە تەنیا ئارگومێنتێک نییە لە لایەن ئەوانەی ماونەتەوە بخرێتە ڕوو، واتا هەروەک چۆن هەندێک بەشی کۆمەڵگا پریمۆدێرنەکان لە سەردەمی مۆدێرن و لەناو نەتەوەکاندا ماونەتەوە، کەواتە نەتەوەکان و نەتەوەخوازیی مۆدێرنیش بۆ سەردەمی پۆست مۆدێرن دەگوێزرێنەوە. بەڵکو ئارگومێنتێکە دەربارەی بڵاوبوونەوەی نارێک(نایەکسان)ی مێژووە ئیتنییەکانە لە سەرانسەری جیهاندا و کاریگەرێتی ئەمە لەسەر مانەوەی نەتەوەکان و نەتەوەخوازی.

ڕەنگە ئەوە بزانین کە مێژووی ئیتنی (Ethno-histoty) لەگەڵ مێژوودا history جیاوازە، لەوەدا کە ئەمەی دواییان کەم و زۆر پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەی بێلایەن و شارەزایانەوە هەیە دەربارەی ڕابردوو و، لە کاتێکدا ئەوی پێشوویان بریتییە لە تۆمار و یادگارەکانی ئەندامانی کۆمەڵگاو پەیبردنی خودی کۆمەڵگا بەڕابردوو، یان ڕابردووە (ڕەسەنەکانی) خۆی. لە تەقەلاکانی مێژووی ئیتنیدا، ڕابردووی کۆمەڵگا وەک زنجیرەیەک وانەی مۆراڵی و تابلۆی خەیاڵی خۆیان دەنوێنن کە ناسنامە و تایبەتمەندێتی و ناوەندێتی و ڕووی گەشی کۆمەڵگا بەدرەوشاوەیی دەنەخشێنن بەبێ گوێدانە کەموکوڕیەکانی تاکە ئەندامەکانی. مێژوە ئیتنییەکان مەسەلە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و گەشەسەندنی دەزگا سیاسییەکان بەسەر ناکەنەوە. لە بری ئەمانە، مێژووی ئیتنی جەخت لەسەر پاڵەوانێتی و قوربانی و کاری خوڵقێنەر و بووژانەوە و پیرۆزی و پەرستن و جینۆلۆجی و ترادیسیۆن و کۆمەڵگا و سەرکردایەتی دەکا. لەسەروو هەمووشیانەوە. ئەم مێژووە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک یان زیاتر لە (سەردەمە زێڕینەکان) و هەوڵ دەدات لە ئایندەدا کۆمەڵگای بۆ بگێڕێتەوە لە ڕێگەی نموونە و بنەما ئەخلاقییەکانی ئەو سەردەمەوە.

ئەم سەردەمە زێڕینانە (جەوهەری کۆمەڵگا) و کارێکتەری (ڕاستەقینە)ی پێکدەهێنن، بەڵام شێوازی جیاواز بەخۆوە دەگرن کە دەشێ سیاسی و ئابووری بن، سەردەمی ساماداری و دەستەڵات و مەزنی بن، هەروەک ئەوەی لە میسری کۆن و ئینکای پیرۆدا هاتۆتە ئاراوە. دەشێ ئایینی و سەردەمەکانی پەرستن و ئیمانداری و پاکی و دانایی بن، هەروەک سەردەمی کۆنفۆشیۆس Confucius و ئینجیل و قورئان. یان لەوانەیە سەردەمی کەلتووری و هونەری بن، کاتێ بیرزانان و نووسەران و هونەرمەندانی مەزن لەناو شارو ئیمپراتۆریەتەکان کۆدەبوونەوە، هەروەک لە ئەسینای کۆن و ئەسکەندەریە و شارە-



دەوڵەتەکانی ئیتالیای سەدەکانی ناوەڕاست و هەرێمەکانی هۆڵەندای سەدەی حەڤدەیەم. هەر لەبەر ئەمە بۆ وەچەکانی دواتری ئەم کۆمەڵگایانە، ئەم سەردەمانە دەبنە سەنگی مەحەک و پیشاندەری هەموو ئەو شتانەی کە مەزن و چەلەنگن لە (کۆمەڵگاکەماندا) بەداخەوە ئێستا لە ئارادا نەماون، بەڵام دەبێ بەزووترین کات و لەگەڵ لەدایکبوونەوەی نەتەوەدا پەیدا ببنەوە A.D.Smith 1997. بەڵام ئەی ئەگەر سەردەمی زێڕین و پاڵەوانانی پیاو و ئافرەت و نووسینی شاکار و کاری هونەری نەبوون تا ببنە ڕێ پیشاندەری (ئێمە)ی، نەتەوەی ڕۆژگارەکانی دواتر،لە گەڕان بەدوای (خودی ڕاستەقینەماندا) چی بکەین؟ ئایا ئێمە شایەنی ئەوە نین ببینە نەتەوە؟ ئایا حەز و ئاواتەکانمان بەناڕەوا لە قەڵەم دەدرێن؟ لە بیروباوەڕی نەتەوەخوازیدا هەموو نەتەوەکان ڕابردووی بەهادار و بەکەڵکیان هەیە، مەسەلەکە تەنیا دۆزینەوەی ئەو ڕابردووەیە. کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە دەوڵەت دوای دەوڵەت و گەل دوای گەلدا هەمان ئامانج و چالاکیە کەلتووریەکان بەدی بکەین: پێکهێنانی کۆمەڵی مێژوویی و ئەدەبی، گەڕان بەدوای کەرەستە بەجێماوەکان و دۆکیومێنتەکاندا، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دیاردە خۆماڵیەکان، تۆمارکردنی سیماکانی دانیشتووانە بنچینەییەکان و ترادیسیۆنی فۆلکلۆری کۆن و دابونەریتەکان. دەتوانین ئەم چالاکی و ئامانجانە لە ئەفریقای نیمچە بیابان و ئاسیای ژێردەستەڵاتی کۆلۆنیالی و ئەوروپاش دا بدۆزینەوە. ئەنجامەکەشی ئەوە بووە کە ئەوەی پێی دەوترێ (نەتەوە نامێژووییەکان) ببنە مێژوویی و ببنە خاوەنی ئەو پاڵەوان و کەلتوور و تەنانەت سەردەمە زێرینانەی کە لە دۆکیومێنت و کارە هونەریەکاندا دەدۆزرێنەوە. بەم شێوەیە فنلەندیەکان بوونە خاوەنی سەردەمێکی دانایی و پاڵەوانی لە ڕێگەی دۆزینەوەی چیرۆکە هۆنراوەییەکەی (Karelian) لە لایەن ئێلیاس لانرۆت کە تێهەڵکێشی داستانەکەی (Kalevala)ی کردووە. سلۆڤاکیەکان گەڕانەوە بۆ شانشینێکی کۆنی مۆراڤی لە ژێر فەرمانڕەوایەتی سڤاتۆپلاک و پاشاکانی تردا. ئۆکرانیەکانیش بەهەمان شێوە لەناو ترادیسیۆنی کۆساک و کۆنتریش کایڤان ڕەسدا بەدوای بنەچە و ڕابردووی نەمری خۆیاندا گەڕان. لە کاتێکدا زیمبابۆییەکان سەردەمی مەزنێتی باووباپیرانیان لەو شارستانیەتییەدا دۆزیەوە کە پەیکەری زیمبابۆی مەزنی دروست کردبوو.

دابەشبوونی نارێکی مێژووی ئیتنی تۆمارکراو و ڕەسەن کە بەهۆیەوە هەندێک نەتەوە دەتوانن پەنا بەرنە بەر ڕابردوویەکی (دەوڵەمەند) و باش دۆکیومێنتکراو، لە کاتێکدا

ئەوانی تر دەبێت بەڕابردوویەکی لێڵ و بەژێرەوەبوو ڕازی بن، بۆتە هۆی پەیدابوونی بەراوردکردن و کێبرکێ. تەنیا دواکەوتنی ڕێژەیی ئابووری نییە، بەڵکو نەبوونی ڕێژەیی سامانی کەلتووری و سیمبۆلی ئیتنیشە کە نەتەوەخوازیەکان لە هەموو جیهاندا دەخاتە گەڕ. مەسەلەی بوونی (داتای ورد) نییە بەتەنیا بەڵکو تێڕوانینی ئەندامانی نەتەوە و خەڵکانی دەرەوەشە بۆ ڕەسەنی ئەو داتایانە: واتا بریتییە لە دانپیانانی ناوەکی و دەرەکی سیمای ڕەسەنی کەلتووری نەتەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی ئەو کۆمەڵگا ئیتنییانەی کە شایەنی ئەوەن نەتەوە و دەوڵەت پێکبێنن و پێویستی هۆشیارانەی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ ئەوەی خۆشیان و خەڵکی دەرەوەش بڕوا بەداواکانیان بکەن، ڕۆڵی مێژووی ئیتنی و کەلتووری ئیتنی زیاتر گرنگی دەردەکەوێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە شایەنی بوونە نەتەوەن. کەواتە هێزی ئیتنۆ نەتەوەخوازیی بەرەو هەڵکشان دەچێ و سەرهەلدانیان تەشەنە دەکا.

ئەم ئەنجامگیرییە لەگەڵ بیروڕاکەی پێشووترم دا کە لەسەرەوە دووبارە کراوەتەوە یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە کە نابێ نەتەوەخوازیی تەنیا وەک ئایدۆلۆجیەکی سیاسی سەیر بکەین، بەڵکو وەک شێوازێکی کەلتووری بەسیاسەتکراویش- کەلتوورێک کە جەماوەری و میللی و (ڕەسەن) بێ. داڕشتنەوەی بەربڵاوی کەلتوورە ئیتنییە خۆماڵیەکان لە کەلتووری میللی و جەماوەری بەسیاسەتکراودا یەکێکە لە پایە ناوەندیەکانی نەتەوەخوازی. تەماشاکردنێکی ژمارەی کۆمەڵگا ئیتنییەکان لە جیهاندا، تا ڕادەیەک شرۆڤەی بەردەوامی و تەشەنەکردنی نەتەوەخوازیی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا دەکا.

**بناخە پیرۆزەکان** Sacred Foundations

بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکی مەسەلەکەیە. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بناخە پیرۆزەکانی نەتەوەکانەوە، کاریگەرێتی ناسنامەی نەتەوەیی و بەردەوامی نەتەوەکان زیاتر تێبگەین.

بەسەرنجدانێکی سەرەتایی، ئەم شێوە بۆچوونە وەک لەغزێک دێنێتە پێش چاو. لەبەرئەوەی ئێمە لە سەردەمێکی عیلمانیدا، بەلایەنی کەمەوە لە ڕۆژئاوا، دەژین، سەردەمێک کە تیایدا بەها و خواستە ماددیەکان جێگەیان بەهەستی پیرۆز و باوەڕە کۆن و تۆز لێنیشتووەکان لیژکردووە. ئەو ناسنامانەی کە ئێمە ئەمڕۆ هەوڵی پێکهێنانیان دەدەین لە جەوهەردا پراگماتیکین: لەسەر بناخە ئابووریەکان ڕادەوەستن و هەوڵی دەستەبەرکردنی



دەربڕینی سیاسیش تەنیا بۆ ئەوە دەدەن تا بەرژەوەندیە ماددیەکانمان بپارێزن و زیاتریان بکەن. بەهەمان شێوە کەلتوورەکەشمان، بەلایەنی کەمەوە لە ئاستە میللییەکەیدا، بەخەستی کەوتۆتە بەر کاریگەری ئیعتیبارە بازرگانییەکانمانەوە و بەدەرە لە هەموو ڕەهەندێکی پیرۆزی و دوور لە واقیعی ماددی و هەموو باوەڕێکی دەرەوەی حازری هەنووکەیی و لێکدانەوە ئانوساتیەکانیەوە. بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە پێکەوە لەگەڵ بەکەمگرتن و گومانکردن بەرامبەر ئایدیاڵە سیاسییەکان، ئایا دەبێ تووشی سەرسوڕمان ببین ئەگەر ئایدیاڵی نەتەوەیی، دڵسۆزی کەمتر بۆ خۆی ڕابکێشێ و مشتومڕێکی زیاتریش بەرپا بکا؟

ئەمە کێشەیەک نییە تەنیا لە ڕۆژئاوادا هەبێ. نیشانەی بێزاری بەرامبەر نەتەوەخوازی، لە وڵاتەکانی تری دەرەوەی ڕۆژئاواشدا بەدی دەکرێ. بەهێنانەدی سەربەخۆیی سیاسی، دۆستایەتی بۆ بیری ناسیۆنالستی بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشت، کاتێ ڕوون بۆوە کە نەتەوەخوازیی خاوەنی فۆرمیولایەکی ئەوتۆ نییە بۆ گەشەسەندنی ئابووری و پێویست بەبوونی ئایدۆلۆجی تر دەکا تا شانبەشانی سامانی زۆر و تەکنەلۆجی بتوانن کۆمەڵگا کەم گەشەسەندووەکان لە بارودۆخی پشتبەستنی ئابووری و کەلتووری بەرەو پێشەوە بەرن.

لە لایەکی ترەوە، ئەم تێگەیشتنە ڕێگای لەبەردەم تاوسەندنی خۆشەویستی نەتەوەخوازیدا نەگرتووە لەسەر بناخەی ئیتنی و ئایینی لە زۆربەی دەوڵەتەکانی دوای سەردەمی کۆڵۆنیالی هەر لە هیندستان و ئەندەنوسیاوە تا فەلەستین و ئیسرائیل و ئەسیوپیا و ئەنگۆلا. هەروەک چۆن کڵپەی نەتەوەخوازیی زۆربەی ئەو ململانێ سەرەکیانەی لە جیهاندا لە سەر خاک هەن، کز نەکردووە- هەروەک لە کەشمیر و سریلانکا و قەوقاس و بەڵکان و ڕۆژهەڵاتی ناڤین و شاخ (horn) ئەفەریقادا. لە باسەکەیدا (نەتەوەخوازیە ئایینیەکان) مارک جۆرجینسمایەر Mark Juergensmeyer-1993 ئاماژەی بەوە داوە کە نەتەوەخوازیی عیلمانی دەوڵەت لە دیدی زۆر کەسەوە شکستی هێناوە و نەتەوەخوازییەکی زیاتر ڕادیکال و ڕەگداکوتاوی ناو ئایین سەری هەڵداوە کە هەڵگری پەیامی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیە لە سەر هێڵەکانی لێکدانەوەی کوتومتی دەق و ڕەفتارە ئایینییە کۆنەکان. تەنانەت ئەگەر نەشتوانین باسی (جەنگی ساردی تازە) بکەین لەبەر نەبوونی یەکێتی لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی نەتەوەخوازیە ئایینیەکان، ئەوا بێگومان نموونەکانیان تەحەدایەکی جدی ڕۆحی و سیاسی بۆ نەتەوەخوازیە دەوڵەتیە نا

رۆژئاواییبیه، زۆرجار ناکاریگەرەکان، دەڕەخسێنن.

بەڵام تەنانەت لە رۆژئاواشدا بنچینە پیرۆزەکانی نەتەوە لەناو نەچووە. بەدڵنیاییەوە ئەم بنچینانە کەوتوونەتە بەردەم تەحەدای ڕاشنالیزمی عیلمانی و ناچار کراون کە لەگەڵ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا خۆیان بگونجێنن. بەڵام (ئایینی سیاسی) نەتەوەخوازیی عیلمانی بەردەوامە لە کەڵک وەرگرتن لە بیرە ئایینییە کۆنەکان لە کاتی بۆنە ئایینییەکان و سیمبۆلیزم و پێکهێنانی ئەفسانە، لە کاتێکدا خۆی وەک تەنیا درامای ڕزگارکاری جێگەی متمانە پیشان دەدا لە سەردەمی ڕاشنالیستیدا. بەهەرحاڵ لە ئاستی بەکۆمەڵدا، پیادەکردنی ڕاشنالیزم لە ئارادابوونی ئەندازەیەک لە هاوکاری و تەبایی سیاسی دەخوازێ و ئەمەش چوارچێوەیەکی باش دیاریکراو و سەکۆیەکی سیاسی گەرەکە. تا ئاییندەیەکی دووریش، نەتەوە- کۆمەڵگایەک کە خاوەنی خاکی خۆیەتی و بەمێژوو و چارەنووسی خۆی دەناسرێتەوە- بێگومان باوترین و بەکەڵکترین چوارچێوەی تەبایی سیاسی دەڕەخسێنێ.

ئەم چوار بەشە بنەڕەتییەی نەتەوە- کۆمەڵگا و خاک و مێژوو و چارەنووس- لە ڕابردوودا و پێم وایە لە حازریشدا بەردەوام دەبن کە بە(پیرۆزی) سەیر بکرێن، بەو مانایەی کە لە لایەن زۆربەی ئەندامانەوە وەک شتی ڕێزدار و شایەنی خۆشەویستی لەڕادەبەدەر (devotion) و وەک ئامانجیش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەندی لایەنی هەرچواریان نەکەوتۆتە بەردەم پرسیارەوە. لە کاتێکدا هەندێک کەس کۆمەڵگایان ڕەتکردۆتەوە لە پێناوی بەرژەوەندی کۆزمۆپۆلی جیهانی، پرسیارگەلێکی زۆر دەربارەی سروشت و ڕادەی نیشتمان و ناوەرۆک ڕاستی ئامێز و مۆراڵیتی مێژووی ئیتنی و لایەنە باش و کەموکوڕیەکانی دیدە جیاوازەکانی چارەنووسی کۆمەڵگا وروژێنراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، جیهان دابەش بووە بەسەر کۆمەڵگا، یان نەتەوەکاندا کە خاوەنی خاکی خۆیان یان نیشتمانی خۆیان و مێژووی خۆیانن و چارەنووسی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمانەش باوەڕێکن کە بەدەگمەن جێگەی پرسیاری خەڵکن. ئەم شێوازە کە دەتوانرێ پێی بووترێ (خەسڵەتە پیرۆزەکانی) نەتەوە یان ڕاستتر خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی نەتەوە وەک پەیوەندیەکی پیرۆزی ئەندامەکانی هاتۆتە ئاراوە.

ئەم خەسڵەتە پیرۆزانەی لە چاپتەری دووەمدا باسم کردن بریتی بوون لە:

١- باوەڕ بەهەڵبژاردەیی ئیتنی Ethnic Selection، ئەو بیرەی کە لای وایە نەتەوە



بریتییە لە گەلێکی هەڵبژێراو و پەیامێکی تایبەتی خراوەتە ئەستۆ یان پەیمانێکی تایبەتی لەگەڵ خوداوەندا هەیە.

٢- هۆگری بۆ خاکێکی پیرۆز، نیشتمانی باووباپیران کە لە لایەن پیاوچاکان و حەکیم و پاڵەوانان و بوونی مەزار و پەیکەرەکانی باووباپیرانەوە پیرۆز کراوە.

٣- یادگارە هاوبەشەکانی (سەردەمە زێڕینەکان)، وەک لوتکە بەرزەکانی مێژووی ئیتنی نەتەوە و سەردەمی سەروەربە ماددی یان رۆحی و شاکارە هونەریەکان.

